ڕق چەند بەهێزبێت، خۆشەویستی بەهێزترە

# عەشق واتە
# ١+١=١

شوانە ئەحمەد

چاپی 6

## شوانە ئەحمەد

# عەشق واتە

# ١ + ١ = ١

| | |
|---|---|
| ناوی کتێب: | عەشق واتە ١ + ١ = ١ |
| نووسەر: | شوانە ئەحمەد |
| ناوەڕۆك: | ماهر حەسەن |
| بەرگ: | سامی سەباح |
| چاپخانە: | چاپی پێنجەم - تاران ٢٠٢١ |
| تیراژ: | ١٠٠٠ دانە |

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان؛ ژمارە (817)ی
ساڵی (2019)ی پێ سپێردراوە.



مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە ©

بەبێ ڕەزامەندی نووسەر، هیچ کەس و لایەنێک لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات، مافی کۆپیکردن و لە چاپدانەوەی ئەم کتێبەی نییە، هیچ کەسێک بۆی نییە ئەم پەرتووکە بەشێوەی کتێبی ئەلیکترۆنی یان کتێبی دەنگی بخاتە سەر تۆڕی ئەنتەرنێت، یان هەر شێوازێکی تری لەبەرگرتنەوە ڕووبەڕووی بەرپرسیارییەتی یاسایی دەبێتەوە.



SHWANA AHMED
Love Means 1+1=1

Print: Tehran
Text: Maher Hassan
Cover: Sami Sabah
5th Edition 2021.



Full name: Abdulwahhab Hamad Ahmed (Shwana Ahmed)
living in Erbil, KRG & Ukraine
Facebook: shwanaahmed.official
Instagram: @shwana.ahmed.official



# عەشق واتە ١ + ١ = ١

رێگایەک بۆ خۆشەویستی

هانایەک بۆ لێک دابڕان

# من بە فرمێسکەکانم خۆم دەنووسمەوە

ئەوەی نووسینەکانی من بخوێنێتەوە منی خوێندۆتەوە، ئەوەی من بخوێنێتەوە بەر لە بۆچوونەکانم ئەزموونەکانی منی خوێندۆتەوە، من بە فرمێسکەکانی خۆم دەنووسمەوە، هەندێک جار لەڕێگەی ئەزموونەکانی خۆمەوە و هەندێک جاریش لەڕێگەی ئەزموونی ئەوانی دیکەوە.

کتێبی (عەشق واتە ١+١=١)، گەرچی لەڕووی داڕشتنەوە زمانێکی قوڵی هەیە، بەڵام لەڕووی بابەتییەوە سادە دێتە گۆ، چونکە ئەم کتێبە وەک خودی عەشق بەرهەمی ئەزموونە، نەک بەرهەمی گفتوگۆ و خەیاڵی نووسەر.

کتێبی (عەشق واتە ١+١=١)، کتێبی هەموو تەمەنێکە، هەر کەس بەشی خۆی لەم کتێبە بەرکەوتووە و دەتوانێت لەگۆشەیەکی ئەم کتێبە خۆی بدۆزێتەوە.

لەم کتێبە ئاماژە و نیشانەی پەیوەندییەکان زۆرن، بەڵام هیچ ڕێگەیەکی دیاریکراو نەخراوەتە ڕوو بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی عەشق، تۆ لەڕێگەی وشەکانەوە تەنیا دەتوانیت ئەزموونەکان ببینیت، عەشق بۆ هەر کەسێک ئەزموونێکە و هەر کەسیش دەبێت ئەزموونی خۆی بکات، نەک بەڕێگەی ئەوانی دیکەوە بڕوات.

ناوەڕۆکی ئەم کتێبە چەندین بیروبۆچوونی دژ بەیەکی تێدایە، هەر بیروبۆچوونێک نمایندەی لایەنێک دەکات، من لێرە تەنیا خۆم نە نووسیوەتەوە، لەڕێگەی خۆمەوە تەواوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیم نووسیوەتەوە بەهەموو بیروبۆچوونە جیاواز و دژ بەیەکەکانییەوە.

ئەم کتێبە شیرینترین دیارییە بۆ ڕۆژی خۆشەویستی و ڕۆژی هاوسەرگیری و ڕۆژی هاوڕێیەتی.

**شوانە ئەحمەد؛ کیڤ، ئۆکرانیا**

# پێنووسێک

**ئەڤینـداری ڕێـگەی عەشـق**، ئەوەی دەیخـوێنیتەوە نووسـینێک نیـیە، لە منداڵدانی فیکرو ئاخاوتنەوە لە دایک بووبێت، چەند پەیڤین و شڕۆڤەیەکی تاکە کەسیش نییە لەسەر حیسابی پڕۆسەی نووسین خۆی قیت کردبێتەوە.
**عەشق لەڕێگەی ئەزموونەوە بەرهەم دێت**، نەک ئاخاوتن و گفتوگۆ، بـۆیە لەپشت هەر پرۆسەیەکی نووسین سەبارەت بە عەشق ئەزمـوونێکی عەشـق بوونی هەیە.
لەپشت ئەو بیروبۆچوونانـەش کە لـەم کتێبـە دەیـانخوێنیتەوە ئەزمـوونێکی عەشق ئامادەیی هەیە، مەرج نییە ئەزموونەکە هی خودی نووسەر بێت.
**عەشق ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە (گیان)ەوە**، گیانیش هیچ پێناسـەیەکی نیـیە، کەواتە (عەشق)یش هیچ پێناسەیەکی نییە.
**ئەوەی بـن دەسـتت بـۆ ئەوە نـووسراوەتەوە** ببێـت بە تیشـکی خـۆر، نەک پاشماوەی مۆمێکی خامۆش، هەر هیچ نا ڕوخساری ڕاستەقینەی عەشقی پێ بدۆزیتەوە، لەئەشکەوتی حەز دەرچیت و تەپ و تۆزی لۆژیـک و عەقـڵ لە پرۆسەی عەشق هەڵتەکێنیت.
**لە عەشـقی ڕاسـتەقینە** سـەرتاپای جەسـتە لەپێنـاو گیـان و دڵ خـۆی فیـدا دەکات، لەبەیەکگەیشتن عەشق بە ناکامی دەمرێت و لەناو دەچێت.
بۆیە، **عەشق** لووتکەی بۆیەک نەبوونە.

## ئەزموونی عەشق واتە ئەزموونی ژیان

**مرۆڤ هەیە** بەدرێژایی ژیان هەموو شتێکی ئەزموون کردووە، تەنیا عەشق نەبێت، کەواتە بەدرێژایی ژیانی هەناسەی داوە و زیندوو ماوەتەوە، بەڵام هەرگیز بۆ جارێکیش نەژیاوە.

**هەموو ئەزموونەکان** فێرت دەکەن جارێکی دیکە نەکەویت، بەڵام عەشق فێرت دەکات چۆن بفڕیت، چۆن بگەیت بە باڵابوون.

**ئەزموونی عەشق واتە:** ئەزموونی گیان و دڵ، **واتە:** ئەزموونی لەژێر پێنانی حەزو ئارەزوو.

**ئەگەر ئەزموونی عەشقت نەکردبێت**، واتە ژیانت ئەزموون نەکردووە و لەپاڵ زیندەوەرەکانی دیکە تەنیا هەوڵت داوە بەزیندوویەتی بمێنیتەوە.

## له عەشـق کەس ئەزموونی کەس دووباره ناکاتەوه

**ژیان کردن بێ عەشق**، وەک بەکارهێنانی هەوای دەستکرد (ئۆکسجین)ە بـۆ درێژەدان بە ژیان.

**عــەشــق** گەیشتنەوەیە بەخۆت، لەڕێگەی کەسێکی دیکەوە.

**عــەشـق** تەکاندن و داماڵینی هەرچی خوو و ڕەوشتی دەرەکییە لە خود.

**کاتێــک کە عەشــق هەڵــدەبژێریت،** دەبێــت بگەیــت بە بەخــتەوەری، هەرکاتێک نەگەیشـتی، بـزانە هەڵەیەک ڕوویـداوە، هەڵە لە بەیەکگەیشـتن، هەڵە لەتێگەیشتنی مانای عەشق.

**کاتێک چاوەڕێی دەستکەوتێکی لە عەشق**، ئیـدی چـاوەڕێی بەخـتەوەریش لە عەشق مەکە.

**هەموو** ئەو پەیوەست بـوونە بـۆ مەعشـوق بـۆ دۆزیـنەوەی بەختەوەریـیە، تیشکی بەختەوەری ئەو لەدڵی تۆ دەدات و دڵـی تـۆش ڕوونـاک دەکـاتەوە، هەندێک جاریش ڕەنگە بۆ هەمیشە بیکات بە تاریکستان.

**عـەشق واتە:** ئەزموونکردنی ژیان بە هەموو تاڵی و سوێریەکانییەوە.

**لە عەشـق** کەس ئەزموونی کەس دووبارە ناکاتەوە، عەشق بۆ هەر کەسێک ئەزموونێکی تازەیە.

**عــەشق** پڕۆســەی ئەزمــوونکردنی خــۆتە تەنیــا، نەک پڕۆســەی گفتوگــۆو هەڵبژاردنی ڕێگەی خەڵکانی پێش خۆت.

## عاشق دەبێت بە مەعشوق

**لە عەشقی ڕاستەقینە** عاشق هێندە قـوڵ لە مەعشـوق دەتـوێتەوە، هەمـوو سـیفەت و ئاکارەکـانی مەعشـوق هەڵـدەگرێت و هێنـدە دەزانێـت بـۆتە مەعشوق.

**عەشق** توانەوەی عاشقە لە مەعشوقدا، کارلێکی بەخشینی دوو گیانە.

**ئەم کـارلێکردنە،** عاشـق دەتـوێنێتەوە و وردە وردە سـیفەتەکانی مەعشـوق هەڵـدەگرێت و تـا لەکۆتاییـدا هـیچ پاشـماوەیەک نامێنێـت و عاشـق بە تەواوەتی دەبێت بە مەعشوق.

## خۆراکی گیان، خۆراکی جەستە

**چۆن بۆ تێرکردنی جەستە** بەدوای خۆشترین خۆراک دەگەڕێیت.
**بۆ تێرکردنی گیان و دڵیش** باشترین خۆراک هەڵبژێرە ئەویش عەشقە.
**خۆراک** دەتوانێت تەنیا جەستە تێر بکات و **عەشقیش** گیان و دڵ.
**چێژی خۆراکی جەستە** لەسەر زمان دەست پێدەکات و هەر لەسەر زمانیش کۆتایی پێدێت.
**چێژی خۆراکی گیان** لەنێو دڵ دەست پێدەکات و لە جیهانی فریشتەکان بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە.

# قەفەسی جەستە و قەفەسی دونیا

**مرۆڤ** لەم دونیایە وێڵ و سەرگەردانە بەدوای بە دەستهێنانی (دەوڵەمەندی و تەندرووستی و دەسەڵات)، چونکە هێنراوەتە خوارەوە بۆ جیهانێک کە هەموو شتێک بۆ ئەو تازەیە و بەدوای دۆزینەوەی ئەو جیهانەی خۆی دەگەڕێت کە تێیدا باڵابوو.

**مرۆڤ** گیانی لە جیهانێک پێدراو، جەستەشی لە جیهانێکی دیکە.

**مرۆڤ گیان و دڵی** لای جیهانێکە کە هی خۆیەتی و جەستەشی لە جیهانێکە کە هەموو شت بۆی نامۆیە.

**مرۆڤ** وەک بولبول لە قەفەسی ئەم جیهانە دایە، نەدەتوانێت بۆ هەمیشە بمێنێتەوە و نەدەشتوانێت ئازاد بیت.

**مرۆڤ گیانی** لە دوو قەفەسدایە، قەفەسی جەستە و قەفەسی دنیا.

**بۆ** ئازادبوونی گیان و دەرچوون لەقەفەسی جەستە و قەفەسی دونیا پێویستمان بەعەشقە.

**عەشق تاکە** کلیلی کردنەوەی قەفەسی جەستەیە بۆ ئازادبوونی گیان لەدەست هەموو ئازارەکانی جەستە.

# چاوی دڵ، چاوی سەر

**لە عەشقدا** سەر هۆشێکی تێدا نامێنێت و چاوی سەر هیچ نابینێت و چـاوی دڵ دەکرێتەوە و بەچاوی دڵ ڕاستەقینە دەبینێت.
عەشق پێویستی بەدیدار و ژوان نیە و بەدووری و دابڕانیش کۆتایی نایەت.
**عەشق** بە گیان و دڵ درکی پێ دەکەیت و بە چـاوی دڵ دەیبینیـت، نەک بە چاوی سەر.
**عەشقی ڕاستەقینە** لە خەمی مەعشوقی ناو دڵی دایە، نەک مەعشـوقی بەر چاوی.
**عاشق** لە مەعشوق تواوەتەوەو بـۆتە بەشـێک لەو، ئەو لەخۆیـدا بە تەواوی بەو گەیشتووە، ئیدی پێویستی بەبڕینی ئەم هەموو ڕێگە نییە بۆ دیدار.



# عەشق واتە ١ + ١ = ١

**نەبوونی عەشق** لە مرۆڤدا:

وەک نەبوونی درەختە لەدارستان و نەبوونی ئاوە لەدەریادا.

کە عاشق نەبوویت تەنیا جەستەت هەیە، گیانت نییە.

کە عاشق نەبوویت قسە دەکەیت، بەڵام دەنگت نیە.

کە عاشق نەبوویت پێدەکەنیت، بەڵام جوانیت نیە.

کە عاشق نەبوویت هەناسە دەدەیت، بەڵام ژیانت نییە.

## عەشقی ڕاستەقینە

**عەشقی ڕاستەقینە** پەیوەندی نێوان دوو کەسە، نزیک بوونەوەیان لەیەکتر دەبێت بە هۆی کۆتایی هاتنییان و لەیەکتر دوورکەوتنەوەشیان دەبێت بەهۆی نزیک بوونەوەی زیاتر.

**عەشقی ڕاستەقینە** لووتکەی بۆ یەک نەبوونە، بۆ یەک نەبوونێک کە ئەنجامەکەی لەناوچوون و بە خاک بوونەوە و بونەوەیە بەیەک.

**هەموو** داستان و چیرۆکەکانی وەک: (لەیل و مەجنون، شیرین و فەرهاد، مەم و زین، ڕۆمیۆ و جوڵیێت) ئەو عاشق و مەعشوقە دڵشکاوانەبوون، ئەوەی ئامێزی بۆکردنەوە تەنیایی و ئەوەشی دڵی دانەوە تەنیا فرمێسک بوو، ئەوان لە گریان و سووتان فریادڕەسێکی دیکەیان نەبوو.

**عەشقی ڕاستەقینە** ئەو عەشقەیە کە یادەوەرییەکانی دڵخۆشت دەکەن و بۆ بەهەشتێکی بێ وێنەی خەیاڵی پەلکێشت دەکەن، بەهەشتێک هەرگیزاو هەرگیز لەجیهانی ڕاستەقینە دەستت ناکەوێت.

## چۆن عەشق بناسینەوە

مـــرۆڤ لە دوو بەشــی (گیــان وجەســتە) پێکــدێت، جەســتە تیشــکێکی بەرکەوتووە لەو ڕوناکییەی کە بەهۆی عەشقەوە لەنێو گیان دەدرەوشێتەوە.
**جەستە** تەنها تیشکێکە لە جوانی و **گیانیش** سەرچاوەی ڕوناکی عەشقە.
**جـوانی** و ناشـیرینی و بەهێـزی و لاوازی جەسـتە، نـابن بە خـاڵی بڕیـاردان لەسەر ژیری یان نەفامی، میهرەبانی یان دڵڕەقی مرۆڤەکان.
**ئەوەی** نمایندەی ناوەوەی مرۆڤ دەکات، تەنیا هەڵسوکەوتە نەک جەستە.
**ڕەفتارەکان** لەڕێگەی جەستەوە ئەنجام دەدرێن، بەڵام بەرهەمـی تێگەیشـتن و بیری مرۆڤن.
**بـۆ** دۆزیـنەوە و ناسـینەوەی عەشـق ڕواڵەتـی مرۆڤەکـان نـابن بە پێـوەرو کاریگەریان لەسەر هەڵبژاردنی کەسەکان و ئاستی خۆشەویستی نابێت.
**دەبێــت دڵ و گیــان بــبن بە چــرایەک** بــۆ دۆزیــنەوەی مەعشــوق و بەدەستهێنانی سامانی (ڕۆح)، کە عەشقە.

# ڕێگەی عەشق

تەنها سێ ڕێگە هەن بۆ ئەزموونکردنی عەشق:

**ڕێگەی یەکەم**: ئەگەر هۆکاری عاشق بوون ئەم هەڵچوونە بێت، لەئەنجامی لاوازی ویستی تۆوە بە سەر حەزەکانت دێتە کایەوە، ئەوکات ئەزموونی عەشقت ئەزموونی گیاندارێکی خاوەن حەزو غەریزەیە کە پاڵت پێوە دەنێت بۆ جووت بوون و خۆ بەتاڵکردنەوە.

**ڕێگەی دووەم:** ئەگەر ڕێگەی عاشق بوون، تەنیایی بێت و لەژێر کاریگەری هەست و سۆزەوە دروست دەبێت، ئەمە پاساوێکی ژیرمەندانە و لۆژیکی نییە بۆ ئەزموونکردنی عەشق، چونکە تەنیایی لەئەنجامی بارێکی دەروونی ناتەندروست دێتە کایەوە کە قەت نابێت بەچرایەکی ڕۆشن بۆ دۆزینەوەی عەشقی ڕاستەقینە.

**ڕێگەی سێیەم:** ئەگەر عەشق سنووری هەستەکانی تێپەڕاند و قۆناغەکانی حەز و خۆشەویستی بڕی و بەپاکی بەدڵ گەیشت ئەوکات دەبێت بە عەشقی ڕاستەقینە.

# عەشقی ڕاستەقینە هەوڵێکە بۆ خۆکوشتن

**عەشقی ڕاستەقینە** سنوور بەزێنی هەموو بیرو فەرهەنگ و زمانێکی مرۆڤە.
**عەشق** سەختترین جەنگە، تا ئێستا ڕوو بەڕووی مرۆڤایەتی بێتەوە.
**عەشقی ڕاستەقینە** دەست خستنە نێو گەرووی خۆت و جۆرێکە لە خۆکوشتن.
**عەشقی ڕاستەقینە** هەوڵێکە بۆ مردن، مردنێک کە شیرینترین ساتەکانی مێژووی دڵی بە عەشق سووتاوی عاشقە.
**عەشقی ڕاستەقینە** هەوڵێکە بۆ خۆکوشتن و خۆ لەناوبردن بە دەستی پیرۆزی عەشق.
**عەشقی ڕاستەقینە** دەرچوونە لەدونیای وێنە و ڕەنگ و دەنگە دروستکراوەکان بۆ دونیای ڕاستەقینەی ژیان کە مردنە.

# هەستی شەشەم لە عەشق

**عەشق دەرچوونە** لەژێر هەژموونی پێنج هەستەکەوە بۆ گەیشتن بەهەستی شەشەم.

**بەهۆی پێنج هەستەکەوە** تەنیا دەتوانیت (ببینیت و تام بکەیت و بۆن بکەیت و ببیستیت و هەست بکەیت)، هەرگیز ناتوانێت درک بکەیت.

**بۆ درک کردن** و گەیشتن بەباڵابوون پێویستت بەعەشق هەیە، بۆ گەیشتن بەعەشقیش پێویستت بەهەستی شەشەم هەیە.

**پێنج هەستەکە هێندە لاوازن** تەنیا دەتوانن لە بازنەیەکی تەسکی (بینین و تامکردن و بۆنکردن و بیستن و بەرکەوتن) سەرگەردان بتخولێننەوە.

**بۆ گەیشتن بە عەشق** دەبێت جەستە فەرامۆش بکەیت، هەموو ئەوانەش تۆ بەجەستەوە دەبەستنەوە فەرامۆش بکەیت، بۆ ئەوەی باڵت سووك بێت و توانای فڕینت هەبێت بەباڵەکانی عەشق و بگەیت بەئاسمانی باڵابوون.

**بۆ یەک بوونەوە و گەیشتنەوەت بە مەعشوق** نابێت پشت بەپێنج هەستەکە ببەستیت، چونکە خۆیان توانایان سنووردارە و بە سەرگەردانی هەر لەبازنەی حەز و خۆشەویستی دەتهێڵنەوە.

# عەشق لووتکەی بۆیەک نەبوون

عەشق لووتکەی بۆیەک نەبوونە، بۆیە ئەزموونی عەشق پـڕە لە قوربانیـدان و تاڵی و سوێری، بەڵام هەموو ئەمانە لە توێکڵێکی ڕازاوەی پڕ بەختەوەری.

**هەمـوو** ئەو چـیرۆك و داسـتانە پـڕ قوربانییـانەی وەک (لەیـل و مەجنـون، شـــیرین و فەرهـــاد، ڕۆمیـــۆ و جوڵیـــت) دەرخەری ئەو کـــۆڵنەدان و سەرکێشییانەن، کە عاشق بۆ مەعشوق هەیبووە.

**لەپێناوی عەشق** چەندە ئارەزووەکانـت فەرامـۆش بکەیـت، هێنـدەی دیکـە گیانت دەگەشێتەوە و هێندەی دیکە باڵای عەشقت بەرز دەبێتەوە.

## ژیانی عاشق دوای مردن

**له عەشقی ڕاستەقینە** هەمیشە عاشق و مەعشوق سیفەتی بەفر و هەتاو وەردەگرن و کار لە گیانی یەکتر دەکەن.

**عاشق** بە تیشکەکانی بەفری مەعشوق دەتوێنێتەوە و لەنێو گەرمی خۆی نوقمی دەکات، بەهەمان شێوە مەعشوقیش بە ساردییەکەی، گەرمییەکانی عاشق خامۆش دەکات، تا خێراتر بەیەک بگەن، ئەم شەڕە بەردەوام دەبێت و نەعاشق دەگات بە مەعشوق و نە مەعشوقیش دەگات بە عاشق.

**جگە** لە توانەوە و لەناوچوونی مەعشوق و خامۆشی عاشق، هیچی دیکە بەدەست نایەت و ئەنجامەکەش لەناوچوونی بۆ هەمیشەیی هەر دوو لایە.

**گەر عاشق و مەعشوق** چانسی ژیانێکی هەمیشەیی پێکەوەییان دەستکەوت، ئەو ژیانە بە دەستپێکی ژیانێکی دی دادەنرێت لە دوای مردن.

**گەر ژیانێک بمێنێت** دوای سەربردەی پڕ لە هەڵبەز و دابەزی عەشق، دەکرێت ئەو ژیانە بە زیادە دابنرێت.

## گەیشتن بە عەشق

**لەڕێگەی خۆشەویستییەوە** تیشکێکی بچووکی عەشقت بەردەکەوێت و تۆزێک لە عەشق نزیک دەبیتەوە، بەم بڕە کەمەوە کە بەچاوی دڵ دەیبینیت بەقوڵایی دەریای عەشقی تێدەگەیت، کەچی ئەمە تەنیا دڵۆپێکە.
بەم دڵۆپەوە ڕازیت و ناتەوێت زیاتر بەرەو قوڵایی بچیت، چونکە ترساویت لە قووڵایی، یان وا تێگەیشتوویت ئەمە ڕێک قووڵایی عەشقە.
**لەڕێگەی** ئەم دڵۆپەوە دەتوانیت تەنیا درک بە بوونی عەشق بکەیت، نەک بگەیت بە عەشق، گەیشتوویت بە دڵۆپێکی دەریای عەشق، نەک قوڵایی.
**زۆرن** گەیشتوون بەم دڵۆپە، پێیان وایە گەیشتوون بە پلەی باڵابوون، ئەوان بەم دڵۆپەوە دێن بەدڵی خۆیان قسە لەسەر قووڵایی عەشق دەکەن.
**زۆرن** لەسەر ئەم دڵۆپە دەیان و سەدان هەڵبەست و گوتەی ڕەنگاوڕەنگ دەهۆننەوە و قوڵایی دەریاش فەرامۆش دەکەن.
**بۆ گەیشتن بە عەشق** پێویستت بە هەردوو سەروەری دڵ و ژیری هەیە.
**دڵ و گیان** بۆ گەیشتن بە عەشق و ژیریش بۆ گەیشتن بە ڕاستەقینە، بەم دووانەوە تێدەگەیت لەکوێی ڕاستەقینەدایت و چەندت ماوە بۆ عەشق.

## خۆشییەکانی دڵ، خۆشەییەکانی جەستە

**عـەشـــق پـاکە** تـا ئەو سـاتەی لە بـازنەی پیـرۆزی خـۆی دایە، چـونکە سەرچاوەی عەشق گیان و دڵە، لەوێوە وزە وەردەگرێت، نەک لە جەستە.

**عـەشـــق دیـارییەکی خـودایيە بە تـۆ دراوە**، گەر بە دەسـتی دڵ وەرت نەگرت ناپاکیت کردووە لە ئاست پیرۆزیی ئەم دیارییە.

**ناپاکی لە عەشق** ئەوەیە تـۆ عاشـق بیـت و بیـر لەجەسـتەو خۆشـگوزەرانی ژیان بکەیتەوە.

**لەخۆشەویســتیدا** هەمــوو شــتێک خــوازراوە، وەک چێــژی جەســتە و خۆشگوزەرانی ژیـان، بەڵام لە عەشـق ئەمـانە کـاڵ دەبـنەوە و خەم خەمـی عەشقە بە تەنیا.

**بیرکردنەوە لە عەشق** واتە بیرکردنەوە لە تامەزرۆییەکانی عەشق، نەک چێژ.

**بیرکـردنەوە لە عەشـق** واتە بیرکـردنەوە لە خۆشـییەکانی گیـان و دڵ ، نەک خۆشییەکانی جەستە.

**ئەوەی وەك** دیاری بەتۆ بەخشـراوە **تـا وزەی لێـوە بەدەسـت بێنیـت** تەنیـا گیان و دڵە، تا لەجیهانێکی پڕە لە نائومێدی بە هیواوە بژیت.

## نەبوونی عەشق، نەبوونی ژیانە

**تـا لەخـۆت نزیـک بیـت** لە دڵ و گیانـت نزیکیـت، هەر کـاتێکیش لە دڵ و گیانت نزیک بوویت لە عەشق نزیکیت.
**عـەشـق واتە:** دڵ و گیان، گەر عەشق لە تۆدا بوونی هەبوو، ژیانیش بـوونی دەبێت، گەر عەشق نەبوو، نە تۆ هەی، نە هیچ ژیانێکیش.
**دەبێت** درک بەو گەوهەر بکەیت لە دڵ و گیانتە ئەویش عەشقە، دواتر بـۆ درەوشانەوەی ئەم عەشقە پێویستت بەوە هەیە بەرەو قوڵایی بچیـت تـا لە هەموو جوانی و پیرۆزییەکانی بەهرەمەند بیت.

**نەبوونی عەشق** لە مرۆڤدا:
وەک نەبوونی درەختە لە دارستان و نەبوونی ئاوە لە دەریادا.
**کە عاشق نەبوویت** تەنیا جەستەت هەیە، گیانت نییە.
**کە عاشق نەبوویت** قسە دەکەیت، بەڵام دەنگت نیە.
**کە عاشق نەبوویت** پێدەکەنیت، بەڵام جوانیت نیە.
**کە عاشق نەبوویت** هەناسە دەدەیت، بەڵام ژیانت نییە.

## خۆشییەکانی دوای بە یەک گەیشتنی دوو عاشق

**کاتێـک** پەیوەنـدییەکەت لەخۆشەویسـتییەوە بـەرەو عەشـق دەپەڕێـتەوە، جوڵەکان و تابلۆ و وێنەکان نەتوروژێنن و هەستەکان تۆ لە خشـتە نەبەن و خـۆت سەرکردە و بڕیاردەری ڕاستەقینەی خۆت بیت.

**یادەوەرییە** نێوان دوو عاشـق زۆر دڵگیرتـر و ئاسـوودە بەخشـترن لەخـودی چێژ و خۆشییەکانی دوای بە یەکگەیشتنی دوو عاشق.

**ئازارو چێژ**، خۆشی و غەم، ئا و نا، خۆشم دەوێـی و ڕقـم لێـتە، قوربـانتبم و نەفرەتت لێ بێت، هەموو ئەم دەربڕینانە لە خۆشەویستی ئاسوودەییە.

**کاتێـک** زۆر پاکـانە شـان دەدەیـتە بەر ئازارەکـانی عەشـقێکی ڕاسـتەقینە ئەوکات هەر لەسەرەتاوە سەرکەوتنێکی گەورەت بۆ خۆت تۆمار کردووە.

**شکسـتی عەشـق** لەو دەمـە دەسـتپێدەکات، کە لە نـاخی خـۆتەوە بڕیـارت دابێت لەپەنای عەشقەوە پیرۆزییەکانی عەشق پێشێل بکەیت.

## له عەشق دادپەروەری نییە

**هیچ کاتێک** یەکسانی و دادپەروەرییەک لە عەشقدا بوونی نەبووە.
**عەشق** هەمیشە یەک لایەنەبووە و یەک لایەنانەش بڕیاری لەسەردراوە و کەسی عاشق ئەوی دیکەی دەست نیشانکردووە و هەڵیبژاردووە.
**هەرگیز** کەسێک نادۆزیتەوە بە ئەندازەی ئەو خۆشەویستییەی کە تۆ هەتە ئەویش هەیبێت.
**هەمیشە** لە عەشقدا یەکێک دەست پێشخەربووە و هەوڵی خۆی خستۆتە گەر بۆ ئەوەی بەرامبەریش بە ئەندازەی خۆی بێتە پێشەوە، کە زۆر جار ئەو هەوڵە چۆتە چوارچێوەی زۆرلێکردن لەبەرامبەر.
**لەکۆتایی** دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە عەشق لە دڵی کەسی دووەم (قەبوڵکردن) یان (نا) یە، کە زۆبەی کات ڕازیبوون بووە، ئەو ڕازیبوونەش خۆدانەدەست ناچارەکی و نەبوونی جێگرەوەیەکی گونجاو بووە.



# عەشق واتە ١ + ١ = ١

هەر کەس لەڕێگەیەکەوە هەوڵی گەڕانەوە بۆ بەهەشت دەدات
یەکێک لەڕێگەی نوێژ و نزاکانی
یەکێک لەڕێگەی بەخشین، یەکێک لەڕێگەی سەما و گۆرانی
یەکێک لەڕێگەی عەشق و خۆشەویستی.

# ئاینی خۆشەویستی

**تاکە ڕێسایەک** تەواوی مرۆڤایەتی لەسەری کۆکبن و پەیڕەوی بـکەن، یاسـا و ڕێسای عەشق و خۆشەویستییە.

**خۆشەویسـتی ئـاینێکە** بـۆ هەمـوو مرۆڤـایەتی دەگونجێـت و هەر ئەو ڕێگەیەشە دەتگەیەنێت بە عەشق و بەرەو باڵابوونت دەبات.

**لەڕێگەی دڵی مرۆڤەکانەوە** خۆشەویستیت دەسـت دەکەوێـت و لەڕێـگەی خۆشەویستیشەوە دەستت دەگات بە گیانی مرۆڤ و لە گیـانی مرۆڤیشـەوە کە بەشـێکە لە گیـانی خـودا دەسـتت دەگـات بە عەشـق و لەڕێـگەی عەشقیشەوە دەگەیت بەخودا.

**دەستکەوتنی ڕەزامەنـدی و خۆشەویسـتی خـودا،** لەڕێـگەی بەدەسـتهێنانی ڕەزامەندی و خۆشەویستی بەندەکانییەوەیە.

**بـۆ ئەوەی بگەیـت بە خۆشەویسـتی خـودا،** دەبێـت دەسـتت بگـات بە خۆشەویستی مرۆڤەکان.

**خۆشەویستی ئەزمـوونە،** تـا خۆشەویسـتی ئەزمـوون نەکەیـت، ناگەیـت بە عەشق، تا عەشقیش ئەزموون نەکەیت، ناگەیت بە نەمری.

## خۆشەویستی گواستنەوەی مرۆڤە لە زەوییەوە بۆ ئاسمان

**خۆشەویستی** گەورەترین سامانی گیانییە، هەر مرۆڤێک دەستی بکەوێت دەبێت بە خاوەنی هەردوو دونیا.

خۆشەویستی ئەوەیە تۆ بگوازێتەوە لە جیهانی زەوی بۆ جیهانی ئاسمانی، لە مرۆڤەکەی سەر زەوییەوە بتکات بە مرۆڤەکەی بەهەشت.

**خۆشەویستی** دەبێت لە توانای دابێت بنەوبارگەت هەڵتەکێنێت، لەم مرۆڤە ئاساییەوە بتخاتەوە ناو بەرگی مرۆڤە باڵاکەی پێش دەرکردنت لە بەهەشت.

**خۆشەویستی** ئەوە نییە کە من تۆم خۆشدەوێت و دەبێت تۆش منت خۆشبوێت، چونکە لە خۆشەویستی فەرزکردن نییە، ووشەی (دەبێت) لە یاسای خۆشەویستی بوونی نییە.

**هێندە بەسە** تۆ کەسێکت خۆشدەوێت و ئەو خۆشویستنەش خۆی دەستکەوتنی سامانی ڕاستەقینەی مرۆڤە لە ژیان.

خۆشەویستی پەیمانێکی کۆمەڵایەتی نیە وەک هاوسەرگیری کە دوو لایەن لەسەری ڕێک بکەون، کە کەسێکت خۆشویست دەستت بە سامانێکی گەورەی (ڕۆح)ی گەیشتووە، ئیدی هیچ پێویست ناکات بەرامبەریشت ئاگاداربکەیتەوە، هێندە بەسە بوونی خۆتت دۆزیوەتەوە.

**خۆشەویستی** ئەگەر حەز تێپەڕێنێت و بگات بە دوا پلەی خۆیی و ئیدی یەکلایەنەش بێت هەر خۆشەویستییە.

**ئەگەر** خۆشەویستی خۆتت دۆزییەوە، گەوهەری مرۆڤبوونی خۆتت دۆزیوەتەوە، بۆ دۆزینەوەی ئەم گەوهەرەش پێویست ناکات هەموو کەس ئاگادار بکەیتەوە، هێندە بەسە کە نرخی ئەم گەوهەرە بزانیت و بیپارێزیت.

## ڕێگەی خۆشەویستی

**خۆشەویستی دەربڕین واتە:** یارمەتیی دانی (ڕۆح)ی ئەوانی دیکە.
**خۆشەویستی** بەنرخترین دیارییە بێ بەرامبەر پێشکەشی خەڵکی بکەیت ئەم دیارییە بەنرخترە لە پارەو سامانی ئەوان، چونکە لەم ڕێگەیە تۆ بەختەوەری ڕاستەقینە دەبەخشیت.
**لەڕێگەی پارە و سامانەوە** تەنیا دەتوانیت خواردنی خۆشتر و جێگەی نەرمتر و جلوبەرگی جوانتر بۆ خەڵک دابین بکەیت، نەک خەندە و بەختەوەری.
**تەنیا لەڕێگەی خۆشەویستییەوە** دەتوانیت ئەو بەختەوەرییەی لە تۆدا هەیە بە ئاسانی بگوازیتەوە بۆ کەسانی دیکەش.

# خۆشەویستی گەڕانەوەی مرۆڤە بۆ بەهەشت

**خۆشەویستی ڕێگەیەکە** بۆ دۆزینەوەی کەسە ون بووەکەی نێو ناخت، ئەو کەسەی لە بەهەشت لێی دابڕایت.
**خۆشەویستی گەڕانەوەی مرۆڤە** لە دۆزەخی ژیان بۆ بەهەشتی ڕاستەقینە.
**مرۆڤ** بەم هەموو نامۆیی و پەرێشانییەی هەمووەدەم بیری یەکەم وێستگەی ژیانی دەکات کە لێیەوە هاتووە ئەویش بەهەشتە، لەم پێناوە هەموو ڕێگەیەک دەگرێتە بەر بۆ گەڕانەوە نێو ئەم ماڵە جوانەی.
**هەر کەس لەڕێگەیەکەوە** هەوڵی گەڕانەوە بۆ بەهەشت دەدات، یەکێک لەڕێگەی نوێژ و نزاکانی، یەکێک لەڕێگەی بەخشین، یەکێک لەڕێگەی سەما و گۆرانی، یەکێک لەڕێگەی عەشق و خۆشەویستی.
**مرۆڤەکانی** سەر زەوی هەموو هەوڵێکیان گەڕانەوەیە بۆ بەهەشت، با ئەو هەوڵە بە مردنی خۆشیان کۆتایی بێت، چونکە ئومێدی زیندووبوونەوەیەک و بە یەکگەیشتنەوەیەک لە ئارادایە.
**خۆشەویستی پاککردنەوەی دڵی مرۆڤە،** لە هەموو ئیرەیی و کینەیەک.
**خۆشەویستی بەستنەوەی مرۆڤە،** بە خودی خۆیەوە و ڕزگارکردنیەتی لەهەموو کاریگەرییەکی دەرەکی.
**خۆشەویستی دۆزینەوەی خۆتە،** لەڕێگەی دڵی بەرامبەرەوە.
**خۆشەویستی گەڕانەوەی مرۆڤە** بۆ بەهەشت.

## خۆشەویستی هەرزەکارانە

**خۆشەویستی هەرزەکارانە** پرۆسەی گەڕانی کەسێکە بە شوێن ڕەگەزی بەرامبەر، کە هێشتا خۆشی نەدۆزیوەتەوە.
**خۆشەویستی هەرزەکارانە** دۆزینەوەی کەسێکی ون بووە، کە لە ئەنجامدا ون بوونی دوو کەسی لێدەکەوێتەوە.
**خۆشەویستی هەرزەکارانە** ڕاکردنە لە تارماییەکانی تەنیایی بۆ باوەشێکی تەنیاتر، کە تەنیاییەکەی قووڵتر و درێژتر دەکاتەوە.
**خۆشەویستی هەرزەکارانە** دۆزینەوەی شیرین و ڕاکردنە لە کونکردنی کێوی بێستوون.
**خۆشەویستی هەرزەکارانە** بە لەیلا گەیشتن و هەڵاتنە لە مەجنوونیەت.
**خۆشەویستی هەرزەکارانە** دۆزینەوەی زین و نەچەشتنی هەناری مەرگە.

# خیانەت لە خۆشەویستی

**ئەگەر** گەورەترین کۆست لەژیان خۆشەویستی بووبێت، لەوە گەورەتـر بـێ بەشبوونە لە خۆشەویستی.

**ڕازامەندی نوانـدن لە ئاسـت پێشـنیاری خۆشەویسـتی،** چـوونە بـۆ بەردەم گەورەتـرین بەرپرسـیارییەتی، هەر کەمتەرخەمـی و دڵسـاردی و (نـا) یەک گەورەترین خیانەتە لەم خۆشەویستییە.

**ڕاگەیاندنی خۆشەویستی** کەسێک بۆت، ڕاگەیاندنی جەنگێکی نەبڕاوەیە تـا دەمی مردن.

**کە پێشوازیت کرد لە پێشنیاری خۆشەویستی،** دەبێـت ئامادەبیـت دەسـت لەسەر دڵ، بەر لەهەر شتێك مردنی خۆت دابنێیت بۆ ئەوەی بە ئـارامی بـۆ ئەم خۆشەویستییە بژیت.

## نەمری لە خۆشەویستی

**مـرۆڤ** تێگەیشـت ئیـدی دنیـا بـۆ ئەو کـاتییە و ناتوانێـت لەو مـاوە زیـاتر بمێنێــتەوە بــۆی دیــاری کــراوە، بیریکــردەوە تــا لەگەڵ ئەو مرۆڤــانەی خۆشیدەوێن بمێنێتەوە، ئیدی لە خۆشەویستییەوە گەیشت بە عەشق.

**مرۆڤ تێگەیشت کە نەمر نییە،** چۆن هـاتۆتە دنیـا ئـاواش دەبێـت بـڕوات، بۆیە بیری لە ڕێگەیەک کردەوە تا لەگەڵ ئەو مرۆڤانەی کە خۆشیدەوێن بـۆ هەمیشە بمێنێتەوە ئەویش ڕێگەی عەشق بوو.

**یەکێـک لە خەون و خولیاکـانی مـرۆڤ لە زووەوە** نەمـری بـووە و هەوڵـی زۆری داوە و زۆر ڕێگەی تاقی کردۆتەوە بۆ ئەوەی بگات بە نەمری، دواجار باشترین ڕێگەی دۆزیەوە ئەویش ڕێگەی عەشق بوو.

**مرۆڤ عەشقی هەڵبژارد** و هەوڵیـدا بە گیـان خۆشەویسـتی بکـات، نەک بە دڵ، تا بگات بە نەمری و لەو دنیاش بگاتەوە بەو کەسەی خۆشیویستووە.

**(ڕۆح)ی مـرۆڤ** بەشـێکە لە (ڕۆح)ی خـودا، بـۆیە مـرۆڤ بە مـردن گیـانی لەناو ناچێت، تەنیا جەستە کۆتایی پێدێت، گیانیشی بەنەمری دەمێنێتەوە.

# دوا پلەی مرۆڤ بوون

**فـەنـابـوون دوا پلەی باڵابوونە**، کە ئازار کۆتایی پێدێت و خەم و برسـییەتی و تینوویەتی و پێداویستییە ماددییەکان چیتر کاریگەریان نامێنێت.

**مرۆڤـی ئاسـایی** خەمـی گەورەی ئەوەیە زۆر بژیـت، بـا ئەو ژیـانە بـێ مەبەستیش بێت.

**ژیان** بۆ مرۆڤـی ئاسـایی خـواردن و خـواردنەوە و خەوتـنە، گرنـگ نـیە ئەم ژیانە بە هەر جۆرێک دەستبکەوێت.

**ڕووناکی عەشق** لە دڵی مرۆڤی ئاسایی دەرناکەوێت، چونکە ئەو لە تـاریکی ژیان بەسەردەبات.

**مرۆڤی ئاسایی** لە بێ ئاگـایی و بـێ هەسـتی ژیـان دەگوزەرێنێـت و هێنـدە دەزانێت تەمەن تەواوبوو و ئەویش هیچ لەم ژیانە تێنەگەیشت و هیچیشی دەست نەکەوت.

**مـرۆڤـی بـاڵا** بە دوای ژیانی نەمری وێڵە، با ئەو ژیانە هەفتەیەکیش بێت.

**خـەسڵەتەکانی عـەشـق** ئەو دەمە دەردەکەون، کە لە ئاکـاری مرۆڤەکـانەوە ڕەنگبـداتەوە و لە ڕووخسـارییەوە ببینرێـت و لە زمـانییەوە ببیسـترێت و هەمووان لێی سوودمەندبن.

**پـلەی عەشـق**، پلەیەکـی هێنـدە بەرزە، ئـازار و دۆڕان و شکسـت کۆتـایی پێدێت، پلەیەکە هەمـوو شـتێک لە پێنـاوی خـودی مـرۆڤە، نەک مـرۆڤ لە خزمەت شتەکان.



# عەشق واتە ١ + ١ = ١

**زمانی خۆشەویستی** هێندە سادەیە هەموو کەس لێی تێ دەگات
لەگەڵ هەر نەتەوە و ئاینێک گفتوگۆبکەیت و
بۆ هەر شوێنێک بچیت هەمووان لێت تێ دەگەن،
هەمووان ئاشنای ئەم زمانەن.

## زاراوەکانی خۆشەویستی

**ئەگەر ئامانج لە خۆشەویستی** تەنیا گەیشتن بە جەستەو دەستکەوتنی چێژبوو، ئەوکات خۆشەویستی دەبێت بە ئامراز.
**لەیەکەم ژوان خۆشەویستی بەتاڵ دەبێتەوە** و هیچ پاساوێک نامێنێت تا ناو لە پەیوەندییەکەت بنێیت خۆشەویستی، چونکە پەیوەندییەکە پەیوەندییەکی جەستەییە و دڵ بەیەکی نەگەیاندوون، بۆیە ناتوانیت ئەم پەیوەندییە ناو بنێیت پەیوەندی خۆشەویستی دوو لایەنە، کە لە ڕاستیدا نیاز تێیدا چێژی جەستەیە، نەک چێژی دڵ.
**خۆشەویستی پەیوەندییەکە** لەسەر بنچینەی سۆز و گرنگیپێدان دروست دەبێت، نەک لە سەر بنەمای چێژ.

# زمانی خۆشەویستی

**زمانی خۆشەویستی** زمانێکی سادە و شیرینە، ووشەکانی خـورپەن لە دڵەوە دەردەچن.
**زمـانی خۆشەویسـتی** زمـانی ڕاسـتەقینەی مرۆڤەکـانە بـۆ گفتوگـۆکردن و نزیکبوونەوە.
**زمانی خۆشەویستی** هێندە سادەیە هەمـوو کەس لێـی تـێ دەگـات، لەگەڵ هەر نەتەوە و ئاینێک گفتۆگۆ بکەیـت بـۆ هەر شـوێنێک بچیـت هەمـووان لێت تێ دەگەن و هەمووان ئاشنای ئەم زمانەن.
**زمانی خۆشەویستی** وات لێ دەکات لەگەڵ هەموو نەتەوەکانی دونیا قسـە بکەیت و هەموو زمانەکان فێربیت و لەکاتێک هیچ زمانێکیش نازانیت.
**زمـانی خۆشەویسـتی** زمـانی ڕاسـتەقینەی مرۆڤـایەتییە، ئەو زمـانەی کە ووشـــەکانی لە دڵەوە دەردەچـــن و واتاکـــانی لە چاوەکـــان دەردەکەون و هەموو کەس دەتوانێت بەوپەڕی سادەییەوە بیخوێنێتەوە.

## خۆشەویستی ڕاستەقینە چۆن بناسینەوە؟

**خـۆشـەویـستی ڕاسـتەقینە واتـە:** خۆشەویستەکەت پەسەندبکەیت وەک ئەوەی خۆی هەیە، نەک وەک ئەوەی تۆ دەتەوێت.

**خـۆشـەویـستی ڕاستەقینە واتـە:** ڕەنگـی قـژی خۆشەویستەکەت، شێوەی ڕووخساری، بەژن و باڵای، جۆری جلوبەرگی، نەبن بە جێگەی سەرنج و هۆکارێک نەبن بۆ پەسندکردنی پەیوەندی خۆشەویستی.

**خـۆشـەویـستی ڕاسـتەقینە واتـە:** خۆشەویستەکەت پەسند بکەیت لە هەموو کاتێک، بە خۆشی و ناخۆشییەکانییەوە، بە جوانی و ناشیرینییەکانییەوە، بە ڕێکوپێکی و عەیبەکانییەوە، ئەو کاتەی تەندروستی باشە ئەو دەمانەش کە نەخۆشە، ڕازی بیت کاتێک دەوڵەمەندە بەو دەمانەش کە تیکە نانێکی نییە.

**خـۆشـەویـستی ڕاستەقینە واتە:** خۆشەویستەکەت قەبوڵ بێت دڵی خۆشە، لەو دەمانەش کە خەمبارە.

**خۆشەویستی واتـە:** خۆشەویستەکەت قەبوڵ بێت بە چاک و خراپییەکانییەوە.

## چۆن ئازادانە دەبیت بە دایک و باوکی منداڵەکانت

**خـۆشـەویـستی** پەیوەندییەکی توند و تۆڵی نێوان دوو دڵە.
**خۆشەویستی واتە:** شەونخونی و قوربانیدان.
**لە خۆشەویســـــتیدا** کـــــوڕ قوربــــانییەک دەدات کە دەستپێشـــــخەری خۆشەویستییە، کچیش قوربانییەکی گەورەتر دەدات کە خۆبەدەستەوەدانە.
**کچ و کوڕ** هەر یەکێک قوربانییەک دەدات، یەکێک بە پێشکەشکردنی ژیـان و ئەوەی دیکەش بەخۆدانە دەست.
**کــچ و کــوڕ** لەڕێــگەی پێشکەشــکردن و خۆدانەدەســتەوە خۆشەویســتی دروستدەکەن و لە ڕێگەی خۆشەویستیش هاوسەرگیری.
**کــچ و کــوڕ** بە هەردوولا یەکێتــی دروســت دەکەن و دەبــن بە کــارگەی بەرهەمهێنانی خۆشەویستی و سۆز لەنێو کۆمەڵگە.
**ئەگەر ئامانج لە پەیوەندی خۆشەویستی هاوسەرگیری بـوو**، هەنگاوەکـانی بەخۆشەویســتی دەســت پێدەکــەن و بەهاوســەرگیریش کۆتــایی دێــت و لەدوای هاوسەرگیریش پرۆسەی سۆزو بەزەیی بەردەوام دەبێت.
**هاوسەرگیری** بە خۆشەویستی دەست پێ نەکات، بە ڕق کۆتایی دێت.

# عـەشـق ئازادبوونە لە ژێر پاڵەپەستۆی هەستەکان

**حەز و عەشـق دوو پـاڵنەرن** بـۆ بەرهەمهێنـانی پەیوەنـدی، بە بـوونی هەر یەکێک ئەوەی دیکە نامێنێت.
کاتێـک حەز و ئـارەزوو کـاریگەری نامێنێـت و هەسـتەکان دەپـوکێنەوە کە پەیوەندی نێوان دوو ڕەگەز لە خۆشەویستییەوە بپەڕێتەوە بۆ عەشق.
**عـەشـق ئازادبوونە** لە ژێـر پاڵەپەسـتۆی هەسـتەکان و وێـنە و دیمەنەکـانی جەستە.
**عەشق ڕزگاربوونە** لە دوو دڵی بەرامبەر بە جـوانی و ناشـیرنی، بـە چـاکە و خراپە.
**کە ئازادبوویت،** خۆری عەشق لەناو خاکی دڵت دەدرەوشـێتەوە و بەچـاوی دڵ عەشقی ڕاستەقینە دەبینیت.
**عـەشـق** ناخۆشییەکانی خۆشین، ناشیرینییەکانی جوانین، خەمەکانی شادین، دۆڕانەکانیشی سەرکەوتنن.
**عـەشــق پلەیەکـی هێنـدە بـاڵایە** حەزو ئارەزووەکـانی مـرۆڤ ناتوانێـت سنووریان ببەزێنێت.
**عـەشـق دۆخێکی هێنـدە نموونەیی دڵـی مـرۆڤە،** کە هـیچ کـاریگەرییەکی دەرەکی وەک حەزو تامەزرۆیی جەستە ناتوانێت بۆ ناوەوەی دزە بکات.

## گوزارشتەکانی سێکس لە نێو عەشق

**ئەگەر** ئامانج لە عەشقدا تەنیا حەزو ئارەزوو نەبوو، ئەوکات سێکس دەبێت بە ڕەگەزێکی ئاسایی گوزارشت کردن لە دیوێکی سادەی عەشق.

**عەشق** بابەتێکی هێندە هەرزان نییە، کە بە چەند وشە و ڕستەیەکی بریقەدار مامەڵە و سەودای پێبکرێت.

**عەشق** دەسەڵاتی ویستە بەسەر خودپەرستی، لە خۆویستییەوە بۆ خۆشەویستی و لەوێشەوە بۆ عەشق.

**عەشق** تێکشکاندنی تابووت و تابلۆکانی حەزە لە ناخدا، ئەمیش بە خنکاندنی خودە شەڕانگێزەکەی ناخت و بە پیرۆز ڕاگرتنی عەشقی ڕاستەقینە.

**عەشق** خۆ ڕزگارکردنە لەژێر چنگی هەموو هەستێک، تەنیا لەپێناو مانەوەی مەعشوق.

# هەنگاوەکانی کاڵکردنەوەی حەزو ئارەزوو

دوو ڕێگە هەن بۆ ئەوەی حەزو ئارەزووەکان لە خۆت داماڵیت:
**ڕێگەی یەکەم:** ڕاستەوخۆ ئارەزووەکانت لەناو بەریت و نەهێڵیت ببن بە ڕەفتار لە کەسایەتیت و لە ڕێی هێزە شاراوەکانی ناخت دووریان خەیتەوە.
**ڕێگەی دووەم:** گوێڕایەڵیکردن و تێرکردنی حەزو ئارەزووەکانت تا ئاستی بێزبوونەوە لێی، کە بە بێزاربوون و تەرک کردن کۆتاییان پێ بێنیت.

**سەرکوتکردنی** ئارەزووەکانی ناخت، سەرکوتکردنی ئاژەڵە خاوەن غەریزەکەی ناختە، بە لەناوبردنی ئەو، خۆتی ڕاستەقینە هەڵدەستێتەوە و دەبێتەوە بە ڕابەرت و جڵەوی خۆت دەکەوێتەوە دەستی خۆت.
**لە خۆشەویستی** دڵ دەگەشێتەوە و جولەی تێدەکەوێت، بەڵام لە حەز هەستەکانت دەجولێن و حەزو ئارەزووکانت دەوروژێن و هەوڵی جووت بوون دەدەیت.
**کاتێک حەز ڕابەرایەتیت دەکات**، ئیدی مرۆڤە باڵاکەی جاران نامێنیت، ئەوەی دەمێنێتەوە بوونەوەرێکی برسی و ئاژەڵێکی خاوەن غەریزەیە.
**کە خۆشەویستی دەکەیت**، دەبێت سەرەتا خۆت یەکلابکەیتەوە کە خەریکی خۆشەویستی ئەزموون دەکەیت، یان حەزو ئارەزووەکانت.
**کە حەزو ئارەزووەکانت ئەزموون کرد**، نابێت بیخەیتە ئەستۆی عەشق و بەسەر خۆشەویستی ساغی بکەیتەوە.
**کە عەشقت ئەزموون کرد**، نابێت بەسەر حەز یان هاوسەرگیری ساغی بکەیتەوە.
**عەشق لووتکەی بۆ یەک نەبوونە**، دوورە لە هەموو بەرکەوتن و هەستێک.

# تەمەنی خۆشەویستی

**ئــەزموونكردنی خۆشەویســتی** لەڕێگــەی جــوانییەوە، بــە فیــڕۆدانی خۆشەویستییە لە پەیوەندی، چونكە لەگەڵ هەڵكشـانی تەمەن جـوانی كـاڵ دەبێتەوە و لەناو دەچێت، بەم شـێوەیە پەیوەندییەكەشـت كە نـاوت نـابوو خۆشەویستی لەگەڵ خۆی كاڵ دەبێتەوە و لەناو دەچێت و ناگـات بە پـلەی عەشق.

**تەمەنی (خۆشەویستی)**، هێندەی تەمەنی ئەو تامەزرۆیەیە، كە بـۆ جـوانی جەستە هەتە.

**تەمەنی (عەشق)**، هێندەی تەمەنی (ڕۆح)ی مـرۆڤە، بەهـۆی ئەوەی (ڕۆح) لەخوداوەیە و نەمرە، بۆیە عەشقیش نەمرە.

**تا لە جەسـتەی خۆشەویسـتەكەت نـزیكتر ببیـتەوە**، لە خۆشەویسـتییەكەی دوور دەكەویتەوە.

**تا لە جەستەی خۆشەویستەكەت دوور بكەویـتەوە**، لە دڵ و گیـانی نزیـك دەبیتەوە و دەگەیت بە پلەی عەشق و هەست بە بوونی خۆت دەكەیت.

**لەگەڵ هەر هەنگاوێـك** بـۆ نزیـك بـوونە لە جەسـتەی خۆشەویسـتەكەت، خۆشەویستیش هەنگاوێك لێت دوور دەكەوێتەوە، لەگەڵ هەر هەوڵدانێك بۆ باوەش پێداكردن و گەیشتن بە چێژ، خۆشەویستیش پلەیەك دێتە خوارەو لە عەشق دوورت دەخاتەوە و نایەڵێت بگەیت بە پلەی عەشق.

**كاتێك گەیشتیت بە لووتكەی چێژ**، خۆشەویسـتیش بە جارێـك لەنێـو هەر دوو دڵدا دێتە دەرەوە و خەمێكی قوڵ و هەستێكی تەنیایی گەورە جـێگەی دەگرێتەوە.



# عەشق واتە ١ + ١ = ١

بۆ گەیشتن

پێویستیت بە نزیک بوونەوە هەیە، نەک دوورکەوتنەوە

پێویستیت بە دۆستایەتی هەیە، نەک دژایەتی

پێویستیت بە خۆشەویستی، هەیە نەک ڕق.

# له خۆشەویستی پێویستیمان بە ڕقە

**زۆرجــار** بەخشــینی ئازادییــەکی زۆر بە خۆشەویســتەکەت فەرامۆشــکردنی لێدەکەوێتەوە و خۆشەویستی پێچەوانە دەبێتەوە بۆ (ڕق) لێگرتن.

**زۆر جاریش** بەرهەمی (ڕق)ەکەی ناخت دەبێت بە(خۆشەویستی).

**کە** (چـاوی سـەر) بڕیـاری لەسـەر خۆشەویسـتیدا لە جـێگەی (چـاوی دڵ)، خۆشەویســـتی پـــێچەوانە دەبێـــتەوە لە (ســـۆز)ەوە بـــۆ (حەز) و لە (خۆشەویستی)یەوە بۆ (ڕق) دەگۆڕێت.

**گەیشتن بە لوتکە،** گەیشتنە بە دوا پلەی ئەو ئامانجەی هەوڵت بۆ داوە، دوا پلەی هەر ئامانجێک کۆتا هەناسەی هیوا خواستنە بۆ گەیشتن بە مەبەسـت، دەستپێکیشە بۆ دژە بەرەی ئەو ڕێگەیەی هەوڵت بۆی داوە.

**لە** (لوتکەی خۆشەویستی)دا دەگەیت بە (سەرەتای ڕق).

**بۆ ئەوەی** بەردەوام بەرامبەرەکەت خۆش بوێت، دەبێـت خاڵێـک بهێڵێـتەوە بۆ ڕق هەڵگرتن، تا خۆشەویستی تیایدا هەناسە بدات.

**بۆ ئەوەی** لە خۆشەویستیدا بەردەوام بیت، دەبێت دەرفەتێک بهێڵیتەوە بـۆ تورەبوون، مەودایەک هەبێـت لەنێـوان تـۆ و خۆشەویسـتەکەت تـا لەکـاتی بێزاریدا بەڕووی یەکتردا نەتەقنەوە و نەگەڕێنەوە سەرەتا.

# ڕق جۆرێکە لە خۆشەویستی

**لە خۆشەویستی گرنگتر**، گرنگیپێدان و کات بەخشینە بە خۆشەویستەکەت، ئەم گرنگیپێدانە تەمەنی خۆشەویستی درێژ دەکات.
**ڕق و خۆشەویستی** بەهۆی یەك بزوێنەرەوە تەمەنیان درێژ دەبێت و دەگەنەوە بەیەك ئەویش گرنگیپێدانە.
**بە گرنگیدان بە (خۆشەویستی)**، لەڕێگەی بەخشینی سۆز و میهرەبانی و ئارەزوو بەجێگەیاندن، خۆشەویستیش لە دڵی بەرامبەر بەردەوام دەکەیت.
**بە گرنگیدان بە (ڕق)**، لەڕێگەی فەرامۆشکردن و پشتگوێخستنەوە ڕقەکەشت لە دڵی بەرامبەر بەردەوام دەکەیت.
**ڕق دیوێکی خۆشەویستییە**، چونکە لە گرنگیپێدان هەردووکیان هاوشیوەن، تەنیا یەکێکیان بە خۆشەویستی دەستپێدەکات و ئەوەی دیکەش بە ڕق.
**لەو شوێنە** خۆشەویستی دەستپێدەکات، کە ڕق کۆتایی پێدێت.
**لەو شوێنەش** ڕق دەست پێدەکات، کە خۆشەویستی کۆتایی پێدێت.
**تۆ کە ڕقت هەڵگرت**، خۆشەویستیت بۆ ڕقەکەی ناو دڵت هێندە زۆر دەبێت تا ئەم ڕقە زاڵ دەبێت بەسەر هەستەکانت و تەنانەت ڕەفتارەکانیشت پەروەردە دەکات.
**کە هیچ کەس ڕقی لێت نەبوو**، کەواتە تۆ فەرامۆشکراویت و جێگەی گرنگی کەس نیت و تەنانەت شایستەی ڕقی هیچ کەسێکیش نیت.
**کە هیچ کەس نەبوو تۆی خۆشبوێت**، کەواتە تۆ کەسێکی پشتگوێخراوی، شایستەی سۆز و خۆشەویستی هیچ کەس نیت.

# بۆ گەیشتن پێویستیمان بە خۆشەویستی هەیە، نەک ڕق

**زۆرجار مرۆڤ** دەستی ناگات بە دڵ و گیانی ئەو کەسەی خۆشیدەوێت، ناچار لەجێگەی (خۆشەویستیی) ڕاستەوخۆ (ڕق) دەخاتە ناو دڵی و هەموو هەوڵێک دەدات بۆ دژایەتیکردن و سڕینەوەی.

**مرۆڤ کاتێك کەسێکی زۆر خۆشدەوێت** و ناتوانێت بە دەستی بێنێت، ناچار خۆشەویستییەکەی لە خەیاڵ و دڵی خۆی دەسڕێتەوە، ئەم هەموو هەوڵەش لە جێگەی ئەوەی بەرامبەر لەنێو دڵی بسڕێتەوە زیاتر بەوی دەبەستێتەوە و زیاتر ئەو لە دڵی دەهێڵێتەوە.

ئەم هەوڵانەش بۆ سڕینەوەی خۆشەویستی بێ ئەنجامە، چونکە تۆ پشتت بە ڕق بەستووە بۆ سڕینەوە خۆشەویستییەکەت، نەک بەفەرامۆش کردن.

لە (**خۆشەویستی**) باڵاتر (**گرنگیپێدان**)ە و لە (**ڕق**)یش باڵاتر (**فەرامۆشکردن**)ە.

بۆ سڕینەوەی خۆشەویستی پێویستت بە شتێکە لە ڕق بەرزتر، ئەویش فەرامۆشکردنە.

**لەڕێگەی فەرامۆشکردنەوە** دەتوانیت خۆشەویستەکەت لەناو دڵت بسڕیتەوە، نەک لە ڕێگەی ڕقەوە. چونکە ڕق پێویستی بەکات و گرنگیپێدانە، بەمەش خۆشەویستەکەت زیاتر لەلای خۆت دەهێڵیتەوە و لەڕێگەی گرنگیپێدانەوە ئەم ڕقە زیاتر پەروەردە دەکەیت.

بە هەموو ڕێگەکان دەتوانیت بگەیت بە خۆشەویستی، گەیشتن لە ڕواڵەت شتێکە و لە ناوەڕۆک شتێکی دیکەیە.

هەر دەبێت یەکگرتن هەبێت و یەکێتی هەبێت لە گەیشتن.

**بۆ گەیشتن** پێویستیت بە نزیک بوونەوە هەیە، نەک دوورکەوتنەوە.

**بۆ گەیشتن** پێویستیت بە دۆستایەتی هەیە، نەک دژایەتی.

**بۆ گەیشتن** پێویستیت بە خۆشەویستی هەیە، نەک ڕق.

# فەرامۆشکردن لە ڕق سەرترە

**فەرامۆشکردن واتە:** گرنگیپێنەدان جا لە (هەست) یان (نەست)ەوە بێت.

**ئەگەر** تیلەچاوێک یان نیگاکردنێک تووڕەیی بەرامبەری لێ بکەوێتەوە، سەیرنەکردن و فەرامۆشکردنیش نەک هەر تووڕەیی زۆرجار ئازاریشی لێ دەکەوێتەوە، چونکە فەرامۆشکردن، واتە: نرخ دانەنان و بێ بایەخکردن.

**مرۆڤ** پێشەنگایەکی جوانی پڕ لە گوڵ و گوڵزاری ڕەوشت و ڕەفتارە هەر سەیرنەکردن و فەرامۆشکردنێک، ئازار و دڵ شکانی لێ دەکەوێتەوە.

**هیچ** ئازارێک بە قەد ئازاری فەرامۆشکردن بەسۆتر نییە، لە خۆشەویستی باڵاتر گرنگیپێدانە، کەواتە بە فەرامۆشکردن نەک هەر ڕقت پیشانداوە، بگرە لە ڕق ئەستوورتر و باڵاترت نیشانی بەرامبەرت داوە.

**چەمکی** (ڕق) بەرامبەر (خۆشەویستی)یە، چەمکی (گرنگیپێدان)یش بەرامبەر (فەرامۆشکردن)ە.

**لە** (**خۆشەویستی**) باڵاتر (**گرنگیپێدان**)ە، لە (**ڕق**)یش باڵاتر (**فەرامۆشکردن**)ە.

لە ڕق تەنیا خۆشنەویستنی خۆت بۆ بەرامبەر دەربڕیوە، بەڵام لە فەرامۆشکردن نەک هەر خۆش نەویستن، لە ڕق سەرترت دەربڕیوە.

# هاوسەنگی ڕق و خۆشەویستی

**خۆشەویستی و ڕق** دوو چەمکن، لەڕێگەی ڕەفتارەوە دەردەبڕدرێت.
**خۆشەویستی** هۆکاری نزیکبوونەوە و ڕقیش هۆکاری دوورکەوتنەوەیە.
**لەڕێگەی** (ڕق) دیوارێک دروست دەکەیت لەنێوان خۆت و خەڵک.
**لەڕێگەی** (خۆشەویستی) پردێک دروست دەکەیت لەنێوان خۆت و خەڵک.
**لەگەڵ مرۆڤەکان** خۆت سەرپشکی دیوار دروست دەکەیت یان پرد.
**مـــرۆڤ** هەردوو لایەنـــی (خۆشەویســـتی **و** ڕق) بەکاردەهێنێـــت بـــۆ پارێزگاریکردن و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی.
**خۆشەویستی** بۆ ئەوانەی کە هەمیشە هاوسۆز و هاوڕێن.
**ڕقیش بۆ ئەوانەی** کە هەمیشە بەربەستن لەبەردەم گەیشتن بە خەونەکان.
**چەند ڕقت بۆ بەرامبەرت زیاد بوو،** فەرامۆشکردنت بۆی زیاتر دەبێت.
**چەند خۆشەویستیت** بۆ بەرامبەر زیاد بوو، گرنگیپێدانت بۆی زیاتر دەبێت.
گەر هیچ کەسێکت خۆش نەویست، واتە تۆ ڕقێکی گەورەت لە دڵدایە.

## هێزی خۆشەویستی، هێزی ڕق

**زۆرجار خۆشەویستی** ئامرازێکی فریودەربووە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، جا ئامانج چێژ وەرگرتن بێت لە جەستە، یان دەربازبوون بێت لە تەنیایی.
**خەڵکانێکی زۆر هەن** ڕۆژانە ووشەی خۆشەویستی بەکار دەهێنن بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانیان.
**هەرکات** لە ناختەوە هەستت بە (ڕق)کرد، بزانە هێزی ڕق سەرکردایەتی دڵ و دەروونت دەکات و خۆشەویستی بۆتە کۆیلەی ڕقە پەنگخواردووەکانت.
**هەرکات** لە ناختەوە هەستت بە (خۆشەویستی)کرد، بزانە هێزی **خۆشەویستی** سەرکردایەتی دڵ و دەروونت دەکات و هێشتا نەبوویت بە کۆیلەی ڕق و ئازادییەکانی خۆت لە دەست نەداوە.

## باشترین پاداشت خۆشەویستییە، نەک ڕق

**هەندێکجار** نزیك بوونەوە لە (خۆشەویستی و ڕق) دەبێت بە پێویستی.
بۆ پیشاندانی هەست و سۆزی بۆ خۆشەویستەکەت، پێویستیت بە نزیک بوونەوە **لەخۆشەویستی** هەیە.
بۆ تۆڵەکردنەوە لە بەرامبەرەکەت، پێویستیت بەکارهێنانی ڕق هەیە.
**بەهۆی نزیک بوونەوە** لە خۆشەویستەکەت سۆزو خۆشەویستی زیاتر بەدەست دێنیت و دەگەیت بە ئارامی دڵ.
**بەهۆی نزیک بوونەوە** بە مەبەستی تۆڵە، تەنیا ڕق و دوورکەوتنەوە بەدەست دێنیت و دەگەیت بە پشێوی دڵ.
**باشترین تۆڵەکردنەوە فەرامۆشکردنە، نەک ڕق**، بەهۆی فەرامۆشکردنەوە ئازاری بەرامبەر دەدەیت، بەڵام بەهۆی ڕقەوە تەنیا ئازاری خۆت دەدەیت.
**باشترین پاداشت خۆشەویستییە، نەک ڕق**، بەهۆی خۆشەویستییەوە بەرامبەرت پەشیمان دەکەیتەوە، لەڕێگەی ڕقیش خۆت پەشیمان دەبیتەوە.

# هێڵکاریی ئەنجامی پەیوەندییەکان



# هێڵکاریی پەیوەندییەکان






## هێڵکاریی ئەنجامی پەیوەندییەکان



# هێڵکاریی پۆلێنی پەیوەندییەکان



## هێڵکاریی پۆلێنی پەیوەندییەکان لە پڕۆسەی هاوسەرگیری






## گەرمی عەشق و نەرمی هاوسەرگیری

**جیاوازی** نێوان عەشق و هاوسەرگیری وەک جیاوازی نێوان ئاو و ئاگر وایە.

**عەشق** وەک (ئاگر) پڕ لە گەرمیە و بە گڕەکەی دەوروبەری خۆی ڕووناک دەکاتەوە.

**هاوسەرگیری** وەک (ئاو) هەمیشە بە نەرمیەکەی دەوروبەری خۆی فێنک دەکاتەوە.

**ئەگەر** هاوسەرگیری وەک ئاو لە ئاگری عەشق نزیک بووەوە و تێکەڵ بە گەرمیەکەی بوو ، ئەوکات گڕ و بڵێسەی عەشق خامۆش دەبێت و ڕووناکیەکەی کز دەبێت.

**عەشق لە ئاستی تاک** بریتیە: لەپەیوەندی گیانی نێوان عاشق و مەعشوق.

**عەشق لە ئاستی کۆمەڵگە** بریتیە: لەپەیوەندی گیانی تاک لەگەڵ کۆمەڵگە.

کاتێك بەرهەمی عەشق، بوو بە هاوسەرگیری، ئەوکات عەشق پاشەکشەدەکات بۆ دواوە و دادەبەزێت بۆ پلەی خۆشەویستی.

**هیچ** جۆرە لێک نزیکبوونەوەیەکی جەستەیی لە عەشقدا بوونی نیە.

**عەشق** پەیمانێکی گیانیە و **هاوسەرگیریش** پەیمانێکی کۆمەڵایەتیە.

## ماڵ لە عەشق، لە هاوسەرگیری

**ماڵ** لە عەشقدا جۆرێکە و لە هاوسەرگیری جۆرێکی دیکە.

**ماڵ لە هاوسەرگیری** بریتییە: لە سیسەم، مێز، کورسی، گەرمکەرە، ساردکەرە، ئۆتۆمبێل، زێڕ، پارە، منداڵ، هەموو ئەمانە لەنێو ماڵێک بە دیـوار و دەرگە و پەنجەرە چوار دەوری گیراوە و پڕە لە قفڵ و کلیل کە عەشق تیایدا زیندانە.

**عەشق لە ماڵدا** لە گیانەڵایە و لە دەرەوەی ماڵ لە ئازادیدایە.

**ئەوەی لەناو ماڵ** ڕوودەدات ئەرکێکی کۆمەڵایەتییـە، هەر دوو ڕەگەز وەک دوو فەرمانبەر کاردەکەن و ئەرکەکانییان ڕادەپەڕێنن.

**ئـەوەی لـە دەرەوە** ڕوودەدات، وزەیـەکی (ڕۆح)یـە، کـە دوو گیـان بۆیـەك ڕادەکێشێت.

**عەشق** ڕووداوێکی (ڕۆح)یە، بـێ کـات و شـوێن، بـێ لە دەرگەدان خـۆی بە ماڵی دڵدا دەکات.

**مەرج نیە** ئەو کەسەی عاشقی بوویت پەیمانی هاوسەرگیری لەگەڵ بەستیت.

**هاوسەرگیری کاری خۆشەویستییە،** نەک کاری عەشق.

**هاوسەرگیری** پایزی عەشق و بەهاری خۆشەویستییە.

## عەشق کاری نەوە پەیداکردن نییە

**لە پرۆسـەی عەشـقدا،** عاشـق و مەعشـوق بەیەک نـاگەن تـا بیـر لە نەوە پەیداکردن بکەنەوە.
**عەشـق لـووتکەی بـۆ یەک نەبـوونە،** چەشـنی بـۆ یەک نەبـوونی (لەیـل و مەجنون)، (شیرین و فەرهاد), (ڕۆمیۆ و جۆلێت) هتد...
**هەموو پەڕەکانی مێژوو هەڵدەیتەوە،** ژن و مێردێك نادۆزیتەوە وەك عاشق و مەعشوق ناویان نووسرابێتەوە.
**پرۆسەی عەشق** پرۆسەیەکی شێتانەی گیان (ڕۆح)ییە.
**پرۆسەی هاوسەرگیری** پرۆسەیەکی ژیرمەندانەی کۆمەڵایەتی ئۆرگـانییە، کە مەبەست لێی چێژ و نەوە پەیداکردنە.
**ئەوانەی دەگەن بە عەشق،** هەمیشـە هەسـت بە لاوازی و بچـووکی دەکەن بەرامبەر بە مەعشوق و ناتوانن مەعشوق لە بیر و خەیاڵی خۆیان بسـڕنەوە تا لەم هەموو سووتان و گریان و شەونخونییە ڕزگاریان بێت.
**نە عاشق و نە مەعشوق** توانای سڕینەوە و ناشیرینکردنی ئەوی تریـان نـیە، تا لەم عەشقە جوانکوژە ڕزگاریان بێت و بۆ باوەشی خۆیان بگەڕێنەوە.

## گەڕاندنەوەی خۆشەویستی بۆ پڕۆسەی هاوسەرگیری

**خۆشەویستی ڕێگایەکە،** بۆ مانەوە و درێژەدانی وەچەی مرۆڤ لە ڕێی نزیکبوونەوەی جەستە و گیان.

**خۆشەویستی ڕێگەیەکە،** بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی سۆزدارانە لەنێوان دوو ڕەگەز بۆ ژیانێکی ئاسوودەی پڕ بەرهەم.

**لەڕێگەی خۆشەویستیەوە** دەتوانیت لە هاوسەرگیری باو دەرچیت کە ئافرەت وەک کارگەی منداڵ بەرهەمهێنان و پیاویش بە کرێکاری ئەم کارگەیە دەناسێنێت.

**لە هاوسەرگیری باو** هیچ سۆز و خۆشەویستییەک بوونی نیە، جگە لە چاولێکەری بۆ پێکهێنانی ژیانێکی هاوبەشانەی ناچارەکی بەهۆی هەندێک دابونەریتی سەپێنراوی کۆمەڵگە، ئەمەش ژن و پیاو دوور دەخەنەوە لە هەر کەشێکی ڕۆمانسی و سۆزدارانە.

**خۆشەویستی** کردارێکی دوو لایەنەیە لە دڵ و جەستە پێکدێت.

**خۆشەویستی** بریتییە لە گرنگیپێدان و ڕاگرتنی هەست و خولیای یەکتر و جێبەجێکردنی داواکاری و نیازەکانی دڵی یەکتر.

**ئاوێتە بوونی** سۆز و تێکەڵبوونی جەستە لەڕێگەی خۆشەویستیەوە بەدی دێت و بەهۆیەوە بە بوونی هەر ئازارێک ئەویتریش ئازار دەچێژێت.



# عەشق واتە ١ + ١ = ١

هەندێک لە هاوڕێیەتییەوە سەردەکەون بۆ پلەی خۆشەویستی و
هەندێکیش دێتنەخوارەوە بۆ پلەی بێگانەیی،
بە گوێرەی بەرژەوەندی خەڵکی دیکە شوێنیان دەگرنەوە.

## عەشق دوورە لە هەموو هەست و وروژانێک

**هاوسەرگیری** پەیوەندی نێوان دوو کەسە، بۆ گەیشتن بە چێژی جەستە و وەچە نانەوە.

**خۆشەویستی** زۆر جار دەبێت بە ئامراز بۆ گەیشتن بە چێژ و نەوە خستنەوە و ماڵ دروستکردن. **واتە: خۆشەویستی لەپێناوی گەیشتن بە چێژ.**

**حەزو چێژیش زۆرجار** دەبێت بە ئامراز بۆ گەیشتن بە خۆشەویستی و دەستکەوتنی چێژی (ڕۆح). **واتە: چێژ لەپێناو گەیشتن بە خۆشەویستی.**

**کەچی** لە هەردوو جاردا خۆشەویستی نەگەیشتۆتە ئەو پلە ڕاستەقینەیە، تا ئومێدی لەسەر هەڵچنی بۆ گەیشتن بە عەشق.

**عەشق** دۆخێکی دامەزراوی (ڕۆح)ی هێند نموونەییە، نە هاوسەرگیری و نە چێژ، ناتوانێت نزیکی بکەوێتەوە و بیڕوشێنێت.

**دەبێت عەشق** لە هەموو هەست و ختوکەو وروژانێک خۆی ئازاد بکات، چ لە پێش دەستپێکی پرۆسەکەوە و چ لە دوای پڕۆسەکە.

**دەبێت عەشق** تەنیا بمێنێتەوە وەک خۆی، هیچ شتێک نەتوانێت بیڕوشێنێت و ڕەنگ و ڕووخساری بگۆڕێت و ئاوێتەی بکات لەگەڵ شتێکی دیکە.

# لە هاوڕێیەتییەوە بۆ خۆشەویستی

**پایتەختی جەستە** دڵە، لەلایەن خۆشەویستییەوە هێرشی دەکرێتە سەر و دیوار و شوراکانی هەست و سۆزی دەبەزێنرێت و داگیر دەکرێت، ژێری بەم هەموو مەزنییەی خۆیەوە لە کار دەخات و واتایەک بۆ کەلتوور و دابونەریتەکان ناهێڵێتەوە.

**هاوڕێیەتی** کاتێک دەچێتە قۆناغی خۆشەویستیەوە، کە هەست و سۆز پاڵەپەستۆ بخەنە سەر دڵ بۆ چوونە ناو پرۆسەی خۆشەویستی.

**هاوڕێیەتی** پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی دوو لایەنەیە، بریتیە لە ئاوێتەبوون و گرنگیپێدانی قسە و ئارەزووەکانی یەکتر.

**هاوڕێیەتی** پەیوەندی نێوان یەکێک و دەیان کەسی دیکەیە.

**لەپەیوەندی خۆشەویستی،** دڵ تەنیا یەک کەس لە باوەش دەگریت و بڕیاری مانەوەی یەک کەس دەدات.

**لەپەیوەندی هاوڕێیەتی،** کەسە هەڵبژێردراوەکان لە ژمارە نایەن و ڕۆژانە دەگۆڕدرێن و جێ گۆڕکێ دەکرێن.

**هەندێک** لە هاوڕێیەتییەوە سەردەکەون بۆ پلەی خۆشەویستی و هەندێکیش لە هاوڕێیەتییەوە دێنە خوارەوە بۆ پلەی بێگانەیی، بە گوێرەی بەرژەوەندییەکان خەڵکی دیکە شوێنییان دەگرنەوە.

# هەڵبژاردنی هاوڕێیەتی و خۆشەویستی

**هاوڕێیەتی** بە گوێرەی کات و شوێن دابەش دەبێت، هاوڕێی تەمەن، هاوڕێی کار، هاوڕێی خوێندن، هاوڕێی ژیان.

**هاوڕێیەتی** بە پێوەری وەفا و دڵسۆزی و ڕەوشت پلەبەند دەکرێت.

**کەم جار ڕێک دەکەوێت** خۆت سەرپشک بیت لە هەڵبژاردنی پەیوەندی هاوڕێیەتی، زۆربەی کات ڕێکەوت هاوڕێت بۆ هەڵدەبژێرێت.

**چۆن** دار مێو خۆی بەو دارانەوە هەڵدەواسێت لە دەوروبەریەتی، تۆش چەشنی دارمێو دەکەویتە ناو ئەو پەیوەندییانەوە لە نزیکتەوەن، وەک دراوسێیەتی، زانکۆ، فەرمانگە، شوێنی کار.

**شوێنی کار** ناچارت دەکات بە هاوڕێیەتی کەسانێک، کە هەرگیز ڕۆژێک بەخەیاڵیشتدا نەهاتوون.

**لەپەیوەندی خۆشەویستی** خۆت سەرپشکی لە هەڵبژاردنی خۆشەویستەکەت، چونکە خۆشەویستی لە ئازادی لەدایک دەبێت.

**لەپەیوەندی هاوڕێیەتی** ڕێکەوت بۆت هەڵدەبژێرێت کێ هاوڕێت بێت، چونکە وەک خۆشەویستی ئازادیت نیە بۆ هەڵبژاردنی کەسەکان.

خۆشەویستی هەڵبژاردەی خۆتە، بەڵام هاوڕێیەتی هەڵبژاردەی ڕێکەوتە.

## هاوڕێیەتی لە ڕێگەی خۆشەویستییەوە دەگات بە عەشق

**هـــاوڕێیەتی** پەیوەنـــدییەکی ســـۆزدارانەی کـــۆمەڵایەتییە، زۆر جـــار بەرز دەبێتەوە بۆ پلەی خۆشەویستی و دواتریش بە پلەی عەشق دەگات.

**خۆشەویســـتی پـــێچەوانە نـــابێتەوە** لە بەرزی بـــۆ نزمـــی دابەزێـــت و پاشەکشەبکات بۆ پلەی هاوڕێیەتی.

**خۆشەویستی** پەیوەندییەک نیە پلە و دابەش بوون هەڵبگرێت، یەک دیـوی هەیە ئەویش خۆشەویستی تەواو، یان پێچەوانەکەی.

**زۆر خۆشویستن و کەم خۆشویستن** لە پەیوەندی خۆشەویستیدا نیە، ئەوەی هەیە خۆشم دەوێیت، یان ڕقم لێتە.

**لە هاوڕێیەتی،** هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ زۆر کەسـی خـراپ ئاسـایە، چـونکە هـاوڕێیەتی لەسـەر بنچیـنەی بەرژەوەنـدی دروسـت دەبێـت نەک سـۆز و خۆشەویستی.

**هاوڕێیەتی و عەشق** لە یەک شت یەکـدەگرنەوە، کە کێشـەت لەگەڵ کەس نییە و هەموو خەڵـک بەچـاوی خـۆتەوە سـەیر دەکەیـت و ئەوانەی تۆیـان خۆشدەوێت، بەوانەش کە تۆیان خۆش ناوێت.

**لە خۆشەویستی گرنگ نییە بەرامبەرت تۆی خۆشدەوێت یان نا**، گرنـگ تـۆ بەدوای دڵ و گیانی خۆت کەوتوویت لەودا.

**لە هاوڕێیەتیش گرنگ نیە هاوڕێکەت تۆی خۆشدەوێت یان نـا**، گرنـگ تـۆ بەشوێن بەرژەوەندییەکانی خۆت کەوتوویت لەودا.

**لە عەشق** بەدوای عەشق کەوتوویت، نەک خودی مەعشوق.

**لە هاوڕێیەتیش** بەدوای بەرژەوەندییەکانت کەوتوویت، نەک هاوڕێکەت.

# بیرکردنەوە لە خۆشەویستەکەت

**لە خۆشەویستی** بیرکردنەوە لە خۆشەویستەکەت، لە بیرکردنی خۆتە.
**تا لە خۆشەویستەکەت** نزیک بیتەوە لە خۆت دوور دەکەویتەوە.
**تا هێزی خۆشەویستی** خۆشەویستەکەت زیاتر بێت، هێزی خۆشەویستی تۆ بۆ خودی خۆت لاوازتر دەبێت.
**بە گەورەبوونی خۆشەویستەکەت**، تۆ بچووک دەبیتەوە و بە هەستی زیاترت بۆ خۆشەویستەکەت هەستت بۆ خۆت کەم دەبێتەوە تا لە دەستدانی هەست و هۆش.
**بەهاتنی خۆشەویستەکەت** لەناوچوونی تۆ دەست پێدەکات، چونکە ئەو دێت و تۆ دەڕۆیت.
**خۆشەویستی** خۆشەویستەکەت لەنێو دڵت جێگە بە خۆشەویستی خۆت بۆ خودی خۆت لەق دەکات و ئیدی لە خۆت خۆش دەبیت و تەنیا خۆشەویستەکەت دەمێنێتەوە.
**تا لە یەکتر نزیک ببنەوە** لە یەکتر دووردەکەونەوە، بە لەیەک دوورکەوتنەوەشتان نزیک بوونەوە لە گیان و دڵی یەکتر دەست پێدەکات.
**بیرکردنەوە لە خۆشەویستەکەت**، واتە لە بیرکردن و فەرامۆشکردنی خۆت.
**یادکردنەوەی خۆشەویستەکەت**، واتە لە یادکردنی خۆت.

## به سەنتەربوونی دڵ لە خۆشەویستی

**خۆشەویستی** پەیوەندی سۆزداری دوو لایەنەیە، لەسەر بنەمای پێشکەشکردن و ڕەزامەندی ڕوو دەدات.
**خۆشەویستی** ئەگەر گەیشت بە پلەی عەشق، بازنەی ژیری تێدەپەڕێنێت و چیتر وەک پەیوەندی سۆزداری دوو لایەنە نامێنێتەوە، کە سەنتەرەکەی دڵە.
**ئەگەر ئەنجامی خۆشەویستی هاوسەرگیری بوو**، پەیوەندییەکی گیانی بەناوی خۆشەویستی نامێنێت تا بگات بە پلەی عەشق، چونکە هاوسەرگیری پەیوەندییەکی سۆزداری کۆمەڵایەتی دوو لایەنەیە.
**عەشق جیهانێکە**، لە دەرەوەی کەلتوور و لۆژیک و جیهانبینی مرۆڤایەتییەوە.

# هێزی سۆز و هێزی ژیری

**سـۆز و ژیـری**، دوو ڕێـبەرن مـرۆڤ ئاڕاسـتە دەکەن، لەڕێـگەی ئەم دوو ئاڕاستەوە ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکان دەردەکەون.

**مرۆڤ بەسەر دوو لایەن پۆلێن دەکرێت:**

**لایەنی یەکەم:** ڕەفتارەکـان پەیوەسـت دەبـن بە وروژمەکـانی (سـۆز) کە لە دڵەوە هەڵدەقوڵێن، واتە بچوکترین ڕووداو کاریگەری لەسـەر دڵ و دەروون دروست دەکات و دەبێت بە مایەی خەم خواردن و فرمێسک ڕشتن.
**ماسولکەی گەورە و بـازووی پتـەو بەمانـای هێـز نـایەت**، زۆر جـار سـۆز و بەزەیی گەورەترین هێزی دەوێت.

**لایەنــی دووەم:** ژیــری دەبێــت بە پێــوەر بــۆ ڕەفتارەکــان و لەڕێــگەی (ژیری)یەوە ڕووداوەکان شیدەکرێنەوە و باشە و خراپە پۆلێن دەکرێن.
**ڕق و تۆڵــە بــە مانــای هێــز نایــەیت**، زۆر جــار بەخشــین و میهرەبــانی گەورەترین هێزی دەوێت.

# بەزەیی و دڕەندەیی لە خۆشەویستی

**تووڕەیی** (ڕەگەزی نێر) بەرامبەر (ڕەگەزی مێ) کاتێك دەگات بە لوتکە و دەچێتە دۆخی شەڕانگێزیەوە، ڕاستەوخۆ توندوتیژی لێدەکەوێتەوە.
**ڕەفتارە شەڕانگێزییەکانی مرۆڤ** لەڕێگەی ژیری (عەقڵ)ەوە بەرهەم دێن.
**ژیری پێمان دەڵێت:** لە دۆخی شەڕ بەرامبەرەکەت پەلامار بدە و لەناوی بە، چونکە گەر تۆ لەناوی نەبەیت، ئەو تۆ لەناو دەبات.
**ڕەگەزی مێ** بە پێچەوانەوە کە دەکەوێتە نێو دۆخی شەڕ و ململانێیەوە، بیر لە توندوتێژی ناکاتەوە و سۆزدارانە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە دەکات و سۆز و بەزەیی دەکات بە بنەما بۆ بڕیاردان.
**زۆر جار** لە کاتی شەڕ و کێشە ئەو سۆز و بەزەییە زۆرەی ڕەگەزی مێ هەیەتی، دەیخاتە دۆخێکی ترسناک، تا دەست بۆ گیانی خۆی بەرێت و هەوڵی خۆ لەناوبردن بدات.
**زۆربەی کات** بەشی ڕەگەزی مێ هەر خوێن ڕشتن بووە، جا ئەو خوێن ڕشتنە بەدەستی خۆی بێت یان بەدەستی ڕەگەزی بەرامبەر.
**ڕەگەزی مێ** دەبینێت بەرامبەرەکەشی وەک خۆی مرۆڤە، دەستی ناچێت لەناوی بەرێت و لەکۆتاییدا دەست لە گیانی خۆی گیردەکات و بۆ ڕزگاربوونی یەکجارەکی، خۆی لەناو دەبات.

## ئاگر لە گەرمکردنەوە بۆ سووتاندن

**سۆز** جگە لە بەخشینی خودی خۆی هیچی دیکەی نییە و جگە لەخۆشی هیچی دیکە وەرناگرێت.

**سۆز و بەزەیی** سیفەتی ئاگری گۆڕی لە گەرمکردنەوە لە ساردی زستان بۆ سووتاندن و بۆ ڕزگاربوون لە دۆزەخی ژیان بۆ بەهەشتی مردن.

**خۆسووتاندن**، وروژاندنی سۆزە لە خودی خۆیدا، کە ئاکامەکەی لە ناوەوەی خۆی دەکەوێتەوە، ئەویش سووتاندن و لەناوبردنی خۆیەتی.

**ژیری (عەقڵانیەت)** ئاکامەکەی لە دەرەوەی خۆی دەکەوێتەوە، ئەویش لەناوبردنی بەرامبەرە.

# بەرەو لە ناوچوونی خۆشەویستی

**خۆشەویستی** بەهەموو چەمک و واتاکانییەوە بەرەو لە ناوچوون و نەمان دەڕوات، مرۆڤ ئەو وزەی تێدانەماوە، دڵی بکاتەوە بۆ خۆشەویستی تەنانەت بۆ خودی خۆشی.

**خۆشەویستی بەرەو کزی چووە**، نە هاوسەرگیری و نە نەریتە کۆمەڵایەتییەکان ناتوانن وەک جاران کاریگەری قوڵیان هەبێت لەسەر دروستکردنی مرۆڤی عاشق.

**کێشەکە لە خودی نەریتەکان نییە**، کێشەکە لە خودی مرۆڤە، ئەو مرۆڤەی سیستەمێکی بۆ خۆی دروستکردووە، کاریگەری لەسەر کاڵ کردنەوەی خودی خۆشی هەیە.

**مرۆڤی ئێستا مرۆڤێکی ماندوو و بێزارە** بەدەست ژیانێک کە هیچ بەزەییەکی نییە، ژیانێک مرۆڤی کردۆتە ئامێرێک، سۆز و بەزەیی لە دڵی دەرهێناوە و بەرژەوەندی خستۆتە جێگەی.

**مرۆڤی ئێستا** لە ژیانێک تەمەن بەڕێ دەکات زۆر خێرایە، پەیوەندییەکانیش بەهەمان شێوە بە خێرایی دروست دەبن و بە خێراییش لەناودەچن.

**پەیوەندی خۆشەویستی** لەبەردەم گەورەترین هەڕەشەی لەناوچوونە، چونکە بەرژەوەندی جێگەی گرتۆتەوە.

**مامەڵەی مرۆڤی ئێستا** لەسەر بنەمای سۆز و خۆشەویستی نییە، لەسەر بنەمای کارلێکی بەرژەوەندییەکانە، کە بەرژەوەندیش دوورە لە هەموو سۆز و بەزەیی و ڕێزێک.

# ترسی لە دەستدانی خۆشەویستی

**مرۆڤ** شتێکی نەبێت ترسی لە دەستدانیشی نابێت، ترس بۆ هەر شتێک لە نەزانینی ئەنجامەکەوە سەرچاوە دەگرێت.

**ترس لە خۆشەویستی:**

**ترسی یەکەم:** ترسی پێشوازیکردن لە خۆشەویستی لەنێوان هەردوو ئەگەری (ئا) و (نا)دا.

**ترسی دووەم:** ترسی دوای بەستنی پەیوەندی خۆشەویستی، ئەویش ترسی (مانەوە) و لە (دەستدان)ی خۆشەویستەکەت.

**کە** پەیوەندی خۆشەویستی دەبەستیت، واتە ژیانی خۆت پەیوەست دەکەیت بە ژیانی ئەو، واتە ئایندەی خۆت بە ئایندەی ئەو دەلکێنیت، ئیدی ترس لێرە ترسی نەزانینی ئایندەیە.

**بەستنی** پەیوەندی خۆشەویستی، بەستنی ژیانی خۆتە بە ژیانی کەسێکی دیکەوە، واتە ئاسایشی ژیانی خۆت دەخەیتە ژێر دەستی خۆشەویستەکەت.

**ئەو** ترسە بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی ئەم پەیوەندیە لە خۆشەویستییەوە هەنگاو دەنێت بۆ هاوسەرگیری یان دەگاتە پلەی عەشق.

**لە هاوسەرگیری و عەشق** ترس نامێنێت، چونکە ئەم دوو پەیوەندییە خاڵی دەبنەوە لە ترسی لە دەستدانی بەرژەوەندییەکان.

**هاوسەرگیری** تێکەڵ بوونی هەناسەی ژیان و یەک بوونەوەی ماڵی دوو دڵە بۆ یەک ماڵ ئەویش خێزانە.

**عەشق** تێکەڵبوونی گیانی دوو مرۆڤە لە یەک جەستە کە هەموو ترس و نیازێک لەناو دەچێت.

# عەشق واتە ١ + ١ = ١

**بەدەستهێنانی عەشقێکی گەورە،** باجێکی گەورەشی دەوێت
کە هەر لە دەربڕینی (نا) یەکەوە دەست پێدەکات بۆ ژیان و
(نا بۆ ناشیرینی، بەڵێ بۆ جوانی)، (نا بۆ ڕق، بەڵی بۆ خۆشەویستی).



## عەشق لە نێوان (ئا) و (نا) دا

**کە** بەرەو خۆشەویستی چوویت، واتە بەرەو خەم و تەنیایی چوویت.

**بەر لەوەی پەیوەندی دروست بکەیت بیر لە دوو لایەن بکەوە:**

**یەکەم:** عاشق بوونی کەسێکی هاوشێوەی خۆت، کە خۆت بەسیت بۆ خۆت.
**کە** بەرامبەرت قەبولکرد بەهۆی هاوبیری و هاوڕێیی، کەواتە تۆ هیچ گۆڕانێکت لەخودی خۆت نەکرد، کەسێکی تازەت تاقی نەکردۆتەوە، تۆ تەنیا تۆیەکی دیکەت قەبوڵکردووە، کە هیچ لەناوەوە و دەرەوەی تۆ ناگۆڕێت.
**گۆڕان** ئەوکاتە ڕوودەدات کە (نا) یەک هەبێت، دەنا هەموو گۆڕانێک بەم شێوەیە دۆڕانە.

**دووەم:** ئەگەر خۆشەویستیت قەبوڵکرد لەبەر ئەوەی پێچەوانەی بیر و بۆچوونەکانتە و هەمیشە (نا)ی هەیە لەبەرامبەر بۆچوونەکانت و دەیەوێت تۆ لە خۆیدا نقووم بکات و داگیرت بکات، بێگومان ئەو (نا)و دژە بۆچوونەش سەرەتای دووبەرەکی و ئاژاوەیە.

**بە دەستهێنانی عەشقێکی گەورە،** باجێکی گەورەشی دەوێت، کە هەر لە دەربڕینی (نا)یەکەوە دەست پێدەکات بۆ ژیان و (نا بۆ ناشیرینی، بەڵێ بۆ جوانی)، (نا بۆ ڕق، بەڵی بۆ خۆشەویستی).

## چێژ لە ئازاری عەشق

**قەبوڵکردنی کەسێکی هاوبیری خۆت** لە پەیوەندی خۆشەویستی، ئەزموونی کەسێکی تازە نییە تا گۆڕانێک لە تۆ دروست بکات، ئەوەی هەیە تەنیا مانەوەی خۆتە لەخۆتدا، بەڵام لەنێو کەسێکی دیکەدا.

**قەبوڵکردنی کەسێکی پێچەوانەش** تۆ دەخاتە دۆخێکەوە کە پڕە لە شۆڕش و قوربانیدان و سازش کردن، لە ئەنجامدا هەموو ئازارەکان دەبن بە هەتوان و هەموو هەتوانەکانیش دەبن بە چیرۆکێکی دڵتەزین، کە کۆتاییەکەی هەر بۆ یەک نەبوونە.

**ئەم** هەموو دووبەرەکی و (نا) و قوربانیدان و دابڕان و سووتانەش جەوهەری عەشقە.

**ئەو** ئازار و سووتانەی کە عەشق لەنێو دڵت بەرپای دەکات بۆ تۆ هەر دەبن بە چێژی خۆشی.

**عاشقی ڕاستەقینە** پێی وایە ئەگەر ژانێک لە خۆشەویستەکەیەوە بێت بۆ ئەو هەر خۆشییە.

## گەڕانەوە بۆلای خودا، گەڕانەوەیە بۆ عەشق

**کە** تەن و شتەکان بوون بە خەمی گەورە، خەمە گەورەکەش دەبێت بە هۆکار بۆ (دڵ مردن) و (هەست کوشتن).

**بۆ** گەڕاندنەوەی ئارامی بۆ دڵ و سەقامگیری بۆ دەروون، جگە لە عەشق هیچ ڕێگەیەکی دیکە نییە.

**بۆ** ئەوەی لەدەست ئازارەکانی ژیان ڕزگارت بێت و هەناسەیەک بە گیانت بدەیت، دەبێت بە دەستێک عەشقی خودا و بە دەستەکەی دیکەش خۆشەویستی مرۆڤەکان هەڵبگریت.

**گەڕانەوە** بۆ لای خۆت گەڕانەوەیە بۆ لای خودا، گەڕانەوە بۆ لای خودا، گەڕانەوەیە بۆ عەشق، چونکە عەشق و خودا هەر یەکن.

## لە ژیرییەوە بۆ هاوسەرگیری و لە سۆزەوە بۆ خۆشەویستی

**زۆرێـک** لەڕێـگەی پێکهێنـانی ژیـانی (هاوسـەرگیری)ەوە درێـژە بە سـۆز و خۆشەویستی خۆیان دەدەن و ئامادەنین پەیوەندی خۆشەویسـتی ببەسـتن، کە ئەنجـامەکەی ڕوون نیـیە، ئایـا بە هاوسـەرگیری یـان بە عەشـقیان دەگەیەنێت، یان هەر لە هەردوو لایان دادەبڕێنێت.

**دوو ڕێگە هەن بۆ هاوسەرگیری:**

**ڕێگەی یەکەم:** ئەوانەی **(ژیری)** دەکەن بە پێوەر بۆ بڕیاردان لەسەر ئایندە، پابەندی بنەماکانی ژیری دەبن و هاوسەرگیری هەڵدەبژێرن.

**ڕێگەی دووەم:** ئەوانەش **(سۆز)** دەکەن بە پێوەر بۆ بڕیاردان لەسەر ئایندە، پابەندی هەستەکان دەبن و سۆز و خۆشەویستی هەڵدەبژێرن.

**ڕوون نیـیە** ئەوانەی لە ڕێـگەی (ژیـری)یەوە (هاوسـەرگیری) هەڵـدەبژێرن، دەگەن بەخۆشەویستی یان نا.
**ڕوون نیـیە** ئەوانەش لە ڕێـگەی (سـۆز)ەوە (خۆشەویسـتی) هەڵـدەبژێرن، دەگەن بە هاوسەرگیری یان نا.
**لە هەردوو** ڕێـگەکە ئایـندە ڕوون نـیـە، ئایـا دەتگەیەنێـت بەو خـاڵەی کە هەنگاوت بۆ ناوە یان نا.

# عاشق و مەعشوق، هەرگیز بەیەک ناگەن

**ناگونجێت** عاشق بیت و بیر لە ژیانی هاوسەرگیری بکەیتەوە و هەوڵ بۆ منداڵ خستنەوە و ئۆتۆمبێل و پارە و خانوو بدەیت.
**عاشق و مەعشوق** وەک دوو خەتی تەریب هەرگیز بەیەک ناگەن، لە بەیەک گەیشتندا عەشق لەناو دەچێت و دەمرێت.
**کە عەشقت** هەڵبژارد دەبێت پشت لە بەختەوەری بکەیت و واز لە چوار دیواری ماڵ بهێنیت و لە زۆرێک لە مافەکانی خۆت خۆش بیت.
**کە عاشق بویت** چیتر مرۆڤە کۆمەڵایەتییەکەی جاران نامێنیت و سەر بەم جیهانە نامێنیت و ئیدی پەیوەندیت لەگەڵ هەموو شتێک دەپچڕێت.
**عەشق** پرۆسەیەکی نا عەقڵانی تا ئەوپەڕی شێتی شێتییە و تا ئەو سەری قوربانی قوربانی دانە، لەپێناو بە جوانی هێشتنەوەی مرۆڤبوون.
**عەشق** کوێربوونە بەرامبەر بەم ژیانە دووبارەیەی ڕۆژانە بۆ گەیشتن بە ژیانێکی تاقانەی پڕ لە ئارامی، کە لەوێ تەنیا مەعشوق هەیە.
**کە عاشق بووی** باڵت سووک دەبێت و بۆ هەر کوێ بتەوێت دەتوانیت بفڕیت، خەمی بەیانیت نابێت تا لە ژیان بترسیت، خەمی خۆت نابێت تا لە چاوی خەڵک شەرم بکەیت، خەمی تۆ تەنیا خەمی عەشق دەبێت.
**عاشق و مەعشوق** هەرگیز بەیەک ناگەن، چونکە عەشق لووتکەی بۆیەک نەبوونە، ئەو بۆیەک نەبوونەی تا دەمی مردن لێت جیانابێتەوە، کە لە هەموو بەیەک گەیشتنێک بە چێژتر و ئارام بەخشترە.

## بۆ جوانی پێویستیمان بە بینینە

**پەیوەندی خۆشەویستی** لەڕێگەی جوانی ڕووخسار و لەشـولارەوە دروسـت دەبێت و دڵیش بڕیاری پەسەندکردنی ئەم پەیوەندییە دەدات.
**هیچ** پەیوەندیەکی خۆشەویستی دروست نابێت گەر (بینین)ی تێدا نەبێت.
**لەپەیوەنـدی** (خۆشەویسـتی) و پرۆسـەی (هاوسـەرگیری) یەکەم مەرج جوانییە، بۆ جوانیش پێویستیمان بە (بینین)ە.
**کەواتە** جوانی ڕووخسار و جەستە خاڵی دەستپێکی پەیوەندی خۆشەویستی و پرۆسەی هاوسەرگیرییە، لەدوای جوانییەوە دواتر قسە لەسەر ڕەفتارەکانی مرۆڤ دەکرێت، چونکە هیچ قسەیەک نییە، ئەگەر بینینێک نەبێت.

# خراپییەکانی عەشق

**مرۆڤ بەرزترین بوونەوەری سەر زەوییە** و بۆ ئاوەدانی هاتۆتە سەر زەوی، هەر جۆرە گەورەکردن و بە پیرۆز ڕاگرتنێکی مرۆڤ بۆ خودی مرۆڤ نەگونجاوە و لادانە لە سروشتی مرۆڤ.

**عاشقان** هێندە خۆیان بەکەم دەزانن تا ئەو ئاستەی خۆیان بە قوربانی تۆزی بن پێی خۆشەویستەکەیان بکەن.

**عاشق** کە گەیشت بە عەشق، ئەرکی مرۆڤ بوونی خۆی لە یاد دەکات و هۆکاری بوونی لەسەر زەوی پشتگوێ دەخات و هەموو دنیا فەرامۆش دەکات لە پێناوی یەک کەس.

**لایەنە خراپەکانی عەشق** ئەوەیە، کە عاشق بوویت تەنیا بەیەک کەس پەیوەست دەبیت، ئەو کەسە دەبێت بە هەموو دنیات و هەموو دنیاش دەبێت بەبێگانە.

**لایەنە خراپەکانی عەشق** ئەوەیە کە عاشق بوویت لە پێناو خۆشەویستی یەک کەس تەواوی مرۆڤایەتی پشت گوێ دەخەیت.



# عەشق واتە ١ + ١ = ١

ئەم هەموو ئارایشت و جوانکارییە دەبن بە پەردە لەنێوان (دڵ) و (خۆشەویستی) هەرگیز بەشێوەیەکی دروست دڵ ناگات بە خۆشەویستی چونکە خۆشەویستی بەهۆی بوونی پەردەی ئارایشت و جوانکاری ڕێگە لە (بینین)ی گیراوە.

# ئارایشت جوانییەکی دەستکردە

**لەڕێگەی** نەشتەرگەری جوانکاری و جۆری جل و بەرگ و شێوازی پۆشـینت، بەو جـۆرە خـۆت دەردەخەیـت کە خـۆت دەتەوێـت، نەک بەو جـۆرەی کە خۆت هەیت.

**جوانکـاری** ڕووخسـار و گرنگیـدان بە دیـوی دەرەوە، واتـە فەرامۆشـکردنی دیوی ناوەوەی مرۆڤە، کە دڵ و دەروونە.

**لە دەرەوەی خۆت** هەرچی بگۆڕیـت ناتوانیـت ناخـت بشـاریتەوە، چـونکە چاوەکان ڕاستگۆن و لە هەر بینینێک (چاو) پەیام بە (مێشک) دەگەیەنێـت و مێشکیش ئەنجامی خۆی بۆ (دڵ) دەنێرێت و دڵیش بڕیاری خۆی دەدات.

**ئارایشت** جوانییەکی دەستکرد و دەمامکێکی ڕەنگا و ڕەنگە.

**ئارایشتکردن** بەڵگەی بێ متمانەیی مرۆڤە بەجوانی خۆی.

**ئەم هەمـوو جوانکـاری و ئارایشـتە** مـرۆڤ لە جـوانی ڕاسـتەقینە بـێ بەش دەکەن و ڕووتی دەکەنەوە لە گشت بەهایەکی جوانی.

**ئەم هەمـــوو جوانکـــاری و ئارایشـــتە** دەبـــن بە پەردە لەنێـــوان (دڵ) و (خۆشەویستی) و هەرگیز بەشێوەیەکی دروست دڵ ناگات بە خۆشەویستی، چونکە خۆشەویستی بەهۆی بوونی پەردەی ئارایشت و جوانکـاری ڕێـگە لە (بینین)ی گیراوە.

# ئارایشتی دڵ، ئارایشتی ڕووخسار

**به ئارایشتی** (ڕووخسا ر) دەتوانیت سەرنجی خەڵک بۆ خۆت ڕابکێشیت، بەڵام ناتوانیت خۆشەویستی بەدەستبهێنیت.

**به ئارایشتی** (دڵ) دەتوانیت هەم خۆشەویستی بەدەست بهێنیت، هەم سەرنجی خەڵک بۆ خۆت ڕابکێشیت.

**ئارایشتی ڕووخسار،** بۆ دەرخستنی جوانی شێوەتە.

**ئارایشتی دڵ،** بۆ دەرخستنی جوانی ڕەفتارتە.

**ئارایشتی ڕووخسار،** واتە کل و سوراو و مەسکارە.

**ئارایشتی دڵ،** واتە خەندە و نەرم و نیانی و ڕێزگرتن.

# خاڵەكانی بەرەو خۆشەویستی چوون

چەنـد پاڵنـەرێك هـەن، كـار لەسـەر دروسـتكردنی پەیوەندییـەكی سـاختە دەكەن، كە هیچ ڕەگەزێكی پەیوەندی خۆشەویستی ڕاستەقینەی تێدانییە.

**پاڵنەرەكان بریتین لە:**

**یەكەم:** زۆر ڕوانین و خەیاڵكردن و قسە كردن لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر.

**دووەم:** زۆر خوێنـدنەوەی ڕۆمـان و هـۆنراوە دڵـدارییەكان كە پرۆسـەی خۆشەویستی لە هزرت تۆخ دەكەنەوە بەشێوەیەكی دەستكرد.

**سێیەم:** سەیركردنی فیلم و دراما و ڤیـدیۆ كلیپـی گـۆرانییە عاشـقانەكان كە هەڵگری پەیامێكی عاشقانەن.
**لەڕێـــگەی شاشـــەكانەوە خۆشەویســـتی دێـــتە ژوورەكـــەت** و لەگەڵ خامۆشكردنی شاشەكان خۆشەویستیش ون دەبێـت، ئامێرەكـان هـیچ كـات ناتوانن هەست و سۆزی ڕاستەقینەی مرۆڤەكان بگوازنەوە.

# پیرۆزییەکانی عەشق

**بەهــۆی** بەدەســت نەهێنــانی ســۆز و خۆشەویســتی پێویســت لە لایەن خانەوادەکەتەوە، بۆشاییەکی گەورە و تەنیـاییەکی بـێ ئەنـدازە لەنـاو دڵـت دروست دەبێت، ئەم بۆشـاییە پـاڵ بە دڵ و دەروونـتەوە دەنێـت بـۆ گەڕان بەدوای باوەشێکی میهرەبان کە لەم تەنیاییە ڕزگـارت بکـات و گـوێ لە ڕازو نیازەکانی دڵت بگرێت و گرێ کوێرەکانی ژیانت بۆ بکاتەوە، لە ئاکامدا پەنـا دەبەیتە بەر خۆشەویستی، هەموو هەوڵێـک دەدەیـت بـۆ ئەوەی کەسێک بدۆزیتەوە تا پەیوەندی لەگەڵ ببەستیت.

**لە کۆتاییــدا** ئەو کەســە دەدۆزیــتەوە و نــاو لەم پەیوەنــدییەش دەنێیــت خۆشەویســتی و لە ئەنجــامی بەیەک نەگەیشــتنیش هەمــوو گوناهەکــان دەخەیــتە ئەســتۆی خۆشەویســتی و ئینجــا مــۆرێکی ڕەش بە نــاوچەوانی عەشقەوە دەنێیت و هەموو پیرۆزییەکانی عەشق پێشێل دەکەیت.

**خۆشەویستی** پڕکردنەوەی بۆشاییە دەروونییەکان نییە.

**نە لە ترسی** تەنیایی و نە لە خۆشی بەیـەك گەیشـتن، خۆشەویسـتی مەکـە، لەپێناو قوڵکردنەوەی گیانی خۆشەویستی، خۆشەویستی بکە.

**خۆشەویستی واتە:** بێ هیچ هۆکارێك، من تۆم خۆشدەوێت.

**خۆشەویستی واتە:** ئەوکاتەی منت خۆشدەوێت تۆم خۆشدەوێت، ئەکاتەش هیچ مەیلێکت بۆم نییە، من هەر خۆشمدەوێیت.

## یەکەم بینین لە خۆشەویستی

**لە یەکەم بینین** کە چاوت دەکەوێتە ناو چاوی ڕەگەزی بەرامبەر، ئەگەر خۆری خۆشەویستی هەڵهات، لە دەرەوەی سنووری ویستەکی تۆیە و بە خۆشەویستی ڕاستەقینە ئەژمار دەکرێت.

**لە بینیی دووەم و سێیەم** تەماشاکردنی زیاتر لە جارێک بۆ ڕەگەزی بەرامبەر، تۆخکردنەوەی ڕووخسار و لەشولاری بەرامبەرە، ئەگەر خۆشەویستی دروستبوو، بەخۆشەویستی دەستکرد ئەژمار دەکرێت.

**وێناکردنی** بەژن و باڵای ڕەگەزی بەرامبەر لە بیر و خەیاڵی خۆت و قووڵ بوونەوە لێی، بە تێپەڕبوونی کات خۆشەویستی کاڵ دەکاتەوە و هەست و سۆز لە دڵ دەردێنێت و حەز و ئارەزوو دەخاتە جێگەی.

## خۆشەویستی دەستکرد

**ئەم خۆشەویستییەی** لە ئەنجامی سەرنجدانی زۆر و ڕوانینـی یەک لە دوای یەک دێتە ئاراوە، ناو دەبرێت بە خۆشەویستی دەستکرد .

ڕوانینی یەک لە دوای یەک ویستەکییە و ناچارەکی نیـیە، دەتوانیـت خـۆت لەژێر سەرنجەکانی ئەم تەماشاکردنە بپارێزیت.

**بینینی یەکەم** هیچی لە ئەسـتۆ ناکـەوێت، چـونکە بە ویسـتی مـرۆڤ نیـیە، کەوتنە ناو خۆشەویستیش لە یەکەم بینین جێگەی باوەڕ نییە.

**مــرۆڤ** لە توانـای دانیـیە بە تـیلە چاوێـک خوێنـدنەوەیەکی گشـتگیر بـۆ کەسـێک بکـات، لە وردو درشـتی ئاکـار و ڕەفتارەکـانی تێبگـات و بەم تـیلە چـاوە لەنێـوانی (بەڵـی و نەخێـر)دا بەڵـێ هەڵبژێرێـت و بڵێـت: بەڵـێ تـۆ نیوەکەی منی.

**بینینی دووەم و سێیەم** لە ئـاینی خۆشەویسـتی دەچێـتە قۆنـاغی تاونبـاری، چونکە ئەو زۆر ڕوانین و سەرنجدانە بۆ ڕووخساری بەرامـبەر هۆکـاری خـۆ بە عاشق کردن و بەرهەمهێنانی خۆشەویستییەکی دەستکردە.

# دزە کردنی خۆشەویستی بۆ ناو دڵ

**خۆشەویستی** بەهۆی هەستی تەنیایی و بۆشایی دەروونی بەرهەم دێت.
**حەز** بەهۆی پاڵەپەستۆی ئارەزووەکانەوە بەرهەم دێت.
**ئەگەر** خۆشەویستی بەهۆی وروژمەکانی ئارەزووەوە هاتەدی، لەگەڵ بەتاڵکردنەوەی حەزەکان خۆشەویستیش بەتاڵ دەبێتەوە و کۆتایی دێت.
**ئەوەی** تۆ دەخاتە ناو زیندانی خۆشەویستییەوە، لاوازی هەستەکانتە بەرامبەر هێرشەکانی سۆز و خۆشەویستی.
**زۆر جار** نەبوونی ویستێکی بەهێز لە دڵ و دەروونت، وادەکات پشت لەخۆت بکەیت و ڕوو بکەیتە بەرامبەر و بڵێیت (خۆشەویستەکەم)، (دڵەکەم)، (گیانەکەم) و هەموو ژیانت بە قوربانی چرکەیەکی ئەو بکەیت.
**لە سێ ڕێگەوە خۆشەویستی دروست دەبێت:**
**ڕێگەی یەکەم: بۆشاییەک لەنێوان (تۆ و خۆت) دروست دەبێت،** خۆشەویستی لە ڕێی ئەم بۆشاییەوە دێتە ژوورەوە و خۆی بەماڵی دڵدا دەکات.
**ڕێگەی دووەم: بۆشاییەک لەنێوان (خۆت و خانەوادەکەت) دروست دەبێت،** کە بریتین لە (دایک و باوک و خوشک و برا) ئەم بۆشاییە هۆکاری بێ بەش بوونتە لە سۆز و خۆشەویستی و گرنگیپێدانی ئەوان، ئەمەش دڵت لاواز دەکات و هەر کەس بانگی بکات بەرەو ڕووی دەڕوات، لەم کاتەدا خۆشەویستیش بە ئاسانترین شێوە دڵت داگیر دەکات.
**ڕێگەی سێیەم: بۆشاییەک لەنێوان خۆت و (هاوسەر)ەکەت دروست دەبێت،** ئەم بۆشاییە هۆکاری دروستبوونی کەلێنێکە لە خۆشەویستی و بەزەیی و گرنگیپێدان، بۆیە خۆشەویستی زۆر بە ئاسانی لەڕێگەی ئەو کەلێنەوە خۆی بە ماڵی دڵی هەر یەکێکتاندا دەکات.

# عەشق واتە ١ + ١ = ١

ئەگەر عاشقبوویت
ئەوسا تێدەگەیت ئەو ژیانەی هەتبوو جۆرێک بوو لە مردن
ئەوەی ئێستات ژیانی ڕاستەقینەیە.



# دڵ ڕاچڵەکاندن لە عەشق

**بەر لەوەی** ڕێگە لە عـەشــق بگریت خۆی ڕێـگەت لێـدەگرێت، بەر لەوەی بەرەو پیلـی بچیـت خـۆی دەسـتت دەگرێـت کە هەرگیـز لە چاوەڕوانیـدا نەبوویت.

**عـەشــق** پرۆسەیەکی جوان و پیرۆزە، تا ئەو کاتەی وروژمی وێـنە و دیـمەن و جولەی لەشولار تۆی نەخستۆتە ژێر کاریگەری خۆی.

**عەشق** ئەوکـاتە دەردەکەوێـت، هەمـوو ئەو هەسـتانەی لە تـۆدا هەن کـپ بکرێن، کە تۆ بۆ گەیشتن بە ژوان و چێژ ڕادەکێشن.

**دوای** ڕزگاربوونـــت لەژێـــر کاریگەریەکـــانی حەز و چێـــژ، هەر ســـۆز و خۆشەویستییەک خورپەی خستە دڵتەوە، بـزانە ئەوە عەشـقە، بەری مەدە و بە دەستی دڵ توونـد بیگرە.

# ژیانکردن لەگەڵ یادەوەرییەکانی عەشق

**مرۆڤ** ناتوانێت نە لە (ڕابردوو) و نە لە (داهاتوو) بچوکترین گۆڕانکاری بکات، چونکە ئەو تەنیا توانای بەسەر (ئێستا)دا دەشکێت.

**بەهۆی** پچڕانی زەمەنی (ڕابردوو) لەگەڵ زەمەنی (ئێستا)دا، هەر خۆ بەستنەوەیەک بەڕابردوو دابڕانە لە ئێستا.

**عەشق** هەندێک جار بە (گەیشتن) و هەندێک جاریش بە (دابڕان) کۆتایی دێت، بەڵام عەشقەکە هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە، لەنێو بەشێک لە زەمەن، ئەویش زەمەنی ڕابردووە.

**لە دابڕان** پەیوەندی کۆتایی دێت، بەڵام بەهۆی مانەوەی عەشق وەک خۆی لە زەمەنی ڕابردوو خودی عەشقەکە کۆتایی نایەت، عەشقەکە تەنیا لە زەمەنی ئێستا و داهاتوو نامێنێت، دەنا لە ڕابردوو وەک خۆی بەردەوام دەبێت.

**هەندێک** کە تووشی ئەم دابڕانە دەبن، ناتوانن خۆیان لە ڕابردوو ڕزگاربکەن و لەژێر کاریگەری یادەکانی عەشق بۆ هەمیشە دەمێننەوە.

بۆ ئەوان ئەم پەیوەست بوونە بە ڕابردوو جۆرێکە لە ژیانکردن لەگەڵ یادەوەرییەکانی عەشق و جۆرێکە لە ژیانکردن لەناو زەمەنی ڕابردوو.

## عەشق دەستەکانمان دەشکێنێت

**عەشق دۆخێکی نا ئاسایی مرۆڤە** و جیهانێکە لە دەرەوەی ئەم جیهانە پڕ کێشمەکێشمەی مرۆڤ.
**عەشق لە دەرەوەی یاساکان** و دوور لە لۆژیک و لە پشت فەرهەنگ و عەیبەکانەوەماڵێکی هەیە، کە لە ماڵی هیچ کەس ناچێت.
**عەشق چاوەکانمان دەردێنێت** و دوو چاوی دیکەی عاشقانەمان پێ دەبەخشێت، تا بەوانەوە ژیانی ڕاستەقینە ببینین.
**عەشق دەستەکانمان دەشکێنێت** و دوو دەستی دیکەی عاشقانەمان پێ دەبەخشێت، تا بەوانەوە دەستی یەک بگرین و تەنانەت دەستی یارمەتی بۆ مێرووولەیەکیش درێژ بکەین.

## یادەوەرییەکانی عەشق

**عەشقی ڕاستەقینە**، یادەکانی دڵ خۆشکەرن و یادەوەرییەکانی دەتـبەن بـۆ جیهانێـک لە دەرەوەی ئەم جیهـانە جەنجـاڵە، کە لەوێ (سـوپاس و دەسـت خۆشی و تکایە) بوونی نییە.

**عــاشــق چاوەڕێی مەعشوق ناکات** بۆ ئەوەی ستایشی بکـات، لە پەنهـانی چی بۆ کردووە، یان لەپێناوی ئەو چەند ئازاری کێشاوە.

**عــاشــق** لە چاوەڕێی ستایش و ئەڵقەی گـۆڕینەوەی هاوسـەرگیری و ژیـان لەگەڵ مەعشوق بە چۆکدا نایەت.

**عــاشـــق** دەبێـت بەر لە چـوونی بـۆ جیهـانی عەشـق، هەر لە بەردەرگەی عەشقەوە خوداحافیزی لە شادی بکات، گەردەنی خۆی بە خەندە و پێکەنین ئازاد بکات و ماڵئاوایی هەمیشەیی لە بەختەوەری بکات.

**عــاشــق بە یادەوەرییەکانی مەعشوقەوە دەژیت**، بەڵام ژیانێکی دیکە، کە لەنێو ژوور و ماڵ و باڵەخانە و فەرمانگەکـانی ئـێمە هەرگیـز نابینرێـت و بە دەگمەن کەسانێک ئەم ژیانە بەدەست دێنن.

## کردنەوەی قفڵی دەرگەی عەشق

**کە** بڕوات بە مردنی خۆت هێنا و وەفاتی خۆت ڕاگەیاند و ئەو (من)ەی ناخت کوشت، ئەوکات دەتوانیت بە ئاسانی عاشق بیت.

**کە** توانیت پێ بەسەر ناختدا بنێیت و (من)ەکەی ناخت بکوژیت کە نایەڵێت جیاوازییەکان قەبوڵبکەیت، ئەوسا دەتوانیت عاشق بیت.

**کە** توانیت (من)ەکەی ناخت لەناو بەیت و لە خۆت ئازاد بیت، ئەو کات دەتوانیت قفلی دەرگەی عەشق بکەیتەوە و عاشق بیت.

**کە** عاشق بوویت، ئەوسا تێدەگەیت ئەو ژیانەی هەتبوو جۆرێک بوو لە مردن، ئەوەی ئێستات ژیانی ڕاستەقینەیە.

# عەشق تەمەنێکی دیکەیە لەناو تەمەنی مرۆڤ

**لەدایکبوونی ڕاستەقینە** ئەوکاتە دەست پێدەکات، کە لە خۆشەویستییەوە بگەیت بە پلەی عەشق.

**ئەو تەمەنەی** لەناو عەشق دەستت دەکەوێت، تەمەنێکی زۆر جیاوازە و جیهانێکی زۆر باڵاترە، هیچ لەم جیهان و تەمەنە ئاساییەی مرۆڤ ناچێت.

**تەمەنی مرۆڤ** لەناو عەشقدا تەمەنی ڕاستەقینەیە.

**تەمەنی یەکەم یان تەمەنی سەرەتا**، واتە تەمەنی وێنەو هەست و سۆز و چێژ، تەمەنێک بوو بۆ خزمەتی جەستە بۆ تێرکردنی (چێژی بینین و چێژی گوێگرتن و چێژی بۆنکردن و چێژی تامکردن و چێژی بەرکەوتن).

**تەمەن کردن لەنێو عەشق**، هێزێکت پێ دەبەخشێت باڵاتر و گەورەتر لەو هێزە ئاساییەی، هەر مرۆڤێکی ئاسایی هەیەتی.

**ئەو هێزەی لەناو عەشق دەستت دەکەوێت** گەورەترین گۆڕانکاری لە ژیانی خۆت و دەوروبەرت دروست دەکات.

**تەمەنی نێو عەشق**، تەمەنی ڕاستەقینەی مرۆڤە.

**کرۆکی مرۆڤ بوون** لە تەمەن کردن لەناو عەشق دایە و لەم تەمەنە مرۆڤی باڵا لە دایک دەبێت، هەر لەم تەمەنەش مرۆڤ دەگات بە نەمری و مانەوەی هەمیشەیی.

## دۆزینەوەی مەعشوق

**تەمەن** هێندە درێژ نیە تا بتوانێت لەم ژیانە کورتە کەسێک پەیدابکەیت، هەمان ئەو وێنەیە بێت کە تۆ لە خەیاڵی خۆت نەخشاندووتە.

**گریمانەکان بۆ دۆزینەوەی عەشق:**
**یەکەم:** ئەگەر ئاشنای کەسێک بوویت هاوبیر بوو لەگەڵ خۆت، ئەوکات تۆ کۆپیکراوێکی خۆت دۆزیوەتەوە لە جەستەیەکی دیکە، کە جیاوازییەکە تەنیا جیاوازییەکی ڕەگەزییە.
هیچ پێویستت بە کەسێک نییە، لە هەموو ڕەفتار و بیرکردنەوەیەک هاوشێوە و هاوبیری خۆت بێت، ئەوکات ناسینی خۆت بەسە.

**دووەم:** گەر کەسێکت دۆزیەوە پێچەوانەی بیرو بۆچوونەکانت، ئەوکاتیش دژییەک دروست دەبێت، کە هەردوو لاتان بۆ دوو لایەن دابەش دەکات.
دوو بەرەو دوولایەنیش لە هەر شتێك هەبوو، دووبەرەکی و بەرپەرچدانەوە دروست دەبێت، لە ئەنجامدا ڕەتکردنەوەی بیروڕای یەکتر و بگرە لە کەدارکردنی کەسایەتی یەکتر دێتەکایەوە.

**هەرگیز** ناتوانیت ئەو کەسە بدۆزیتەوە، کە بەقەد ئەو خۆشەویستییەی تۆ هەتە بۆ ئەو، ئەویش بەهەمان شێوە بۆ تۆی هەبێت.
**تەنیا ئەوکاتە** پەیوەندی خۆشەویستی درێژە دەکێشێت، پشت بە بنەمای قەبوڵکردن و سازش و بەخشین ببەستیت و لە زۆرێک لە ماف و خەون و خۆزگەکانی خۆت خۆش بیت.

# عەشق واتە ١ + ١ = ١

**مــرۆڤ** تەنیا لە ڕێگەی گیانەوە جوانی دەبینێت و
تامێک لە خۆشەویستی دەکات
کە ئەم گیانەشی بەخشی لەم ڕێگەیە چی بۆ دەمێنێتەوە؟



# توانەوەی لە عەشقدا

**عـاشـق** بە هەر ڕێگەیەک بێت دەیەوێت ببێت بە خاوەنی مەعشـوقەکەی، ململانێیەکەش بەوە کۆتایی دێت، کە هەر یەک ئەوی دیـکە دەتـوێنێتەوە و لەناوی دەبات.

**عـاشــق** لە ناو مەعشوقەکەیدا دەتوێتەوە یان مەعشوق لەناو عاشـقەکەیدا دەتوێتەوە و لەناو دەچێـت، لە هەر دوو بـاردا بەشـێک لە عەشـق لەبەیـن دەچێت، چونکە لە کۆتاییدا تەنیا یەکێکیان دەمێنێتەوە.

**گەر عەشق توانەوەی عاشق بێت لەناو مەعشوقدا**، بە لەناوچوونی یەکێـک و مانەوەی ئەوی دیکە، ئەو دەسەڵاتە داپڵۆسێنەرەمان بۆ دەردەکەوێـت کە لە عەشقدا هەیە، ئەویش لەناوبردنی یەکێک لەپێناو مانەوەی ئەوی دیکە.

**عـەشـق** وەک چەمکێـک پێناسـە ناکرێـت، مەگەر شـوێنەوار و نیشـانەکانی ببینرێت، لەبەرئەوەی عەشق بەرلەوەی بابەتێکی مەعریفی بێت ئەزموونە.

**عـەشـق** پرۆسەیەکی دوو لایەنەی درێژکراوی بۆ یەک نەبووە.

**عەشق** بە نەمان و لە ناوچوونی عاشق و مەعشوق لە دایك دەبێت.

**گەر لە عەشـق یەکێـک مـایەوە** و یەکێکـیش لەنـاوچوو، ئەم پەیوەنـدییە ناچێتە چوارچێوەی عەشقی ڕاستەقینە، چونکە عەشـقی ڕاسـتەقینە لـوتکەی بۆیەک نەبوونە.

# مەرگ لە پێناو عەشق

**هەموو** ئەو ئەستێرانەی لە ئاسمانی عەشق ناویان درەوشایەوە، بوون بە قوربانی ڕێگەی عەشق و لە بری (گەیشتن) بە (دابڕان) کۆتاییان پێ هات.

**ڕۆمیۆ** و **جۆلێت**، **لەیل** و **مەجنون**، **شیرین** و **فەرهاد**، و دەیان ناوی دیکە مەرگیان هەڵبژارد لەپێناو گەیشتن، کە مەرگ دواهەمین دەرگەی دابڕان و یەکەم هەنگاوی گەیشتن بوو.

**عاشقان** بۆ عەشقەکەیان دوو ڕێگە ئەزموون دەکەن، هەردوو ڕێگەکەش بە لەناوچوونی **جەستە** و مانەوەی **گیان** کۆتایی دێت.

**هەر لەسەرەتاوە** عاشقان لە ئەنجامی عەشقەکەیان دڵنیان کە دابڕانە، ئەم دابڕانەش بەلای ئەوان ڕێگەی گەیشتنە، چونکە ئەنجامەکە ڕوونە بۆ یەک نەبوون و لەناوچوونی دوو لایەنەیە لە ڕووی جەستەیی و گەیشتنەوەیە بە یەک لە ڕێگەی نەمرییەوە.

**مەرگ لەپێناو عەشق دوو دیوی هەیە:**

**یەکەم:** بەم دابڕان و لەناوچوونی یەکێک لەم دووانە، ئەو خودپەرستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە (**خۆویستی**) لە جێگەی (**خۆشەویستی**) ڕۆڵی گێڕاوە.

**دووەم:** بە لەناوچوونی هەر دوولایەنیش لەپێناوی عەشق، ئەو مرۆڤکوژییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە لەناوبردنی حەز و خۆشەویستییەکانی مرۆڤە بۆ ژیان لەپێناو مرۆڤێکی هاوشێوەی خۆی، مرۆڤێك لەهەموو شت لە ئاستی یەکن و هیچی لەو سەرتر نییە.

## عەشق ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بە باڵابوون

**مــرۆڤ قوربانی بۆ شتێک دەدات،** دەستی ناگـات و هەوڵ بـۆ گەیشـتن بە شتێک دەدات، نایبینێت و لەوی مرۆڤ باڵاترە و دەیەوێت خۆی لـێ نزیـک بکاتەوە و لە جوانی ئەو بەهرەمەند بێت، کە سەرچاوەی هەمـوو تەواوی و جوانی و ڕێکوپێکیەکە.

**مرۆڤ** کە خۆی پڕە لە ناتەواوی، ناکرێـت خـۆی قوربـانی هاوشـانێکی وەک خۆی بکات، کە مرۆڤە.

**مرۆڤ** هەرگیز لە خودی مرۆڤ ناگات بە باڵا بوون، مەگەر مرۆڤێـک بکـات بە ڕێگە بۆ گەیشتن.

**لە عەشقی ڕاستەقینە** مرۆڤ ڕێگەیە و خوداش عەشق.

قوربانییەکان دەبێت لەپێناوی عەشـق بـن نەک لەپێنـاو مەعشـوق، لەپێنـاو خودا بن نەک مرۆڤ، چونکە مرۆڤ مەعشوقە و خوداش عەشق.

**مـرۆڤەکان** نـاتەواون لە بوونـدا، بە بـوونی دوو کەس و گەیشـتنیان بەیەک، بـــوونێکی تەواو دەخـــوڵقێنن و ڕێـــگەیەک دروســـت دەکەن بـــۆ ئەوەی بەخێراترین کات بە عەشق بگەن.

# عەشق واتە خودا

**ئەوکـاتەی** لە عەشـق نزیـک دەبیـتەوە هەسـت بە نزیکبـوونەوە لە خـودا دەکەیت، ئەوکاتەش لە خـودا نزیـک دەبیـتەوە هەسـت بە گەرمـی عەشـق دەکەیـت، زۆربەی ئەو سـیفەتانەش کە لە عەشـقدا هەن لە زاتـی خـوداوە هەڵقوڵاون، بۆیە عەشق واتە خودا.

**تۆ** کە عاشق دەبیت هەموو هەسـتێک لە گیانـت دەردەچێت و دەبیـت بە مرۆڤێکــی تەواو ڕۆحــانی و هــیچ کــاریگەرییەکی دەرەکــی بەســەرتەوە نامێنێــت، بەشــێك لــە ســیفەتە جوانەکــانی خــودا وەردەگریــت وەک بەخشندەیی و میهرەبانی و بەزەیی و بەهێزی.

بــۆ چــاککردنی ڕەفتارەکانــت و گــۆڕینی ژیانــت و دەربــازبوون لە هەر ڕەفتارێکی ئەهریمەنانە پێویستت بە دەستگرتنە بەگیان و دڵەوە تا لە خودا نزیك ببیتەوە.

**بــۆ** عەشــقیش پێویســتت بە گیــان و دڵە بــۆ گەیشــتن بە بەخــتەوەری و ڕزگاربوون لە هەرچی حەز و ئارەزوو و ڕەفتارێکی ناپەسەند و نامرۆڤانەیە.

**لەڕێگەی عەشقەوە** دەگەیت بە خودا و لەڕێـگەی خـوداوەش دەگەیـت بە عەشق، چونکە عەشق و خودا هەر یەکن.

# عەشق ڕێگەیەک بۆ ڕزگاری مرۆڤ

**بوونی مرۆڤ لە بووندا ناتەواوە،** ئەم ناتەواوییە لەناو بوونی خودی خۆی و لە دەسەڵاتی بەرامبەر هەموو شتەکان بە ڕوونی دیارە.

**مرۆڤ** لە هەوڵی بەردەوام دایە بۆ گەیشتن بەو بوونەی خۆی دەیەوێت تا ناتەواوییەکان لەخۆیدا نەهێڵێت و بگات بە کەماڵەت، ئەم هەوڵەش تەنیا لەڕێگەی عەشقەوە بەدی دێت.

**عەشق واتە خودا،** خودا واتە کەماڵەت، گەیشتن بەعەشق واتە گەیشتن بەخودا.

**لەخودا کاملْتر نییە،** ئەوەی زیاتر لەو نزیک بێتەوە لە کەماڵەت نزیک بۆتەوە.

**خـــودا** دەسەڵاتێکە لە سەرووی دەسەڵاتی مرۆڤەوە.

**خۆشەویستی** (خودا) بۆ مرۆڤ پاکترین و میهرەبانترین باوەشە، لەو کاتەش عاشق و مەعشوقێک بەیەک دەکەن و یەکتر دەگرنە باوەش هەست بە ناتەواوی و تەنیایی بێ ئەندازە دەکەن و ترس و نیگەرانی و دڵەڕاوکێ وازیان لێ ناهێنێت.

**تەنیا ئەوکاتە مرۆڤ** دەگات بە ئارامی و پشووی جەستەیی، کە بە یەکجارەکی بۆ لای (خودا) دەگەڕێتەوە، کە سەرچاوەی هەموو جوانی و تەواوی و میهرەبانییەکە.

**عەشق و خۆشەویستی** یاد و جەژن و بۆنەیەک نیە، تۆ دەبێت لەهەموو دەم و کاتێک عەشق لەگەڵ هەناسەتدا بێت و بچێت.

**ئەوکاتە عاشقی** هەست بکەیت، کە عەشق وەک خوێن بە ناو دەمارەکانتدا گوزەردەکەن و بوویت بە پارچەیەک لە عەشق.

**ئەوکاتە عاشقی،** کە عەشق لە قسەکردنت، لە ڕوخسارت، لە کارت، لە خەوت، لە ڕەفتارت دەرکەوێت.

# مرۆڤ بوون لەناو عاشق

**دیوێکی خراپی عەشق ئەوەیە**، عاشق هەمیشە لە بەرامبەر مەعشوق خۆی داماو دەردەخات، لەهەموو مافێکی خۆی خۆش دەبێت و دەست لەهەموو خۆشییەکی خۆی هەڵدەگرێت.

**دیوێکی تاریکی عەشق ئەوەیە**، کە عاشق بەهەموو شتێکی مەعشوق ڕازییە بەباش و خراپییەوە، تەنانەت ئامادەیە لەپێناو ڕەزامەندی مەعشوق دەست بخاتە نێو گەرووی خۆی و خۆشی لەناوبات.

**عاشق** لای گرنگ نییە چۆن دەگات بە مەعشوق، ئەو هەموو ڕێگەیەک تاقی دەکاتەوە لەپێناو یەک هەنگاو نزیک بوونەوە و ئومێدێک بۆ گەیشتن.

**عاشق** لەپێناو گەیشتن هەموو ڕێگەیەک دەگرێتە بەر، بەرگی شەرم و لۆژیک و یاسا لەبەری خۆی دادەدڕێت و عەیبە لە ژیانی خۆی دەسڕێتەوە.

**مرۆڤی عاشق** هێندە داماو خۆی دەنوێنێت بەرامبەر مرۆڤێکی دیکە لەپێناو گەیشتن، تا بەشێک لە بەهاکانی خۆی لە دەست دەدات.

**عاشق** بە مرۆڤێکی هاوشێوەی خۆی هێندە کاریگەر و هۆگر دەبێت تا ئەندازەی گیانفیداکردن و مردن لەپێناوی.

**مرۆڤ** تەنیا لە ڕێگەی گیانەوە جوانی دەبینێت و تامێک لە خۆشەویستی دەکات، کە ئەم گیانەشی بەخشی لەم ڕێگەیە ئیدی چی بۆ دەمێنێتەوە؟!.

## عاشق تامەزرۆی ئەو شتەیە کە عاشقی بووە

**عەشق** بەر لە بەدەستهێنانی مەعشوق بوونی هەیە، یان دوای بەدەستهێنانی؟.
**عەشق** کەی بە دروستی دەستپێدەکات و کەی بە دروستی کۆتایی دێت؟.

**ئەم پرسیارە دوو بۆچوون لەخۆ دەگرێت:**

**بۆچوونی یەکەم:** عاشق تامەزرۆی ئەو شتەیە، عاشقی بووە، دەیەوێت دەستەبەری بکات و ببێت بە خاوەنی بە هەر ڕێگەیەک بێت.
ئەگەر بە دوای عەشقێک وێڵی، هی نەبوونی ئەو عەشقەیە لە خودی تۆدا هەیە، ئەو بێ بەشبوونەیە تۆی دێوانەی ڕێگەی خۆی کردووە.
لەگەڵ یەکەم ساتی بەیەکگەیشتنی جەستە یان ڕەزامەندی نواندن بۆ هاوسەرگیری، تۆ دەبیت بە خاوەنی ئەو شتەی هەوڵی بەدەستهێنانت داوە، ئیدی ڕاستەوخۆ لە قۆناغی عەشق دادەبڕێیت و دەگەڕێیتە دواوە بۆ ژیانی ئاسایی هاوسەرگیری و حەز و منداڵ خستنەوە.

**بۆچوونی دووەم:** عەشق پێش بەدەستهێنانی ئەو شتەیە کە تۆ عاشقی بوویت، لە دەستهێنانی ئەم شتە دەگەیت بە خاڵی ئامانج و بەتاڵ دەبێتەوە لە هەموو خۆزگە و ئاواتێکی بەیەکگەیشتن و دەگەڕێیتەوە خاڵی سفر.

# بوونی عەشق، بەر لە بەیەکگەیشتن

**بوونی عەشق** وەک بوونێکی ڕاستەقینە دابەش دەبێت بەسەر دوو لایەن:

**لایەنی یەکەم:** تا ئەو دەمە عەشق بوونی هەیە، هێشتا عاشق مەعشوقی بە دەست نەهێناوە و لە قۆناغی گەیشتن بە عەشقدایە.
کاتێك لەڕێگەی گەیشتن بە عەشقدایت هێشتا بەستراویت بە (ڕۆح)ەوە، هێشتا لەنێو بوونی ڕاستەقینە دایت.
عەشق بوونی هەیە تا مەعشوق بە دەست نەهاتووە، ئەو بوونەش کە بەر لە دەستکەوتنی مەعشوق هەیە بوونێکی ناتەواوە، پێویستە تەواو بکرێت، ئەویش بە گەیشتن بەم بوونە ڕەسەنەی لە مەعشوقدا هەیە بەدی دێت.

**لایەنی دووەم:** نێوانی عەشق و بەیەکگەیشتن نێوانێکی ساختەیە و نزیکە لە نەبوونەوە، ئەو دەمەی کوڕێك دەگات بە کچێك و بەدەستی دێنێت یان کچێك دەگات بە کوڕێك و بە دەستی دێنێت، ئەو شتە بە دەست دێنێت کە نەیبوو، کە بەدەستی هێنا دەگات بە بوونێکی ڕەسەن.



# عەشق واتە ١ + ١ = ١

تەنیا خۆشەویستی دایک بێ بەرامبەرە

هەموو ئەوانی دیکە بەرامبەر بە شتێکەوەیە

## پاراستنی ڕازونیازەکانی عەشق

**گەورەترین** مەرج بۆ مانەوەی عەشق لە دڵی عاشقان بوونی ڕازە.
**پاراستنی** ڕاز و نیازەکانی عەشـق لەنـاو دڵـی عاشـق وەک پاراسـتنی کلیلـی گەنجینەی زەنگینە لەناو گیرفانی لای دڵیەوە.
دەبێت ڕازی عەشق لەناو دڵ تا مـردن بە نهێنـی بمێنێـتەوە و هەر لە نێـوان عاشق و مەعشوقدا بێت و بۆ هیچ بێگانەیەک نەخرێتە ڕوو.
**تا ئەو دەمە** عەشقێک لەئارادایە، کە ڕاز و نیازەکانی عەشـق پەنهـانن و بـۆ هیچ کەس ئاشکرا نەکراون.
**کە عەشق دێت**، زاری سەر دەبەستێت و زاری دڵ دەکاتەوە و بـۆ هەمیشـە عاشق بێ دەنگ دەکات.

# خۆویستی و خۆشەویستی

**خۆشەویستی**، سەردەمی مەرگی خۆویستییە لە دڵی مرۆڤدا.
خۆشەویستی وەک پێویستییەکی گیانی لە ژیاندا چەند جارێک ڕوو بە ڕووت دەبێتەوە، بەڵام ئەم (خۆشەویستی)یە بە شێوەیەکی دروست لەناو دڵت دەرناکەوێت، تا شتێک لە دڵت دەرنەهێنیت، کە ڕێگرە لەهاتنە ژوورەوە ئەویش (خۆویستی)یە.
**خۆشەویستی و خۆویستی** لە یەک دڵ جێگەیان نابێتەوە، وەک چۆن دوو سەرۆک لە وڵاتێک جێگەیان نابێتەوە.
**خۆویستی** کوشتنی (ڕۆح)ی عەشقە، لەناو دڵی خۆت بەدەستی خۆت.
**خۆویستی** لەناوبردنی هەستی عەشقە لەناو دڵی خۆت بەدەستی خۆت.
**بۆ ئەوەی خۆشەویستی** تەواو دڵت داگیربکات، پێویستە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی دڵ بیت نەک فەرمانەکانی ژیری، بەرەو خۆشەویستی بڕۆیت، نەک خۆویستی، بۆ ئەو بژیت، نەک بۆ خۆت.
**لە خۆشەویستی** بەرژەوەندی خۆشەویستەکەت دەکەوێتە پێش بەرژەوەندی خۆتەوە.
**خۆشەویستی** ئەوەیە، تۆ بە هەموو شکست و دۆڕان و زیانە گیانی و جەستەییەکان ڕازی بیت.
**خۆشەویستی** ئەوەیە، تۆ هەموو شادی و بەختەوەری و سامانێکی دنیایی وەلا بنێیت و ڕیشی خۆت بدەیتە دەست ئەوینێکی سەرشێتانە.

## مرۆڤ یەک دڵی هەیە، بۆ یەک خۆشەویستی

**خۆشویستنی** دوو کەس لە یەک کاتدا، پەیوەندییەکی نا ڕەسەن و ناتەواوە، چونکە دڵێک بە تەنیا ناتوانێت دوو عەشق لە باوەش بگرێت.

**دڵ** توانای وەرگرتنی یەک عەشقی هەیە، جا ئەو عەشقە گەڕانەوەی عەشقێکی کۆن بێت، یان هاتنی عەشقێکی تازە.

**عەشقێکی تازە** لە دەرگەی دڵ نایەتە ژوورەوە، تا عەشقە کۆنەکە لەناو دڵ دەرنەچێت.

**فرە پەیوەندی** لە خۆشەویستی بوونی نییە، کۆکردنەوەی دوو تا سێ کەس لەناو دڵ و لەژێر ناوی خۆشەویستی ناتگەیەنێت بە هەستی خۆشەویستی.

**فرە پەیوەندی** خاوەنەکەی بە دەست بەتاڵی و دڵ شکاوی دەهێڵێتەوە دوور لە خۆشەویستی.

**دڵ** دەتوانێت تەنیا پێشوازی لە یەک کەس بکات، بەهاتنی کۆمەڵێک کەس دڵ سەرگەردان دەمێنێتەوە و لە کۆتایدا نابێت بە خاوەنی هیچیان.

# دەرفەتێک بۆ خۆشەویستی

**خۆویستی** ئەو ئاکارە چاوچنۆکانەیە، وا لە مرۆڤ دەکات هەموو شتێکی بۆ خۆی دەوێت، ئەمەش بۆشاییەك لە دڵ دروست دەکات و دەرفەتێك دێنێتە پێش، تا لەڕێگەی هەستێکی دەستکردەوە خۆشەویستی بێتە دڵتەوە.
**کەسی خۆویست** تەنیا گرنگی بە خودی خۆی دەدات و هەموو شتێکی بۆ خۆی دەوێت و هەمیشە لە گۆشە نیگای بەرژەوەندییەکانەوە بیردەکاتەوە، بیر لەوە دەکاتەوە لە بەرامبەرەکەی چەند و چی دەست دەکەوێت.
**لەڕێگەی** (**خۆویستی**)یەوە بۆشاییەکی گەورە لە دڵ و دەروونت دروست دەبێت و دەگەیت بە خۆشەویستییەکی دەستکرد و هەر لەم خۆشەویستییەش دەمێنیتەوە.
**لەڕێگەی** (**خۆشەویستی خود**) یەکەم هەنگاوی عەشق دەست پێدەکات، کە پلەیەک پێش گەیشتنە بە (**خۆشەویستی بەرامبەر**) و لەڕێگەی خۆشەویستی بەرامبەریشەوە بە (**عەشق**) دەگەیت.
**عاشق** تا ئەوپەڕی میهرەبانی میهرەبانە و هیچی بۆ خۆی ناوێت، ئەوەی مەعشوق دەستی دەکەوێت ئەوەیش بە هی خۆی دەزانێت.
**عاشق** لە مافی خۆی خۆش دەبێت و لەڕێگەی عەشقەوە هەناسە دەدات و دەژیت.
**عاشق** بەرژەوەندی مەعشوق دەخاتە پێش بەرژەوەندی خۆی ئەگەر بە زیانی خۆشی تەواو بێت.

## هەم تۆم خۆش دەوێت، هەم ئەویش

**هیچ کات** دوو پەیوەندی خۆشەویستی لە یەک دڵ کۆنابنەوە.
لە یەک کات ناکرێت عاشق بیت و گوێڕایەڵی حەزەکانیشت بیت.
**جەستە و گیان** یان ئارەزوو و عەشق لە یەك کاتدا هەردووکیان پێکەوە ناتوانن ڕابەرایەتی بەسەر مرۆڤەوە بکەن، کاتێك عەشق دێت ئارەزوو لەناو دەچێت کاتێکیش ئارەزوو دێت، عەشق لەناو دەچێت.
**هەر کاتێك** دوو کەست لە یەك کاتدا خۆشویست، بزانە یەکێکیان خۆشەویستی ڕاستەقینەیە و ئەوەی دیکە لە توێکڵ خۆشەویستی و لە ناوەڕۆك هاوڕێیەتییە، بەرژەوەندییەك وایکردووە دەست بەرداری نەبیت و بیکەیت بە خۆشەویستی.
**دەکرێت** لە یەك کاتدا دەیان پەیوەندیت هەبێت، بەڵام پەیوەندییەك توێکڵەکەی خۆشەویستی و ناوەکەی هاوڕێیەتی بێت.

# عەشق کاری دڵە

**عەشقێك** لەڕێگەی بینینەوە دروست بوو، حەزە، نەک عەشق.
**عەشقێك** لەڕێگەی چاوەوە دروست بوو، ئارەزووە، نەک خۆشەویستی.
**عەشق** وزەیەکە لە دڵەوە دەردەچێت و چاوەکان ناتوانن ببینن.
**ئەوەی** لەڕێــگەی چــاوەوە ڕوودەدات بەرکەوتنــی ڕووخســارە نەک دڵ، ئاڵوگۆڕی شتەکانە نەک هەستەکان.
**عەشق** ڕوداوێکی ناوەکییە نەک دەرەکی.
**عەشق** نابینرێت، هەستی پێدەکرێت.
**عەشق** کاری گیان و دڵە، نەک کاری چاوەکان.
**ئەوانەی** بە دوای ڕواڵەتەوەن، بەدوای حەزەکانییانەوەن، نەک عەشق.
**ئەوانەی** ئەهلی دڵن قسە لەسەر هەستەکان دەکەن، نەک شتەکان.

## خۆشەویستی بێ بەرامبەر

**تەنیا** خۆشەویستی دایک بێ بەرامبەرە، هەموو ئەوانی دیکە بەرامبەر بە شتێکەوەیە، لەگەڵ هەڵبەزین و دابەزینی شتەکان خۆشەویستیش تووشی هەڵبەزین و دابەزین دەبێت.

**تەنیا** خۆشەویستی دایک هەر لەسەرەتاوە بێ هۆ لە ناوەوەی مرۆڤ لە دایک دەبێت، ئەوانەی دیکە هەموو بەهۆی کاریگەری شتێکەوە لە دەرەوەی مرۆڤ ڕوو دەدەن.

**دایک** نیشتمانی یەکەمی هەر مرۆڤێکە، بە نەمانی ئەم نیشتمانە مرۆڤ هێندە قووڵ لەناو دڵی خۆیەوە ئاوارە دەبێت، تەنانەت خەمێکی بچوک دەتوانێت هەموو خۆشییەکانی لەناو بەرێت.

# که خۆشەویستی دەبێت بە ئازاردان

**ئەوکـــاتەی** خۆشەویســـتی دەبێـــت بە ئـــازاردانی بەرامـــبەر، کە بەهـــۆی پەیوەندییەکەتەوە لە جێگەی خۆشەویستی ترس لە دڵی بەرامبەر بچێنیت.

**ئەوکـــاتە** تـــرس لە دڵـــی بەرامـــبەر دەچێنیـــت، کە زیـــاتر لەو ڕێـــژەی هەیە خۆشەویستی پیشان بدەیت، لەکاتێک ئەو خۆی تەنیا بۆ ئـاڵوگۆڕی هەسـت و سۆز ئامادەکردووە، نەک پێکەوەبوونی هەمیشەیی.

**کاتێـــک** بەرامبەرەکـەت ئەم هەمـوو خۆشەویســتییە زۆرە دەبینێـت، تـرس هەمـوو گیـانی دادەگرێـت و خێـرا هەوڵـی دوورکەوتـنەوە دەدات، چـونکە بەڵێنـی خۆشەویســتی بەتـۆ داوە، نەک بەیەکەوەبـوونی هەمیشــەیی، ئەو حەزی بە فڕینە نەک قەفەسی هیچ کەس، ئازادی دەوێت نە زیندانی ماڵ.

**کاتێک** کەسێک تووشی ئـازاردانی گیـانی دەبێـت، کە هەسـت بکـات داگیـر دەکرێت و ئازادییەکانی زەوت دەکرێت و دەکەوێـتە نـاو قەفەسێکی تـاکە کەسییەوە، کە نەخۆی بۆ ئامادەکردووە و نە دڵیشی ئەمە دەخوازێت.

**کاتێـــک** زۆر لێکـــردن لە خۆشەویســـتی ڕوودەدات ئـــازاردانیش ڕوودەدات، لەجێگەی خۆشەویستی زیاتر، ترسی زیاتر دەخەیتە ناو دڵی بەرامبەرتەوە.

**خۆشەویستی واتە:** لەیەکتر تێگەیشتن و قەبوڵکردنی ئازادانەی دوو دڵ.

هەرکـات ڕێـژەی هۆگربـوون و وابەسـتەبوون لەنـاو دڵـی یەکێـک لەم دوو کەسە بەرزتربـوویەوە تـرس جـێگەی خۆشەویسـتی دەگـرێتەوە، لەجـێگەی نزیک بوونەوەی زیاتر دوورکەوتنەوەی زیاتر ڕوودەدات.

هـەرکات هەسـتت کـرد بەرامـبەر هەوڵـی دوورکەوتـنەوە دەدات، بـزانە ترسـت خستۆتە ناو دڵی، لەجێی بەدەستهێنانی دڵی، هەوڵی داگیرکردنی دڵت داوە.

# عەشق واتە ١ + ١ = ١

خۆشەویستی ڕاستەقینە واتە: بەشی من لەم دونیایە تۆی
بەشی تۆش لەو دونیا منم.



## خۆشەویستی هەمیشەیی، خۆشەویستی کاتی

**خۆشەویستی هەمیشەیی** وەک خۆشەویستی ماسییە بەهێزەکانە بۆ دەریـا، کە سینگی خۆیان دەدەنە بەر شەپۆڵەکان و بەرگە دەگرن تـا لە ناوەڕاسـتی دەریا بە زیندوویی بمێننەوە.
**خۆشەویستی هەمیشەیی واتە:** مانەوە لەهەموو بارودۆخێک.
**خۆشەویـستی کـاتی** وەک خۆشەویـستی ماسـییە لاوازەکـانە بـۆ دەریـا، کە بەرگەی شـەپۆڵە بەهێزەکـان نـاگرن و زوو خۆیـان دەدەن بە دەسـتەوە و دەریاش بە شەپۆڵەکانی توند بە مردووی فڕێیان دەداتە کەنارەوە.
**لەکۆتایدا** تەنیا ئەو کەسە دەمێنێتەوە، تۆی خۆشـدەوێت نەک ئەو کەسـەی تۆ خۆشتدەوێت.

## خۆشەویستی ڕاستەقینە، خۆشەویستی ساختە

**خۆشەویستی ڕاستەقینە**" پەیوەندییەکی سۆزدارانەی دوو لایەنەیە لەنێوان دوو دڵ، لەسەر بنەمای وەفا و گرنگیپێدان دروست دەبێت.
**خۆشەویستی ساختە**" پەیوەندییەکی بەرژەوەندیخوازانەی یەک لایەنەیە بەفریودانی کەسی بەرامبەر دەست پێدەکات و لەسەر بنەمای بەرژەوەندی دروست دەبێت.
**خۆشەویستی ڕاستەقینە و خۆشەویستی ساختە،** هاوشێوەی یەکن لە ڕواڵەت و جیاوازن لە ناوەڕۆکدا، یەکێکیان لەڕێگەی دڵەوە لە دایک دەبێت و ئەوی دیکەیان لەڕێگەی چاوەوە دروست دەبێت.
**زۆر جار خۆشەویستی ساختە،** لە ناچارەکی لە دایک دەبێت، ڕاستە ساختەیە بەڵام خۆشەویستییەکی درۆزنانەش نییە، چونکە پێویستی و هاوکوفی پاڵنەرە بۆ دروستکردنەی ئەم خۆشەویستییە، جا پاڵنەرەکە جوانی بێت یان سامان.
کوڕێك بە هۆی جوانی کچێکەوە پەیوەندی خۆشەویستی دروست دەکات، هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ کچێك بەهۆی سامانەوە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێك دروست دەکات، هەردوو هۆکار بۆ دروستکردنی پەیوەندی خۆشەویستی ڕێگەی ساختەن.

# هەموو دونیای من دڵمە

**هەموو دنیای من** دڵمە و داومە بەتۆ، هەموو دنیای تۆش دڵـتە و داوتە بە من، واتە هەردووکمان لە یەک کاتدا هەم داگیرکەر و هەم داگیرکراوین.
**بۆ ئەوەی (من) و (تۆ) نەمێنێت**، من ئامادەم هەرچی هەمە بـیخەمە سـەر نـاوی تـۆ تەنـانەت تەمەنیشـم، دەبێـت تـۆش ئامادەبیـت هەرچـی هەتە بیخەیتە سەر ناوی من تەنانەت گیانیشت.
**خۆشەویستی ڕاستەقینە واتە:** هەموو سامانی من دڵمە ئەویـش لە دەسـتی تۆیە، هەموو سامانی تۆش خۆشەویستیە ئەویش لەناو دڵی منە.
**خۆشەویستی ڕاستەقینە واتە:** گەیشتن بە تۆ، واتە خۆم بدەم بە دەسـتەوەو لەگشت مافێکم خۆشبم، واتە هەموو چرکەکانی تەمەنم بخەمە ناو دەستی تۆ.
**خۆشەویستی ڕاستەقینە واتە:** بەشی من لەم دونیایە تۆی، بەشـی تـۆش لەو دونیا منم.

## خۆشەویستی ڕزگاربوونە لە زیندانی خۆپەرستی

**خۆشەویستی** ئەوەیە دەست لە خۆپەرستی بەربدەیت، پێ بنێیتە سەر جەرگی خۆت و مەرگی خۆت ڕابگەیەنیت و ئەو منەی ناخت بکوژیت.

**کە** دەستی خۆشەویستیت گرت، دەبێت دەست لە هەموو دنیا بەربدەیت تەنانەت لە خۆشت.

**تەنیا لە خۆشەویستی** مرۆڤ هەموو دەمامکەکان فڕێ دەدات و یەک ڕوو بەرەو ڕووت دێت.

**ئەوانەی** ئەسیری دڵی خۆیانن هەرگیز ناتوانن عاشق بن، چونکە ئەوان لەگەڵ خۆیان سەرقاڵی خۆشەویستین.

**خۆشەویستی** ڕزگاربوونە لە زیندانی خۆپەرستی.

**خۆشەویستی واتە:** لەبەر یەک کەس تەواوی دنیا فەرامۆش بکەیت بەخۆشتەوە.

# خۆشەویستی ڕاستەقینە کۆتایی نایێت

**هاوڕێکەت** گەر بە (نا)یەکی تۆ یان ئەنجامی کارێکت پێچەوانەی حەزەکانی ئەو، لێت دوورکەوتەوە، بزانە هاوڕێی ڕاستەقینەت نەبووە، ئەو تەنیا بەرژەوەندی لەگەڵ تۆ هەبووە، **ئەم** پێوەرە بۆ خۆشەویستیش هەمان شتە.

**خۆشەویستی ڕاستەقینە** نە بەدابڕان و نە بەیەکگەیشتن گۆڕانکاری بەسەر نایەت، هەر وەک خۆی لەیەک بار دەمێنێتەوە.

**خۆشەویستی ڕێگەی نەگەیشتنە**، گەر بیر لە گەیشتن بکەیتەوە، تۆ خۆشەویستی ناکەیت بە دوای حەزەکانتەوەیت.

**گەر** دوای چیرۆکی پڕ هەڵبەز و دابەزی ناو ژیانی خۆشەویستی بەیەکگەیشتن ڕوویدا، ئەو ژیانە بە زیادە دادەنرێت.

**لە پەیوەندی خۆشەویستی** مرۆڤەکان لەڕێگەی دڵەوە بەیەک دەگەن، نەک جەستە.

**خۆشەویستی وەک مردن وایە**، مرۆڤ بە مردن کۆتایی نایەت تەنیا دابڕان لەنێوان گیان و جەستە ڕوودەدات، جەستە لەناو دەچێت و گیانیش بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە.

**خۆشەویستی بە دابڕان کۆتایی نایەت**، تەنیا بەجەستە لە یەک جیادەبنەوە بەڵام بە گیان تا هەتا لە دڵی یەک دەمێننەوە، پەیوەندییەکە لەناو دەچێت بەڵام خۆشەویستی بۆ هەمیشە بە نەمری دەمێنێتەوە.

**بەکۆتا** هاتنی پەیوەندی نێوان دوو کەس، خۆشەویستی کۆتایی نایەت، ئەگەر کۆتایی هات خۆشەویستی ڕاستەقینە نەبووە، تەنیا حەزێک بووە.

## دۆزینەوەی خۆشەویستی لە دەرەوەی خێزان

**ئەوانەی** لەناو خێزانەکانیان بە پێی پێویست خۆشەویستییان پێ نادرێت، لە دەرەوەی خێزان بە دوای خۆشەویستیدا دەگەڕێن.

**ئەوانەی** هاوسەرگیریان نەکردووە و لەناو خێزانەکەشیان خۆشەویستیان پێ نادرێت، خۆشەویستێک دەدۆزنەوە یان هاوسەرێک یان لە هەردووکیان شکست دەخۆن و بەدڵشکاوی کۆمەڵگە فڕێیان دەداتە دەرەوەی گشت پەیوەندییەک.

**ئەوانەی** هاوسەرگیریان کردووە و لە لایەن هاوسەرەکانیانەوە خۆشەویستیان پێ نادرێت، لە پشت هاوسەرەکانیانەوە بە دوای باوەشێکی دیکەدا دەگەڕێن بۆ گەیشتن بە ئارامی.

**خۆشەویستی ببەخشە بە منداڵەکەت**، تا بەدوای خۆشەویستییەکی بێ ئاکامەوە لە دەستت دەرنەچێت.

**خۆشەویستی ببەخشە بە هاوسەرەکەت**، تا بە دوای خۆشەویستی بێگانەیەکەوە نەڕوات.

# خۆشەویستی بۆ بەهێزبوونی دڵ

**منداڵ لە ڕووی جەستەییەوە، دوو قۆناغی تەمەنی هەیە:**
**قۆناغی یەکەم:** تەمەنی ساوایی، پێدانی شیری دایک بۆ **گەشەکردنی** جەستە.
**قۆناغی دووەم:** تەمەنی پێگرتن، پێدانی خواردنی باش بۆ **بەهێزبوونی** جەستە.

**منداڵ لە ڕووی گیانیشەوە دوو قۆناغی تەمەنی هەیە:**
**قۆناغی یەکەم:** تەمەنی ساوایی، پێدانی هەست و سۆز، بۆ **گەشەی** دڵ.
**قۆناغی دووەم:** تەمەنی پێگرتن، پێدانی خۆشەویستی، بۆ **بەهێزبوونی** دڵ.

**دایک** لەگەڵ ئەو بڕە شیرەی بە منداڵەکەی دەدات بۆ **گەشەکردنی جەستە**، دەبێت هەمان بڕ لە هەست و سۆزی پێ بدات بۆ **گەشەی دڵ.**
**دوای گەورەبوون** و لێ بوونەوەی لە شیری دایک، دەبێت دایک و باوک خواردنی باش بدەن بە منداڵەکەیان، لە ڕێگەی سێ ژەمی خواردنەوە بۆ **بەهێزبوونی جەستە**، تا ئەو بڕە خۆراکە قەربوو نەکرێتەوە لە ڕێگەی دەرزی و دەرمانەوە کە جەستە پێویستییەتی.
**دایک و باوک** لەگەڵ ئەو خواردنە باشەی دەیدەن بە ڕۆڵەکەیان، دەبێت لە ڕێگەی گرنگیپێدانەوە ئەو بڕە لە خۆشەویستییەشی پێ بدەن، کە دڵ و دەروونی پێویستییەتی، تا لە دەرەوەی خێزان بۆ قەرەبووکردنەوەی بڕی ئەو خۆشەویستییەی بە دوای خۆشەویستیدا نەگەڕێت.

# خۆشەویستیش کۆتایی نایەت

**خێزان** و کۆمەڵگە و ئاستی گوزەرانی ژیـان، هەر یەک لەمـانە بە ئەنـدازەی خـۆی بەربەسـتێکی دروسـتکردووە لەبەردەم مـرۆڤ بـۆ هەڵبژاردنـی ئاڕاستەیەکی گونجاو بۆ داهاتوو.

**کاتێک** خۆشەویستەکەت ناتوانێـت لەگەڵـت بژیـت مانـای وانیـیە ئەو تـۆی خۆش ناوێت، چۆن پێکەوەبوون بە مانای بەردەوامی خۆشەویسـتی نـایەت، دابڕانیش بە مانـای کۆتـایی خۆشەویسـتی نـایەت، زۆر جـار ئـازاری دابـڕان بەچێژترە لە خۆشی بەیەکگەیشتن.

**دابڕان لە خۆشەویستی،** دابڕانی کەسەکانە نەک خودی خۆشەویستی، بەڵام بەیەکگەیشتن مەرج نییە بەیەکگەیشتنی خودی خۆشەویستی بێت، زۆربەی جار بەیەکگەیشتن، گەیشتنی دوو کەسە بەیەکدییەوە، نەك خۆشەویستی.

**کۆتایی هاتنت** لەگەڵ هەر کەسێک بە مانای کۆتـایی هـاتنی خۆشەویسـتی نایەت، چونکە خۆشەویستی بەهۆی ئەوەوە دروست نەبـووە تـا بە نەمـانی ئەو کۆتـایی پـێ بێـت، لەگەڵ دروسـتبوونی مـرۆڤەوە خۆشەویسـتیش دروستبووە و بەیەکسانی بەسەر مرۆڤەکان دابەشکراوە، کۆتا هاتنـت لەگەڵ هەر کەسێک خۆشەویسـتی نـاو دڵیشـت کۆتـایی نـایەت، تەنیـا کەسـەکە کۆتایی دێت و خۆشەویستی هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە.

**خۆشەویستی** لەگەڵ دروستبوونی مرۆڤەوە دروستبووە، بە گیان دەرچـوونی مرۆڤیش کۆتایی نایەت، چۆن مرۆڤ نامرێـت و لە دنیـایەک دەگـوازرێتەوە بۆ دنیـایەکی دیـکە، خۆشەویسـتیش بە هەمـان شـێوە کۆتـایی نـایەت و لە دڵێکەوە دەگوازێتەوە بۆ دڵێکی دیکە.

**لە هەر کوێ** دەرگا بەسەر خۆشەویستی داخرا، هەر لەوێ دەرگـایەکی تـازە کراوەتەوە بەڕووی پەیوەندییەکی تازەی خۆشەویستی.

# عەشق واتە ١ + ١ = ١

من بە بۆنەی تۆوە خۆشەویستی و ئەم ژیانە جوانەم هەیە
تۆش هەر بە بۆنەی منەوە خۆشەویستی و
ئەم ژیانە خۆشەت هەیە.



## ڕقی شاراوە، دوژمنداری شاراوە

**ڕقـی شـاراوە** و دوژمنـداری شـاراوە، دوو سـیفەتی مـرۆڤن بەهـۆی بـوونی پەردەیەکەوە لە تۆ شاردراونەتەوە.

**ڕقی شاراوە**، ئەو سیفەتە ناڕەسەنەی مـرۆڤە، لە ڕواڵەت خۆشەویسـتی و لە ناوەڕۆکـدا ڕقــی لەخۆگرتــووە، بەهــۆی بــوونی پەردەیەکەوە تــۆ تەنیــا خۆشەویستییەکە دەبینیت، لەکاتێکدا ئەوەی هەیە تەنیا ڕقە.

**زۆر جار** بەهۆی تەنکی ئەم پەردەوە ڕقەکە زۆر بە ڕوونـی دەردەکەوێـت و ئاشکرا دەبێت.

**دوژمنــداری شــاراوە**، ســیفەتێکی ناڕەســەنی مــرۆڤە، بەهــۆی بــوونی پەردەیەکەوە ئەم دوژمندارییە لە تۆ شاردراوەتەوە و تۆ تەنیا ڕق دەبینیـت، زۆر جــار بەهــۆی تەنکــی ئەم پەردەوە دوژمنــدارییەکە زۆر بە ڕوونــی دەردەکەوێت و ئاشکرا دەبێت.

**ڕق** لە بنچیـنەدا دوژمنـدارییەکی تەواوە، بەڵام بەهـۆی ئەوەی دوژمنـداری کێشە و بەڵای زۆری هەیە، بۆیە پەردەپۆشکراوە و شاردراوەتەوە بە ڕق.

# مرۆڤی ڕەسەن و مرۆڤی ناڕەسەن

**مرۆڤی ڕەسەن** ئەو کەسەیە، خۆشەویستی بە خۆشەویستی و ڕقیش هەر بە ڕق نیشان دەدات.

**مرۆڤی ناڕەسەن** ئەو مرۆڤەیە، ڕقەکانی لەژێر پەردەی خەندە و قسەی شیرین شاردۆتەوە و بەخۆشەویستی نیشانی بەرامبەری دەدات.

**مرۆڤە ڕەسەنەکان** زۆر بە ئاسانی دەناسرێنەوە و بە ڕوونی خۆشەویستی لە ڕووخساریان دەردەکەوێت.

**کە خۆشەویستی ڕاستەقینە** کەوتە ناو دڵ، چەشنی ڕوناکیەک لە ڕووخساریش دەردەکەوێت و هەر ئەو ڕوناکییە ڕاستەوخۆ لە دڵ و دەروونی بەرامبەریش دەردەکەوێت و ڕوناکی دەکاتەوە و هەست بە خۆشەویستییەکی زۆر دەکات.

**مرۆڤە ناڕەسەنەکان** زۆر بە ئاسانی دەناسرێنەوە، کە ڕق وەک پەڵە هەورێکی ڕەش و تاریک لە ڕووخساریان دەردەکەوێت، هەر ئەو تاریکییە ڕاستەوخۆ کاریگەری دەخاتە سەر دڵ و دەروونی بەرامبەر و دڵی تەنگ دەکات و هەست بە ڕقێکی زۆر دەکات.

## خۆشەویستی ڕاستەقینە هەنگوینی سافە

**مرۆڤــی ڕاســتگۆ**، گەر خۆشەویســتییەکی لەدڵــدابوو وەک خــۆی دەری دەبڕێت، گەر ڕقێکیشی لەدڵدا بـوو هـەر وەک خـۆی نیشـانی دەدات و بە خۆشەویستی بە بەرامبەرەکەی نافرۆشێتەوە.

**ئەمە** وەک نموونەی هەنگوین فرۆشێک وایە کە هەنگـوینەکەی بە مەرجـی هەنگوینی ڕاستەقینە و ساف بە تۆ دەفرۆشێت کەچی تۆ نازانیت ئەوە فێڵە لەتۆی دەکات و شەکراوی بە هەنگوین بە تۆ فرۆشتووە.

**هەنگوین** و شـەکراو هەردووکیـان شـیرینن، بەڵام خۆشەویسـتی ڕاسـتەقینە هەنگـوینی ڕاسـتەقینەکەیە سـاف و پـڕ لە شـیفا، ڕقـیش شـەکراوەکەیە کە بەهەنگوین بە تۆی دەفرۆشێت پڕ لە دەرد و بەڵا.

# خۆشەویستی دەردەبڕدرێت و ڕقیش لەدڵ هەڵدەگیرێت

**خۆشەویستی** و ڕق دوو هەستن، خۆشەویستی کاری هەست دەربڕینە و ڕقیش لەدڵ گرتنە.

**خۆشەویستی** پردێکە بۆ دروستکردنی پەیوەندی و ڕقیش دیوارێکە بۆ پچڕاندنی هەموو پەیوەندییەک.

**ڕەسەنترین مرۆڤ** ئەو مرۆڤەیە، خۆشەویستی وەک خۆشەویستی و ڕقیش وەک ڕق بەکار دێنێت، ئەوەی لەناو دڵیەتی هەر ئەوەش لەسەر زاریەتی.

**ناڕەسەنترین مرۆڤ** ئەو مرۆڤەیە، لە ڕواڵەت خۆشەویستی نیشان دەدات و لە ناخەوەش ڕقێکی زۆری لە دڵ هەڵگرتووە.

**خۆشەویستی** دەبڕین مایەی دڵخۆشییە و سوودەکەشی بۆ خۆت و بەرامبەرتە کە بەدەستهێنانی هەستی ئارامی و بەختەوەری ڕاستەقینەیە.

**بەڵام ڕق** لە دڵ گرتن تەنیا دڵی خۆت تەنگ دەکات و هەستی نا ئارامیت پێ دەبەخشێت و زیانەکەشی هەر تەنیا بۆ خۆتە.

**خۆشەویستی** هەستێکە دەردەبڕدرێت هەرگیز لە دڵ هەڵناگیرێت وەک کۆترێکی جوان وایە دەبێت ئازاد بێت و لە ئاسمانی بەختەوەری لە شەقەی باڵی بدات تا هەمووان ببینن و لە جوانییەکەی سوودمەندبن.

**ڕق هەستێکە** لە دڵ هەڵدەگیرێت، وەک ئاژەڵێکی دڕندە وایە دەبێت بکوژرێت یان بەند بکرێت نەکا ئازاد بێت و زیان بە خۆت و دەوروبەریشت بگەیەنێت.

# کینە لەدڵ گرتن نایەڵێت بچیتە بەهەشتەوە

**تاکە مەرجی** چوونە ژوورەوە بۆ ناو بەهەشت، ئەوەیە نابێت هیچ کینەیەك لە دڵت مابێت، دەبێت هەر لەم دنیایە دڵ و دەروونی خۆت پاک بکەیتەوە.
**هەر ڕقێکت** لە دڵ داناوە، یان هەر کینەیەکت لە دڵ گرتووە، یان هەر ئیرەییەکت هەیە، پێویستە لە دڵ و دەروونت دەربکەیت و خۆت پاک بکەیتەوە لەهەموو خوویەکی خراپ، تا ئامادەبیت بۆ چوونە ناو بەهەشت.
**چوونە ژوورەوە بۆ ناو بەهەشتی یەکەم**، دڵی مرۆڤەکانە ئەویش لە ڕێگەی بەدەستهێنانی خۆشەویستییەوەیە، ئەمەش هەر لەم دنیایە ڕوودەدات.
**چوونە ژوورەوە بۆ ناو بەهەشتی دووەم**، بەهەشتی ڕاستەقینەیە، ئەویش لە ڕێگەی ڕەفتارەکانتەوەیە، ئەمەش لەو دنیا ڕوو دەدات.
**ئەوەی کینە لە دڵە** هەمیشە نا ئارام و بێ ئۆقرەیە، چونکە ئەو کینەیە پەروەردەی دەکات، دەبێت بە کەسایەتی و لە هەموو ژیانی دەردەکەوێت و لە ڕووخساریشی ڕەنگ دەداتەوە.
**کە حەز بە نزیک بوونەوەی کەسێک ناکەیت**، یان دەتەوێت لە هاوڕێیەکی چەند ساڵەت دوور بخەیتەوە، یان خزمێک، ئەمە واتای ڕق و کینە ناگەیەنێت، واتە ئێوە دانتان بەیەکەوە ناکوڵێت و خاڵی هاوبەشتان کەمە.
**نەبوونی خاڵی هاوبەش**، دەبێت بەهۆی خراپ لە یەکترگەیشتن، دەبێت بەهۆی دڵ ئێشان و دڵ ڕەنجانی بەردەوام، بۆیە دوورکەوتنەوە باشترین چارەسەرە.

## خۆشەویستی بێ هۆ

**مرۆڤ هەیە** یەکەم جارتە دەیبینیت، بەڵام هێندە بە دڵت ئاشنایە وەک ئەوەی تەمەنێک پێکەوە بن، بێ هیچ هۆکارێك دەچێتە دڵتەوە و خۆشتدەوێت، ئەم خۆشەویستیە پێی دەگوترێت خۆشەویستی بێ هۆ.
**خۆشەویستی بێ هۆ**، پاکترین جۆری خۆشەویستییە، چونکە بێ هیچ هۆکار و پاڵنەرێک دروست دەبێت و هەستی شادی دەبەخشێتە هەردوولا.
**خۆشەویستی بێ هۆ**، لەگەڵ هەردوو ڕەگەز ڕوودەدات و لە ئەنجامدا بەختەوەری ڕاستەقینە بەدوای خۆی دێنێت.

## ڕووخسارێکی ناڕێک، بە واتای دڵێکی ناڕێک نایەت

**بۆ باشـی و خراپـی** ناکرێـت بڕیـار لەسـەر ڕووکەش بـدەین، ڕووخسـارێکی ناڕێک بە واتای هەبوونی دڵێکی ناڕێک نـایەت، ڕووخسـارێکی جـوانیش بە واتای هەبوونی دڵێکی جوان نایەت.

**بـۆ خۆشەویسـتی** نابێـت بڕیـار لەسـەر ڕووخسـار بـدەین و دڵ فەرامـۆش بکەیـن، چـونکە ئەوەی لە ڕووکەش دەبینرێـت شـتێکە و ئەوەی لە نـاوەوە دەگوزەرێت شتێکی دیکەیە.

ئەوەی لە ڕووخسار دەبینرێت مەرج نیە هەمان ئەو شتە بێت کە لەناو دڵدایە.

**هەندێک شت هەیە هەڵبـژاردەی خـودی مـرۆڤ خـۆیەتی**، وەک ڕەفتـار و هەڵسوکەوتەکانی کە لە ڕووخسار دەرنـاکەون، چـونکە کـاری دڵ و ژیـرین، **هەنـدێک شـتیش هەیە هەڵبـژاردەی خـودی مـرۆڤ نیـیە**، وەک جـوانی ڕووخسـار و جەسـتە، بـۆیە ڕووکەش ناتوانێـت نـاوەوەی مـرۆڤ دەرخـات، چونکە هەڵبژاردەی خودی مرۆڤ نیە.

## خۆشەویستی چاوساغانە و خۆشەویستی کوێرانە

**خۆشەویستی کوێرانە**، پەیوەندییەکی سۆزداری نا بەرپرسیارانەیە، بێ گوێدان بە خەونەکانی یەکتر.

**خۆشەویستی چاوساغانە**، پەیوەندییەکی بەرپرسانەی پڕ هەڵویست و شانازییە لەهەموو قۆناغەکانی ژیان.

**خۆشەویستی** تەنیا هەست نییە بۆ بەرامبەر، بەرپرسیارەتی و هەڵسوکەوت و ڕێزگرتنە.

**خۆشەویستی** تێگەیشتنە لەهەموو ئەو شتانەی، بەرامبەرت حەزیان پێیەتی و لای گرنگە.

**خۆشەویستی** هەڵوێست نواندن و بەرپرسیاربوونە لە ئاست هەموو ئەو ڕووداوانەی دێنە پێش بەخۆشی و ناخۆشییەوە.

**خۆشەویستی** نرخدانانە بۆ هەموو ئەو شتانەی بەرامبەرت لای بەنرخن.

**خۆشەویستی** گرنگیدانە بۆ هەموو شتێکی بەرامبەرت بەوانەی پێی خۆشە و بەوانەش پێی ناخۆشە.

## دڵی باش، پێویستی بە هەستێکی باش هەیە

**ئەوەی خاوەن تەندرووستییەکی باشە** هەر ئەو کەسەیە پێشتر تووشی نەخۆشی گەورەبووە، بەڵام بەرگەی گرتووە و بووە بە خاوەن تەندرووستییەکی باشتر.

**بۆ تەندرووستییەکی باش** پێویستت بە تێگەیشتنە لە جەستەت، چی باشە بۆی و چی خراپە بۆی، جەستەی دروست پێویستی بە خواردنی دروست هەیە، تەنی دروست بخۆ، تا تەندروست بیت،

**بۆ خۆشەویستیش هەمان شتە:**

ئەوەی خاوەن دڵێکی باشە هەر ئەوەیە، پێشتر خاوەن دڵێکی شکاوبووە، بەڵام بەهۆی بەرگەگرتن و هیواوە بۆ پەیوەندییەکی باشتر تێکۆشاوە لە کۆتایی خۆشەویستی ڕاستەقینەی بەدەست هێناوە.

**بۆ دڵێکی باش** پێویستت بە تێگەیشتن هەیە لە هەستەکانت، کێ باشە و چی خراپە.

**دڵی باش** پێویستی بە هەستێکی باش هەیە، تا بەرهەمەکەی بێت بە خۆشەویستی.

**خەڵکت خۆشبوێت** لە دڵەوە، تا خەڵکیش تۆی خۆشبوێت لە دڵەوە.

# ڕێگەکانی دەرچوون لە عەشق

**سێ ڕێگە هەیە بۆ ئەوەی واز لە عەشق بێنیت:**

**ڕێگەی یەکەم:** دوای شکست لە عەشق، بەجارێک پشت لەهەموو پەیوەندییەک بکەیت کە لە مرۆڤت نزیک دەکاتەوە و گۆشەی تەنیایی بگریت و دوورکەویتەوە لەهەرچی بوونەوەر و هەموو کەس فەرامۆش بکەیت تەنانەت خۆشت.

**ڕێگەی دووەم:** دوای شکست لە عەشق، بە گڕوتینێکی زۆرەوە دیسان هەڵسیتەوە سەرپێ و تەکان وەبەرخۆت بدەیت، نەک هەر دەستی عەشقێکی تازە بەڵکو دەستی سەدانی دیکە بگریت و هەرچی ڕێگە هەیە بگریتە بەرو ڕاست و چەپ بکەویتە ناو عەشق بۆ ئەوەی عەشقەکەی پێشتر بسڕیتەوە و  نەوەستی تا دەگەیت بە وەڕس بوون لە عەشق.

**ڕێگەی سێیەم:** دوای شکست لە عەشق، هەموو شکستەکان وەک ئەزموونێک قەبوڵ بکەیت و لە ڕاستەقینە ڕانەکەیت و شکستیش بە بەشێک لە هەنگاوەکانی سەرکەوتنت بزانیت و هەنگاو بنێیت بۆ پەیوەندییەکی باشترو ژیانێکی جوانتر.

## خۆشەویستی واتە کردنەوەی دەرگەی دڵ بە ڕووی دونیا

**جـوانترین** ڕووداو لە ژیـانی مـرۆڤ ڕووبـدات خۆشەویسـتییە، ئەو ڕووداوە هێندە ڕاچڵەکێنە، وەک زیندووکردنەوەی مردوو وایە.

**خۆشەویستی** لە ڕەگ و ڕیشەوە ژیانت دەگۆڕێت، جـارێکی دیـکە سـەر لە نوێ گیان وەبەر لاشەت دەخاتەوە، وزەیەکی ئاسـمانی دەخـاتە نـاو دڵـت و هێزێکی مەزن بە جەستەت دەبەخشێت.

**کە خۆشەویستی** گەیشتە ناو دڵت، دڵت پڕ دەبێت لە ئارامی و پـڕ دەبێـت لە هەست و سۆز.

**کە خۆشەویستی** کەوتە ناو دڵت، دڵت بەڕووی هەموو جیهان دەکرێتەوە و هەموو خەڵکت خۆشدەوێت.

**کە خۆشەویسـتی** گەیشـتە نـاو دڵـت، تەواو ئـازاد دەبیـت، هـیچ کـۆت و بەندێک نامێنێت و دڵت لە خەم و لە ئازار ئازاد دەبێت بۆ هەمیشە.

**خۆشەویستی واتە:** کردنەوەی دەرگەی دڵ بەڕووی هەموو دونیا.

**خۆشەویستی واتە:** خۆشویستنی خەڵک بە باش و خراپییەوە.

**خۆشەویستی واتە:** خۆشی بینین لەهەموو شت بە جوان و ناشیرینیەوە.

**خۆشەویستی واتە:** چێژ بینین لە ژیان بە خۆشی و ناخۆشییەوە.

## له خۆشەویستی درۆزنانە تۆ ئامانج نیت تۆ هۆکاریت

**خۆشەویستی درۆزنانە**، جۆرێکە لە خۆشەویستی بۆ بەدەستهێنانی مەرامێک بەناوی خۆشەویستییەوە ئەنجام دەدرێت، بەڵام هیچ پەیوەندی بە خۆشەویستییەوە نیە.

**خۆشەویستی درۆزنانە** هێندەی ووشە دەربڕینە، هێندە هەست و سۆز نیشاندان نیە.

**خۆشەویستی درۆزنانە**، ئامانج گەیشتن نیە بە تۆ، گەیشتنە بەشتێک لەڕێگەی تۆوە.

**لە خۆشەویستی** درۆزنانە، تۆ ئامانج نیت تۆ هۆکاریت.

**لە خۆشەویستی** درۆزنانە، تۆ نیت شتێک لە تۆ هەیە.

**لە خۆشەویستی** درۆزنانە، تۆ نە یەکەم کەسیت و نە کۆتا.

**لەخۆشەویستی** درۆزنانە، تۆ تا ئەو سنوورە هەیت، کە شتێک لە تۆ ماوە بەرامبەرت هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات، جا ئەو شتە دەکرێت جوانی، سامان، ناوبانگی تۆ بێت، بە نەمانی ئەو شتە خۆشەویستیش نامێنێت.

## لەڕێگەی خۆشەویستییەوە دەگەیت بە عەشق

**لەڕێگەی خۆشەویستی بەرامبەرەوە** دەست بەسەر دڵی خۆت دادەگریت و جارێکی دیکە دەبیتەوە بە خاوەنی خۆت.
**لەڕێگەی خۆشەویستی خۆتەوە** دەستبەر دڵی خۆشەویستەکەت دادەگریت و دەبیت بەخاوەنی خۆشەویستەکەت.

**واتە:**
**لەڕێگەی خۆشەویستی خۆتەوە،** دەگەیت بەخۆشەویستەکەت.
**لەڕێگەی خۆشەویستەکەشتەوە،** دەگەیت بە عەشق.
**لەڕێگەی عەشقیشەوە،** خۆت و خۆشەویستەکەت لە دەست دەدەیت.
**لە کۆتاییدا** هەردووکتان دەبن بە هی عەشق و دەست بە تاڵ لێی دەردەچن.

## بۆیە تۆم خۆشدەوێت، چونکە تۆ تەنیا هی منی

**هەمـوو** ئەو کەس و شـتانەی تـایبەت هـی تـۆن خۆشەویسـترن لات، هەر بۆیەش تا ئێستا لات ماونەتەوە و پارێزگاریت لێکردوون.

**ماهیەتی خۆشەویستی** خاوەنداریەتییە، من بۆیە تۆم خۆشـدەوێت، چـونکە تۆ تەنیا هی منی، تۆ بۆیە منت خۆشدەوێت، چونکە من تەنیا هی تۆم.

**ئەو** شتەی هاوبەشی تیایدا خۆشەویستیت کەمترە بـۆی، لەچاو ئەو شـتەی کە تایبەتن بە هی تۆ، هاوسەرەکەی خۆت خۆشتردەوێت زیـاتر لە ئـافرەتی دیکە، چونکە ئەو تایبەت هی تۆیە، منـداڵەکانی خـۆت لە منـداڵی خەڵکـی دیکە خۆشتردەوێت، چونکە ئەوان تایبەت منداڵی تۆن، دایکت و خوشک و براکانت بەهەمان شێوە.

**مـــن لەڕێـــگەی خۆشەویســـتییەوە** خـــاوەنی تـــۆم، تـــۆش لەڕێـــگەی خۆشەویستییەوە خاوەنی منی.

**من بە بۆنەی تۆوە** خۆشەویستی و ئەم ژیانە جوانەم هەیە، تـۆش بەبـۆنەی منەوە خۆشەویستی و ئەم ژیانە خۆشەت هەیە.

# عەشق واتە ١ + ١ = ١

لە پەیوەندی خۆشەویستی یەک جار دڵت بشکێت و بڕۆیت،
باشترە لە ژیانی هاوسەرگیری هەموو ڕۆژ دڵت بشکێت و بمێنیتەوە.



## بازنەکانی کەسێتی

**هەر مرۆڤێک (پێنج) بازنەی گرنگ لە ژیانیدا هەیە:**

**بـــازنەی یەکەم: بـــازنەی کـــەسی**، بـــریتییە لە گرنگیـــدان بە تەندروســـتی جەســـتەیی و گیـــانی خـــۆت، لەڕێـــگەی خـــواردنی بـــاش و پەیوەنـــدی بـــاش، سنووردانان بۆ هەرکەس و شتێک ئارامی ئەو بازنەیە کەسیت تێکبدات.

**بـــازنەی دووەم: بـــازنەی خـــێزان**، بـــریتییە لە پەیوەنـــدی خۆشەویســـتی و بەرپرسیارەتی لەگەڵ ئەنـدامانی نـاو خێـزانەکەت و پارێزگـاریکردن لێیـان و هاوکاری کردنیان لە کارەکانی ناو ماڵ و دەرەوەی ماڵ.

**بازنەی سێیەم: بـازنەی خـزم و ناسـیاو**، بـریتییە لە کەس و کـاری دایـک و باوک لەگەڵ دایک و باوکی هاوسەر، ئەویش بە سەردانیکردن، یـان نوانـدنی خۆشەویستی و ڕێز بۆیان.

**بـــازنەی چـــوارەم: بـــازنەی هـــاوڕێیەتی**، بـــریتییە لە گرنگیـــدان لەڕێـــگەی خۆشەویستی و بەخشینی کات بە گوێرەی دەرفەت، لەهەمان کاتـدا تـێکەڵ نەکردنی ئەم بازنەیە بە بازنەکانی دیکە.

**بازنەی پێنجەم: بازنەی کۆمەڵگە**، بـازنەیەکی گشـتی بەرژەوەنـدیخوازانەیە، بریتییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ تاکەکان لەسەر بنچینەی سوود و قازانج.

# زەمەن دڵ شکانیش سارێژ دەکات

**لە پەیوەندی خۆشەویستی** یەکجار دڵت بشکێت و بڕۆیت، باشترە لە ژیانی هاوسەرگیری هەموو ڕۆژ دڵت بشکێت و بمێنیتەوە.

**بە پێی کات** دڵشکانی ناو خۆشەویستی سارێژ دەبێت، وەک ئەوەی هیچ شتێک ڕووی نەدابێت، بەڵام کات ناتوانێت ئازاری ناو ژیانی هاوسەرگیری سارێژبکات، تا پەیوەندی هاوسەرگیری نەپچڕێت ئازار کۆتایی نایەت.

**چۆن هاوسەرگیری** بەهۆی گەیشتنی دوو کەس لە ڕێگەی جەستە و گیانەوە چێژی تایبەتی خۆی هەیە، جیابوونەوەش بەهۆی دوورکەوتنەوەی دوو کەس لە ڕێگەی جەستە و گیانەوە چێژی تایبەتی خۆی هەیە.

**لە هاوسەرگیری** چێژی ئاوێتە بوون و دڵ ڕاگرتن و گرنگیپێدان دەبینیت.

**لە جیابوونەوەش** چێژی ئازادی و کۆتایی هێنان بە دڵ شکان و ئازار دەبینیت.

**چۆن مرۆڤ** ئازاد و سەرپشکە لە بڕیاری هاوسەرگیری کاتێک کەسێکی بە دڵە.

**ئازاد و سەرپشکە** لە جیابوونەوەش، کاتێک پەیمانەکانی هاوسەرگیری نایەتەدی و دڵ شکان ڕوودەدات.

# مرۆڤ بەردەوام لە نوێ بوونەوەدایە

**مرۆڤ** لە هەردوو ئاستی گیانی و جەستەیی لە نوێبوونەوەی بەردەوام دایە.

**لەسەر ئاستی جەستە**، بەهۆی لە ناوچوونی خانە کۆنەکان و لەدایک بوونی خانەی تازەی پێستەوە خۆی تازە دەکاتەوە.

**لەسەر ئاستی گیانی**، مرۆڤ سیفەتی بیرچوونەوەی هەیە، بۆیە خۆشەویستە کۆنەکەی بەهۆی **دابڕان** و بگرە خۆشەویسترین کەسی خانەوادەکەشی بەهۆی **مەرگەوە** بیردەچێتەوە و ژیان بەردەوام دەبێت.

**پێستی مرۆڤ** بەردەوام لە نوێ بوونەوەدایە، بە گوێرەی ئاستەکانی تەمەن شێوازی نوێبوونەوەی خانە مردووەکانی پێستی مرۆڤیش دەگۆڕێن.

**پێستمان** بەردەوام لە خۆنوێکردنەوەدایە بۆ نەهێشتنی خانە مردووەکان و لە دایکبوونەوەی خانەی تازە.

**دڵی مرۆڤیش** بەردەوام لە گۆڕانکاری دایە، بە سڕینەوەی پەیوەندییە کۆنەکان و ناسینی کەسی نوێ و نەخشاندنی ناوی تازە لەسەر دڵ.

**مرۆڤ بەهێزترە** لەوەی ژیانی خۆی بە تاکە مرۆڤێک ببەستێتەوە و بە نەگەیشتنی بەو مرۆڤە کۆتایی بە هەموو ژیانی بێنێت.

**کۆتایی هاتنی** هەر پەیوەندییەکی خۆشەویستی، سەرەتایە بۆ پەیوەندییەکی تازەی خۆشەویستی.

**مرۆڤ ناچارنییە** لەگەڵ ڕابردوو بژیت، مانەوە لە ڕابردوو مانەوەیە لە دۆزەخێک کە خۆت بۆ خۆتت ساز کردووە، لە کاتێک یەک هەنگاو ئەولاتر دەرگەی ژیانێکی تازە بە ڕووت کراوەتەوە.

# کێ هەمیشە لە عەشق تەنیا دەمێنێتەوە

**دوو جۆر کەس هەن هەمیشە تەنیا دەمێننەوە.**
**یەکەم:** کەسێک کە زۆر ئاسانە و زوو عاشق دەبێت.
**دووەم:** کەسێک کە زۆر توندە و درەنگ عاشق دەبێت.

**ئەو کەسەی کە زوو عاشق دەبێت، کەسێکی زۆر ئاسانە،** هەر کەس بیەوێت دەتوانێت بە ئاسانترین شێوە دڵی ببات و لەگەڵ هیچ کەس بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام نابێت و هەمیشە لەگەڵ خۆی تەنیا دەمێنێتەوە.

**ئەو کەسەش کە درەنگ عاشق دەبێت، کەسێکی زۆر توندە،** هیچ کەس ئامادەنییە چاوەڕێی بکات و ماوەیەکی زۆر بمێنێتەوە تا دەرگای دڵی بۆ بکاتەوە، لە کۆتایدا ئەویش هەمیشە لەگەڵ خۆی تەنیا دەمێنێتەوە.

**لە عەشق** نە هێندە ئاسان بە هەر کەس هات و دڵت ببات، نە هێندەش توندبە کەس نەوێرێت نیگایەکت بۆ بکات.
**نە هێندە ئاسان بە** هەرچی نیگایەکی بۆ کردی دڵت ببات، نە هێندەش توندبە هەرچی هات و لە دۆزەخی (ئا) و ( نا) لە چاوەڕوانیدا بیهێڵیتەوە.

# کەسانێک هەن سوودی خراپ لە باشیت وەردەگرن

**هەندێک جار وا پێویست دەکات** خۆت خراپ دەربخەیت، تا ئەوانەی نیازێکی خراپیان هەیە لێت دوور بکەونەوە.
**هەندێک جار وا پێویست دەکات** لە مرۆڤ دووربکەویتەوە و گوێ لە کەس نەگریت تەنانەت لە دڵی خۆشت، بۆ ئەوەی بە ئارامی شەو سەر بخەیتە سەر سەرین و بێ خەیاڵ بخەویت.
**کەسانێک هەن** سوودی خراپ لە باشیت وەردەگرن و خراپەت بەرامبەر ئەنجام دەدەن.
**هەندێک جار وا پێویست دەکات** نواندن بکەیت و وەک کەسێکی خراپ خۆت دەربخەیت، تا ئەوانەی نیازێکی خراپیان هەیە زوو لێت دوور بکەونەوە.
**کەسانێک هەن** لە دڵ ناسکیت کەڵکی خراپ وەردەگرن و دڵت دەشکێنن.
**کەسانێک هەن** دەیانەوێت بەناوی خۆشەویستییەوە، لەڕێگەی تەنیا سڵاوێک ببن بەهاوبەشی ژیانت و هەموو تەمەنت لەگەڵ دابەش بکەن.
**کەسانێک هەن** بەناوی خۆشەویستییەوە کە دێنە بەردەمت هێندە لێت نزیک دەبنەوە ڕێگە لە هەناسەدانت دەگرن، دەست دەخەنە ناو تەواوی ژیانت و یاری بە هەست و سۆزت دەکەن.
**کەسانێک هەن** لە ووشەی خۆشەویستی سوودی خراپ وەردەگرن و وەک دیکتاتۆرێک دەیانەوێت ژیانت داگیر بکەن، خۆیان دەکەن بە خاوەنی هەموو ئەو دەستکەوتانەی کە چەندین ساڵە بە فرمێسک و ئارەقە و شەونخونی بەرهەمت هێناون.
**پەیوەندی حەز و هاوڕێیەتی و خۆشەویستی و هاوسەرگیری** لەسەر بنچینەی تێگەیشتن دروست دەبێت و بەردەوام دەبێت، ئەگەر هەر

لەسەرەتاوە هاوسەرگیری بە مەرج نەگیرا و دواتریش زۆر لێکردن ڕوویدا بێ ڕەزامەندی بەرامبەر، دەبێت بە جۆرێک لە خراپ بەکارهێنانی پەیوەندی و هەوڵێک بۆ خۆ ساغ کردنەوە و هەنگاوێکیش لە بەزاندی سنووری ئازادی تاکە کەسی.

**گەر پرۆسەی هاوسەرگیری** بە مەرج نەگیرا لە سەرەتای دروستبوونی پەیوەندییەوە، تۆش لە ناوەڕاستی پەیوەندی بەناوی خۆشەویستییەوە پێداگیری بکەیت بۆ گەیشتن لەڕێگەی هەڕەشەی خۆ کوشتن و خۆ لە ناوبردن، تۆ ئەوکات هەر لە سەرەتاوە هەڕەشەی کوشتن و لەناوبردنی ئازادییەکانی بەرامبەرت کردووە و بڕیاری لەباربردنی خۆشەویستی و خەونەکانی ئەوت داوە لەپێناو حەزی خۆت بۆ هاوسەرگیری.

**نە تۆی ئافرەت** خۆت ساغ بکەوە بەسەر هیچ کەس و نە ئەوەی پیاویش بەزۆر پیلی هیچ کەس بگرێت بۆ ناو ژیانی هاوسەرگیری زۆرەملێ، نە تۆ کەلوپەلێکیت لە ترسی ماوە بەسەرچوونت خۆت ساغ بکەیتەوە بەسەر هیچ کەس و نە ئەویش بازرگانە تا مرۆڤێک بکات بە قوربانی خۆی لەپێناو حەزی هاوسەرگیری، کە وەک دەستکەوتێکی کۆمەڵایەتی چاوی لێ بکات.

**پرۆسەی هاوسەرگیری** پرۆسەیەکی ئارەزوومەندانەی دوو لایەنەیە لەسەر بنچینەی مەرج و ڕەزامەندی دروست دەبێت.

**هاوسەرگیری** بەزۆر، یان بەهۆی خۆشەویستی دروست نابێت، هاوسەرگیری لەسەر کۆڵەگەی تێگەیشتن و ڕێزگرتن وەستاوە، نەک خۆشەویستی، خۆشەویستی دوای هاوسەرگیری دەستپێدەکات، نەک پێش هاوسەرگیری.

**خۆشەویستی پێش هاوسەرگیری** بۆ دەرچوونە لە ترسی تەنیایی و خۆشەویستی دوای هاوسەرگیریش بۆ مانەوەیە لەگەڵ یەکتر بۆ هەمیشە.

## گرێدانی پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ

**خودا** مرۆڤی بە بۆنەی خۆشەویستی خۆیەوە دروستکرد، تا مرۆڤیش ئەو خۆشەویستییە لە قسە و ئاکارەکانی ڕەنگ بداتەوە و دەوروبەری پێ ڕووناک بکاتەوە، بەڵام هەندێک کەس بەناوی عەشقەوە ئەو خۆشەویستییەیان بۆ مرۆڤ گەیاندە ئەوپەڕی تا ڕادەی پەرستن و سروشتی مرۆڤ بوونی خۆیان لە بیرکرد و زیادەڕەوییان کرد و هەموو سنوورێکیان بەزاند لە بەخشینی خۆشەویستی بۆ مرۆڤ.

هەموو ئەو عاشقانەی کە بەیەک نەگەیشتوون بەهۆی زیادەڕەوی بووە لەبەخشینی خۆشەویستی و بە فیڕۆدانی تەواوی وزەی ناوەکییەکانی مرۆڤ، لە کۆتایدا بە کوشتی داون، یان دووری خستوونەتەوە لەیەکدی بەهۆی دابڕانەوە.

**خۆشەویستی** زیاد لە سنووری خۆی، مەترسی دەخاتە سەر ژیانی عاشق و مەعشوق و بە کارەسات کۆتایی بە ژیانی هەردووکیان دەهێنێت.

خۆشەویستی مرۆڤ بۆ مرۆڤ کە زۆربوو، هۆگربوون گەیشت بە ڕادەی پەرستن ئەوکات هاوکێشەی پەیوەندییەکان دەگۆڕێت، بەگرێدانی پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ دەست پێدەکات و بە پچڕانی پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ خودا کۆتایی دێت.

# ئەو وزەیەی خۆشەویستی بەرهەم دەهێنێت

**پیاو کە بەتاڵ بویەوە لە حەز و ئارەزوو**، ژنیش کە تێربوو لە هەست و سۆز جا دەبنەوە بە مرۆڤێکی تەواو.

**ئەو پیاوەی پڕە لە حەز و ئارەزوو**، تا خۆی بە تاڵ نەکاتەوە و خۆی ڕزگار نەکات لە ژێر وروژم و پاڵەپەستۆی حەز و ئارەزووەکانی، ناتوانێت باش بیربکاتەوە و بەرهەمی باشی هەبێت.

**ئەو ژنەش بەتاڵە لەپێدانی هەست و سۆز**، تا کەسێک باوەشی خۆشەویستی بۆ نەکاتەوە و تێری نەکات لە هەست و سۆز، ناتوانێت باش بیربکاتەوە و بەرهەمی باشی هەبێت.

**کاتێک پیاو** حەز و ئارەزووەکانی وروژمی بۆ دێنن، هاوسەنگی خۆی لەدەست دەدات و ژیری لەکار دەکەوێت، نە دڵی دەتوانێت خۆشەویستی ڕاستەقینە ئەنجام بدات و نە عەقڵیشی دەتوانێت بیرکردنەوەی بەرهەمداری هەبێت، چونکە ڕێگە لە دڵ و عەقڵی گیراوە و کەوتوونەتە ژێر دەستی حەز و ئارەزووەکانی.

**کاتێکیش ئافرەت** هەست و سۆزی پێ نادرێت و باوەشێک شک نابات، تا ببێت بە مایەی گرنگیپێدانی، دڵی دەکەوێتە ڕێگەی هەڵەوە و ژیریشی لە کاردەکەوێت، نە دڵی دەتوانێت خۆشەویستی ڕاستەقینە بدۆزێتەوە، نە عەقڵیشی دەتوانێت بیرکردنەوەیەکی بەرهەمداری هەبێت، چونکە لەو وزەیە بێ بەشکراوە، کە خۆشەویستی بەرهەم دەهێنێت و ئەو هۆکارەشی لێ سەنراوەتەوە، کە جولە دەخاتە ناو عەقڵییەوە.

## هاوسەنگی خۆشەویستی ڕابگرە

**چۆن خۆشەویستی** کەسێک، کە گەیشت بە ئاستی پەرستن بە فیڕۆدانی خۆشەویستییە، بەهەمان شێوەش خۆشەویستی کەسێک، کە تۆی خۆشناوێت بەفیڕۆدانی وزەی خۆشەویستییە.

**زیادە ڕەویکردن** لە خەرجکردنی هەر شتێک خراپەی لێ دەکەوێتەوە، تەنانەت لە خۆشەویستیش.

**چۆن خەرجکردنی** پارەیەکی زۆر، مایەپووچ بوونی دارایی لێ دەکەوێتەوە و بە هەژاربوون کۆتایی پێ دێت.

**خەرجکردنی** هەست و سۆزی زۆریش مایەپووچ بوونی خۆشەویستی لێ دەکەوێتەوە و بە ڕق کۆتایی پێ دێت.

**بە ئەندازەی** ئەو خۆشەویستییەی، کە بەرامبەرت بۆ تۆ هەیەتی، تۆش بەهەمان ئەندازە خۆشەویستی دەربڕە.

**نە هەست** و سۆزت هێندە کەم بێت، خۆشەویستی دابەزێت بۆ ئاستی هاوڕێیەتی، نە هەست و سۆزیشت هێندە زۆر بێت، خۆشەویستی بگات بە ئاستی پەرستن.

هاوسەنگی خۆشەویستی ڕابگرە لەنێو دڵت، تا هاوسەنگی خۆشی تێک نەچێت لەناو ژیانت.

# کەسانێک لە یەکەم بینین خۆشمان دەوێن

**بێ هۆ نیە** کەسانێک لە یەکەم بینین خۆشمان دەوێن و کەسانێکیش لە یەکەم بینینەوە ناکەونە ناو دڵمانەوە.
**ئەوە تۆ نیت،** بڕیار دەدەیت لەسەر ئەوەی کێت خۆشبوێت و ڕقیشت لە کێ بێتەوە، ئەوە دڵی کەسەکانە.
**گەر دڵیان پاک و بێ کینە بوو،** ڕاستەوخۆ وزەی خۆشەویستی دەخەنە ناو دڵی تۆ و تۆش خۆشتدەوێن و بە بینینیان دڵخۆش دەبیت.
**گەر دڵیشیان هەڵگری کینەبوو** ڕاستەوخۆ وزەی خراپ دەخەنە ناو دڵی تۆ و دڵی تۆش ڕەق دەبێت و بە بینینیان دڵ تەنگ دەبیت.
**زمان نمایندەی** ئاستی ڕۆشنبیری مرۆڤەکان دەکات و مرۆڤ لەڕێگەی قسەکانییەوە نیازەکانی ناو دڵی دەردەبڕێت و کەسایەتی خۆی دەردەخات.
**مرۆڤ** چەند زیاتر قسە بکات، زیاتر ئاستی خۆی دەردەخات و زیاتر جۆری کەسایەتی خۆی نمایش دەکات، کاتێکیش هیچ نهێنییەک نەماو هەموو شتێکی ئاشکرابوو، هیچ کەسی بە دەوروبەرەوە نامێنێت، چونکە نهێنییەک نەماوە تا مرۆڤەکان بەدوای زانینیەوە بمێننەوە.
**مرۆڤ** چەند بێ دەنگتر بێت، هێندەی دیکە بە نهێنی دەمێنێتەوە، کاتێکی زۆرتر لە دەورەی دەمێننەوە و لێی نزیك دەبنەوە، تا لەڕێگەی قسەکانییەوە بگەن بە ڕاز و نیازەکانی ناو دڵی و نهێنییەکانی ناو ژیانی ئاشکرا بکەن.

# تەنیایی باشترە لە خۆشەویستی

**تەنیایی** باشترە لە خۆشەویستی، لە تەنیـایی نە ئومێـدی گەیشـتن بەکەسـت هەیە، نە ترسی لە دەستدانی هیچ کەس.
**لە خۆشەویسـتی** هەمیشـە ترسـی لە دەسـتدان و ئومێـدی بەیەکگەیشـتنی کەسێک نایەڵێت تاوێک پشوو بدەیت.
**تەنیایی** باشترە لە خۆشەویستی، لە تەنیایی خۆت خۆتی و لە خۆشەویسـتی خۆت ئەویت.
**لە تەنیـایی** بـۆ دڵـی خـۆت دەژیـت و لە خۆشەویسـتی بـۆ ڕاگرتنـی دڵـی کەسێک دەمریت.
**تەنیـایی** پـڕە لە ئـارامی، نە خەمـی کەسـتە و نە کەسـیش خەمـی تـۆیەتی، خۆشەویستی پڕە لە بێ ئۆقرەیی، خەمی کەسێکتە، کە هەمـوودەم خەمـی خۆیەتی.
**تەنیایی** سەختە، بەڵام خۆشەویستی سەخترە.
**مرۆڤەکان** وات لێ دەکەن تەنیا بیت، بەڵام وات لێ ناکەن خۆشیانبوێیت.
**تەنیـایی** تەنیـا لە خەڵکـت دادەبڕێنێـت، بەڵام خۆشەویسـتی لە خـۆت و خەڵکیشت دادەبڕێنێت.
**تەنیایی واتە:** دڵ و دەروونت ئاوەدان و دەوروبەرت چۆڵ.
**خۆشەویستی واتە:** دەوروبەرت ئاوەدان و دڵ و دەروونت چۆڵ.

# خراپترین جۆری مرۆڤ

**خراپترین جۆری مرۆڤ**، ئەوانەن دەیانەوێت هەموو شت بە دڵی ئەوان بێت.
**ئەو جۆرە مرۆڤانە** هێندە خۆپەرستن تەنیا ئەو شتانە پەسەند دەکەن، بە دڵی خۆیانە و ئەوانەش بە دڵی ئەوان نییە ڕەتی دەکەنەوە.
**مرۆڤی خۆپەرست** تا ئەو شوێنە لەگەڵ تۆ دەمێنێتەوە، کە تۆ بە دڵی ئەویت، لە کوێ تۆ بە دڵی ئەو نەبوویت پەیوەندی خۆشەوستی دەپچڕێنێت و بەدوای کەسێکی دیکەوە دەڕوات.
**مرۆڤی خۆپەرست** هەموو شت لە گۆشە نیگای بەرژەوەنییەکانی خۆیەوە دەبینێت و هەر شت بکەوێتە دەرەوەی سنووری بەرژەوەندییەکانی ڕەتی دەکاتەوە، ئەگەر چاکەی ژیانی خۆشی بێت.
**مرۆڤی خۆپەرست دەیەوێت** هەمووشت ڕێک بە دڵی خۆی بێت و هیچ شتێک ناکات سوودی خۆی تێدا نەبێت، تەنانەت خۆشەویستیش.

## خۆشەویستی دەردێکی کوشندەیە

**کوشــندەترین ئــازار** ئەوەیە بەدوای کەســێک دەگەڕێــت و نایــدۆزیتەوە، بەهەمان شێوە کەسێکیش بە دوای تۆ دەگەڕێت و ناتدۆزێتەوە.
**مرۆڤەکـان** لەگەڵ ئەو کەســانە نــاژین کە خۆشــیان دەوێــن، ئەوان عاشــقی کەسانێک دەبن و لەگەڵ کەسانێکی دیکەدا دەژین.
**تــاڵترین ڕاســتی** ئەوەیە هەرگیــز ســەد لە ســەد ناگەیــت بەو کەســەی لە خەیاڵت وێنات کردووە و لە ئەندێشەت هەزاران چیرۆکت بۆ داڕشتووە.
**مەرج نیە** ئەوەی دێتە نــاو ژیانــت عاشــقی بیــت، چــونکە تــۆ پێویســتت بە گرنگیپێدان و ڕێزە نەک هەست و سۆزی خۆشەویستی.
**هەڵوەشــاندنەوەی پەیمانــی هاوســەرگیری** لای ئەوانەی خۆشەویســتی بەیەکــی گەیانــدوون زۆر زیــاترە لای ئەوانەی بە ڕێــکەوت هاوســەرگیریان ئەنجامداوە، زۆربەی کات هەڵوەشاندنەوەی پــەیمانی هاوســەرگیری بــەهۆی نەبوونی ڕێز و گرنگیپێدانەوەیە، نەك نەبوونی خۆشەویستی.
**خۆشەویستی دەردێکی کوشــندەیە،** هەر کەسێک تووشــی بێــت لەهەمــوو کەس دووردەکەوێتەوە و هەموو کەسیش لەو دوور دەکەوێتەوە و بە تەنیــا دەمێنێتەوە.

# خۆشەویستی بێ مەرجە

**خۆشەویستی بێ مەرجە**، کە منت خۆشدەوێت مەرج نیە منیش تا هەمان ئاست تۆم خۆشبوێت.
**هەوڵمەدە منیش وەک تۆبم**، مەرج نیە وەک ئەوەی تۆ منت خۆشدەوێت منیش تۆم خۆشبوێت، هێندە بەسە من خۆشەویستی تۆم قەبوڵکردووە.
**چۆن** پێویستیت بە خۆراکە بۆ گەشەی جەستە، ئاواش پێویستیت بە خۆشەویستییە بۆ گەشەی دڵ.
**کاتێک خۆراک دەخۆیت دیارە حەزت بەم جۆرە خۆراکە هەیە**، بۆیە هەڵتبژاردووە لەبەرامبەریشدا چاوەڕێیت لە خۆراکەکە بە سوودەکانی جەستەت بە هێز و ئێسکەکانت پتەوەتر بکات، بەڵام ئەم خۆراکەی دەیخۆییت ئەگەر سوودەکانی کەم بوو یان هەر نەیبوو، ئەمە واناکات تۆ نەیخۆیت و لە برسانا بمریت.
**کاتێک کەسێکت خۆشدەوێت دیارە حەزت بەم کەسە کردووە**، بۆیە دڵت هەڵیبژاردووە لەبەرامبەریش چاوەڕێی لە کەسەکە تۆی خۆشبوێت، بەڵام ئەگەر هیچ هەستێکی بۆت نەبوو مانای وانییە تۆش خۆشەویستی فەرامۆش بکەیت و دڵت لەنێو تەنیایی زیندانی بکەیت و بە ڕق دڵ و دەروونی خۆت بکوژیت.

# عەشق واتە ١ + ١ = ١

ئەوانەی خۆری عەشق لە ئاسمانی دڵیان کوژاوەتەوە
هەموو شتێک بە تاریکی دەبینن و
ژیان لای ئەوان لە تابلۆیەکی ڕەش دەچێت
هەموو ڕەنگەکانی تێدا سڕابێتەوە.



## خۆشەویستی زیاد و کەم ناکات

**هەمیشە** ئەو کەسەی ڕقی لێتە، هەر ئەو کەسەیە تۆی خۆشدەوێت.
**هەمیشە** ئەو کەسەش تۆی خۆشدەوێت، هەر ئەو کەسەیە ڕقی لێت بووە.
**خۆشەویستی** زیاد و کەم ناکات، دەگۆڕێت بۆ عەشق، یان پێچەوانە دەبێتەوە بۆ ڕق.
**ڕقیش** زیاد و کەم ناکات، دەگۆڕێت بۆ دوژمنداری، یان پێچەوانە دەبێتەوە بۆ خۆشەویستی.
**خۆشەویستی واتە:** خۆشمدەوێیت بێ زیاد و کەم.
**خۆشەویستی واتە:** خۆشم دەوێیت لەبەر خۆت، نە لەبەر ئەوەی منت خۆشدەوێت.

## نیوەی خۆشەویستی گرنگیپێدانە

**نیوەی خۆشەویستی گرنگیپێدانە**، نیوەکەی دیکەش ئازادی.

**گرنگیپێدانی** سەد لەسەد خۆشەویستی دەگۆڕێت بۆ پەرستن

**ئازادی** سەد لە سەد خۆشەویستی دەگۆڕێت بۆ تاوان.

**خۆشەویستی ڕێژەیەکی نەگۆڕی هەیە و** زیاد و کەم ناکات هەموو کات وەک خۆی دەمێنێتەوە، **ئەوەی** زیاد و کەم دەکات **گرنگیپێدان** و **ئازادییە** لەناو خۆشەویستی.

**جیابوونەوەی هاوسەران** هیچ کات بەهۆی خۆشەویستییەوە نەبووە، بەهۆی هاوسەنگی نەکردن بووە لەنێوان **ئازادی** و **گرنگیپێدان.**

**لە بەیەکگەیشتن** و لە دابڕان، خۆشەویستی هەمیشە لە کۆتاییدا هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە، ئەوەی زیاد و کەم دەکات تەنیا **گرنگیپێدان** و **ئازادییە.**

**گرنگی** پێدانی زۆرتر، خۆشەویستی نزیکتر دەکاتەوە.

**ئازادی** پێدانی زۆرتر، خۆشەویستی دوورتر دەخاتەوە.

## عەشق باڵاترین پلەی مرۆڤ بوونە

**خودا تەنیا** خۆشەویستی لە مرۆڤەکان دەوێت بۆ خۆی و بۆ یەکتر.
مرۆڤ باڵاترین بونەوەری سەر زەوییە، چونکە دەستی بە لقێکەوە گرتووە ئەویش لقی خۆشەویستی و عەشقە.
**هیچ شتێک لە عەشق باڵاتر نییە**، هەموو شتەکان دوای عەشقەوە دێن.
**عەشق** باڵاترین پلەی مرۆڤ بوونە، مرۆڤ لەم پلەیە دەستی بە ناوەڕۆکی مرۆڤبوون دەگات.
**عەشق** ناوەڕۆکی مرۆڤ بوونە، لە خۆشەویستی مرۆڤ دەگاتەوە بە مرۆڤەکەی پێش دەرکردنی لە بەهەشت.
**عەشق** بە پلەی یەکەم دێت بۆ دەوروبەرت، ئەوانی دیکە تەنیا ئارەزوون، ئارەزوو بۆ خواردن و خواردنەوە و بینین و بیستن و بەرکەوتن.
**ئەوانەی** خۆری عەشق لە ئاسمانی دڵیان کوژاوەتەوە، هەموو شتێک بە تاریکی دەبینن و ژیان لای ئەوان لە تابلۆیەکی ڕەش دەچێت، کە هەموو ڕەنگەکانی تێدا سڕابێتەوە.

# پلەکانی باڵابوون

**مرۆڤ لە بووندا لەبەردەم (سـێ) ناتەواویی دایە:**
**ناتەواوی یەکەم: دەگەڕێتەوە سەرەتایی بۆ خەڵقکردنی ڕەگەزی تۆ** بریتییە لە دروستکردنی دایکە (حەوا) لە جەستەی باوکە (ئادەم)ەوە.
**ئافرەت** تەواوکەری پیاوە، نیوە دابـڕاوەکەی ئەوە، کە پێشـتر لێـی کـرتێنراوە، لەڕێــگەی خۆشەویســتی ئەم بەیەکگەیشــتنەوە جـارێکی دیکـە دروســت دەبێتەوە.

**نـاتەواوی دووەم: دەگەڕێـتەوە بـۆ خەڵقکردنـی تـۆ لە خـۆڵ**، هەمـوو ئەو پێکهاتانەی لە جەستەی تۆ هەن، لە خاکیش هەن، کەواتە دەبێـت ئـاوێتەی خۆڵ ببیتەوە، ئەم ئاوێتەبوونەش بە مردنی تۆ دەستپێدەکات.
لەڕێگەی مردنەوە ئـاوێتەی خـۆڵ دەبیـت و دەبیـتەوە بە بەشـێک لەخـاک، لێرەوە دیسان بە پلەی باڵابوون دەگەیتەوە.
تـا لە سروشـت نزیـک بیـتەوە لە خـودی خـۆت نزیـک دەبیـتەوە، تـا لە دروســتکراوەکانی دەســتی مــرۆڤ نزیــک بیــتەوە لەبــوونی خــۆت دوور دەکەویتەوە.

**نــاتەواوی ســێیەم: دەگەڕێــتەوە ســەرەتای خەڵقکردنــی تــۆ لە (ڕۆح)ی خوداوەند**، ئەم نـاتەواویەش تەنیـا بە عەشـقی خـودایی تەواو دەبێـت و بە باڵایــت دەگەیەنێــت، لەڕێــگەی عەشــقی خوداوەنــدەوە نەبێــت هەرگیــز هەست بەبوونی تەواوی خۆت ناکەیت.
**خۆشەویستی** مرۆڤەکان پەیوەستە بە خۆشەویستی خوداوە، تەنیا لەڕێگەی عەشقی خوداوە دەگەیت بە باڵابوون.

# خۆشەویستی یەک لایەنە

**خۆشەویستی یەک لایەنە** خۆشەویستییەکی هەرزەکارانەیە، کە خۆشەویستی تێیدا کەموکورتی هەیە، بەهۆی ئامادەنەبوونی کەسی دووەم لەناو پەیوەندییەکە.

**خۆشەویستی یەک لایەنە،** خۆشەویستییەکی نا تەندروستە، چونکە لە بازنەی حەزو هۆگر بوون دەخولێتەوە و ناتوانێت پلەبەندی بکات و بپەڕێتەوە بۆ پلەی خۆشەویستی ڕاستەقینە و لەوێش بۆ عەشق.

**لە خۆشەویستی یەک لایەنە،** نەبوونی ڕەگەزی بەرامبەر نیە وەک کەس لەناو پەیوەندییەکە، بەڵکو نەبوونی (خۆشەویستی)یە لەناو دڵی خۆشەویستەکەت کە تۆ ناوت لە پەیوەندییەکە ناوە خۆشەویستی و کەچی هێشتا لە قۆناغی حەزی تاک لایەنە گیری خواردووە.

**لە پرۆسەی حەز** دەتوانیت لەیەک کاتدا حەز لە چەندین کەس بکەیت.

**لە خۆشەویستی ڕاستەقینە** لە هەموو ساڵ و مانگ و ڕۆژەکانت، هەر تەنیا یەک کەست خۆشدەوێت.

**حەز** پەیوەندییەکی ئۆرگانی یەک لایەنەیە، کەسی یەکەم حەز لە بەرامبەر دەکات بێ ئەوەی بەرامبەر بەم حەزە بزانێت.

**حەز** وەک پەیوەندییەکی یەک لایەنە تەنیا لەڕێگەی چاوەوە، بێ ئاگاداری ڕەگەزی بەرامبەر ئەنجام دەدرێت.

**خۆشەویستی یەک لایەنەش** هەمان ڕەگەزەکانی حەزی تێدایە بەهۆی یەك لایەنەبوون لە پەیوەندییەکەدا بۆیە پەیوەندییەکی هەرزەکارانەیە.

**حەز** بێ ئاگاداری بەرامبەر دێتە بەرهەم و ئەنجام دەدرێت، بۆیە ئەنجامەکەی بە نەگەیشتن کۆتایی دێت، بۆ خۆشەویستی یەك لایەنەش هەمان شتە.

## له دڵەوە بۆ دڵی بەرامبەر

**زۆرجـار** خۆشەویسـتی یەک لایەنە چەنـدین سـاڵ درێـژە دەکێشـێت و بە ئاواتی هێنانەدی خەونەکانت تەمەن دەگوزەرێنیت و کەچی هیچ شـتێکیش نەگۆڕاوە، چونکە خۆشەویستی هەر لەدڵ مـاوەتەوە و نەپەڕیـوەتەوە دڵـی بەرامبەر.

**خۆشەویسـتی یەک لایەنە،** وا دەکـات لە ژیـانی ئاسـایی دابڕێـت و واز لە هەرچی هەیە بێنیت و لە ناخەوە تێک بشکێیت.

**خۆشەویستی یەک لایەنە،** لە تەمەنی هەرزەکـاری دێـتە سـەر ڕێـگەت، کە هێشـــتا هەســـت و ســـۆزت تەواو پـــێ نەگەیشـــتووە و ئـــاوەزت تەواو نەکراوەتەوە و ژیانت تەواو ئەزموون نەکردووە.

## لە خۆشەویستی بەقەد ئەوەی دەبەخشیت دەستت دەکەوێتەوە

**ژیان مامەڵەکردنە**، ئەوەی دەبەخشیت ڕەنگە هەمان شت وەرنەگریتەوە.
**بۆ** بەدەستهێنانی زۆرترین قازانج و کۆکردنەوەی زۆرترین سامان، سەدان ڕێگە تاقی دەکەیتەوە.
**لە خۆشەویستی** تەنیا یەک ڕێگەت لەبەردەستە و چی ببەخشیت هەر ئەوەشت دەستدەکەوێتەوە، خۆشەویستی ببەخشە خۆشەویستیت دەستدەکەوێتەوە، ئەو سامانەش لە خۆشەویستی دەست دەکەوێت تەنیا بەختەوەرییە.
**لە مامەڵەی ژیان** بەهۆی چانس و گۆڕانی بازاڕ، دەگونجێت بە خێراترین کات و کەمترین هەوڵ زۆرترین سامانت دەستکەویت.
**لە خۆشەویستی** نە کەم و نە زیاد بەقەد مامەڵەی هەڵسوکەوتەکانت خۆشەویستیت دەستدەکەوێتەوە.
**لە خۆشەویستی** بەقەد ئەوەی دەبەخشیت دەستت دەکەوێتەوە.
**خۆشەویستی** لەڕێگەی گرنگیپێدان و هەڵسوکەوتەوە بەدی دێت، نەک بەهۆی گۆڕانی ژیان و هەلومەرجەکان.

## خۆشەویستی لە ئازادی لەدایک دەبێت

**خۆشەویستیش** وەک هەموو شتەکان دوو دیوی هەیە، جوان و ناشیرین، خراپ و باش.

**خۆشەویستی** لە ئازادی لەدایک دەبێت، هەر لەنێو ئازادیش چرۆ دەکات و دەگات بە پلەی عەشق.

**خۆشەویستی** بۆ ئەوەیە خۆت و خۆشەویستەکەت بگەن بە ئازادی گیان و دڵ و لە ئازاری ژیان ڕزگارتان بێت.

**خۆشەویستی** تا ئەو شوێنە خۆشەویستییە، کە دەستتان بۆ تایبەتمەندییەکانی ژیانی یەکدی درێژنەکردووە و خۆتان لە ژیانی تایبەتی یەکدی هەڵنەقورتاندووە.

**خۆشەویستی** لێرە دەبێت بە ئازار و دابڕان، کە سنوورەکانی ئازادی یەکدی ببەزێنن، لە وردو درشتی یەکتر بکۆڵنەوەو بچن بۆ بنجوبنەوانی بابەتەکان، ئەوکات ئەم پەیوەندییە دەبێت بە پەیوەندییەکی پڕ لێپرسینەوە و لێپێچینەوە لە ژیانی ڕۆژانەی یەکتر، لە گرنگیپێدان و لەیەکتر تێگەیشتن دەردەچێت بۆ قۆناغی بێزاری و دابڕان.

# هێزی خۆشەویستیت هێندەی هێزی خۆتە بەسەر خۆت

**تا تەمەنت هەڵکشێت**، باشتر تێدەگەیت، خۆشەویستی گرنگیپێدانە، نەک هەست و سۆز.
**تا تەمەنت زیاتر بێت**، چاکتر تێدەگەیت، خۆشەویستی دەبینرێت، نابیسترێت.
**تا تەمەنت بەرەو سەرتر بڕوات**، ئاسانتر تێدەگەیت، خۆشەویستی کردارە، نەک قسە.
**تا تەمەنت گەورەتربێت**، ئاسانتر تێدەگەیت خۆشەویستی واتە مانەوە لەهەموو بار و سەردەمێک.
**کە پیربوویت** و لە ئازاری بینین و بیستن ڕزگارت بوو، ئیدی گوێ و چاوی دڵت دەکرێتەوە و خۆشەویستی هەموو گیانت دادەگرێت و هەموو جیهانت خۆش دەوێت.
**هێزی** خۆشەویستیت هێندەی هێزی خۆتە بەسەر خۆت.
**تا هێزی** دەروونت زیاتر بێت، هێزی خۆشەویستیت زیاتر دەبێت و هەنگاوەکانی بەرەو عەشق خێراتر دەبڕیت.
**قەبارەی خۆشەویستی** بەرامبەرەکەت بۆ تۆ، بەقەد قەبارەی ڕەفتارەکانی تۆیە بۆ ئەو.
**تا** هەڵسوکەوتەکانت جوانتربێت، خۆشەویستی بەرامبەرت جوانتر دەبێت بۆت.
**ئەندازەی خۆشەویستی** بەرامبەرەکەت هێندەی ئەندازەی گرنگیپێدانی تۆیە بۆ ئەو.
**تا گرنگیپێدانت** زیاتر بێت، خۆشەویستی بەرامبەر زیاتر دەبێت بۆت، چونکە خۆشەویستی دارێکە بە گرنگیپێدان گەشە دەکات.

## هەمیشە خۆشەویستی براوەیە

**نـــاکۆکیش بیـــت** لەگەڵ بەرامبەرەکـــەت، بە (**خۆشەویســـتی**) دەتوانیـــت نزیکبوونەوە دروست بکەیت.

**گەر نزیکیش بیت** لەگەڵ بەرامبەرەکەت، بە (**ڕق**) دوورکەوتـنەوە دروسـت دەکەیت و ئەم پەیوەندییەش بە دۆڕاندنی خۆت کۆتایی پێ دێنیت.

بە (**ڕق**) هەڵگرتن لە ئاست ڕەفتارە خراپەکانی بەرامبەرەکـەت، تەنیـا دڵـی خۆت ئازار دەدەیت.

بە (**خۆشەویستی**) پیشاندان لە ئاسـت ڕەفتـارە خراپەکـانی بەرامبەرەکـەت، تەنیا دڵی ئەو ئازار دەدەیت.

**هەمیشە** خۆشەویستی براوەیە و ڕق دۆڕاوە.

بۆ ئەوەی هەمیشە لە ژیانت براوەبیت خۆشەویستی پیشان بدە.

**هێشتنەوەی ڕق و تۆڵە** ڕێک کوشتنی خۆشەویستییە لەناو دڵت.

**لەڕێگەی خۆشەویستییەوە،** بە زۆر سەرکەوتن دەگەیت.

**لەڕێگەی ڕقەوە،** تەنیا بە ئازاری دڵی خۆت دەگەیت.

## خێزان گەرمترین باوەشە

**کاتێـک لەنـاو بـازنەی خۆشەویسـتیدا نیـت،** هەمـوو ڕووداوەکـانی دەرەوە کاریگەریان دەبێت بەسەرتەوە.

**کاتێک لەناو بازنەی خۆشەویستیدا نیت،** هەمـووان دەتـوانن بە ئاسـانترین شێوە داگیرت بکەن و بەرەو لای هەستەکانی خۆیان پەلکێشت بکەن.

**کاتێــك لە دەرەوەی بــازنەی خێزانــدایت،** گیانیــت لە مەترســی هێرشــی بەرامبەردایە، دەکرێت لەیەک کاتدا بکەویتە بەر شەپۆڵی چەنـدین هێرشـی بەناو خۆشەویستی و پەیوەندی سۆزداری کە ئەنجامەکەی ڕوون نییە.

**بــازنەی خێــزان پــارێزراوترین بــازنەی ژیــانە،** پــڕە لە ئــارامی و ئاسایشــی جەستەی و گیانی.

**لە هەر کـوێ بیـت و بـۆ هەر کـوێ** بچیـت، هەسـت بە ئـارامی ناکەیـت و خۆشەویستی و گرنگیپێدانت وەک پێویست دەسـت ناکەوێـت، هاوشـێوەی ئەوەی لەناو خێزاندا هەیە.

**خێزان گەرمترین باوەشە.**

**خێـزان بازنەیەکـت بـۆ دروسـت دەکـات،** لەنـاو ئەم بـازنەیە هەسـت بە ئاسایشی جەستەی و خۆشەویستی گیانی دەکەیت بۆ هەمیشە.

## خۆشەویستی بەرپرسیارەتییە

**بەستنی پەیوەندی خۆشەویستی** وەرگرتنی بەرپرسیارەتییەکی گەورەی سۆزدارییە.

**خۆشەویستی واتە:** بەرپرسیاربوون لە ئاست ڕاگرتنی سۆزی بەرامبەر.

**خۆشەویستی واتە:** جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خۆشەویستی و قەبوڵکردنی هەموو دیوەکانی ئەم پەیوەندییە.

**خۆشەویستی واتە:** جیبەجێکردنی بەڵێنەکان و وەفاداربوون.

**هەر کەمتەرخەمییەك** لە ئاست بەڵێنەکانی خۆشەویستی، دروستکردنی درزێکە لەناو خۆشەویستی بۆ دوورکەوتنەوە و لێک جیابوونەوە.

**خۆشەویستی واتە:** چیتر سەربەخۆم نیم و سەر بە تۆم.

**خۆشەویستی واتە:** ژیانی من لەمەودوا ژیانی تۆیە.

**خۆشەویستی واتە:** ئایندەی من ئیدی ئایندەی تۆشە.



# عەشق واتە ١ + ١ = ١

ژیانێک عەشقی تێدانەبوو، وەک جەستەیەکە گیانی تێدانەبێت.
تەمەنێک عەشقی تێدانەبوو، وەک دەریایێکە ئاوی تێدانەبێت.
دڵێک عەشقی تێدانەبوو، وەک ئاسمانێکە ئەستێرەی تێدانەبێت.

## تێرکردنی جەستە، تێرکردنی دڵ

**کاتێک** بۆ تێرکردنی جەستە پیلی خۆشەویستی دەگریت و دوای جووت بوون ئەوسا تێدەگەیت تۆ هەر تێر نەبوویت، چونکە گیان و دڵ بە برسییەتی ماوەتەوە.

**کە گیان و دڵ برسی بوو،** هەموو جەستە برسی دەبێت، چونکە ڕابەری ڕاستەقینە تووشی کەم خۆراکی بووە ئەویش عەشقە.

**لەڕێگەی جووت بوونەوە** جەستەت تێر دەکەیت، نەک گیان.

**لەڕێگەی حەزەوە** چاوی سەر تێر دەکەیت، نەک چاوی دڵ.

**لەڕێگەی یەکبوونی گیان** دەگەیت بە عەشق، نەک جووت بوونی جەستە.

**لەڕێگەی تێکەڵبوونی** خورپەی دڵ دەگەیت بە عەشق، نەک تێکەڵبوونی هەناسە.

**حەز دەتگەیەنێتەوە لاشەی خۆت،** لاشەش دەتگەڕێنێتەوە بۆ خاک و خۆڵ.

**عەشق دەتگەیەنێتەوە بە باڵابوون،** باڵابوونیش دەتگەیەنێتەوە بە نەمری.

## عەشقکردن مەشقکردنە

**عەشقکردن مەشقکردنە** بۆ گەیشتن بە مەعشوق.

**مرۆڤ بە سێ قۆناغی مەشقکردن دەگات بە نەمری:**
**یەکەم: حۆشەویستی خـۆت**" بەر لە هەر شـتێک دەبێـت یەکەم ئەزمـوونی خۆشەویستی تاقی بکەیتەوە، ئەویش ئەزموونی خۆشەویستی خۆتە.
دەبێت بە خۆشەویستی خۆت بگەیت و بگەڕێیـتەوە بـۆ گـوێگرتن لە ڕاز و نیازەکانی ناو دڵت، کە هەنگاوی یەکەمی ئەم مەشقەیە.

**دووەم: خۆشەویـستی بەرامـبەر**" دوای ئەوەی لە خۆشەویـستی خـۆت بـۆ خودی خۆت سەرکەوتوو بوویت هەنگاوی دووەمی ئەم مەشقە دەست پـێ دەکـات، ئەویـش خۆشەویـستی ڕەگەزی بەرامـبەرە، خۆشەویـستییەک، ئەم دوو مرۆڤە لە یەک دابڕاوە جارێکی تر بگەیەنێتەوە بەیەک.

**سێیەم: عەشق**" مەشقی سێیەم هەنگاوە گەورەکەیە، دەبێـت بەسـەر پـردی خۆشەویستی بەرەو عەشقی ڕاستەقینە بپەڕیـتەوە، کە لەوێـوە دەگەیـت بە دوا پلەی مرۆڤبوون.
**کاتێـک** ئەم سـێ مەشـقکردنەت بە سـەرکەوتوویی ئەنجامـدا، دەگەیـت بە نەمری و مانەوەی هەمیشەیی.

## عەشق نە سنوورێکی هەیە، نە ئەنجامێکی ڕوون

**عەشق** هیچ پێناسەیەکی نییە، ئەوەی هەیە تەنیا ئەزموونە.

ئەزموونی فەرهاد بۆ شیرین شتێکە و ئەزموونی مەجنون بۆ لەیل شتێکی دیکە.
**عەشق** نە سنوورێکی هەیە، نە ڕێگەیەکی دیاریکراو، نە ئەنجامێکی ڕوون.
**ئەوەی** لە عەشق هەیە تەنیا نیشانەکانە، شەیدایی و سەرگەردانی هەمیشەیی.
**دەرکەوتەکانی عەشق**، وەک دەرکەوتەکانی لە دایکبوونە، هەموو شت تازەیە.
**نیشانەکانی عەشق،** وەک نیشانەکانی ڕۆژی دواى هێندە گەورەن بە وێران بوونی جیهانێک دەستپێدەکات و بە لەدایکبوونی جیهانێکی تازە کۆتایی پێدێت.

# عاشق هەموو جیهان بە ماڵی خۆی دەزانێت

**عەشق جیهانێکی تازەت نیشان دەدات**، کە چەندین ساڵە بەم دوو چاوەی سەر نەتدیوە.
**عەشق** دوو چاوی تازەت پێ دەبەخشێت بۆ بینینی جیهان.
کە بەچاوی عەشق لە جیهانت ڕوانی هەموو شتێک نرخی دەبێت، کەوتنی گەڵایەک، تا ئاوابوون خۆر.
**کە عاشق بوویت** هەموو سنوورەکان تێک دەشکێنیت و دڵت بۆ هەموو جیهان دەکرێتەوە.
**کە عاشق بوویت** دەرگای دڵت دەکرێتەوە بەڕووی هەموو دونیا.
**کە عاشق بوویت** تێدەگەیت کە پێشتر لەم دونیایە هیچ تێ نەگەیشتبوویت.
**کە عاشق بوویت** دەزانیت کە پێشتر هیچت لەبارەی ژیانەوە نەزانی بوو.
**کە عاشق بوویت** هەست دەکەیت پێشتر تەنیا هەناسەت داوە، ئێستا خەریکە دەژیت.
**کە عاشق بوویت** بۆت دەردەکەوێت، نە ژیان هێندە شیرینە خۆتی بە قوربان بکەیت و نەمردنیش هێندە ترسناکە لێی بترسیت.
**کە عاشق بوویت** جا تێدەگەیت، ژیان پردێکە بەرەو مردن و مردنیش دەرگایەکە بۆ گەیشتن بە نەمری و مانەوەی تاهەتایی.

## ئەزموونکردنی عەشق، ئەزموونکردنی ژیانی ڕاستەقینەیە

**ئەزموونکردنی عەشق واتە:** ئەزموونکردنی ژیانی ڕاستەقینە بەخۆشی و ناخۆشییەکانییەوە بە شیرینی و تاڵییەکانییەوە.
**ژیان** بێ عەشق جۆرێکە لەیاریکردن، جۆرێکە لە گاڵتەوگەپ.
**عەشق** بۆ هەر کەس ڕێگایەکی جیاوازە، بەڵام لە کۆتایی هەر یەک عەشق هەیە.
**ژیان** بەهەموو خۆشی و ناخۆشییەکانییەوە تەنیا پردێکە بۆ گەیشتن بە ژیانی ڕاستەقینە.
لەم ژیانە تەنیا لەڕێگەی عەشقەوە دەتوانیت بۆن و بەرامەی ژیانی ڕاستەقینە بکەیت.
**ژیانێک عەشقی تێدانەبوو**، وەک جەستەیەکە گیانی تێدا نەبێت.
**تەمەنێک عەشقی تێدانەبوو**، وەک دەریاییێکە ئاوی تێدا نەبێت.
**دڵێک عەشقی تێدانەبوو**، وەک ئاسمانێکە ئەستێرەی تێدا نەبێت.

## عەشق واتە تەنها تۆ

**عەشق** لە بەیەکگەشتنی دوو کەس دەست پێدەکات و بە نەمانی یەکێک کۆتایی پێدێت.

**ئەگەر عەشق** تۆ و خۆشەویستەکەتی نەکردن بە یەک و تا کۆتایی هەر بە دوو کەس مانەوە، واتە هیچ شتێک ڕووی نەداوە و عەشقێك بوونی نەبووە.

**عەشق واتە:** من نیم و تەنیا تۆ هەیت.

**عەشق واتە:** تۆ هاتی و من چووم.

**عەشق واتە:** ونبوونی من لە تۆ و مانەوەی تۆ لە مندا بۆ هەمیشە.

# عەشق واتە ١ + ١ = ١

که دیواری نێوان دوو کەس ڕووخا، من من و تۆش تۆی نامێنێت
بەمەش خۆپەرستی لەناو دەچێت و
مرۆڤ دەگەڕێتەوە قووڵایی مرۆڤ بوونی خۆی و
ڕەچەڵەکی ڕاستەقینەی خۆی دەدۆزێتەوە.



# دابڕان لە خۆشەویستی

**لەناو خێزانەکەت** وەک پێویست سۆزو خۆشەویستیت پێ نابەخشرێت و لەناو کۆمەڵگەش وەک پێویست سۆز و خۆشەویستیت دەست ناکەوێت و ئیدی بە گەرمی باوەش بە تەنیاییدا دەکەیت.

بێ ئومێدبوونت لە مرۆڤەکان وات لێ دەکات بە دوای هاودەردێک بگەڕێیت، با ئەو هاودەردە سەگێک بێت.

**بێ ئومێدی** وات لێ دەکات هەموو ڕێگەکان بگریتە بەر بۆ دوورکەوتنەوە لە مرۆڤ و دوورکەوتنەوە لە بەریەککەوتن لەگەڵ مرۆڤەکان.

**زۆربەی جار دڵشکان لە خۆشەویستی** وا لە مرۆڤ دەکات هۆگربوونی بە ئاژەڵێک یان کارێک یان پیشەیەک سەراپا ژیان و دڵی داگیربکات.

**مرۆڤی دابڕاو** لە پەیوەندییەکان و دابڕاو لە خۆشەویستی بەرهەمی دڵشکانە.

**بێ ئومێدی** لە خۆشەویستی هەمان ئەو دەردەیە بەسەر (فەرهاد)یان هێنا، کاتێک داوایان لێکرد لە پای گەیشتن بە (شیرین) ، (کێوی بێستوون) کون بکات، دوای بەردەوامبوونی لە کونکردنی کێوی بێستوون، خۆشەویستی بۆ شیرین کەم دەبێتەوە و خۆشەویستی بۆ کونکردنی کێوی بێستوون زیاد دەکات و کێوی بێستوون جێگەی خۆشەویستی شیرین دەگرێتەوە.

**خۆشەویستی** برینێک لە دڵت دەکاتەوە، کە تا دەمی مردن ئاساری ئەم برینە بەسەرتەوە بمێنێت.

**دڵشکان لە خۆشەویستی**، نەک هەر برین لە ناو دڵ، بگرە دڵ دەکوژێت و لەهەموو سۆز و بەزەییەک خاڵیت دەکاتەوە و ئەو پارچە گۆشتەی ناو سینگت کە جاران پێت دەگوت دڵ، دەیکات بە یەک پارچە بەرد.

## ناکەویتە خۆشەویستی، لە خۆشەویستی باڵا دەکەیت

**تۆ دار مێوێکی** و خۆشەویستیش درەختێکی بەرز، دارمێو بە درەختێکی تەکیەوە هەڵدەستێتەوە و سەردەکەوێت بۆ بەرزایی، بۆیە هەمیشە پێویستت بە درختێکی بەرزە بۆ ئەوەی بەرەو بەرزایی سەرکەویت.

**تۆ ناکەویتە ناو خۆشەویستییەوە،** بەڵکو لە خۆشەویستی باڵا دەکەیت و گەشە دەکەیت.

**ئافرەت لە پەراسوی پیاو خوڵقێنراوە،** بۆیە هەمیشە لەهەوڵی نووسانەوەیە بەم بەشە کرتێنراوەی خۆی تا بگات بە بوونێکی تەواو و بەرەو باڵایی بەرزبێتەوە.

**خۆشەویستی چەشنی ئاو،** نە تام، نە بۆن، نە ڕەنگی هەیە و لەگەڵ ئەمەشدا ژیان بەهۆی ئەوەوە بەردەوامە.

**ئەگەر مرۆڤ تۆزێک مرۆڤایەتی تێدا مابێت،** هی خۆشەویستییە کە ماوە.

**خۆشەویستی** هەستێکە لە دەرەوەی هەموو ئەو هەستانەی کە مرۆڤ بۆ ژیان و خودی خۆی هەیەتی.

## سەرپشک بوون لە هەڵبژاردنی خۆشەویستی

**کاتێک خۆشەویستی دەکەیت** ئەوە ویستی تۆ نیە ئەوت هەڵبژاردووە، چونکە تۆ لەوکاتەی لە دایک دەبیت و لەوکاتەی خۆشەویستی دەکەیت و لەوکاتەش دەمریت لەناو زنجیرەیەک قەدەر دایت.

**خۆشەویستی** و هەموو ئەوەش بە دەوری ژیان دەخولێتەوە هیچی مرۆڤ خاوەنی نیە، چونکە مرۆڤ بەشێکە لەم گەردوونە نەك خاوەنی.

**خۆشەویستی** شتێک نییە تا ئێمە بەدوای بگەڕێین، بەڵکو خۆی یەخەمان پێدەگرێت، چۆن و کەی و لە کوێ نازانین.

**لە خۆشەویستی ڕاستەقینە** هەرگیز ئێمە لە هەڵبژاردنی کەسەکان سەرپشک نین، ئەوەی هەیە خۆشەویستییەکی ناچارەکییە، نازانین کێ دێ و بەرەو کوێمان دەبات.

# خۆشەویستی وزەیەکی ئاسمانییە

**پەیوەندییەکی قووڵی خۆشەویستی** لەڕێگەی تـیلە چاوێـک و خـورپەیەکی دڵەوە ناتگەیەنێت بە عەشق.

**خۆشەویستی** وزەیەکی هێندە بە تینی ئاسـمانییە، لە (دڵ)ەوە دێـتە ژووری و لە (گیان)ەوە دەردەچێت.

**خۆشەویستی** نەک تەنیا ڕەفتارەکانت، تەواوی ژیانت دەگۆڕێت.

**خۆشەویستی** هەرگیز ناتکاتەوە بە مرۆڤەکەی جاران و لەم جیهـانە دوورت دەخاتەوە کە پێشتر سـەر بەو بوویـت، دەتخـاتە نێـو جیهانێـک کە هەمـوو شتێک تازەیە.

**هەرگیـز** هەوڵـی دروسـتکردنی پەیوەنـدی خۆشەویسـتی مەدە، ئەگەریـش دروستتکرد بـە هـیچ ڕێـگەیەک ناتوانیـت بگەڕێـیتەوە جیهـانە ئاسـاییەکەی خۆت، بوونەوەرێکت لێ دەردەچێت زۆرجار خۆشت خۆت نا ناناسیتەوە.

**کە دەستی** خۆشەویستیت گرت، دەستەکەی تـرت لە حەزەکانـت بەربـدە و خۆت لە هەموو ئارەزوویەک بێ نیاز بکە.

**مـرۆڤ** بەو وزە ئاسـمانییەوە لە بوونەوەرەکـانی دیـکە جیـادەکرێتەوە، کە دەتوانێت دەستی بە جوانی و باڵایی بگات، ئەویش خۆشەویستییە.

# خۆشەویستی ڕووخانی دیواری نێوان دوو کەسە

**خۆشەویستی** یەکگرتنی دوو گیانە، واتە من تۆم و تۆش منی.
**خۆشەویستی** ڕووخانی دیوارەکانی نێوان من و تۆیە.
**لە خۆشەویستی** ململانێ و دووبەرەکی بوونی نیە، چونکە مرۆڤ دەگەڕێتەوە سەر توخمە ڕاستەقینەی خۆی، ئەویش مرۆڤەکەی پێش دەرکردن لە بەهەشتە.
**کە دیواری نێوان دوو کەس ڕووخا**، ئازارەکان دەبن بەیەک، ئازار و خۆشییەکان دەبن بەیەک خۆشی، ئەم دوو کەسە وەک یەک هەست بە شتەکان دەکەن و شتەکان دەبینن، ئیدی یەکێتی دوو کەس دەستپێدەکات و هیچ دووبەرەکییەک زەفەریان پێ نابات.
**کە یەکبوون** لە خۆشەویستی دەرکەوت، لەهەموو ژیانت ڕەنگ دەداتەوە، بگرە زۆرجار لە مردنیش ڕەنگ دەداتەوە و عاشقەکان دەگەیەنێت بەیەک چارەنووس.
**ئەم بەیەکگەیشتنە** (ڕۆح)ییە، مرۆڤ لە جەستە و ئارەزووەکان بێ نیاز دەکات و دەیگەیەنێت بە باڵاترین پلەی (ڕۆح)ی، لەهەموو حەزەکان خاڵی دەبێتەوە و دەبێت بە مرۆڤی باڵا.
**کە لەخۆشەویستی** عەشقت دەستکەوت و لە عەشقیش گەیشتیت بە پلەی باڵابوون ئیدی هیچ درزێک ناکەوێتە ناو دڵ و دەروونتەوە.
**کە دیواری** نێوان دوو کەس ڕووخا، من من و تۆش تۆی نامێنێت، بەمەش خۆپەرستی لەناو دەچێت و مرۆڤ دەگەڕێتەوە قووڵایی مرۆڤ بوونی خۆی و ڕەچەڵەکی ڕاستەقینەی خۆی دەدۆزێتەوە.

## خۆشەویستی واتە تۆ منی

**من و تۆ** لە خۆشەویستی خۆپەرستییە، نە من من و نە تۆش تۆیت.

**لە خۆشەویستی** نەخۆت خۆتی و نە خۆم خۆمم.

**لە خۆشەویستی** زیاتر لە خۆم خۆشم دەوێیت و تۆش زیاتر لەخۆت منت خۆشدەوێت.

**لە خۆشەویستی من** هەر تۆم و تۆش هەر منی.

**لە خۆشەویستی تۆ** لە دڵمای من لە دڵتام، تۆ کە منی منیش هەر تۆم.

**لە خۆشەویستی** نە من منم و نە خۆت خۆتی.

**لە خۆشەویستی** (خۆشم) ناوێ بەس تۆم هەبێت.

**لە خۆشەویستی** من من نیمە، تۆش هەر تۆ نیت، تۆ هەر من و منیش هەر تۆم.

# عەشق پرد دروست دەکات، نەک دیوار

**لە قۆناغی** حەز تێپەڕیت، دەگەیت بە خۆشەویستی و لەوێشەوە دەگەیت بە عەشق، گۆڕانێک لە دڵ و دەروونت ڕوودەدات لە ڕەفتارەکانت ڕەنگ دەداتەوە و لە هەڵسوکەوتەکانت دەبینرێت و لە قسەکانیشت دەردەکەوێت.

**کە عاشق بویت**، هەوڵی دروستکردنی پردی پەیوەندی نێوان دڵەکان دەدەیت بە باش و خراپییەوە.

**کە عاشق بویت**، وەک مۆم دەسووتێیت، سووتان بۆ خۆت و ڕووناکیش بۆ خەڵک.

**کە عاشق بویت**، لەڕێگەی عەشقەوە پردێکی بەهێز لەنێوان خۆت و خەڵک دروستدەکەیت.

**کە عاشق بویت**، ژیان مانایەکی دیکە بە تۆ دەبەخشێت و ڕەنگێکی دیکە دەنەخشێنێتە ڕووخسارت و دڵت جۆرێکی دیکە خورپە دەکات.

**کە عاشق بویت**، خەڵک لە نیگاکانی تۆوە ڕووناکی وەردەگرن و لە دڵی تۆوە وزەی خۆشەویستی بەدەست دێنن.

**عەشق** پرد دروست دەکات نەک دیوار، پردەکان دەبن بە هۆی بەیەک گەیشتنی دڵەکان، دیوارەکانیش دەبنە مایەی دابڕانی دڵەکان.



# عەشق واتە ١ + ١ = ١

تا پێداویستییەکانی مرۆڤ زۆرتر و مەرجەکانی ژیان قورستر بێت
خۆشەویستیش کاڵتر دەبێتەوە و خاوەندارییەتی زیاتر دەبێت و
خۆشەویستیش دەبێت بە کۆیلەی شتەکان، نەک دڵەکان.

## گیان و جەستە پێویستییان بە بەروبوومە

**مرۆڤ** لە (گیـان) و (جەسـتە) پێکـدێت، هەردووکیـان بـۆ مـانەوە و گەشـە پێویستیان بە خۆراکە.

**جەستە بۆ بە زیندوو مـانەوە**، پێویسـتی بە بەروبـومی ئەو خۆراکانەیـە، کە لە**ناخی زەویەوە** سەردەردێنن.

**(گیان)یش بۆ مانەوە**، پێوستی بە هەست و سۆزی ئەو هەموو ڕەفتارانەیـە، کە لە**ناخی دڵەوە** سەرچاوە دەگرن.

**نە گیان** بەبێ جەستە و نە جەسـتەش بەبـێ گیـان، ناتوانێـت بە زینـدوویی بمێنێتەوە.

**گیان کە بەتاڵ بوو لە عەشق**، وەک دەریا وایە بەتاڵ بێت لە ئاو، دەریـا کـە بەتاڵ بوو لە ئاو بیابانە.

**جەستەی بێ خـۆراک** وەک بەهـاری بـێ بـارانە وایە، بەهـار بـێ بـاران بـوو پایزە.

## خۆشەویستی لە دەرگای هەموو دڵێک دەدات

**خۆشەویستی**، بێ ئاماژەیەکی پێشوەخت و بێ ئاگادارکردنەوەیەک، لە پڕ دێت و لە دەرگای هەموو دڵێک دەدات.
**تۆ** خۆت بەرەو پیلی خۆشەویستییەوە ناچیت، خۆشەویستی خۆی بەرەو پیلی تۆوە دێت و خۆی دەکات بە ماڵی دڵت.
**تۆ** لە هەر تەمەنێک بیت، بەڵام خۆشەویستی هەر وەک خۆیەتی و ناگۆڕێت، دەکرێت لەپیری خۆشەویستی دەرگە بەسەر دڵت بکاتەوە و میوانت بێت، ئەگەر چی تۆ گۆڕاوی، بەڵام خۆشەویستی هەر وەک خۆی دێت و هیچی لێ نەگۆڕاوە.
**خۆشەوستی** هەرزەکارێک و خۆشەویستی پیرە پیاوێک کاتێک خۆشەویستییەکە ڕاستەقینەیە، هیچ جیاوازییەکی نیە، جیاوازییەکە تەنیا لەکاتە، لە درەنگ و زوو گەیشتنی خۆشەویستییە.
**بۆ بەدەستهێنانی خۆشەویستی** هەر زۆرلێکردنێک هەبوو، خۆشەویستی نیە جۆرە تاوانێکە، بەناوی خۆشەویستییەوە ئەنجام دەدرێت.
**خۆشەویستی** لە ئازادی دەژییێت و لە ژێر پاڵەپەستۆ و زۆرلێکردن دەمرێت.
**ئەوەی** لە زۆرلێکردن و پاڵەپەستۆ خستنە سەر دڵ دروست دەبێت خۆشەویستی نیە، هەر ئارەزوویەکی سەرشێتانەیە، یان هۆگربوونێکی کاتی.

# خاوەندارییەتی لە خۆشەویستی

**خۆشەویستی** لەڕێگەی بەیەکگەیشتنەوە دەست پێدەکات و بە یەکبوون کۆتایی دێت و چیتر من و تۆ نامێنێت و ئەوەی دەمێنێتەوە تەنیا خۆشەویستییە.

گەورەو بچووکی، بەرز و نزمی، خاوەندارییەتی و پاوانخوازی لە خۆشەویستی نیە.

**خۆشەویستی** گەیشتنە بەوپەڕی ئازادی نەک دیل بوون، دەست بەسەرداگرتنی هەست و سۆزی بەرامبەر داگیرکارییە، زەوتکردن و مامەڵەکردنە، سنوور بەزاندنە.

**خۆشەویستی** لە دەرەوەی هەموو یاسا و داب و نەریتێکە.

**ئەو خۆشەویستییەی** لە ڕێگەی دەستبەسەرداگرتن و خاوەندارییەتییەوە بەهۆی قسەی لووس و سامانی زۆرەوە دێتە کایەوە هیچ پەیوەندییەکی بە خۆشەویستی نیە و تاوانێکە بەرامبەر بە خۆشەویستی ئەنجام دەدرێت.

**تا پێداویستییەکانی** مرۆڤ زۆرتر و مەرجەکانی ژیان قورستر بێت، خۆشەویستیش کاڵتر دەبێتەوە و خاوەندارییەتی زیاتر دەبێت و خۆشەویستیش دەبێت بە کۆیلەی شتەکان، نەک دڵەکان.

## گەڕان بە دوای نیوەکەی خۆت

**تەنیا** نیگایەک دەتوانێت بتگەیەنێت بە خۆشەویستی و هەست و سۆزت پڕ بکات لە ئارامی، ئەگەر نیگاکردنەکە سروشتی بێت، نەك دەستکرد.
**کە** لە خواستەکانی دڵی خۆت تێ گەیشتیت و لە ناسینی خۆشت گەیشتیت بەکۆتا، دواتر هەر خۆشەویستییەک هاتە پێش باوەشی بۆ بکەوە ئەوە نیوەکەی دیکەی خۆتە.
**دوای** دڵنیابوونت لە خۆشەویستی خۆت بۆ خودی خۆت، ئەوسا قۆناغی دووەمی خۆشەویستی دەستپێدەکات، ناسینی کەسی دووەمە، یان دۆزینەوەی نیوە ونبووەکەتە.

## دۆزینەوەی بەشە ون بووەکەت

**ڕۆژانە سەدان کەس** بە بەردەم بینینی تۆ تێپەڕدەبن و دەڕۆن، هەر یەکێکیان تیرێک لە دڵت دەگرن.
**لەناو هەموو نیگاکان،** تەنیا یەکێک بە تەواوەتی سەرنجت بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت و سەراپای هەست و نەستت داگیردەکات و وێنەیەکی گەورەی خۆشەویستی لە ئاسمانی دڵت هەڵدەواسێت.
**لەناو هەموو نیگاکان،** هەر تەنیا یەک ڕووخسار، یەک دڵ کاریگەری خۆی بەسەر دڵت دەسەپێنێت و دەتخاتە ناو خۆشەویستییەوە و تووشی دڵە خورپەیەکت دەکات، کە پێشتر هەرگیز بەسەرتدا نەهاتووە.
**کە لەیەکەم نیگا** کەوتیتە ناو خۆشەویستیەوە، لە یەک چرکەدا هەزاران وێنە بۆ ئایندەی خۆت دەکێشیت، سەدان خانوو دروست دەکەیت و دەڕوخێنیت، دەیان بەهار دێنیت تا دەستی منداڵی ئایندەتان بگرن و بەناو گوڵەکان پیاسە بکەن.

**کە کەوتیتە ناو خۆشەویستییەوە** لە شەویشدا یار خۆی دەخزێنێتە ناو خەونەکانت و کون و کەلەبەری ئەم دنیایە پان و بەرینەت پێدەکات، بەمەبەستی گەیشتن بە خۆشەویستەکەت هەزارەها باڵ دروست دەکەیت تا هەڵفڕیت و ڕاز و نیازی خۆشەویستییە شێتانەکەی خۆتی بۆ دەربڕیت.

# خۆشەیستی لە یەکەم بینین

**ئەو خۆشەیسـتیەی** لە یەکەم بینـین دەکەویـتە داوی، هەسـتێکت پـێ دەبەخشـێت، پێـت وایە ئەوەی لە جـوانی ئەودا هەیە، لە هـیچ کەسـی دیکەدا نەبووە و نابێت.
**کاتێـک** بـۆ یەکەم جـار کەسـێک دەبینیـت و خۆشـت دەوێـت، لەو دەمـی بینینەوە وێنە و شێوەی لە بەرچاوتدایە تا جارێکی دیکە دەیبینیـتەوە و ئەو تامەزرۆی دیدارەت دەشکێت.
**ئەگەر** نەتوانیت بگەیتەوە دیداری و ماوەی ئەم بەیەکگەیشـتنەش درێـژەی کێشا، زۆربەی جار ئەم کەسە لەناو دڵت کاڵ دەبێتەوە.
**خۆشەویسـتییەک** لەڕێـگەی ڕووخسـارەوە دروسـت بێـت، بە نەبـوونی ئەو هۆکارەش خۆشەویستییەکە بۆ خۆی کاڵ دەبێـتەوە و ئەو خۆشەویسـتییەش لە دڵدا دەسڕێتەوە.

# دروستبوونی خۆشەویستی

**هۆکار گەلێک هەن لە پشت دروستبوونی خۆشەویستی:**

**یەکەم:** هۆکاری **جەستەیی**، لەڕێگەی **چاوەوە** دروست دەبێت و **ناگاتە دڵ**.
**دووەم:** هۆکاری **ئاکاری**، لەڕێگەی **ڕەفتارەوە** دروست دەبێت و **ناگەتە دڵ**.
**سێیەم:** هۆکاری (**گیان**)ی، لەڕێگەی **دڵەوە** دروست دەبێت و **دەگاتەوە دڵ**.

## خۆشەویستی پێش هاوسەرگیری

**ئەگەر خۆشەویستی پێش هاوسەرگیری** بریتی بێت لەبەستنی ئەم هەموو ژوان و گفتوگۆ و وشە سۆزدارانەی وەك (خۆشمدەوێی، گیانەکەم، گوڵەکەم، شێتەگیان، حەیاتی، قوربانی تۆم، بە ساقە، دڵەکەم...).

**دوای هاوسەرگیری** دەرفەتێک بۆ ئەو هەموو چەمک و دەربڕین و کەشە سۆزداریە نامێنێت، کە هەر دوو عاشق تیایدا گوزەران.

**پرۆسەی هاوسەرگیری** سەرەتای بڕینەوەی ئەو درختەیە، کە ناوت لێ نابوو عەشق و بە شەونخونی ڕواندبووت و بە فرمێسکی چاوەکانت گەورەت کردبوو.

**کچ و کوڕێک** کاتێک دەچنە ناو بازنەی ژیانی ژن و مێردایەتییەوە، دەکەونە ناو بازنەی جێبەجێکردنی داواکارییەکانی ژیان و تێکۆشان بۆ مانەوە.

# خۆشەویستی دوای هاوسەرگیری

کە هاوسەرگیریت کرد ئەوسا سەختییەکانی ژیان دێنە پـێش، لە دابینکردنـی پێداویسـتییەکانی ژیـان دەسـت پێدەکـەن و بە ئازارەکـانی دڵ و دەروون کۆتاییان پێدێت.

**قورســی** مەرجەکــانی ژیــان و زۆری داواکارییەکــانی هــیچ دەرفەتێــک ناهێڵێتەوە لەبەردەم هاوسەران بۆ بیرکردنەوە لەو کەشـە ڕۆمانسـییەی، بەر لەهاوسەرگیری پێی تێپەڕبوون، هیچ ڕێگەیەک نامێنێتەوە تا جـارێکی دیـکە ئاگری خۆشەویستی لەناو دڵیان داگیرسێننەوە.

**خۆشەویســتی** بە ئــازادی دەســت پێــدەکات و گەشــە دەکــات، بە هاوسەرگیریش ساردەبێـتەوە و کۆتایی دێت.

**خۆشەویستی** لە ئازادی کڵپە دەسێنێت و گڕ دەگرێـت، لەنـاو یاسـاو داب و نەریتەکان خامۆش دەبێت و دەکوژێتەوە.

# هەڵبژاردەکانی بەردەم هاوسەرگیری

**هاوسەرگیری لەبەردەم چوار هەڵبژاردەدا:**

**یەکەم:** کەسێک دەدۆزیتەوە لەهەموو سیفەتەکانتان هاوبەشن و هاوسـەرگیری دەکەن و منداڵ دەنێنەوە و **دەژین بە خۆشی و ژیانێکی پڕ ئارامی.**

**دووەم:** کەسـێک دەدۆزیـتەوە زۆرتـرین سـیفەتی هاوبەشـتان هەیە و لەچەنـد سـیفەتێک دژ بە یەکـن، بەڵام لەبەر زۆری خـاڵە هاوبەشـەکانتان هاوسـەرگیری دەکەن و منداڵ دەنێنەوە و **دەژین بەخۆشی و ژیانێکی زۆر ئاسایی.**

**سێیەم:** کەسـێک دەدۆزیـتەوە هـیچ خـاڵێکی هـاوبەش لەنێوانتـان نـیە ، بەڵام بەهـۆی جـوانی، دەوڵەمەنـدی، یـان خزمـایەتی هاوسـەرگیری دەکەن و منـداڵ دەنێنەوە و **دەژین بەڵام ژیانێکی ئاسایی و نا ئارام و نا سەقامگیر.**

**چوارەم:** کەسێک دەدۆزیتەوە و بەهۆی بەرژەوەندییەکەوە هاوسەرگیری لەگەڵ دەکەیت، تا ببێت بە هۆکاری گەیشتن خەونەکانت و ئامانجەکانت، بەیەکتر ڕازی دەبن و هاوسەرگیری دەکەن و منداڵ دەنێـنەوە و **دەژیـن بەڵام ژیـانێکی پـڕ لە کێشە و خێزانێکی ڕووخاو لە لێواری داڕمان، کە ئەنجام تێیدا جیابوونەوەیە.**

**(دەرەنجام):**

**لە هەڵبژاردەی یەکەم** خۆشی ناو خێزان بوونی هەیە، لە ژیانێکی ئارام.

**لە هەڵبژاردەی دووەم** خۆشی ناو خێزان بوونی هەیە، لە ژیانێکی ئاسایی.

**لە هەڵبژاردەی سێیەم** خێزانێکی نا سەقامگیر و نا ئارامە، لە ژیانێکی ئاسایی.

**لە هەڵبژاردەی چوارەم** خێزانێکی ڕووخاو، لە ژیانێکی پڕ لە کێشە.

## دەرفەتێک بۆ خۆشەویستی دوای هاوسەرگیری

**تا تەمەنـی هاوسـەرگیری** درێـژ بێـتەوە گەڕانەوە بـۆ دۆخـی سـۆزداری پـێش هاوسەرگیری ئەستەمتر دەبێت.

**هەمـوو** ئەو سـەرقاڵییە بە کەلـوپەل و مـاڵ و مـاددەوە بەرەو جیهـانی ماددەگەراییت دەبات و لە خۆشەویستیت دادەبڕێنێت.

**لەبەردەم ژیـانی هاوسـەرگیری** دەرفەتێـک هەیە بـۆ خۆشەویسـتی ئەویـش نـوێکردنەوە و دەرخسـتنی ڕووی ڕاسـتەقینەی خۆشەویسـتییە لەنێـوان هاوسـەراندا، هەر لە دەسـت مـاچ کردنـی هاوسـەرەوە دەسـتپێدەکات تـا گۆڕینی دایبی منداڵەکەیان.

**ئەگەر خۆشەویسـتی پـێش هاوسـەرگیری** بریتـی بێـت لە دەربڕینـی وشـەی سۆزداری و ڕستەی شـاعیرانە، دوای هاوسـەرگیری پیشـاندانی ئـەم وشـانەیە بەکردار.

**ئەگەر خۆشەویستی پێش هاوسەرگیری** بریتی بێت لە وشەی خۆشـمدەوێیت، دوای هاوسـەرگیری بریتـی دەبێـت لـە بۆیـەکردنی نینۆکـەکانی دەسـتی هاوسەرەکەت.

**خۆشەویستی دوای هاوسەرگیری** واتە پێش ئەوەی خۆشمبوێیت، گرنگی لام.

**خۆشەویستی دوای هاوسەرگیری** لە شوشـتنی قـاپێکەوە دەسـتپێدەکات و لـە بەخشینی گورچیلەیەك کۆتایی دێت و دەگات بە لوتکەی خۆشەویستی.

## هاوسەرگیری پەیمانی خۆشەویستییە

**کاتێک** پەیوەندی نێوان دوو کەس لەسەر بنچینەی هەست و سۆز دروست دەبێت و ناگات بە پلەی خۆشەویستی و هەر لە پلەی هاوڕێیەتی دەمێنێتەوە، لەم کاتەدا بەستنی هەر پەیوەندییەکی دیکەی هاوڕێیەتی بەسەر هەر کەسێکی تازە ناچێتە چوارچێوەی خیانەت، چونکە هیچ پەیمانێک لەنێوان ئەم دوو کەسەدا نیە، ئەوەی هەیە تەنیا هەست و سۆزە. کاتێك هیچ پەیمانێک لە ئارادانیە تا دوو کەس بەیەکتر ببەستێتەوە، کەواتە تەواو ئازادن لە هەڵبژاردنی هەر پەیوەندییەکی تازە و ژیانێکی تازە.

**خیانەت** کاتێک دروست دەبێت کە لەنێوان دوو کەس پەیمانێک هەبێت و هیوای ئایندەیەک هەبێت تا بەیەکتریان بگەیەنێت.

**هاوسەرگیری** پەیمانی خۆشەویستییە و **خیانەتیش** شکاندنی ئەم پەیمانەیە.

# بەڵێنی هاوسەرگیری لەناو پەیوەندی خۆشەویستی

**تەمەنێکـی پـڕ لە سـەروەری و جـوانی دەژیـت** لە پـڕ یەکێـک لەڕێگـەی خۆشەویسـتییەوە دێـتە نـاو ژیـانتەوە و **بەڵێنـی هاوسـەرگیریت** لەگەڵ دەبەستێت و هیوایەکت پێ دەبەخشێت بۆ پێکەوبوون لە ئاینـدە، بەڵام دوای مـاوەیەک لەپـڕ دڵـت دەشـکێنێت و ون دەبێـت و بـێ هیـوا جێـت دەهێڵێت، ئیدی تۆش تووشی شۆک دەبیت و بەهەمـان شـێوەی ئەو لەژێـر ناوی خۆشەویستی دڵی سەدان کەس دەشـکێنیت و خـۆت و خۆشەویسـتی لەدەسـت دەدەیـت و بـۆ هەمیشـە نـاگەڕێیتەوە دۆخـی جـارانی خـۆت، لەکەسێکی سەرکەوتووی پڕ هیواوە دەبیت بە کەسێکی دۆڕاوی بێ هیوا.
**تۆ تەمەنێکی پڕ لە تێکۆشان و مرۆڤ دۆستی دەژیت** لەپڕ یەکێک دێـتە نـاو ژیـانتەوە و **لەڕێـگەی گـۆڕینەوەی ئەڵـقەی هاوسـەرگیرییەوە** ژیانـت دەکات بە دۆزەخ و دنیات تاریک دەکات، دواتر تۆش بەهەمان شێوە لەژێر ناوی هاوسـەرگیرییەوە دەیـان پەیوەنـدی دەبەستی و ژیـانی دەیـان کەس دەکەیـت بە دۆزەخ و دنیـایی سـەدان کەس تاریـک دەکەیـت، ئیـدی بـۆ هەمیشـە خـۆت لەدەسـت دەدەیـت و لە کەسـێکی تێکۆشـەری مـرۆڤ دۆستەوە دەبیت بە کەسێکی ڕووخاوی مەرگ دۆست.



# عەشق واتە ١ + ١ = ١

هەموو مرۆڤێک لەگەڵ لە دایک بوونی
عەشق وەک چرایەک لە گیان و دڵی هەڵکراوە
مەگەر کەسانێک خۆیان بیانەوێت فوو لە چرای ئەم عەشقە بکەن و
ڕووناکیەکەی خامۆش بکەن.

## عەشق نە دەکڕدرێت و نە دەفرۆشرێت

**عەشــق** نە دەکڕدرێــت و نە دەفرۆشرێــت و نە بەکــرێ دەگیرێــت و نە مامەڵەی لەسەر دەکرێت.

**عەشق** وەک هەوا دابەشکراوە و هەر کەس بەشی خۆی بەرکەوتووە.

**عەشق** بێ مەرج و هۆکار دێتە سەر ڕێـگەت و لێـت ناپرسـێت تـۆ کێیـت و چەند ساڵیت و چیت هەیە.

**نە** دەتوانیت بەزۆر کەس مەجبوور بکەیت عاشقت بێـت و نە دەشـتوانیت بەزۆر کەس وا لێبکەیت عاشقت نەبێت.

**عەشق** بە دڵ درکی پێ دەکەیت و بەچاو نایبینیت.

**عەشق** بە گیان هەستی پێ دەکەیت و بەجەستە پێی ناگەیت.

**عەشق** تەمەنێک لەگەڵی دەبیت و بە مردن پێی دەگەیت.

## گەڕانەوە بۆ خۆت، گەڕانەوەیە بۆ عەشق

**گەڕانەوە** بـۆ خـۆت گەڕانەوەیە بـۆ عەشـق، چـونکە خودناسـی یەکەم هەنگاوی بەرەو عاشقبوونە.
**تـا** خـۆت نەناسـی و لە ناسـینی خۆشـت نەگەیـت بە پـلەی خۆشەویسـتی، ناتوانیت بەسەر پردی خۆشەویستیەوە هەنگاو بنێیت بەرەو عەشق.
**خۆنەناسی واتە:** بێ ئاگای خود و بوونی دیوار لەنێـوان خـۆت و خـود، واتە ونکردنی یەکەم ڕێگەی بەرەو عەشق.
**بۆ گەیشتن** بە عەشق دەبێت دیواری نێوان خۆت و خود بڕوخێنیت و لە بێ ئاگای خود دەربچیت و بگەیت بەوپەڕی هۆشیاری دڵ.
**کە لە خود ناسی** بە ئاگا هاتیت، لەو دەسەڵاتە بە ئاگا دێیـت، لە نەفخێکـی خودایی پێت بەخشراوە.
**هەر بەم نەفخە خودابیەوە،** دەتوانیـت خـۆت لە جەسـتە ڕزگـار بکەیـت و بگەیت بە گیان، کە بزوێنەری عەشقە.

# عەشق لەگەڵ مرۆڤ لە دایک دەبێت

**ئەو کاتەی** مرۆڤ پارچەیەک قوڕبوو بە نەفخێکی خودایی گیانی کرایە بەر، لەگەڵ ئەم نەفخە عەشقیش هاتە ناو گیان و دڵی.

**عەشق** لەگەڵ مرۆڤ لەدایک دەبێت و لەگەڵ مرۆڤیش گەورە دەبێت و لەگەڵ مردنیش بەرەو نەمری لەشەقەی باڵی دەدات.

هەموو مرۆڤێک لەگەڵ لە دایک بوونی عەشق وەک چرایەک لە گیان و دڵی هەڵگیرساوە، مەگەر کەسانێک خۆیان بیانەوێت فوو لە چرای ئەم عەشقە بکەن و ڕووناکیەکەی خامۆش بکەن.

**عەشق ڕابەرایەتی نیوەی مرۆڤ دەکات**، هەر لە سەرەتای لە دایکبوونیەوە، لە کۆتایش بە نەمری دەیهێڵێتەوە، ئەویش **لەڕێگەی گیان و دڵەوە.**

**حەزیش ڕابەرایەتی نیوەی مرۆڤ دەکات**، کە دوای ماوەیەک لەناو دەچێت و لەگەڵ خاک و خۆڵ شی دەبێتەوە، ئەویش **لەڕێگەی جەستەوە.**

**کە گیان و دڵ سەروەری مرۆڤ بوو**، عەشقیش دەبێت بە ڕابەر و مرۆڤیش بەرەو باڵابوون دەبات.

**کە جەستەش سەروەری مرۆڤ بوو**، حەزیش دەبێت بەڕابەر و مرۆڤیش بەرەو خەمۆکی دەبات.

## حەز بەندت دەکات و عەشق ئازادت دەکات

**عەشق** کانیاوێکە لە دڵتەوە سەرچاوە دەگرێت و دەڕژێتە گیانتەوە.
**حەز** زەڵکاوێکە لە هەستەکانتەوە سەرچاوە دەگرێت و دەڕژێتە ناو هەموو خانەیەکی جەستەتەوە.
**عەشق چاوی دڵ ڕۆشن دەکاتەوە** و جیهانی ڕاستەقینەت پێ نیشان دەدات.
**حەز چاوی دڵ دەبەستێت** و جیهانی ڕاستەقینەت لێ ون دەکات.
**عەشق بەگیانتەوە گرێت دەدات** و هەر جارەو بەرەو دنیایەکی جوانت دەفڕێنێت.
**حەز لەناو هەستەکان بەندت دەکات** و دەتخاتە ژێر فەرمانەکانی خۆی.
**حەز** بەندت دەکات و **عەشق** ئازادت دەکات.
**حەز** لە جیهانی زەمینی دەتهێڵێتەوە.
**عەشق** بەرەو جیهانی فریشتەکان دەتفڕێنێت.

## له عەشق بەهرەکانت وەک کانی دەتەقنەوە

**عەشق** بەو هێزەی دەیخاتە ناو دڵت، دەتکات بە سەرداری خۆت و خەڵک.
**عەشق** کودەتایەکی گەورە لە ژیانت دروست دەکات و لە کەسێکی دەست بەتاڵەوە دەتکات بە داهێنەر.
**عەشق** وزەیەکی هێندە بەهێز لە دڵت دروست دەکات، هەرچی تواناو بەهرەی شاراوەی تۆ هەیە، وەک کانی یەک لەدوای یەک دەتەقنەوە و هەموو تواناکانی ئەفراندنت تێدا دەردەکەوێت.

## ئەوەی هەیە تەنیا عەشقە

**هەر** کەس بەجۆرێک ڕێگەی نەمری دەگرێتەبەر، بەڵام لە کۆتایی هەموو ڕوو لەیەک کانیاون، تا بەهۆیەوە دڵ و دەروونیان ئاو بخواتەوە، ئەویش کانیاوی عەشقە.

**عاشق** تا بە مەعشوق دەگات بوونی هەیە، کە گەیشت لەو دەتوێتەوە و نامێنێت، **مەعشوق** تا دەگات بەدیداری عاشق بوونی هەیە، کە گەیشت ئیدی نە عاشق دەمێنێت و نە مەعشوق، ئەوەی دەمێنێتەوە تەنیا عەشقە.

**عاشق بوون** ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بە عەشق، مەعشوقیش ویستگەیەکە بۆ دیداری عەشق.

## عەشق منداڵمان دەکاتەوە

**وەک چۆن منداڵ** بۆ بەدەستهێنانی بوکەڵەیەک دەگریت، عاشقیش بۆ گەیشتن بە مەعشوق هەموو شەو لە دڵەوە دەگریت.
**عاشق** کە کۆت و بەندەکانی ژێری تێک دەشکێنێت، شێتانە ملی ڕێگەی عەشق دەگرێت و مرۆڤێکی نەرم و نیان و پڕ سۆزی لێ بەرهەم دێت.

**لە سیفەتە** هەرە دیارەکانی عاشق زوو گریان و زۆر فرمێسک ڕشتنە.
**مەعشوق نەبێت،** عاشق نە خۆی و نە هیچ کەس نابینێت.
**مەعشوق نەبێت،** عاشق خەمی خۆی و خەمی هیچ کەسی نییە.
**مەعشوق نەبێت،** عاشق ئاگای لەخۆی و ئاگای لە هیچ کەس نییە.

## بازنەی عاشق و مەعشوق

**عاشق** دەبێت هێندە لەگەڵ مەعشوق تێکەڵ بێت هەموو سیفەتەکانی ئەو لەخۆیدا بەرجەستە بکات، تا ئەو ئاستە ئاوێتە بێت بوونێک بۆ خۆی نەمێنێتەوە.

**لە عەشق** دوو بازنەی عاشق و مەعشوق نامێنێت و یەک بازنە دەمێنێـەوە بەناوی عەشق.

**عاشق** دەبێت هێندە لە مەعشوق بێتە پێشەوە و تێکەڵ بێت، تا یەکگرتن و یەکێتی بوون دێتە کایەوە.

**لە ئەزموونی عەشق** (عاشق و مەعشوق) لە یەک خاڵ یەک دەگرنەوە و لەو خاڵەدا هەردووکیان کۆتاییان پێدێت، ئەویش خاڵی (عەشق)ە.

# عەشق لە دایکبوونی دووەمە

**دوو جار لەدایک دەبیت**، جارێـک لە هەنـاوی دایـک، جارێـک لە هەنـاوی عەشق.

**لەدایکبـوونی یەکەم** تـۆ دێنێـتە ئەم جیهـانە، لە دایکبـوونی دووەم تـۆ لەم جیهانە دەباتەوە جیهانی یەکەم، کە بەهەشتە.

**کە مرۆڤ دێتە دنیا**، ژەنگی دنیا دەروونـی دادەپۆشـێت، بۆیـە پێویسـتی بە عەشقە تا ئەم ژەنگە لەسەر دڵی هەڵتەکێنێت.

**بە لەدایکبوونی یەکەم** دەستت دەگات بە سەر زەوی.

**بە لە دایکبوونی دووەم** دەستت دەگات بە کرۆکی مرۆڤبوون.

**لە دایکبوونی یەکەم واتە:** هاتنە نێو دنیا.

**لە دایکبوونی دووەم واتە:** لە دنیا دەرچوون.

# دڵ ڕەقی و دڵ نەرمی

**خۆشەویستی** مرۆڤێکی دڵ نەرم بەرهەم دەهێنێت، کە هیچ لە مرۆڤەکانی سەردەمی خۆی ناچێت.

**خۆشەویستی** گەڕانەوەی مرۆڤە بۆ سەر ڕەچەڵەکی ڕاستەقینەی خۆی.

**خۆشەویستی** گەیشتنەوەی مرۆڤە بە مرۆڤەکەی پێش دەرکردنی لەبەهەشت.

**خۆشەویستی** ئاشتبوونەوەی مرۆڤە لەگەڵ دڵ و دەروونی خۆی.

**خۆشەویستی واتە:** درەوشانەوەی هەموو جوانییەکانی مرۆڤ لە قسەو لە ڕەفتار.

**خۆشەویستی** لە ئاو دەچێت نە هیچ ڕەنگێکی هەیە، نە هیچ تامێک، کەچی هەموو بەهۆی ئەوەوە زیندوو دەمێننەوە.

دوای (**ئاو**) و (**هەوا**)، **خۆشەویستی** سەرچاوەی سێیەمی ژیانە لەسەر زەوی.



# عەشق واتە ١ + ١ = ١

به زێڕ و گەوهەرەکانت دەتوانیت هەموو دنیا بکڕیت
بەڵام خۆشەویستی نا.

## هاوڕێیەتی بە خۆشەویستی یان بە ڕق کۆتایی دێت

**لەبەرامبەرت هێندە** بڕۆ پێشەوە کە هەنگاوێک نێوانتان بمێنێت تا هەر کات ویستت بتوانیت بکشێیتە دواوە.

**بە هەر هەنگاوێک** بۆ پێشەوە چوون بەرەو ڕووی بەرامبەرەکەت هەنگاوێک لەخۆت دووردەکەویتەوە و هەنگاوێک ئازادییەکانی خۆت پێشێل دەکەیت.

**بە هەر هەنگاویکی زیاتر** بۆ نزیک بوونەوە لە هاوڕێکەت ڕێگەی گەڕانەوە بۆ لای خۆت ئەستەمتر دەکەیت.

**زۆرجار هاوڕێیەتی** بە خۆشەویستی یان بە ڕق کۆتایی دێت، چونکە نزیکبوونەوەکە لەجێگە و کاتی خۆی نیە.

**کاتێک** دەتوانیت هاوڕێیەتی هەر بە هاوڕێیەتی کۆتایی پێ بێنیت، کە مەودایەک دروست بکەیت لەنێوان خۆت و هاوڕێیەکەت، نە تۆ نزیکتر ببیتەوە و نە ڕێگەش بدەیت ئەو نزیکتر بێتەوە.

## گوێگرتن لە دەنگی دڵ

**دڵت سەرپشک بکە،** لە هەڵبژاردنی شـتەکان، تـا هەرگیـز خەمبـار نـەبیت، چونکە تۆ هەموو شتێک لەپێناو خۆشی و بەختەوەری ئەو دەکەیت.

**وەک منداڵ بە،** بە گوێی دڵت بکە، چونکە شکانی دڵ واتە شـکانی هەمـوو ئەندامەکانی جەستە.

**گوێ لە دەنگی دڵت بگرە،** بۆ کوێ بانگی کردیت بۆ ئەوێ بڕۆ و گوێڕایەڵی بە، لە کۆتاییدا تۆ هەرچی بکەیت بۆ شادومانی ئەو ئەنجامی دەدەیت.

## خۆشەویستی ڕەسەنترین سیفەتی مرۆڤە

**مرۆڤ ئاوێنەی خۆشەویستی خودایە**، لەم ئاوێنە هەموو تیشکە جوانەکانی خودا دەردەکەون، تیشکی سۆز و بەزەیی، تیشکی بەخشین و لێبوردەیی، کە بەهۆیانەوە دڵ و دەروونی مرۆڤ ڕووناک دەبێتەوە.

**خۆشەویستی ڕەسەنترین سیفەتی مرۆڤە**، هەر مرۆڤێک خۆشەویستی لە دڵدا نەبێت مرۆڤێکی نا ڕەسەنە.

**مرۆڤی ناڕەسەن** ئەو کەسەیە، لەژێر بنەمای ڕق و تۆڵە پەیوەندییەکانی دروست دەکات، لەکاتێکدا مرۆڤ بەبۆنەی خۆشەویستییەوە دروستبووە.

**مرۆڤ بەرهەمی خۆشەویستی خودایە** و منداڵەکانیش بەرهەمی خۆشەویستی نێوان مرۆڤەکانن.

**تەنیا خۆشەویستی** دەتوانێت درێژە بە مانەوەی مرۆڤی ڕەسەن بدات لەڕێگەی هاوسەرگیرییەوە.

## ئازاری عەشق گەورەترە لە ئازاری خۆشەویستی

**پلەی خۆشەویستی** پلەی **ئازارە**، ئازاری خۆشەویستە کۆنەکەت بەهاتنی خۆشەویستە تازەکەت کۆتایی پێ دێت.
**پلەی عەشق** پلەی **سوتانە**، جێگەی سوتان سارێژ دەبێت، بەڵام بۆ هەمیشە پاشماوەکەی دەمێنێت، چونکە مرۆڤ جارێك بە هۆی عەشقەوە دەسوتێت.
**ئازاری عەشق** گەورەترە لە ئازاری خۆشەویستی، چونکە خۆشەویستی ئازاری برینێکە بە تەنیا، بەڵام عەشق ئازاری سوتانە.

## خۆشەویستی دەربڕین کاری سەرەکی تۆیە

**خۆشەویستی** جوانترین و بەنرخترین دیارییە، مرۆڤ پێشکەش بە مرۆڤەکانی دیکەی بکات.
**خۆشەویستی بەخشین** کاری سەرەکی مرۆڤە و کارەکانی دیکە تەنیا لقێکن لە ژیان.
**خۆشەویستی بەخشین** واتە: بەخشینی هەستی شادی و ئاسایشی دەروون.
**خۆشەویستی دەبڕین** واتە: دەرخستنی گەوهەری ڕاستەقینەی ناو دڵی مرۆڤ کە هەست و سۆزە.

**دەتوانیت پارە ببەخشیت**، بەڵام شادی نا.
**دەتوانیت سامانی خۆت ببەخشیت بەسەر خەڵک**، بەڵام بەختەوەری نا.
**دەتوانیت زێڕو ئاڵتوونەکان دابەش بکەیت**، بەڵام نرخ و ڕێز نا.

**خۆشەویستی** کارێکە نە پارەی پێویستە و نە مامەڵەکردن.
**بە پارەکانت دەتوانیت گەورەترین خانوو بکڕیت**، بەڵام ئارامی نا.
**بە سامانەکەت دەتوانیت جوانترین کچ بەدەست بهێنت**، بەڵام دڵی نا.
**بە پارەو زێڕەکانت دەتوانیت هەموو دنیا بکڕیت**، بەڵام خۆشەویستی نا.

## خۆشەویستی ببەخشە خۆشەویستی وەردەگریتەوە

**ژیان پڕە لە کردار و پەرچەکردار**، چی بچێنیت ئەوە دروێنە دەکەیت، چی بەخشیت هەر ئەوەش وەردەگریتەوە.

**خۆشەویستی ببەخشە**، خۆشەویستی بەدەست دێنیتەوە.

**ڕق ببەخشە** هەر ڕق وەردەگریتەوە، ئەمە یاسای ژیانە.

**بە ئەندازەی ئەو خۆشەویستییەی تۆ هەتە**، خۆشەویستی وەردەگریت نە زیاد و نەکەم.

**تا خۆشەویستیت زیاتر بێت** بۆ خۆشەویستەکەت، خۆشەویستی ئەو بۆ تۆ زیاتر دەبێت.

**خۆشەویستی واتە:** دەربڕینی هەست و سۆز لەڕێگەی ڕەفتارەکانتەوە.

**تا ڕەفتارەکانت جوانتر و بەرزتر بێت**، خۆشەویستی بەرامبەرەکەت بۆ تۆ زیاتر و بەرزتر دەبێت.

# عەشق واتە ١ + ١ = ١

لەگەڵ گەیشتن بە مەعشوق
ئیدی تۆ لەگەڵ ئەو یەکی نەک دووان، تۆ ئەوی نەک خۆت.



## دەرگەکانی پەیوەندی

**لە ڕێگەی** چوار دەرگەوە دەتوانیت پەیوەندی دروست بکەیت، بریتین لە (**هاوڕێیەتی، حەز، خۆشەویستی، عەشق**).
هەر کەس  بە دەرگەیەکەوە دێتە ناو پەیوەندییەکان.

**یەکەم: ئەوانەی دەیانەوێت بگەن بە گیانی هاوڕێیەتی**
لە دەرگەی هاوڕێیەتی دێنە ژوورەوە.
**دووەم: ئەوانەی دەیانەوێت بگەن بە ئارەزووەکانی جەستە**
لە دەرگەی حەز دێنە ژوورەوە.
**سێیەم: ئەوانەی دەیانەوێت بگەن بەهەست و سۆزی دڵ**
لە دەرگەی خۆشەویستی دێنە ژوورەوە.
**چوارەم: ئەوانەی دەیانەوێت بگەن بە نەمری**
لە دەرگەی عەشق دێنە ژوورەوە.

**ئەگەر لە دەرگەی هاوڕێیەتییەوە** بچیتە ناو ماڵی عەشقەوە، دەست بەتاڵ دێیتە دەرەوە.
لە دەرگەی هاوڕێیەتیەوە بەرەو دەرگەی خۆشەویستی بڕۆ، تا دەرگەی عەشق بەسەر دڵت بکرێتەوە، چونکە دەرگەکان بەدوای یەکەوە دێن.
**نزیکترین دەرگە لە عەشق**، دەرگەی خۆشەویستییە، خۆشەویستی پردی گەیشتنە بە عەشق.

# له عه‌شقی ڕاسته‌قینه ژوان نیه

**عه‌شقی ڕاسته‌قینه** تێکه‌ڵبوون و توانه‌وه‌ی عاشقه له مه‌عشوق.

**عاشق** له‌ناو ده‌ریایی عه‌شق توایه‌وه‌و بوو به مه‌عشوق، ئیدی هیچ ژوانێـک پێویست ناکات.

**له عه‌شقی ڕاسته‌قینه** ژوان کۆتایی پێ دێت و ژیان ژیانه له‌نـاو عه‌شـق، که عاشق و مه‌عشوق تیایدا له ئامێزی عه‌شق یه‌ک ده‌گرنه‌وه.

**عاشـقی ڕاسـته‌قینه** هه‌میشـه به گیـان و دڵ له دیـدار و ژوان دایه، نه‌ک به جه‌سته.

**ئـاگری عه‌شـقی ڕاسـته‌قینه** نه به‌(دیـدار و ژوان) زێـتر گـڕ ده‌گرێـت و نه به‌(دابڕان و دوور)یش کۆتایی دێت.

**بۆ ژوان به‌ستن له‌گه‌ڵ یار**، دوور مه‌ڕۆ ئه‌و له‌ناو دڵته.

## عاشق قوربانییە، نەک مەعشوق

**عاشق** دەستپێشخەری دەکات و دەیەوێت لەگەڵ مەعشوق یەک بگرێتەوە و ئەم هەوڵەش بە تواناوە و لەناوچوونی خۆی کۆتایی دێت.

**عاشق** دەبەخشێت و مەعشوق وەردەگرێت، عاشق دێت و مەعشوق دەمێنێتەوە.

**عاشق** دەتوێتەوە و تەنیا مەعشوق دەردەکەوێت.

**عاشق** بە یەکگرتنی لەگەڵ مەعشوق قوربانی دەدات و ئەویش توانەوە و نەمانی خۆیەتی.

# عەشق دەرچوونە لە ترس و خەم

**دوو شــت هەن** بە درێژایــی تەمەن نــایەڵن مــرۆڤ ئــۆقرە بگرێــت ئەویــش (ترس و خەم)ە.

**تاکە** ڕێگەیەگ مرۆڤ دەرباز بکات لە ترس و خەم تەنیا عەشقە.

**مرۆڤی عاشق** نە ترسی ژیانی هەیە و نە خەمی مردن.

**عاشق** بە یادی مەعشوقەوە دەژییێت و مردنیش بە سەرەتای ڕێگە دەزانێـت بۆ گەیشتی یەکجارەکی بە دیداری ئەو.

**خەم** لە بێ هیواییەوە سەرچاوە دەگرێت، هیوای عاشق یارە، ئەو نە خەمـی گەیشتنی هەیە و نە خەمی دابـڕان، چـونکە مەعشـوق بـۆ هەمیشـە لەنـاو گیان و دڵی ڕەگی داکوتاوە.

**تــرس** لە نەزانینــی ئەنجــامەوە ســەرچاوە دەگرێــت، عاشــق لە گەیشــتنی بە مەعشوق دڵنیایە، چونکە ئەو لە گیان و دڵەوە دەمێکە بە یار گەیشتووە.

**عاشق** بێ خەمە، هیوای بە مەعشوقە و بێ ترسیشە هەموو چرکەیەک لەناو دیداری ئەو دایە بە گیان، نەك جەستە.

**بەوە دەزانیت گەیشتوویت بە عەشقی ڕاستەقینە**، کە ترس و خەم لە دڵتدا نەمابێت.

**هەر کاتێک** هەستت بە ترس و خەمێک کرد لەنـاو دڵـت، بـزانە گرفتێـک لە عەشقدا بوونی هەیە.

## پەردە لەنێوان عاشق و مەعشوق

**عەشق** هەڵپچڕاندنی هەموو پەردەکانی نێوان عاشق و مەعشوقە.
پەردەکان واتە بوونی کەسی دووەم، یان شتێک ببێت بە هۆکاری نزیکبوونە.
**عاشـق لەڕێـگەی گیـان و دڵەوە** ڕاسـتەوخۆ دەگـات بە دڵـی مەعشـوق، پێویستی بە کەسی دووەم نیە، کە بەهۆیەوە وزەی عەشق لەبەین دەچێت.
**عاشق نە پێویستی بە گوڵێکە**، نە بە دیارییەک تا لەڕێگەیەوە بگات بە دڵـی مەعشوق، هەموو ئەمانە پەردە دروست دەکەن لەنێوان عاشق و مەعشوق.
**عاشق واتە:** گەیشـتنی گیـان و دڵ بە مەعشـوق هەر کاتێـک کەسـێک یـان گوڵێک یان تەنێک بوو بە هۆکـاری ئەم بەیەکگەیشـتنە، کەواتە پەردە هەیە لەنێوان عاشق و مەعشوق،
**هەرکاتێک** کەسی دووەم یان هۆکارێک بۆ ئەم بەیەکگەیشـتنە هەبـوو، ئەم پەیوەنـدییە ناگـاتە پـلەی عەشـق، چـونکە عاشـق و مەعشـوق ڕاسـتەوخۆ ئاوێتەی یەکترنابن و بەهۆی پەردەیەکەوە وزەی عەشق لەناو دەچێت.

## له عەشقدا دوو چیتر دوو نیە، تەنیا یەکە

**لە عەشقدا** نە خۆم خۆمم و نە خۆت خۆتی، تۆ منی و منیش تۆمە.

**عەشق واتە:** من بێ تۆ نیم و ئەوەی هەیە تەنیا تۆیت.

لە عەشقدا ژمارە دوو هیچ ڕۆڵێکی نیە، چونکە دوو چیتر دوو نیە، تەنیا یەکە.

**لە عەشقدا** دووان چیتر دووان نین، ئەوان دەبنەوە بە یەک و یەکی تەواو.

**لە عەشقدا** سەربەخۆ نامێنیتەوە ئیدی سەر بە عەشقیت.

لەگەڵ گەیشتن بە مەعشوق ئیدی تۆ لەگەڵ ئەو یەکی نەک دووان، تۆ ئەوی نەک خۆت.

## وشەی پیرۆزی عەشق

**ئەم هەموو بینینە،** بەکاڵکردنەوەی وێنەی جوانی دەست پێدەکات، بە کوشتنی جوانی لە خەیاڵ کۆتایی دێت.
لەڕێگەی بینینەوە تروسکاییەک نییە، کە هەست و سۆز و خۆشەویستی لێ دەرکەوێت، ئەوەی هەیە تەنیا حەزو ئارەزووە.
**بۆ بینیی عەشق پێویستت بە چاوی دڵ هەیە**
**بە چاوی سەر تەنیا دەگەیت بە حەز و ئارەزوو.**
**عەشق** وەرگرتن نیە بەخشینە، بینین نیە تەنیا هەست کردنە
**عەشق** یەک جار دەردەکەوێت و هەموو تەمەنت دەبات
**عەشق واتە:** دڵ بخەیتە سەر سەرت و حەزیش بنێیتە ژێر پێتەوە.
**عەشق واتە:** ئەوەی دوێنێ دوژمن بوو، ئەمڕۆ دۆستە.

# عەشق واتە ١ + ١ = ١

مــرۆڤ لەپاڵ جوانی دەبێت شتێکی هەبێت
پێناسەی ئەم جوانییەی بۆ بکات
سەرچاوەی بینین ڕووناکییە
سەرچاوەی جوانیش ئاکار و ڕەوشتە.



## خۆشەویستی دەست بردنە بۆ پەپوولە

**ناتوانیت** بە میهرەبانیت هیچ کەس بە زۆرەکی هۆگری خۆت بکەیت و وای لێ بکەیت تۆی خۆشبوێیت، بەڵام دەتوانیت بە ڕقەکانت زۆر کەس لە خۆت زویر بکەیت و ڕقی لێت بێتەوە، چونکە کاری ڕق ئاسانترە، لە کاری خۆشەویستی.

**خۆشەویستی لەڕێگەی هەستەکانەوە** لەناو دڵی مرۆڤ لەدایك دەبێت.

**ڕق لەڕێگەی کوشتنی هەستەکانەوە** لەناو ڕەفتارەکانی مرۆڤ سەرهەڵدەدات.

**خۆشەویستی پرۆسەیەکی هێندە ناسک و هەستیارە** وەک دەست بردنە بۆ پەپوولە، ئەگەر بەهێمنی و ورياييەوە دەستی بۆ نەبەیت هەڵدەفڕێت و لەدەستت دەچێت، هەرچی بکەیت جارێکی دیکە پێی ناگەیتەوە، ئەگەر زۆریشت لێکرد و پاڵەپەستۆت خستە سەری بۆ خێرا دەستگرتنی، ئەوکات پەڕوباڵی دەڕوشێت و جوانی خۆی لە دەست دەدات و هەرگیز ئەو شتەت دەست ناکەوێتەوە کە خۆشتدەویست.

## به شوێن دڵی خۆت بکەوە

**شتێک مەکە بۆ دڵخۆشی بەرامبەر**، کە دڵت پێی خۆش نیە، دڵخۆشی خۆت لەناو دڵی خۆتەوە دەستپێدەکات، نەک دڵی بەرامبەر.
**کەسێک هەنگاوێک لێت نزیک کەوتەوە**، تۆ دوو هەنگاو لێی نزیـک بەوە، **کەسێک هەنگاوێک لێت دوورکەوتەوە**، تۆ دوو هەنگاو لێی دوورکەوە.
**کەسێك تۆی خۆشویست**، تۆش بەکردار بۆی بسەلمێنە.
**کەسێکیش ڕقی نیشاندانیت**، تۆ بە فەرامۆشکردن لە ڕق گەورەتـری نیشـان بدە.
**ترسـی لەدەسـتدان و گەیشـتن لە دڵـت دەربهێـنە** و هـیچ کەس و شـتێک پەیوەست مەکە بەخۆتەوە، خۆشت مەبەستەوە بە تەنیا خەونێک تا بەهۆی بەدی نەهاتنیەوە دونیات لێ نەبێت بە زیندان.
**لەبەر دڵـی هـیچ کەس هـیچ مەکە**، هەر دڵ ڕاگرتنێکـی بەرامـبەر ئەگەر ڕەزامەندی دڵی خۆتی لەسەر نەبوو، بە شکانی دڵی خۆت کۆتایی دێت.
**بە شوێن دڵی خۆت بکەوە**، نە دڵی ئەم و ئەو، لە کۆتاییدا هەر تەنیا خۆت و دڵی خۆت بەیەکەوە دەمێننەوە.

## جوانی پێویستی بە ڕووناکیە

**لە پاڵ جوانی** دەبێت شتێک هەبێت پێناسەی ئەو جوانییە بکات.
سەرچاوەی بینین ڕووناکییە، سەرچاوەی جوانیش ئاکار و ڕەوشتە.
**کەسێک لە ڕووی جەستەیەوە لە ترۆپکی جوانی بێت**، بەڵام ڕەفتارەکانی ناشیرین بن، پەردەیەکی ڕەش هەموو جوانییەکەی دادەپۆشێت و ناشیرین دەردەکەوێت.
**کەسێکیش لە ڕووی جەستەیەوە لەو پەڕی ناشیرینی بێت**، بەڵام ڕەفتارەکانی جوان بن، پەردەیەکی سپی هەموو ناشرینییەکانی دادەپۆشێت و جوان دەردەکەوێت.
**جوانی** لە ڕاستیدا ئەو شتە نیە خۆی نیشان دەدات و هەر جارەی شێوازێک خۆی نمایش دەکات، بەڵکو جوانی ئەو ڕووناکییەیە، لە ڕەفتار و ئاکاری مرۆڤەکان دەردەکەوێت.

## ناتوانێت هەموو سەرنجەکانمان بۆ خۆی ڕابکێشێت

**هەر یەکێک بە شتێکەوە هەستەکانمان داگیردەکات**، یەکێک بە جوانی خۆی، یەکێک بە وشەکانی، یەکێک بە هونەرەکەی، یەکێک بە ڕەفتارەکانی.

**هیچ کەس ناتوانێت** بەجارێک هەموو سەرنجەکانمان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، چونکە مرۆڤەکان لە بنچینە ناتەواون و تەنیا لە ڕێگەی عەشقەوە دەتوانن بگەن بە بوونی ڕەسەن.

**ئەگەر قسەکانی** خۆشەویستەکەت سەرنجت ڕادەکێشن، واتە خۆشەویستەکەت سەرنجی ڕاکێشاویت، چونکە قسەکانی ئەو، بەشێکن لە خودی خۆی.

**ئەگەر جلوبەرگی خۆشەویستەکەت** سەرنجی ڕاکێشاویت، واتە خۆشەویستەکەت سەرنجی ڕاکێشاویت، چونکە جلوبەرگەکەی بەشێکە لە هەڵبژاردەی بیر و خەیاڵی ئەو.

**هەر گرنگی نەدانێک** بە قسەکانی خۆشەویستەکەت یان سەرنج نەدان بۆ جلوبەرگەکانی، واتە فەرامۆشکردنی خودی خۆشەویستەکەت، چونکە ئەوانە بەشێکن لە هەڵبژاردەی بیر و خەیاڵەکانی ئەو.

**تۆ لەڕێگەی شتەکانی خۆشەویستەکەت**، کە بریتییە لە قسەکردن و جلوبەرگ و ڕەفتارکانییەوە خودی (جوانی) ئەو دەبینیت.

**لەڕێگەی خودی خۆشییەوە** (هەست)ەکانی ئەو دەبینیت.

**جوانی و هەست تێکەڵ دەبن** و سەرنجڕاکێشان دروست دەبێت و دەتبەن بەرەو خۆشەویستی.

# جوانی ڕۆح، جوانی جەستە

**عەشقی ڕاستەقینە** لە جوانی گیان و دڵی مرۆڤەوە دەردەکەوێت نەک لە جوانی ڕووخسار.
**جوانی گیان و دڵ** تیشکێکی خودایی تێدایە، کە لەقوڵایی دڵی مرۆڤەوە هەڵدەقووڵێت و بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە.
**جوانی جەستە** لە گۆشت و ئێسقانەوە دەردەکەوێت و بە مردنی مرۆڤ دەڕزێت و لە ناودەچێت.
**ئەوەی جوانی** جەستە کاڵ دەکاتەوە ئەم هەموو بینینە یەک لەدوای یەکانەی ڕۆژانەیە، ئەوەی دوێنی پێی سەرسام بوویت، ئەمڕۆ جوانییەکی ئاساییە و لە چاوی تۆ کاڵ بۆتەوە.
**دووبارەبوونەوە چێژ لەناو دەبات**، دەبێت وزەیەك هەبێت بۆ مانەوە لە ژیان و بێزارنەبوون، بۆیە مژدەی هەر ڕۆژەی ژیانێکی تازە بەوانە دراوە کە دەچنە بەهەشت، تا بۆ بەردەوامی ژیان وزەی لێ وەرگرن، ئەمە بۆ جوانیش هەمان شتە.
**لەناو خۆشەویستی دەبێت وزەیەك هەبێت بۆ جوانی**، تا ئەم جوانییە هەمیشە لە تازەبوونەوە دابێت و لەبەرچاوان کاڵ نەبێتەوە و چێژی خۆی لەدەست نەدات، ئەویش وزەی گیان و دڵە.

# عەشق واتە ١ + ١ = ١

من عاشقم کەواتە من هەم.



# بێ مەیلی لە عەشق

**هەستی بێ مەیلی لە عەشق**، زەنگێکە خەبەرت دەکاتەوە، کە هەڵەیەک هەیە لە خودی ئەم ڕێگەیە، یان هەڵەیەک هەیە لە شێوازەکانی هەنگاونان بەم ڕێگەیە.
**کە لە عەشق بێ مەیلی دروست بوو**، واتە کەلێنێک هەیە لەنێوان تۆ و خودی خۆت.
**کە سەربەخۆت نەبوویت**، سەر بەهەموو کەسێک دەبیت.
**بێ مەیلی واتە:** دوورکەوتنەوە لە خۆت، دەستگرتنی خۆتی درۆینە.
**هەرکاتێک کۆمەڵگە** یان هەلومەرجەکانی ژیان تۆی دابڕاند لەخۆت بێ مەیلی دروست دەبێت.
**عەشق ئومێدبەخشە**، هەرکات لە دڵت بێ مەیلی دروستبوو بزانە هەڵەیەک ڕوویداوە.
**بێزار نابیت لە عەشق** مەگەر مەودایەک دروست بێت لەنێوان تۆ و خودی خۆت، دواتر دەبێت بەهۆی دروست بوونی مەودایەک لەنێوان تۆ و مەعشوق.

# ڕازو نیازەکانی عەشق

**نابێت ڕازو نیازەکانی دڵت** لای هیچ کەس بدرکێنیت و نهێنییەکانی عەشقی خۆت بۆ هیچ کەس باس بکەیت.

**مەزنی دەریای عەشق** لە بـوونی نهێنـی ئەم هەمـوو مـرواری و گەوهەرەیە کە هەر کەس بەجۆرێک هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات.

**ئاشکراکردنی ڕازو نیازەکانی عەشـق لای بێگـانە،** بەتـاڵکردنەوەی جـادووی عەشقە لەهەموو جوانییەک.

**ئاشکراکردنی ڕازەکانی عەشـق،** لە کارخسـتنی دڵـە لە هەمـوو خـورپەیەکی عەشق.

**ئەوەی** ئەم هەموو داستانەی لە مێژوو بێ ئاکام کرد وەك (لەیل و مەجنـون و شـیرین و فەرهـاد و ڕۆمیـۆ و جۆلێـت) تەنیـا درکانـدنی نهێنـی و ڕازو نیازەکانی عەشق بوو لای بێگانە.

## عەشق مردوو زیندوو دەکاتەوە

**لەنــاو عەشــق وزەیەکــی شــاراوە هەیە**، کە دەســتت پێگەیشــت دەســتت بەهەموو گەردوون دەگات.
**ئەو وزەیەی لە عەشقدا هەیە** لەسەرەوەی مرۆڤەوەیە، هێزێکی خـودایيە و کامڵت دەکات، سەر لە نوێ زینـدووت دەکـاتەوە و تەکـان بە دڵ و گیانـت دەدات و هەڵت دەسێنێتەوە.
**لەڕێگەی عەشق زیندوو دەبیـتەوە** و لەڕێـگەی مـردنیش یەکەم هەنگـاوی عەشق هەڵدێنیت، چونکە مردن سەرەتای دیدارە.
**عاشق هەرگیز نامرێت ئەو نەمـرە**، ئەو نەفخێکـی خـودایی تێـدایە و تەنیـا وێستگەکان دەگۆڕێت تا دەگات بە عەشق.

## ئەو دڵەی پڕ بێت لە عەشق، هەرگیز پڕ نابێت لە خەم

**ئەو دڵەی پڕ بێت لە عەشق**، هەرگیز پڕ نابێت لە خەم
دڵێک کە عەشقی تێدانەبوو سەدان زیندەوەری تێ دەچێت.
**ئەو دڵەی بەتاڵە لە عەشق**، وەک ئەو خانووە وایە بەتاڵە لە ئاوەدانی
هەرچی زیندەوەر هەیە ڕووی تێ دەکەن و هێلانەی لێ دەکەن.
**ڕێگەی عەشق بگرە**، تا خەم ڕێت لێ نەگرێت.
**دەستی عەشق بگرە**، تا ژیان دەستت بگرێت.
**ڕوو لە عەشق بە**، تا هەموو دنیا ڕوو لەتۆ بێت.
**لەگەڵ عەشق بە**، تا هەموو جیهان لەگەڵ تۆ بێت.

## عەشق وەک لە دایکبوون یەک جارە

**عەشق وەک لەدایکبوون و مردن** یەک جار لە تەمەنت ڕوودەدات، ئەگەر هەستت کرد دووبارە لە دایکبوویتەوە ئەوە عاشق بوویت، ئەگەر هەستت کرد تەنیا دەژیت ئەوە مردوویت.
**لەدایک دەبیت** لە جیهانێکەوە دێیت بۆ جیهانێکی دیکە، هەموو شت تازەیە، لە زگی دایکەوە بۆ سەر زەوی.
**کە عاشق بوویت** هەمان هەستی لە دایکبوونە هەموو شت تازەیە، بەڵام ئەم جارە لەسەر زەوییەوە بۆ جیهانی فریشتەکان.

## که نەگەیشتی بە عەشق، بۆ هەمیشە ناگەیتەوە بەخۆشت

**که لە عەشق شکستت هێنا**، گیانت وەک شەختە دەبەستێت، زیندوویەتی لە ژیانت نامێنێت و دەبێت بە وەرزێکی سارد و تاریک.

**کە بە عەشق نەگەیشتیت**، هەموو ئەو گڕوبڵێسەی ناو دڵت خامۆش دەبێت و ئەوەی ناو سینگت کە پێتدەگوت دڵ، دەبێت بە یەک پارچە بەرد.

**کە نەگەیشتی بە عەشق**، ئیتر بۆ هەمیشە ناگەیتەوە بەخۆشت.

**کە خۆشەویستەکەت لەدەستدا**، هەموو دنیا لەدەست دەدەیت.

## عەشق واتە تۆ هەم دەردی، هەم دەرمان

**عەشق** شێوە و ئەندازەی نیە تا ببینیت، تەنیا دەتوانیت درکی پێ بکەیت.
**عەشق** قەبارە و کێشی نیە تا دەستگیری بکەیت، تەنیا دەتوانیت هەستی پێ بکەیت.
**مرۆڤ لەم ژیانە خەوتووە**، تەنیا عەشق دەتوانێت خەبەری بکاتەوە.
**مرۆڤ لەم دونیایە مردووە**، تەنیا عەشق دەتوانێت زیندووی بکاتەوە.
**ئەوەی دەستی بە عەشق نەگات**، دەستی بە گرنگترین سەرچاوەی ژیان نەگەیشتووە.
**ئەوەی بە عەشق نەگات**، هەر ڕۆژەی بە مەرگێک دەگات و تۆزێک دەمرێت.
**عەشق واتە:** لەنێو ملیاران کەس نامۆبوون.
**عەشق واتە:** لەم دونیایە تەنیا بۆ تۆ بوون.
**عەشق واتە:** تۆ هەم دەردی هەم دەرمانی.
**عەشق واتە:** تۆ هەم مەرگی هەم ژیانی.
**عەشق واتە:** دونیای من تۆی هەر بە تەنیا.
**عەشق واتە:** بەشی منی لە هەر دوو دنیا.

# من عاشقم کەواتە من هەم

**بوونی مـرۆڤ** بەسـتراوەتەوە بە بـوونی عەشـق، چونکـە مـرۆڤ بەرهەمـی خۆشەویستییە.

**مرۆڤ** تەنیا بەهۆی عەشقەوە دەتوانێت بگەڕێتەوە سەر ڕەگوڕیشەی خۆی.

**هێندە بەس نیە تەنیا مرۆڤ بیت**، لەگەڵ مرۆڤ بوون دەبێت عاشـق بیـت، کە عاشق بوویت واتە هەیت.

**ڕازی بوون تەنیا بـە بـوون بـە مـرۆڤ** ئاسـانترین ڕێگـەی ژیانکردنـە، بـەڵام بەهادارترین نیە.

**مرۆڤی بێ عەشق جەستەی بێ گیانە**، لەو کاتەوە دێیتە ناو بوون، کە دێیـتە ناو عەشقەوە.

**مـن عـاشـقـم کـەواتـە: مـن هـەم.**

**عەشــق واتە:** درک کــردن بەوەی تــۆش هەیــت لە ڕووی بەهــاوە، نەک لە ڕووی کێش و قەبارەوە.



# عەشق واتە ١ + ١ = ١

خۆشەویستی دەرمانە و هاوسەرگیریش خواردن
خۆشەویستی پێش هاوسەرگیری
وەک خواردنی دەرمانەکانتە پێش نان خواردن.

## بەختەوەری لەناو دڵی خۆتەوە دەستپێدەکات

**هەموو دونیا کۆببنەوە** و خۆشەویستی خۆیان دەربڕن بۆت و هەوڵبدەن بەختەوەرت بکەن، ناتوانن گەر دڵی خۆت بڕیاری بەختەوەری نەدات، چونکە مەڵبەندی بڕیاری بەختەوەری دڵی خۆتە، نە دڵی هیچ کەسی دیکە.
**بەختەوەری لەناو دڵی خۆتەوە دەستپێدەکات** و هەر لەناو دڵی خۆشتەوە کۆتایی پێ دێت، کەواتە بۆ بەختەوەری بەدوای هیچ کەسدا مەگەڕێ.
**بەختەوەری ئەوەیە** نە ئومێدێکت بە هیچ کەس هەبێت و نە هیچ کەسیش ئومێدێکی بەتۆ هەبێت.
**گەر دەتەوێت بەختەوەر بیت،** ئومێد لەسەر دڵی هیچ کەس هەڵمەچنە و بەهیواوە بۆ هیچ شتێک مەژی، چونکە لە نەگەیشتن بەو کەسە و لە بەدەست نەهێنانی ئەو شتەی ڕەنجت بۆی داوە بێ ئومێد دەبیت.
**ڕاستەقینە ئەوەیە، پێشوازی لە ڕووداوەکان بکەیت** و قەبوڵی هەرچی هەیە بکەیت بە خۆشی و ناخۆشیەوە.
**ڕاستەقینە ئەوەیە،** ناخۆشییەکانی ژیان هاوشێوەی خۆشییەکان بە ئاسایی وەرگریت، چونکە ناخۆشییەکان هۆکارێکن بۆ ئەوەی زیاتر چێژ لە خۆشییەکان ببینیت و نرخیان بزانیت.

# سواڵی خۆشەویستی

**تا ئەو کاتە مانەوەی تۆ گرنگە**، بزانیت هێشتا لەناو دڵی بەرامبەر نیشتمانێکت هەیە، هەر کات زانیت لەم نیشتمانە غەریبیت و تەنیا وەک سواڵکەرێک لە بەرچاوان کەوتوویت، دوورکەوتنەوە باشترین بژاردەیە.

**زۆر جار مانەوە دەتکات بە سواڵکەرێکی قێزەون**، تۆ کە لەناو دڵ دەرکراوی چی دەکەیت لەبەر چاوی بەرامبەر.

**گەر خۆشەویستی** لە ترسی مانەوە لە تەنیایی بێت، کاری سواڵکەرە، نەک پەیوەندی خۆشەویستی.

**نە تەنیایی هێندە ترسناکە**، تا بەهۆیەوە خۆت بخەیتە باوەشی هەموو کەس و **نە خۆشەویستیش هێندە شیرینە**، تا بەهۆیەوە خۆت بکەیت بە قوربانی خاکی ژێر پێی هەموو کەس.

**گەر بڕیاربێت تەنیا بیت** لە باوەشی خۆشەویستەکەشت بیت هەر تەنیایت. **گەر بڕیاربێت عاشق بیت** تەنیاش بیت هەر عاشقیت.

**خۆشەویستی و تەنیایی** لەناو دڵی خۆتەوە دەستپێدەکەن، نەك لە دڵی هیچ کەسی دیکە.

# هەمیشە ڕووبەرێک بهێڵەوە

**نە هێندە لە کەس نزیک بەوە،** ڕێگەی گەڕانەوەت لێ بگیرێت.
**نە هێندەش دووربکەوە،** دەرفەرتی نزیکبوونەوە لەدەست بدەیت.
**چۆن بە نزیکبوونەوەی** زیاتری خۆر، پلەی سووتان لە سەر زەوی ڕوودەدات و بە دوورکەوتنەوەی زیاتریش، پلەی بەستن لە سەر زەوی ڕوودەدات، **خۆشەویستیش هەمان شێوەی زەوی هەیە،** بەیەک هەنگاو نزیک بوونەوەی زیاتر دەگەیت بە پلەی سووتان و بە یەک هەنگاو دوورکەوتنەوەش دەگەیت بە پلەی بەستن.
**لەنێوان خۆت و خەڵک** هەمیشە ڕووبەرێک بهێڵەوە بۆ ئەوەی نە بە نزیکبوونەوەت بگەیت بە پلەی سووتان و نە بەدوورکەوتنەوەش بگەیت بە پلەی بەستن.
**بۆ هەر کەس بە ئەندازەی خۆی خۆشەویستی دەربڕە.**
**خۆشەویستی بە ڕێژەیەکی زۆر دەردە و بە ڕێژەیەکی کەم دەرمانە.**

## هیچ کەس خۆشی ناوێیت لەبەر خۆت

**هەر کەسەو بەهۆکارێک** لێت نزیکدەبێتەوە و خۆشەویستی خۆیت بۆ دەردەبڕێت.
**سەدان هۆکار هەن بۆ خۆشەویستی** و بۆ جێهێشتنیش هیچ هۆکارێک نیە.
**هیچ کەس تۆی خۆشناوێیت گەر هۆکارێک نەبێت**، لەبەر ئەوەیە جوانیت، دەوڵەمەندیت، بەناوبانگیت یان زیرەکیت بۆیە تۆی خۆشدەوێت.
**خۆشەویستی ڕاستەقینە واتە:** تۆم خۆشدەوێت تەنیا لەبەر خۆت و جێشت ناهێڵم هەر لەبەر خۆت.
**هەر کەس** تۆی خۆشدەوێت بەهۆکارێکەوە، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لەڕێگەی تۆوە یان بۆ بەدەستهێنانی ئاواتەکانی بەهۆی تۆوە، یان لە بیرکردنی پەیوەندییە شکستخواردووەکەی پێشووی.
**خۆشەویستی ڕاستەقینە واتە:** تۆم خۆشدەوێت تەنیا لەبەر خۆت و جێشت ناهێڵم هەر لەبەر خۆت.

# نەچوونە دڵ واتە: بوونی کێشە لە دڵ

**مـرۆڤ** لە (ڕۆح)ی خـوداوە خەڵـق بـووە، بـۆیە بەشـێك لـە سـیفەتەکانی خوداوەندی هەڵگرتووە.

**لەگەڵ ئەم دەسەڵاتە بەهێزەی** لە خـوداوە بـۆ مـرۆڤ هـاتووە، بەڵام پێـنج هەستەکە تواناکانی سنووردارکردوون.

**مـرۆڤ زانینـی تەواوی نـیە**، بەڵام درک کردنـی تەواوی هەیە، تێگەیشـتنی تەواوی نیـیە، بەڵام هەسـتکردنی تەواوی هەیە، واتە مـرۆڤ زۆر بە ئاسـانی دەتوانێت لە ڕێگەی دڵەوە مرۆڤە باش و خراپەکان لەیەک جیابکاتەوە.

**کاتێك ناتوانیت بەرامبەر قەبوڵ بکەیت،** دیارە کێشەیەک لە دڵـی بەرامـبەر هەیە، دوای هەوڵێکـــی زۆر، بەڵام دڵـــت هەر وەری ناگرێـــت، لەو کـــاتە دەردەکەوێـت دڵـی بەرامـبەر گونجـاو نیـیە بـۆ تـۆ، چـونکە دڵ هەواڵ بە مێشـکت دەدات و مێشـکیش ئەنجـامەکەی بـۆ دڵ دەنێـرێتەوە، گەر دڵـت خۆش بوو، مانای وایە دڵی بەرامبەر پاکە و دەشێت بۆ بەسـتنی پەیوەنـدی، گەر دڵ بە ئەنجـامەکە خەمگـین بـوو، ئەوکـات کێشـەیەک هەیە، کێشـەکە ڕقێکە یان کینەیەکە لەناویا ماوەتەوە و پاک نەبۆتەوە.

**وەک** نمـــوونەی نەشـــتەرگەری چانـــدنی گـــورچیلەی کەســـێکە، هەر زوو دەردەکەوێت جەستەکە ئەم گورچیلە بێگانەیە وەک ئاشنایەک وەردەگرێـت یان نا، گەر وەری نەگرت هەرچەند دەرمان بەکار بهێنرێت سوودی نابێـت و هەر زوو لەناو دەچێت و سیس دەبێتەوە.

**کاتێــک** دڵــت بەرامــبەر وەرناگرێــت، مانــای وایە دڵــت ئەنجــامێکی پــێ گەیشتووە دڵخۆشکەر نیە.

**کاتێک دەڵێیت:** ئەم کەسە ناچێتە دڵـمەوە، مانـای وایـە کێشـەیەک لە دڵـی بەرامبەر هەیە، نەك لێ تۆ.

## شێوە، نمایندەی دڵ و دەروونی مرۆڤ دەکات

**مرۆڤ لە دوو دیو پێکدێت:** دیوی ناوەوە، دیوی دەرەوە.
**دیوی ناوەوە واتە:** دڵ و دەروون.
**دیوی دەرەوە واتە:** شێوە و ڕوخسار.
**ئەوەی لە دەرەوە دەردەکەوێت** ڕاستەوخۆ نمایندەی دیوی ناوەوەی مرۆڤ دەکات، هەڵبژاردەی جلوبەرگ و جۆری قژ و شێوەی ئارایشتی ڕووخسار بەرهەمی حەز و سەلیقەی مرۆڤە، کە لە دڵەوە سەرچاوە دەگرێت.
**مرۆڤ واتە:** ئەوەی لە شێوەی دەبینرێت و ئەوەی لە ڕەفتاری دەردەکەوێت.
**ئەگەر خۆشەویستی** لەنێو دڵ دروست بوو، نیشانەکانی لە ڕووخساریش دەردەکەوێت، چونکە ئەوەی لە دەرەوەی مرۆڤ دەردەکەوێت، دەرهاوێشتەی ناوەوەی مرۆڤە.

**مرۆڤ پێویستی بە دوو گرنگیپێدانە:**

**یەکەم: گرنگیدان بە شێوە،** لەڕێگەی جلی جوان و پاك و بۆنی خۆش.
**دووەم: گرنگیدان بە دڵ و دەروون،** لەڕێگەی قسەی باش و کرداری باش.

## ڕێنماییەکانی خۆشەویستی

**خۆشەویستی مەکە بۆ ئەوەی هاوسەرگیری بکەیت**، هاوسەرگیری بکە بۆ ئەوەی خۆشەویستی بەدەست بهێنیت.

**هەموو خۆشەویستییەک** بە هاوسەرگیری کۆتایی نایەت و هەموو هاوسەرگیرییەکیش بە خۆشەویستی کۆتایی نایەت، دەگونجێت هاوسەرگیری ببێت بە دوژمنداری و خۆشەویستیش ببێت بە ڕق.

**چۆن بۆ نەخۆشییەکانی جەستەت** ڕێنمایی دکتۆرەکەت جێبەجێدەکەیت، دەبێت بۆ دڵ و دەروونیشت ئاوا ڕێنماییەکانی خۆشەویستی بەهەند وەربگریت، تا ببیت بە خاوەن دڵ و دەروونێکی تەندروست.

**خۆشەویستی دەرمانە** و هاوسەرگیریش خواردن، خۆشەویستی پێش هاوسەرگیری، وەک خواردنی دەرمانەکانتە پێش خواردن.

## سێکس شیرینترین دیاری

**ئەوانەی خۆشەویستی قەبوڵ دەکەن** و سێکسیش ڕەت دەکەنەوە، ئەوانە شیرینترین دیاری کە بە مرۆڤ دراوە ڕەت دەکەنەوە.
**خۆشەویستی بێ سێکس و سێکسیش بێ خۆشەویستی ناتەواوە**، چونکە مرۆڤ بەرهەمی کرداری سێکسە، خۆشەویستی بۆ ئەوەی زیندووبێت دەبێت ئاوێتەی سێکس بێت و سێکسیش بۆ ئەوەی واتادار بێت، دەبێت تێکەڵ بەهەناسەی خۆشەویستی بێت.
**گیان و جەستە** بەیەکەوە بە مرۆڤ بەخشراوە.
**قەبوڵکردنی گیان و ڕەتکردنەوەی جەستە**، وەک ئەوەیە بڵێیت من بارانم دەوێت و هەورم ناوێت، هەور نەبێت بارانیش نابێت، جەستە نەبێت گیانیش نابێت و کە جەستە نەبینین هیچ گیانێکیش نابینین.



# عەشق واتە ١ + ١ = ١

ئەوەی دەستی هەموو دنیات بۆ ماچ دەکرد
تا ڕۆژێک زووتر پێی بگەیت
دواتر دەستی هەموو دنیای بۆ ماچ دەکەیت
تا ڕۆژێک زووتر لێی جیابیتەوە.

## تا کاتی خۆی نەبێت، عەشق نایەت

**ئەوانەی بە خراپ باسی عەشق دەکەن،** هەر ئەوانەن لە ڕابردوو بە توندی عاشق بوون، یان ئەوانەن ڕۆژێک دێت بە توندی عاشق دەبن.

**هیچ هێزێکت بەسەر عەشقەوە نیە** ، تا کاتی خۆی نەبێت ئەو نایەت.

**عەشق وەک مردن وایە،** نەیەک چرکە زووتر دێت و نەیەک چرکەش دوادەکەوێت.

**عەشق نایەت،** کە هات ژیان لەگەڵ خۆی دێنێت و دڵی مردوو زیندوو دەکاتەوە.

# داگیرکاری لەژێر ناوی خۆشەویستی

**لە دایک دەبیت و باوکت دەمرێت**، تەمەنێک دەژیت و دونیایەک خەم و ئازار ڕووت تێ دەکەن، دەیان ئازار تێدەپەڕێنیت و سەدان جار دڵت دەشکێت، نەبوونی و برسیەتی و شەونخونی نیوەی جوانی تەمەنت هەڵدەوەرێنێت، بەدەیان دەرد و نەخۆشی دەورەی جەستەت دەدەن و نیوەی دکتۆری شارەکەی خۆت دەبینی، بێکەسی و ئاوەرەیی و غەریبی و مەرگی ئازیزان بەشێکی زۆری خۆشییەکانی تەمەنت دەکوژن، درەنگانێکی تەمەن چرایەک لەناو دڵت دادەگیرسێت و ڕۆشناییەک دەکەوێتە ناو ژیانتەوە و بەختەوەری ڕووت تێ دەکات، کەچی لەپڕ یەکێکت لێ پەیدادەبێت و بێ گوێدانە ئەم تەمەنە پڕ ڕەنجەی تۆ لەماوەی چەند ڕۆژ و مانگ و ساڵێک بێ هەبوونی هیچ بەڵێنێک و بێ هەبوونی هیچ مافێک خۆی دەکات بە خاوەنی تۆ و دەیەوێت سەروەرییەکانی ژیانت لەگەڵ بەش بکات و دەستکەوتەکانت بکات بە دوو لەتەوە، لەژێر ناوی خۆشەویستی هەموو ژیانت داگیردەکات، ئەگەر بەدڵی ئەویش نەکەیت و بڵێیت ئەمە ژیانی منە و لەم سنوورە زیاتر مەیە پێشەوە مادەم هیچ بەڵێنێک لەنێوانمان نیە، ئیدی لەوەڵامدا دەڵێت ئاخر من ناتوانم و تۆم خۆشدەوێت، دواتریش کە تێگەیشت تۆ نابیت بە هی ئەو و ناتوانێت داگیرت بکات، ئیدی هەرچی نزای خراپ هەیە لێت دەکات و لەڕێگەی نزاکانییەوە هەر لەپێناوی خۆی دەیەوێت دیسان بتگەڕێنێتەوە ناو تەمەنێکی دیکە لە ئازار و دەردەسەری، تا دووبارە ژیانە تاریکەکەی پێشووت ئەزموون بکەیتەوە.

## خۆشەویستی ڕاستەقینە کاری دڵێکی تەندروستە

**مەرج نیە ئەوەی سۆز و خۆشەویستی بە تۆ بەخشی** هاوسـەری ئایندەت بێـــت، چـــونکە ئەو ســـۆز و خۆشەویســـتی بەتـــۆ داوە، نەک بەڵێنـــی هاوسەرگیری.
**مەرج نـیە ئەوەی حەزی بەتـۆ بـوو،** هەمـوو شـتێکی تۆشـی بە دڵ بـوو، بەهەمـان شـێوە هاوسەرگیریشـی بەدڵ بێـت لەگەڵ تـۆ، چـونکە حەز و سەرسامی و بەدڵ بوون لە دەرەوەی بازنەی هاوسەرگیریش ڕوودەدەن.
**نە خۆشەویستی بەزۆر** و نە هاوسەرگیریش بە پێداگیری دروسـت دەبێـت، هەردووکیان پێویستیان بە ئازادی و بڕیاردانی دوو لایەنە هەیە.
**خۆشەویستی ڕاستەقینە کاری دڵێکی تەندرووست** و هاوسـەرگیریش کـاری عەقڵێکی ساغ و تەواوە.

# چۆن دەکەویتە ناو خۆشەویستییەوە

**دوو هۆکار هەن بۆ چوونە ناو پەیوەندی خۆشەویستی:**
**یەکەم: بەهۆی کەسێکەوە،** تۆی خۆشدەوێت و تۆش ئەو خۆشەویستییە قەبوڵ دەکەیت.
**دووەم: بەهۆی خۆتەوە،** کەسێکت خۆشدەوێت و ئەویش خۆشەویستییەکەی تۆ قەبوڵ دەکات.

**درووستە** پەیوەندی خۆشەویستی (دەستپێشخەری و قەبوڵ کردن)ی تێدایە، بەڵام دیار نیە، دەتگەیەنێت بە خۆشەویستی ڕاستەقینە یان نا.
**ئێستاکە تەنیا خۆم خۆشدەوێت،** نە لەوەی خۆشیدەویستم خۆشیم بینی، نە لەوەی من خۆشمدەویست خۆشیم بینی، چونکە هەردوو خۆشەویستییەکە لەخۆمیان کردم.
**من شایستەترین کەسم بۆ خۆشەویستی خۆم،** چونکە نرخی دڵی من هەر لای خۆمە.
**من بە وەفاترین کەسم بۆ خۆشەویستی خۆم،** چونکە لە کۆتایدا هەر تەنیا من بە پاکی مامەوە لەگەڵ خۆم.
**من ئێستاکە نزیکترین کەسم لە خۆم،** چونکە هەرکەس بەبۆنەی شتێکەوە لێم نزیک بووەوە، کە شتەکانم لەدەستدا ئەوانیشم لەگەڵ لەدەستدان.

## خۆشتبوێت، یان خۆشی بوێیت

**بۆ پەیوەندی خۆشەویستی تەنیا دوو هەڵبژاردەت لەبەر دەستە:**

**یەکەم:** تۆ کەسێک دەدۆزیتەوە و خۆشتدەوێت.

**دووەم:** کەسێک تۆ دەدۆزێتەوە و خۆشیدەوێیت.

**ئەو کەسەی تۆ دەدۆزێتەوە** و خۆشیدەوێیت باشترە لەو کەسەی تۆ دەیدۆزیتەوە و خۆشتدەوێت.

**بەدوای کەسێک بگەڕێ تۆی خۆشبوێت، نەک تۆ ئەوت خۆشبوێت.**

**ئەوەی تۆی خۆشدەوێت،** نرخت دەزانێت، چونکە بۆ دەستکەوتنی تۆ ڕەنجی داوە.

**ئەوەی تۆ خۆشتدەوێت،** نرخت نازانێت، چونکە ئاسان تۆی دەستکەوتووە و ڕەنگە بە ئاسانیش جێتبهێڵێت.

## تۆ بەدوای جوانی گوڵەوەی، یان شیلەکەی

**مرۆڤ تێکەڵەیەکە لە گیان و جەستە**، بۆیە خۆشەویستی چەند بۆ گیان پێویستە، حەزیش هێندە بۆ جەستە پێویستە.
**تۆ بە خۆشەویستی نابیت بە فریشتەیەکی تەواو**، بە حەزیش نابیت بە ئاژەڵێکی تەواو.
**لەڕێگەی خۆشەویستییەوە**، لە فریشتەکەی ناو گیانت نزیک دەبیتەوە.
**لەڕێگەی حەزیش**، لە ئاژەڵەکەی ناو جەستەت نزیک دەبیتەوە.

**خۆشەویستی وەک پەپوولەیەکی ڕەنگاوڕەنگە**، بەر لەوەی بەسەر گوڵێک هەڵنیشێتەوە بە چوار دەوریا دەخولێتەوە و بەسەر سەریەوە سەما بۆ جوانییەکەی دەکات.
**حەزیش وەک هەنگە**، کە لە گوڵێک تێربوو بەدوای گوڵێکی دیکەدا دەگەڕێت.
**پەپوولە** جوانی گوڵی دەوێت و هەنگیش تەنیا شیلەکەی، تۆ خۆت سەرپشکی لەوەی ببیت بە پەپوولە یان هەنگ.

## خۆشەویستی پێویستی بە گرنگیپێدان هەیە

**ئەوەی دەستی هەموو دونیات بۆ ماچ دەکرد** تا ڕۆژێک زووتر پێی بگەیت، دواتر دەستی هەموو دونیای بۆ ماچ دەکەیت، تا ڕۆژێک زووتر لێی جیابیتەوە.

**زۆربەی جیابوونەوەکان لەسەر ڕێژەی خۆشەویستی نیە**، بەڵکو لەسەر ڕێژەی گرنگیپێدانە.

**جیابوونەوەی دوای خۆشەویستی واتە:** خۆشەویستی کاری خۆی کردووە و پێگەیشتووە، بەڵام گرنگیپێدان کاری خۆی نەکردووە و پێ نەگەیشتووە.

**خۆشەویستی بێ گرنگیپێدان**، ناتوانێت تەنانەت بۆ ماوەی یەک شەو و ڕۆژیش دوو کەس لەژێر یەک بن میچ کۆبکاتەوە.



# عەشق واتە ١ + ١ = ١

ئێمە بە نهێنی خۆشەویستی دەکەین و
بە ئاشکرا ڕق دەردەبڕین
هێندە کاتمان بە ڕق بەخشیوە، نیو هێندەمان نەداوە بە خۆشەویستی
بۆ ڕق هەمیشە دەست لەسەر دڵین و
بۆ خۆشەویستیش هەمیشە بێ دەرفەت و دەست بەستراوین.

# هیچ شوێنێک سەلامەت نییە، جگە لەدڵی خۆت

**بەدرێژایـی تەمەن** دەرگەی دڵـت بـۆ هەمـوو جـۆرە کەسـێک دەخەیـتە سەرپشت و باوەش بۆ هەرچی هەیە دەکەیتەوە، تەنیا خۆت نەبێت.
**بەدرێژایی ڕۆژگـار** ڕوو دەدەیـتە هەمـوو بێگـانەیەک، تـەنیا دڵە ئاشـناکەی خۆت نەبێت.
**هەر ڕۆژ هەنگاوێک لە خەڵک نزیـک دەبیـتەوە** و دوو هەنگـاو لە خـۆت دوور دەکەویتەوە، بەمە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ لای خۆت ئەستەمتر دەکەیت.
**ڕۆژێــک دێــت** هێنــدە لە خــۆت دوور دەکەویــتەوە وەک بێگــانەیەک هەڵسوکەوت لەگەڵ خۆت دەکەیت و هیچ گرنگییەکت بۆ خۆت نامێنێت.
**ڕۆژێک دێت تێدەگەیت،** هیچ کەس هێندەی خۆت شـایەنی خۆشەویسـتی تۆ نەبووە.
**تێدەگەیت،** هیچ کەس هێندەی خۆت شیاوی گرنگیپێدانی تۆ نەبووە، بەڵام زۆر درەنگ دەبێت ئەوکات.
نە دڵێک ماوە وزەی خۆشەویستی تێدا بێت و نە ڕێگەیەکی نزیکیش تـا بـۆ لای خۆت بگەڕێیتەوە.
**ڕۆژێک دێت تێدەگەیت،** هیچ کەس جێگەی متمانە نیە جگە لە خۆت و هیچ شوێنێک سەلامەت نیە جگە لە دڵی خۆت.
**بۆ بەدەستهێنانی خۆشەویستی خەڵک،** خۆشەویستی خۆت لە بیرمەکە.
**بۆ ڕەزامەندی دڵی خەڵک،** ڕەزامەندی دڵەکەی خۆت فەرامۆش مەکە.
دواجار هەر خۆت و دڵەکەی خۆت تەنیا بەیەکەوە دەمێننەوە.

## ئەو هاوڕێیانەی دەبن بە دوژمن

**هەرچی خەمێک هەیە** مرۆڤ بە دەست هاوڕێ نزیکەکانییەوە دەیچێژێت نەک بێگانە.

**هاوڕێکانمان دەبن بە دوژمن و دوژمنەکانیشمان زۆر جار دەبن بە هاوڕێ،** ئەو هاوڕێیانەی دەبن بە دوژمن، هەرگیز جارێکی دیکە وەک هاوڕێ ناگەڕێنەوە، ئەو دوژمنانەش دەبن بە هاوڕێ کەم ڕوودەدات هەڵگەڕێنەوە جارێکی دیکە وەک دوژمن.

**ئەو بێگانەی دژایەتیت دەکات،** ناتناسێت بۆیە دژایەتیت دەکات، ئەگەر ئاشنات بێت دوژمنایەتی دەبێت بە هاوڕێیەتی و زۆر جاریش لە هاوڕێیەتییەوە دەچێتە پلەی خۆشەویستی.

**ئەو هاوڕێیەی پێشووت کە ئێستا دژایەتیت دەکات،** تۆ باش دەناسێت بۆیە هەرگیز جارێکی دیکە نابێتەوە بە هاوڕێت، کە نابێتەوە بە هاوڕێت بەهۆی خراپی تۆوە نیە، بەهۆی لاوازی خۆیەتی، کە لە هاوڕێیەتیت هەست بە بچووکی خۆی دەکات.

# ڕقیش هەر خۆشەویستییە

**فەرامۆشکردن هەر گرنگیپێدانە**، بەڵام بە کاڵ بوونەوە و نەمانی گرنگیپێدان دەگاتەوە بە فەرامۆشکردن.

**ڕقیش هەر خۆشەویستییە**، بەڵام بەکاڵ بوونەوە و نەمانی خۆشەویستی دەبێتەوە بە ڕق و ڕق دەردەکەوێت.

بەرامبەر خۆشەویستی ڕقمان هەیە و بەرامبەر ڕقیش فەرامۆشکردن.

**لە گرنگیپێدان پێویستمان بە بڕێکی کەم لە فەرامۆشکردن هەیە**، تا ئەم گرنگیپێدانە هەناسە بدات و لەجێگەی خۆی بجولێت و نەبەستێت.

**لە خۆشەویستیش پێویستمان بە بڕێکی کەم لە ڕق هەیە**، بۆ ئەوەی ئەم خۆشەویستییە هەناسە بدات و بجولێت و لەجێگەی خۆی نەمرێت.

**هەبوونی** هەر لار و لەنگیەك لە قەبارەی **ڕق** یان **خۆشەویستی** دەگەڕێتەوە بۆ هاوسەنگی ڕانەگرتن لە **فەرامۆشکردن** و **گرنگیپێدان** لەناو خودی ڕق و خۆشەویستییەوە.

**کێشە لە ڕق یان خۆشەویستی واتە:** وەک پێویست فەرامۆشکردن و گرنگیپێدانمان بەکار نەهێناوە.

**گرنگیپێدان وەک خوێ وایە کە دەخرێتە ناو چێشتەوە**، دەبێت گرنگیپێدان بە ڕێژەی پێویست بخرێتە ناو خۆشەویستییەوە، جار وایە تێکردنی بڕێکی کەم پەیوەندییەکە بێ تام دەکات، جاریش وایە بەکارهێنانی ڕێژەیەکی زۆر پەیوەنییەکە تاڵ دەکات.

## له ڕق ڕاستگۆترین، تا له خۆشەویستی

**ئێمه له پیشاندانی ڕق ڕاشکاوانەترین،** تا له دەربڕینی خۆشەویستی.
**هەمیشه ڕقەکانمان لەنێو دڵمانەوەیه** و خۆشەویستیشمان تەنیا لەسەر زار.
**ئێمه له ڕق ڕاستگۆترین،** تا له خۆشەویستی.
**له یەکترشکاندن وەستاترین،** تا له لێبوردەیی.
**بۆ یەکتر تۆران کارامەترین،** تا بۆ دۆستایەتی.
**بۆ ڕوخانی یەکتر لێزانترین،** تا بۆ دروستکردنی یەکتر.
**ئێمه** به نهێنی خۆشەویستی دەکەین و به ئاشکرا ڕق دەردەبڕین.
**هێنده کاتمان به ڕق بەخشیوه،** نیو هێندەمان نەداوه به خۆشەویستی.
**بۆ ڕق هەمیشه دەست لەسەر دڵین** و بۆ خۆشەویستیش هەمیشه بێ دەرفەت و دەست بەستراوین.
**ئێمه له ڕق نزیکترین،** تا له خۆشەویستی.
**له دوژمنایەتی ئازاترین،** تا له هاوڕێیەتی.
**له کوشتنی یەک پاڵەوانترین،** تا له بەخشین.

## ئەوەی بگاتە بەختەوەری نەگەیشتۆتە عەشق

**هیچ کەس بەهۆی عەشقەوە نەگەیشتۆتە بەختەوەری**، عەشق هێندە توند داگیرت دەکات، نە دەرفەتێک بۆ خۆت دەهێڵێتەوە، نە بۆ هیچ کەس، لەخۆت و لە خەڵکیش بێگانەت دەکات.

**ئەوەی بگاتە بەختەوەری نەگەشتۆتە عەشق**، چونکە عەشق پڕە لە پەشێوی.

**نە بەهاتنی مەعشوق ئۆقرە دەگریت**، نە بە ڕۆیشتنیشی.

**نە بەتەنیا دڵت ئۆخەی دەکات**، نە لەگەڵ مەعشوقیش ئارام دەگریت.

**کە عاشق بوویت** لەم دنیا پان و بەرینە جێگەیەک بۆ تۆ نامێنێتەوە ناو دڵی یار نەبێت.

**کە عاشق بویت** لەهەموو کەس بێگانە دەبیت، تەنانەت لەخۆشت.

**کە عاشق بویت** دەست لەهەموو کەس هەڵدەگریت، تەنانەت لە ژیانی خۆشت.

## فەرامۆشکردن بەهێزترە لە ڕق

**لـە ڕێـگەی فـەرامـۆشـکردنەوە** دەتوانیت بە ئاسانترین شێوە و بەکەمـترین زیانی گیانی تەرکی خۆشەویستەکەت بکەیت و پەیوەندیت بپچڕێنیت.

**فەرامۆشـکردن واتــە:** لەنـاوبردنی هەر شـتێک، کە ببێـت بەهـۆی نزیـک بوونەوە، یان بێت بەهۆی بیرکردنەوە لە خۆشەویستەکەت، دوای مـاوەیەک دەبینیت خۆشەویستەکەت بە سرووشتی خـۆی لەتەواوی ژیانـت نەمـاوە و سڕاوەتەوە.

**لـە ڕێـگــەی ڕقــەوە** لەگـەڵ خـەرجکردنی زۆرتـرین وزە و پێشکەشـکردنی زۆرتـــرین زیـــان، هەر ناتوانیـــت تەرکـــی خۆشەویســـتەکەت بکەیـــت و پەیوەندیەکەت بپچڕێنیت، چونکە لەڕێگەی ڕقەوە و بەهـۆی گرنگیپێـدانت بە ڕقەکەت و کـــارکردن و کـــات بەخشـــین بـــۆی، تـــۆ هەر بەردەوامـــی لەمانەوەت لەگەڵ خۆشەویستەکەت، هۆکارێکە بۆ مـانەوەی زیـاتری لەنـاو بیر و خەیاڵت.

# کەی پردی پەیوەندی دەڕوخێنیت

**خۆشەویستی دەربڕین پێویستی بە ڕاستگۆیی هەیە**، لەبەر خۆشی هیچ کەس و لەبەر دڵ ڕاگرتنی هیچ کەس، تەنیا لەبەر دڵی خۆت خۆشەویستی دەربڕە.

**خۆشەویستی وەک خۆی و ڕقیش وەک خۆی بێ هیچ پەردەیەک نیشان بدە. خۆشەویستی دەرببڕە**، تا هێزی ناوەوەت زیاتر دەرکەوێت، تۆ دەتوانیت کینە لەدڵ بگریت، بەڵام هێزی خۆشەویستی بخەگەڕ.

**خۆشەویستی کاری مرۆڤە بەهێزەکانە** و ڕقیش کاری مرۆڤە لاوازەکانە.

**بۆ خۆشەویستی چاوەڕێی خۆشەویستی مەبە**، پێویست بە هیچ منەتێک ناکات، تۆ لەبەر خۆت بەرامبەرت خۆشبوێت نەک لەبەر خاتری ئەو.

**کاتێک دەتەوێت بە کەسێک بڵێیت:** لێرەوە دەبێت دیوارێک هەبێت لەنێوانمان، ئەو دیوارە بەهۆی ڕقێکەوەیە لەناو دڵ، یان بەهۆی کەمتەرخەمیەکەوە لە خۆشەویستی نییە، تەنیا بۆ گەڕانەوەی ئارامییە بۆ ناو دڵ و دەروونت.

پەیوەندی خۆشەویستی نرخی تیا نەما و پڕبوو لە دەمامک و پەردە، دەبێت بپچڕێت.

**مرۆڤە ڕەسەنەکان** ڕق بە ڕق و خۆشەویستیش بە خۆشەویستی نیشان دەدەن. **کە زانیت بەرامبەرەکەت ڕقەکەی نێو دڵی بە پەردەی خۆشەویستی داپۆشیوە** و بە خۆشەویستیش دەریدەبڕێت، تۆ پردی ئەم پەیوەندییە بڕوخێنە و دیوارێک لەنێوان خۆت و ئەو دروست بکە، تا سەروەری بۆ دڵ و دەروونت بگەڕێتەوە.

# عەشق واتە ١ + ١ = ١

عـەشـق دیاریەکە پێت بەخشراوە
لە پای ئەو بە هەشتەی کە لێت سەنراوەتەوە
ناکرێت عاشق، لەم دنیایە سووتا
لەو دنیاش جارێکی دیکە بسووتێت.



# عەشق دۆزینەوەی خۆتە، لە دڵی بەرامبەر

**عەشق** دۆزینەوەی خۆتە، لەڕێگەی دڵی خۆشەویستەکەت.
**عەشق** کاملکردنی بوونتە لە هەست و سۆز لە ئەنجامی گەیشتن بە سەراپای دڵ و دەروونی خۆشەویستەکەت.
**عەشق** دەستکەوتنی گیان و دڵە، نەک بە دەستهێنانی جەستە.
**عەشق** بەرزبوونەوەی گیان و دابەزینی کێشی جەستەیە، بێگانەبوونە لە دونیا.
**عەشق** دەرچوونە لە دنیای وێنە و دەنگ بۆ جیهانی گیان و باوەشکردن بەئامێزی نەمری.
**عەشق** ڕووداوێکی گەورەی گیانییە بۆ دۆزینەوەی گەوهەری مرۆڤبوون.
**عەشق** جیهانێکە هەر کەسێ پێی بگات، بۆ هەمیشە ناگەڕێتەوە و بێ سەروشوێن دەبێت.
**لەناو عەشق** ژیان و لە دەرەوەی گریان، لە ناوەوەی شادی و لە دەرەوەی شین، ئەوەی جیهانی عەشق بدۆزێتەوە ژیانی ڕاستەقینەی دۆزیوەتەوە.
**لە عەشق** دووبەرەکی و ڕق و کینە جێگەی نابێتەوە.
لە **عەشق** گەورە و بچووک، جوان و ناشیرین، زەنگین و هەژار بوونی نیە.
**لە عەشق** هیچ جۆرە دابەش بوونێک نیە، هیچ پلەو پایەیەک نابینرێت، هەمووان لەیەک گڵاس ئاو دەخۆنەوە و لەیەک پەنجەرە دەڕواننە ژیان.

## به شیرین تامکردنی تاڵییەکانی خۆشەویستی

فەرامۆشکردنی هەر شتێک کە خۆشەویستەکەت لای جوانە، بەڵگەی پێ نەگەیشتنی خۆشەویستی و مانەوەیە لە پلەی حەز.

**خۆشەویستی وەک درەخت وایە،** تا بە ناخدا ڕوو بچێت باڵای بەرزتر دەبێتەوە، ئەمەش لەڕێگەی پیاهەڵدان و چاوپۆشیکردنە لە ئاست عەیبەکانی خۆشەویستەکەت.

**تا زیاتر عەیبەکانی یەکتر بخرێنە ڕوو،** زیاتر درز دەکەوێتە نێوانتان و تەمی گومان زیاتر دەخزێتە ناو ئاکار و ڕەفتارەکانتان و (خۆشەویستی) پاشەکشە دەکات و دەگەڕێتە دواوە بۆ (حەز) و دواتریش بە (ڕق) کۆتایی بە هەموو شتێک دێت.

**خۆشەویستی** چاوپۆشیکردنە لە عەیبەکانی یەکتر.

**خۆشەویستی** کارکردنە بۆ جوان بینینی هەموو ناشیرینیەکان و بە چاک زانینی هەموو خراپییەکان و بە شیرین تامکردنی هەموو تاڵی و ناخۆشییەکانی ژیان.

**خۆشەویستی** قوربانیکردنی خودی خۆتە لەژێر پێی یاردا.

**خۆشەویستی** بەس سۆزو هەست نییە، ئەزموونێکە بەناو قورسترین ڕێگەی ژیان.

## عەشق خۆی پێناسەیە بۆ مرۆڤ

**هەموو شتێك پێناسەیەكی هەیە لای مرۆڤ**، بەڵام عەشق خۆی پێناسەیە بۆ مرۆڤ.

**عەشق ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە (گیان)ەوە**، گیانیش هیچ پێناسەیەكی نیە، كەواتە (عەشق)یش هیچ پێناسەیەكی نیە.

**ئەوەی سەبارەت بە عەشق دەبیسترێت**، تەنیا لێكەوتەكانن، نەك پێناسەكان.

**ئەگەر پێناسەیك بۆ عەشق دابتاشین**، واتە عەشقمان بچوككردەو و زیندانیمان كرد لەناو بازنەی چەند وشەیەك.

**كەی توانیمان پێناسەی (گیان) بكەین**، ئەوكات دەتوانین پێناسەی (عەشق)یش بكەین، چونكە عەشق واتە: گیان.

## عەشق دەسەڵاتێکە لە سەرووی یاساوە

**لە عەشق** هیچ چەشنە لێکدانەوە و بڕیارو یاساو مەرجێک قەبوڵ نیە.
**عەشق** لە دەرەوەی یاسا و لە کەشێکی پڕ ئازادی لـەدایك دەبێـت و گەشـە دەکات.
**عـەشــق** نە بە شـوێن و نە بەکـات و نە بەهـیچ سـەردەمێک ئاشـنایە، نە بەتەمەن و نە بەهیچ قۆناغێکیش پەیوەستە.
**عـەشـــق** لە دەرەوەی عەقــڵ و لۆژیــک دەژیــت، هــیچ دووبەرەکــی و بەراوردکاریەک لە عەشقدا بوونی نیە.
**من و تۆ چیتر من و تۆی جـاران نـین**، دوو منـی کـوژراو و تـواوەین لەیەک منی زیندوو.
**عـەشـق مامەڵە نییە**، خاوەنداریەتی تێدانیە، هیچ کام لە عاشق و مەعشوق خاوەنی خۆیان نیین، تۆ منی و منیش تـۆم، کەواتە هیچیـان خۆیـان نـین لە ئاست یەک.
**عـەشـق دەسەڵاتێکە لە سەرووی یاساوە** و یاسایی تایبەت بەخۆی هەیە.
**عەشق هەمیشەییە**، دابڕان و یادکردنەوە بۆ مەعشوق نیە، چـونکە ئـەو بـۆ هەمیشە لە ناو دڵدایە.
**عـاشـق هەرگیز لە خەمـی خۆشەویسـتەکەی نـیە**، کە جێیهێشـتووە، ئەو لە خەمی ئەو خۆشەویستەی ناو دڵییەتی، کە جێی نەهێڵێت.

# مرۆڤ لە عەشق باڵا دەکات

**عەشق جۆری زۆرە بەڵام پلەی نیە**، ئەوەی هەیە تـوانەوە و تێکەڵبـوونە بـۆ گەیشتن.
ئەو ناتەواوییەی پیاو هەیەتی ئـافرەت تەواوی دەکـات، ئەوەش کە ئـافرەت هەیەتی لەڕێگەی بەیەکگەیشتنەوەپیاو تەواوی دەکات.
**عەشق** گەڕانەوەیە لە ناتەواوی بۆ کەماڵەت.
**تۆ ناکەویتە ناو عەشـقەوە بەڵکـو لە عەشـق بـاڵا دەکەیـت**، بـۆ ئەوەش لە عەشق باڵا بکەیت پێویستت بە ئازادی هەیە، باڵندە لەناو قەفەس ناتوانێت بفڕێت، پێویستی بە دوو باڵ هەیە، یەکیان ئاسمان ئەوی دیکە ئازادی.
**لەبەردەم عەشق هـیچ چەشـنە هەڵبژاردنێـک نییە**، چـونکە هەڵبـژاردن لە دەرەوەی ئازادییە و ئازادیش لەناوەوەی مرۆڤە.
**عەشـق ئـازادییە، زۆرلێکـردن نـیە**، بەڵام هــاوڕێیەتی بەرژەوەنـدی و خـۆ سەپاندنە.
**ئـازادی** ئەوەیە تۆ لە دەرەوەی چاوەکان و چـوار بەنـدییەکانی کـۆمەڵگە بە تەنیا یار ببینی.
**عەشق** دەبێت لەپێناو بەدەستهێنانی عەشق بێت، بە تەنیا.

# عەشق جیهانێکە، لە دەرەوەی ئەم جیهانە

**کە عاشــق بویــت**، عەشــق بە وزە ناوەکییەکــانی دەتبــاتەوە نــاو جیهــانە قووڵەکەی خۆی، جیهانێک لە دەرەوەی ئەم جیهانەی تۆ.

**کە عاشق بویت، دەکەویتە ناو جیهانی عەشـقەوە**، لەم دنیـا پـڕ لە وێـنە و دەنگەی خۆت دەردەچیت و هەست دەکەیت سەر بە جیهـانێکی دیکەیـت لەمەو دوا.

**ئەوەی لەناو عەشق ڕوودەدات** کـرانەوەی پەنـجەرەی هەسـتەکانە بەڕووی بەرامبەر.

**ئەوەی لە عەشق نزیکت دەکاتەوە** کرانەوەی دەرگەی (گیـان)ە بەسـەر دڵ و دەروون.

**نزیکترین ڕێگە بۆ گەیشتن بە باڵابوون تەنیا عەشقە**، لەم ڕێگە هیچ چەشنە جیـاوازییەک و (بەرزی و نـزمییەک)، (گەورە و بچـووکییەک) بـوونی نیـە و هیچ ڕێگەیەک بە قەد عەشق یەکسان خواز نیە.

**عـەشـق ئەو ئاگرە بە تینەیە**، لە پاڵ گەرم کردنەوەی دڵت سەراپا گیانیشـت دەســوتێنێت و دەیکــات بە خەڵــوز و بەم دنیــایە تەخشــان و پەخشــانی دەکات.

**عـەشـق لەم جیهانە نـامۆ و بێگـانەت دەکـات**، تـا دەگەیـتە بەهەشـتی پـڕ عەشقی یارو لەوێ جیهان تەنیا جیهانی عەشقە.

## عەشق دیارییە لە پای بەهەشت

**عـەشـق دیاریەکە بەخشـراوە بـە مـرۆڤ** لە پـای ئەو بە هەشـتەی کە لێـی سـەنراوەتەوە، ناکرێـت عاشـق کە لەم دنیـایە سـووتا، لەو دنیـاش جـارێکی دیکەش بسووتێت.

**یەک جار دەسووتێیت**، سەرپشکیت کە کامە سووتان هەڵـدەبژێریت و کـام چێژ دەستنیشان دەکەیت، سووتانی عەشق یان سوتانی دۆزەخ.

**عـەشـق نقومبوونی تۆیە** لە دەریای عەشق بۆ گەیشتن بە مەعشوق.

**عـەشـق هەمـوو ڕێگـایەک دەگـرێتەبەر** بـۆ نزیـک بـوونەوە لە مەعشـوق، هەمـوو ئەو ڕێگایـانەش تێـک دەشـکێنێت، کە بە چـرکەیەک مەعشـوق لە خەیاڵی کاڵ دەکەنەوە با ئەو شتە خۆشەویسترین شتی ژیانیش بێت.

**دابــڕان لای عاشـق واتە مـردنە ڕاسـتەقینەکە**، بـۆیە هەمـوو هەوڵێـک بـۆ دیدارە ئەگەر ئەو دیدارە لە خەونیش بێـت.

**کە عاشق بوویـت عەشـق لەهەمـوو وشـەیەکت دەردەکەوێـت**، لەهەمـوو شوێنێک ئەو دەبینیت، لەناو ماڵ، لەناو بازاڕ، لە شوێنی کـارکردن، تەنـانەت لەو لێوانەش کە ئاوی تیا دەخۆیتەوە عەشق دەبینیت.



# عەشق واتە ١ + ١ = ١

خۆشەویستی واتە: پێناسەکردنەوەی مرۆڤ بە زمانی هەست و سۆز

خۆشەویستی واتە: نۆژەنکردنەوەی مرۆڤ.

# خۆشەویستی لەپێناو خۆشەویستی

**نابێــت هۆکــارێکی دەرەکــی** ببێــت بە هــۆی خۆشەویســتی، دەبێــت خۆشەویستی تەنیا لەپێناو خۆشەویستی بێت.
**جــوانی و دەوڵەمەنــدی و ناوبانــگ** دەبــن بە پــاڵنەر بــۆ دروســتکردنی پەیوەندی، بەڵام هیچ کات ناتگەینن بە پلەی خۆشەویستی ڕاستەقینە.
**خۆشەویســتی ڕاســتەقینە** لە گیــان و دڵــی مــرۆڤەوە هەڵــدەقووڵێت و لــە ڕووخساری دەردەکەوێت.
**هەموو شتێک** دەبێت لەپێناو تۆخکردنەوەی گیانی خۆشەویستی بێت.
**کاتێک خۆشەویستی لەپێناو خۆشەویستی نیە**، نە بەخۆشەویستی دەگەیت نە جارێکی دیکەش دەتوانیت بگەڕێیتەوە لای خۆت.
**کاتێــک خۆشەویســتی لەپێنــاو خۆشەویســتی نــیە**، لە خــۆت و لە خۆشەویستی دادەبڕێیت و بۆ هەمیشە تەنیا دەمێنیتەوە.
**کاتێک خۆشەویستی لەپێناو خۆشەویستی نـیە**، بەهەمـوو شـت دەگەیـت، بەڵام خۆشەویستی نا.
**کاتێک خۆشەویستی لەپێنـاو خۆشەویسـتی نـیە**، هەمـوو شـت بەدەسـت دێنیت، بەڵام خۆشەویستی نا.

# ئاستەکانی خۆشەویستی

**خۆشەویستی دابەش دەبێت بەسەر دوو ئاست:**
**یەکەم:** خۆشەویستی لەسەر ئاستی تاک بریتییە: لە پەیوەندی نێوان خۆت و ئەوی دیکە.
**دووەم:** خۆشەویستی لەسەر ئاستی کۆمەڵگە بریتییە: لە پەیوەندی نێوان خۆت و ئەوانی دیکە.

**خۆشەویستی لەسەر ئاستی تاک**، پابەندبوونە بەگرنگیدان و دەربڕینی هەست و سۆز و مانەوەی هەمیشەیی.
**خۆشەویستی لەسەر ئاستی کۆمەڵگە**، پابەندبوونە بەداب و نەریتە جوانەکانی کۆمەڵگە و هاوکاری و هاوسۆزی و دەستگیری هەژاران و چاکەکردن لەگەڵ دراوسێ و گوێگرتن لە بیروبۆچوونی جیاواز و نرخ دانان بۆ کار و پیشەی ئەوانی دیکە.
**مرۆڤی** هۆشمەند هەر دوو ئاستەکەی خۆشەویستی بەهەند وەردەگرێت بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی مرۆڤبوون و زیندوو هێشتنەوەی بەهای مرۆڤ.

**خۆشەویستی واتە:** لەپێناو یەک کەس تەواوی خەڵک فەرامۆش نەکەیت و لەبەر تەواوی خەڵکیش خۆشەویستەکەت فەرامۆش نەکەیت.
**خۆشەویستی واتە:** لەبەر خۆت **خۆتم** خۆشدەوێت.
**خۆشەویستی واتە:** لەبەر تۆ **خۆشم** خۆشدەوێت.
**خۆشەویستی واتە:** لەبەر تۆ و خۆم **خەڵکیشم** خۆشدەوێت.

## خۆشەویستی دابڕانە لەخۆت

**خۆشەویستی بەرامبەر،** دوای ئەزموونکردنی خۆشەویستی لەگەڵ خودی خۆت دەست پێدەکات.

**خۆشەویستی خۆت** بە هاتنی خۆشەویستی ڕاستەقینە کۆتایی دێت و ئیدی هەست بە ونبوونێکی تەواو دەکەیت لە خۆت و چیتر (تۆ، تۆنیت) و ئیدی لەمەودوا (تۆ ئەویت).

**خۆشەویستی دابڕانی تۆیە لە خۆت** بۆ دۆزینەوەی خۆت لەودا و توانەوە لە دەریایی خۆشەویستی ئەو.

**خۆشەویستی واتە:** تۆ هاتی و من ڕۆیشتم.

**خۆشەویستی واتە:** تەنیا تۆ هەیت و من نیم.

## مرۆڤ یەک دڵی هەیە، بۆ خۆشەویستی یەک کەس

**لەیەك كاتـدا لەگەڵ دوو کەس** کەوتیتـە نـاو خۆشەویسـتییەوە، مانـای وایە یەکێکیان لە دڵی تۆدا نەگەیشتۆتە ئاسـتی خۆشەویسـتی و بۆتـە هۆکـار بـۆ هاتنە ژوورەوەی کەسی دووەم.

**دڵت جێگەی خۆشەویستی یەک کەسە**، هەر کات کەسێکی دیکە هاتە نـاو ژیانتەوە و توانی بیر و خەیاڵت داگیربکات، مانـای وایە کەسـی یەکەم هەر لەبەر دەرگەی دڵـــتە و نەهـــاتۆتە ژووره و دڵـــی پـــڕ نەکـــردووی لە خۆشەویستی.

**گەر خۆشەویسـتیت بـۆ خۆشەویسـتەکەت ڕاسـتەقینە بێـت**، هـیچ کەسـی دیکە ناتوانێت لە دەرگەی دڵت بێتە ژوورەوە.

**لە خۆشەویســتی ڕاســتەقینە**، خـۆت و خۆشەویســتەکەت دەکەونە نــاو بازنەیەک و هەموو دنیاش دەکەویتە ناو بازنەیەکی دیکەوە.

**لە خۆشەویستی ڕاستەقینە** خۆشەویستەکەت بە چاوی دڵ و هەموو دنیاش بە چاوی سەر دەبینیت.

**کە کەوتیتە ناو خۆشەویستی ڕاستەقینە**، دەکەویتە ناو ژیانی ڕاستەقینە.

# دوو کەس لە دڵێک جێگەیان نابێـتەوە

**هیچ کـات دوو کـەس** لەیەک دڵ جێگەیـان نـابێتەوە، دەبێـت یەکێـک لەم دووانە کەمـــتەرخەم بووبێـــت و نەگەیشـــتبێت بە پـــلەی خۆشەویســـتی ڕاستەقینە.

**ئەگەر خۆشەویستی کەسی یەکەم ڕاستەقینە بێت،** مرۆڤ دڵی قفل دەبێت و هیچ کەسێکی دیکە ناتوانێت بێتە ژوورەوە.

**چۆن مرۆڤ لەم دنیـایە تـەنیا یەک ژیـانی هەیە،** تـەنیا یەک کەسیشـی بـۆ خۆشەویستی هەیە.

**ژیانی ڕاستەقینە** ئەو کـاتە دەسـت پێـدەکات، کە خۆشەویسـتی ڕاسـتەقینە لەناو دڵت دەستی پێکردبێت.

# هێلانەی خۆشەویستی

**خۆشەویستی** بەشکردنی ژیانتە لەگەڵ نیوەکەت.
**خۆشەویستی** بەخشینی تەمەنتە بە هاوژینی تەمەن.
**خۆشەویستی** سەرپشکردنی خۆشەویستەکەتە لە ڕابەرایەتی کردن بەسەر تەواوی ژیانت.
**خۆشەویستی** تەسلیم بوونە بە دوو کەلەپچە، ئەویش گیان و دڵن.
**کە کەوتیتە نێو خۆشەویستی،** دەکەویتە نێوان دوو زیندان، زیندانی ماڵ، زیندانی دڵ.
**کە بە خۆشەویستەکەت گەیشتیت،** دەبیت بە مرۆڤێکی ماڵی، تەنیا بۆ پووش کۆکردنەوە دەچیتە دەرەوە بۆ هێلانەکەتان.
**کە بە خۆشەویستەکەت گەیشتیت،** تەنیا بۆ بەدەستهێنانی خۆراکی گەدە دەچیتە دەرەوە، ئیدی بێ نیازی لە خۆراکی گیان و دڵ.
**کە بە خۆشەویستەکەت گەیشتیت،** تەنیا بۆ دەستخستنی بەرگ و پۆشاکی جەستە دەچیتە دەرەوە، ئیدی بێ نیازی لە بەرگی گیان و دڵ.

## له خۆشەویستی گرنگتر گرنگیپێدانە

**خۆشەویستی** تەنیا گۆڕینەوەی چەمکی خۆشەویستی نیە لە لایەن دوو کەسەوە، خۆشەویستی پێش ئەوەی ووشە بێت کردارە.

**گرنگیپێدان** دەتوانێت خۆشەویستی دروست بکات، بەڵام خۆشەویستی زۆر جار بەهۆی گرنگیپێنەدان و فەرامۆشکردنەوە کۆتایی دێت.

**خۆشەویستی واتە:** گرنگیدان بە خەونەکانی خۆشەویستەکەت بۆ بە دەستهێنانیان.

**خۆشەویستی واتە:** گرنگیدان بە هەست و سۆزی خۆشەویستەکەت بە بەخشینی هەمان هەست و سۆز بۆی، ئەگەر زیاتریش نەبێت.

**خۆشەویستی واتە:** گرنگیدان بەو شتانەی خۆشەوستەکەت لای ئازیزە و بە جوان پێناسەکردن و پیاهەڵدانییان.

## من خۆم خۆشدەوێت، واتە تۆشم خۆشدەوێت

یەکەم هەنگاوی خۆشەویستی، خۆشویستنی خۆتە.
**خۆشویستنی خۆت واتە:** گرنگیدان بە خۆت و ڕێزگرتن لە خۆت و کارکردن بۆ گەیشتن بە هیواکانت.
**خۆشویستنی خۆت واتە:** ناسینی خۆت و گونجان لەگەڵ خۆت و دۆزینەوەی ڕازو نیازەکانی ناو دڵت.
**کە خۆت خۆشویست** بە ئاسانی دەتوانیت بەرامبەریشت خۆش بوێت، چونکە ئەزموونێکت لە خۆشەویستی پەیداکردووە.
**خۆشەویستی خۆت** ڕێزدانانە بۆ بەهاو نرخی مرۆڤ بوونت و گوێگرتنە لە خورپەی دڵت.
**کە خۆت خۆشویست** دەبیت بە خۆشەویستی هەموو کەس، چونکە هەموو ئاکارە جوانەکانت لێ دەردەکەوێت..
**کە خۆت خۆشویست** وەک چرا دادەگیرسێیت و دەوروبەرت ڕووناک دەکەیتەوە.

## خۆشەویستی هۆگربوونە و هۆگربوونیش خۆشەویستییە

**خۆشەویستی** پەیوەندییەکی دوو لایەنەی سۆزداری زۆر جار ئۆرگانییە، بەڵام هۆگربوون زۆر جار پەیوەندییەکی دوو لایەنەی سۆزدارییە بە تەنیا.

**هۆگربوون دووبارەبوونەوەی کەسێکە** لە چاو و دڵی تۆدا، ئەم دووبارەبوونەوە لەڕێگەی ڕەوشت و هەڵسوکەوتەکانەوە دەگاتە ئاستی هۆگربوون.

**لە خۆشەویستی** هۆگربوون دروست دەبێت، لە هۆگربوونیش خۆشەویستی دێتە ئاراوە و زۆر جاریش هاوسەرگیری.

**هۆگربوون** دوا پلەی سەرسامی کەسێکە بە کەسێکی دیکە، لەو پلە مرۆڤ دەگات بە خۆشەویستی و ئارامی و دڵنیایی.

**چۆن هۆگربوون بەرامبەر مرۆڤەکان ڕوودەدات،** بەرامبەر بە ئاژەڵ و کەلوپەل و شوێن و ئاواز و سەما و گۆرانیش ڕوودەدات.

**هەرکاتێک هۆگربوونت** بۆ کەسێک یان شتێک دروستبوو، مانای وایە ئەم کەسە یان ئەم شوێن و شتە بۆتە بەشێک لە تۆ و دەستی بەسەر سۆز و خەیاڵی تۆ داگرتووە.

# ئیرەیی ترسە لە ڕووخانی پردی خۆشەویستی

**خۆشەویستی واتە:** تێکەڵبوونەوەی دوو دڵ بۆ دڵێکی گەورەی پڕ لە خۆشەویستی، ئەم دڵە گەورە پارێزگاری لە خۆی دەکات لە هەر کاریگەرییەکی دەرەکی بۆ هاتنە ژوورەوەی کەسی سێیەم.

**هەر کاتێک** کەسی سێیەم هاتە ژوورەوە یەکێک لە دوو دڵەکە ناڕەزایی دەردەبڕێت لە دەستگرتنی بێگانەیەک بۆ ناو ئەم ماڵە، ئەمەش پێی دەگوترێت ئیرەیی.

**ئیرەیی واتە:** گومانکردن لە بوونی بێگانەیەک لە دەست بەسەرداگرتنی خۆشەویستی.

**ئیرەیی** ترسە لە ڕووخانی پردی خۆشەویستی نێوان دوو کەس، بەهۆی کەسێکی بێگانەوە.

**ئیرەیی** هەر بە بەشێک لە خۆشەویستی دەمێنێتەوە، هەرکاتێک ئیرەیی نەما واتە بایەخ و گرنگی خۆشەویستی لەم پەیوەندییە نەماوە.

**کاتێك ئیرەیی لە سنووری خۆی دەرچوو،** دەبێت بە جۆرێك لە نەخۆشی و ئەم دوو دڵە لەیەکتر دەتۆرێنێت و پەیوەندییەکە بە دابڕان کۆتایی پێدێنێت.

## خۆشەویستی نۆژەنکردنەوەی مرۆڤە

**خۆشەویستی تیشکێکە لە ڕووناکی عەشق**، کە بەعەشق گەیشتی دڵ و چاوت ڕووناک دەبێتەوە.
**کە بە ڕووناکی عەشق گەیشتیت** چاوی دڵت دەکرێتەوە و دنیا بە چاوی دڵ دەبینیت.
**خۆشەویستی تاکە دراوێکە**، هەر دوو دیوەکەی خۆشەویستیە، زۆرم خۆشمەدەوێی یان کەمێکم خۆشدەوێی بوونی نیە، ئەوەی هەیە خۆشەویستیە و پێچەوانەکەش ڕق.

**خۆشەویستی واتە:** گرتنەبەری ڕێگەی عەشق بەهەموو دڕک و داڵێکەوە.
**خۆشەویستی واتە:** پێناسەکردنەوەی مرۆڤ بە زمانی هەست و سۆز.
**خۆشەویستی واتە:** نۆژەنکردنەوەی مرۆڤ.
**خۆشەویستی واتە:** خۆشەویستی تەنیا لەپێناو خۆشەویستی.
**خۆشەویستی واتە:** ڕازاندنەوەی دڵ بۆ دیداری عەشق.

# وەفاداری پەیمانی خۆشەویستییە

**وەفـــاداری** پەیمانێکـــی (گیـــان)یە لەنێـــوان دوو کەس بـــۆ مـــانەوەی خۆشەویستییەکی هەمیشەیی.

**وەفاداری** پابەندبوونی کەسی عاشقە بە سێ خاڵی پەیمانی خۆشەویستییەوە:

**یەکەم:** گرنگیپێدان.
**دووەم:** دەربڕینی هەست و سۆز.
**سێیەم:** خیانەت نەکردن.
**هەرکاتێک یەکێک لەم سێ پەیمانەی خۆشەویستی شکا،** کـە (گرنگیپێـدان و دەربڕینـی هەسـت و سـۆز و خیانەتکردنـە)، پەیمانـی خۆشەویسـتیش دەشکێت و پەیوەندی خۆشەویستی هەڵدەوەشێتەوە.

**چۆن خۆشەویستی لە گیان و دڵەوە سەرچاوەی گرتووە،** وەفاش لە گیـان و دڵەوە سەرچاوەی گرتووە و پەیوەندی بە ژیرییەوە نیە.
**ئاژەڵێک** وەفـادار دەبێـت بـۆ خـاوەنەکەی، شـێتێک بـۆ ئەو کەسـەی تـیکە نانێکی پێداوە.
**وەفاداری** کاری عەقڵ نیە، کاری دڵ و گیانە.

# خۆشەویستی لەسەرەوەی یاسایە

**بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیری** پێویستە بەڵێننامەیەک پڕ بکەیتەوە بۆ پابەندبوون بەرامبەر هەموو مەرجەکانی پێکەوەبوون.

**خۆشەویستی** هەنگاوی یەکەم و گرێبەستی هاوسەرگیریش هەنگاوی دووەمە لە هەنگاوەکانی پەیوەندی سۆزداری.

**زۆرجار دوو هاوسەر** لەیەکتر جیادەبنەوە و ناتوانن پێکەوە بژین، بەڵام یەکتریان هەر خۆشدەوێت بە درێژایی تەمەن.

کێشەی جیابوونەوەی هاوسەران لەخودی هەڵنەکردنە لەگەڵ یەک، نەک کێشە لەخودی خۆشەویستی.

**مەرج نییە** کچ و کوڕێک کە یەکتریان خۆشویست گرێبەستی هاوسەرگیری بکەن، هێندە بەسە یەکتر قەبوڵ بکەن و بە ڕەزامەندی هەردوولا بچنە ناو ژیانێکی تازەوە، کە کۆتاییەکەی ڕوون نیە.

**خۆشەویستی** پێویستی بە هیچ بەڵێننامەیەک و گرێبەستێک نییە بۆ پابەندبوون بە مانەوە، چونکە خۆشەویستی هیچ یاسا و مەرجێکی تێدانیە.

## خۆشەویستی واتە تۆم خۆشدەوێت، تەنیا لەبەر خۆت

**کەسێکت خۆشویست چاوڕێی هیچی لێ مەکە**، هێندە بەسە ئەو پێشوازی لە خۆشەویستییەکەی تۆ کردووە.

**خۆشەویستی بازرگانی نیە**، لە کوێ بەخشین هەبوو، لەوێش وەرگرتن هەبێت بە زیادەوە.

**کەسێکت خۆشویست**، چاوەڕێ مەکە ئەویش بەهەمان هەناسە تۆی خۆشبوێت، چونکە خۆشەویستی پرسیارێک نیە، تا وەڵامی هەبێت.

**خۆشەویستی واتە:** تۆم خۆشدەوێت تەنیا لەبەر خۆت.

**کەسێکت خۆشویست**، چاوەڕێ مەکە ئەویش بەهەمان هەناسە پێت بڵێت: خۆشمدەوێت، چونکە خۆشەویستی مامەڵە و ئاڵوگۆڕ نیە.

**خۆشەویستی واتە:** من تۆم خۆشدەوێت لەبەر ئەوە نا تۆ منت خۆشدەوێت.

**خۆشەویستی واتە:** تۆم خۆشدەوێت تەنیا لەبەر خۆت.

# تەمەنی خۆشەویستی هەموو لە زەمەنی ئێستادایە

**کەمتەرخەمییەکی بچووک** لە خۆشەویستی وا دەکات لە خۆشەویستەکەت دابڕێیت، بەڵام ئەمە دابڕان نییە لە خودی خۆشەویستی تەنیا دروستکردنی بۆشاییەکە لە زەمەن.

**ئەوەی** تۆ بە دابڕانی هەمیشەیی لەگەڵ خۆشەویستەکەت ناوی دەنێیت، هەرگیز دابڕان نیە، چونکە تۆ لە زەمنێکی دیکە هێشتا بەو لکاویت و لەو دانەبڕاویت.

**ئەوت** لە ڕابردوو بە بەردەوامی خۆشدەوێت، چونکە ڕابردوو ناگۆڕێت.

**ئەوت لە ڕابردوو** بە هی خۆت دەزانی، بەڵام لە ئێستا نا

**ئەوت لە ڕابردوو** بە ژیانی خۆت دەزانی، بەڵام لە ئێستا نا

**ئەگەر** ئێستا خۆشەویستێکت هەیە لەبەرامبەر بەرپرسیاریەتییەکی گیانی و دڵی دایت، بەڵام ئەگەر لە ڕابردوو خۆشەویستێکت هەبوو، ئێستا سەربەستی و لە هەمان کاتیش خۆشەویستێکت هەیە، جیاوازییەکە تەنیا ئەوەیە خۆشەویستییەکە لە زەمەنی ڕابردووە نەک ئێستا.

**خۆشەویستێکت** هەبوو لە ڕابردوو هیچ جیاوازی ناکات لەوەی کە لە ئێستادا خۆشەویستێکت هەیە، چونکە تا بژیت و زیندووبیت هەموو تەمەنی تۆ لە زەمەنی ئێستایە، کەی مردیت دەبێت بە ڕابردوو.

**کەواتە** ئێستاش خۆشەویستەکەت لە دەست نەداوە و خۆشتدەوێت و هیچ شتێک نەگۆڕاوە، تەنیا زەمەن گۆڕاوە و لە زەمەنێک دابڕاوی کە ئێستا نیە.

## جوانی ڕاستەقینە، دڵ ڕادەچڵەکێنێت نەک چاو

**جوانی ڕاستەقینە** دڵ ڕادەچڵەکێنێت، نەک چاوەکان.
**جوانی لە چەند وشە و ڕستەیەک نابینرێت**، ئەویش چەشنی عەشق دەبێت ئەزموون بکرێت.
**جوانییەک کە لە دوورەوە دەیبینین** دەکرێت لەنـاوەی خـۆی ناشـیرینیەکی حەشاردابێت و بە ئەزموون کردن ئەم ناشیرینییە دەرکەوێت.

## خۆشەویستی سەلماندنە

**کەسێکت خۆشویست** بەرلەوەی پێی بڵێیت، بۆی بسەلمێنە.
**خۆشەویستی** سەلماندنی وشەی (خۆشمدەوێ)یە.
**خۆشەویستی** دەبێت ببینرێت، نەک ببیسترێت.
**خۆشەویستی** دەبێت بە چاوی سەر ببینیت و بەچاوی دڵیش درکی پێ بکەیت.
**خۆشەویستییەک** لەڕێگەی چەند وشەیەکەوە دروست بوو، هەر لەڕێگەی چەند ووشەیەکەوە کۆتایی دێت.
**هەر شتێک ئاسان دەستکەوت بێ بەهایە** و هەر شتێک بە زەحمەت دەستکەوت بەنرخە.
**نرخی خۆشەویستی** لە سەلماندنی وشەی خۆشەویستییە بۆ خۆشەویستەکەت.

## مەڵی خۆشمدەوێیت، گرنگی پێبدە

**بـۆ بەردەوامـی** خۆشەویسـتی پێویسـتت بە گرنگیپێـدانە و بـۆ نەهێشـتنی ڕقیش پێویستت بە فەرامۆشکردنە.

**لەجێگەی ئەوەی بڵێیت خۆشمدەوێیت**، گرنگی بە خۆشەویسـتەکەت بـدە، ئەمە باشترین ڕێگەی مانەوەیە.

**لەجێگەی ئەوەی بە دوژمنەکەت بڵێیت ڕقـم لێـتە**، فەرامۆشـی بـکە، ئەمە سەلامەترین ڕێگەی جیابوونەوەیە.

کاتێک (**خۆشەویستی**) کاڵبووەوە، وردە وردە (**ڕق**) دەردەکەوێت.

کاتێک (**گرنگیپێدان**) کەم بووەوە (**فەرامۆشکردن**) دەردەکەوێت.

**ڕق هەر بەشـێکە لە خۆشەویسـتی** و بەکـاڵبوونەوەی خۆشەویسـتی دەردەکەوێت.

**فەرامۆشکردنیش هەر بەشێکە لە گرنگیپێدان** و بەکاڵبوونەوەی گرنگیپێـدان فەرامۆشکردن دەردەکەوێت.

# عەشق واتە ١ + ١ = ١

**نیشانە و چارەسەر**

چۆن نەخۆشی لەڕێگەی نیشانەکانییەوە دەردەکەوێت
لە کام جۆری نەخۆشییە و چ چارەسەرێکیش بۆی گونجاوە.
بۆ پەیوەندییەکانیش هەمان شتە، تۆ لەڕێگەی نیشانەکانەوە دەزانیت
لەناو کام جۆری پەیوەندی دایت و کام چارەسەریش بۆتۆ گونجاوە.



# نیشانەکانی خۆشەویستی ڕاستەقینە

چـۆن نەخۆشـی لەڕێـگەی نیشـانەکانییەوە دەنـاسرێتەوە لە کـام جـۆری نەخۆشییە، بۆ پەیوەنـدییەکانیش هەمـان شـتە تـۆ لەڕێـگەی نیشـانەکانەوە دەزانیـت لەنـاو کـام جـۆری پەیوەنـدی دایـت، ئایـا هـاوڕێیەتییە، حەزە، خۆشەویستییە، عەشقە، یان جۆرە پەیوەندییەکی دیکە.

**ئەو (١٠) نیشانەی دەریدەخەن لەناو خۆشەویستی ڕاستەقینەدایت:**

**یەکەم:** خۆشەویستەکەت هەموودەم بە جوانیـت هەڵـدەدات و سەرسـامی خۆی بۆت دووبارە دەکاتەوە.
**دووەم:** بە جوانترین شێوە ناوت دەهێنێت و چێژ لەناو هێنانت دەبات.
**سێیەم:** لە خۆشەویسـتیت ڕەزیلـی ناکـات و هەر کارێـک ببێـت بە مـایەی دڵخۆشیت ئەنجامی دەدات.
**چوارەم:** هەمیشە لە تەندرووستیت دەپرسێتەوە.
**پێنجەم:** بە خەمەکانت خەمبارو بە خۆشییەکانت دڵخۆش دەبێت.
**شەشەم:** کاتێک کێشەیەکت هەیە یان خەمێک هەمـوو هەوڵێـک دەدات و هەموو کاتەکانی تەرخان دەکات بۆ چارەسەرکردنی.
**حەفتەم:** زوو زوو لێت دەپرسێت و دەیەوێت بزانێت هەموو شت باشە.
**هەشتەم:** بە وردی گوێت لێدەگرێت و چاوەکانی لەسەرت هەڵناگرێت.
**نۆیەم:** لەکاتی گفتوگۆ باسی ئایندە و ژیانێکی درێژی پێکەوەبوون دەکات.
**دەیەم:** کە ژوانتان هەبوو، بەختەوەری لە ڕوخسار و هەڵسـوکەوتی بەڕوونی دەردەکەوێت.

# نیشانەکانی هاوڕێیەتی ڕاستەقینە

بـــەزۆری دروســـتبوونی پەیوەنـــدی هـــاوڕێیەتی لە دەرەوەی دەســـەڵاتی مرۆڤەکانەوەیە، بەهۆی ڕووداوێک، یان کارێک، یان شوێنێکەوە دروست دەبێت، بەڵام ئاســتەکانی خــودی هــاوڕێیەتی لە دەســەڵاتی مرۆڤــدایە، چــۆن درێــژە بە هاوڕێیەتی **ڕاستەقینە** بدات و لە کوێش کۆتایی بە هاوڕێیەتی **ساختە** بێنێت.

**ئەو (١٠) نیشانەی دەری دەخەن کە هاوڕێیەتییەکەت ڕاستەقینەیە.**
**یەکەم:** هاوڕێکەت بەرامبەر شتێکەوە هاوڕێیەتی نەکردوویت، تا بە نەمانی ئەو شتە کۆتایی بە هاوڕێیەتییەکە بێنێت.
**دووەم:** بە بینینی دڵت دەکرێتەوە و ئارامیت پێ دەبەخشێت.
**ســێیەم:** چــۆن لە ڕۆژە خۆشــەکان لە نــزیکتەوەیە، لە ڕۆژە ناخۆشــەکانیش لە تەنیشتەوەیە.
**چوارەم:** خۆشی نەتوانێت هاوکارت بێت، کەسێک دەدۆزێتەوە سەرت بخات.
**پێنجەم:** کە دڵخۆشی بیری دەکەی و ئەوکاتەش خەمباریت هەر بیری دەکەیت.
**شەشەم:** بە کەمترین وشە زۆرترین قسە بەیەکەوە دەکەن، تەنانەت زۆرجار هەر بەئاماژەیەک زۆر شت بەیەکتر دەڵێن.
**حەفتەم:** لە دڵت هەرگیز کۆن نابێت و کەس جێگەی ئەوت بۆ ناگرێتەوە.
**هەشتەم:** تا تەمەن هەڵکشێت لە دڵت گەورەتر و بە گیانت ئاشناتر دەبێت.
**نۆیەم:** زیاتر لەخۆت قازانجی تۆ دەوێت و هەمیشە باشترین ڕێگەت بـۆ دەسـت نیشان دەکات.
**دەیەم:** بەرژەوەندییەکانی تۆ دەخاتە پێش بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە.

# نیشانەکانی هاوسەرگیری سەرکەوتوو

هاوسەرگیری پەیمانێکی کۆمەڵایەتی دوو لایەنەیە، لەسەر بنچینەی مەرج و قەبوڵکردن دروست دەبێت و گرنگیپێدان و ڕێزگرتن بەردەوام دەبێت.

**ئەو (١٠) نیشانەی دەری دەخەن کە هاوسەرگیرییەکەت سەرکەوتووە:**

**یەکەم:** وەک یەکەم ڕۆژی هاوسەرگیری بە شیرینترین وشە بانگت دەکات.
**دووەم:** گرنگی بەو قسانە و پۆشاکانە دەدات تۆ حەزت پێیەتی.
**سێیەم:** کە لەماڵەوەیە هاوکاریت دەکات و کە لە دەرەوەشە بیرت دەکات.
**چوارەم:** ئەو کاتەی تۆ توڕەیت، ئەو بێ دەنگ دەبێت تا ئارام دەبیتەوە.
**پێنجەم:** دەنگت بەسەر بەرز ناکاتەوە، نە قسەت پێ دەبڕێت و نە پشت گوێت دەخات.
**شەشەم:** هیچ کەسێکی دیکە ناتوانێت جێگەی ئەو لەناو دڵت لەق بکات.
**حەفتەم:** هەمیشە وەک هاوڕێ لەگەڵت ڕەفتار دەکات.
**هەشتەم:** شێوازی تایبەت بەخۆی هەیە لەقسەکردن و بەئاماژە لێی تێدەگەیت.
**نۆیەم:** نەکێشەکانی ماڵ دەباتە دەرەوە و نەکێشەکانی دەرەوە دێنێتە ماڵەوە.
**دەیەم:** هەمیشە وەک یەکەم ڕۆژی هاوسەرگیری تۆی خۆشدەوێت.

# نیشانەکانی هاوسەرگیری شکستخواردوو

هاوسەرگیری تەنیا بەدەستهێنانی چێژ نیە بەهۆی حەز و خۆشەویستییەوە. **لەڕێگەی** حەزی جەستە و خۆشەویستی دڵەوە دەتوانیت بگەیت بە هاوسەرگیری، بەڵام تەنیا لەڕێگەی گرنگیپێدان و ڕێزەوە دەتوانیت لەهاوسەرگیری بەردەوام بیت.

تەنیا بەمردنی یەکێک لەهاوسەران هاوسەرگیری کۆتایی نایەت، مردنی هەست و سۆز مردنە گەورەکەیە.

**ئەو (٧) نیشانە دەری دەخەن لەناو هاوسەرگیرییەکی شکستخواردوو دایت:**

**یەکەم:** ڕانەگرتنی هەستی یەک و گوێ نەدان بە حەزوئارەزووەکانی یەکتر.

**دووەم:** گەورەکردنی کێشە بچووکەکان و بچووکردنەوەی کێشە گەورەکان.

**سێیەم:** بۆڵەبۆڵ و گلەیی و گازاندەی بەردەوام.

**چوارەم:** گوێ نەدان بە یەکدی و بڕینی قسەی یەکتر و قسەگوتن بەیەکتر.

**پێنجەم:** خۆ دزینەوە لە ئەرکەکانی هاوسەرایەتی و پشت گوێخستنی ئەرکەکانیماڵەوە.

**شەشەم:** دەرچوون بۆ دەرەوە و دڵخۆش نەبوون لەماڵەوە.

**حەفتەم:** مشتومڕی بەردەوام لەسەر وردو درشتی شتەکان.

# نیشانەکانی عاشق بوون

بەهـۆی ئەوەی عەشـق دوا پـلەی خۆشەویسـتییە، بـۆیە نیشانەکانیشـی دوا پلەی دەربڕینی هەست و سۆزی مرۆڤن و لە دەرەوەی لوژیک ڕوودەدەن.

**ئەو (١٠) دە نیشانە دەری دەخەن، کە تۆ عاشق بوویت:**

**یەکەم:** هەستێکت بۆ دروست دەبێت، کە هەرگیز نەتبووە.
**دووەم:** چیتر (**ترس** و **شەرم** و **خەم**) کاریگەری بەسەر ژیانتەوە نامێنێت.
**سـێیەم:** هێـزە شـاراوەکانی ناخـت ئاشـکرا دەبـن و توانـای داهێنانـت لـێ دەردەکەوێت.
**چوارەم:** ڕقت لەکەس نابێتەوە، تەنانەت لەوانەش کە ڕقیان لێتە.
**پێنجەم:** زیاتر دەبەخشیت و کەمتر وەردەگریت، تەنانەت لەخۆشەویستیش.
**شەشەم:** گلەیی و گازاندە و ڕەخنە لە قسەکانت نامێنێت.
**حەفتەم:** دەرگەی دڵت دەکەیتەوە بە ڕووی دنیا و هەموو کەست خۆشدەوێت.
**هەشتەم:** مردن ئەو ترسە گەورە و ژیانیش ئەو شیرینییەی جارانی نامێنێت، تۆ دەکەویتە ناو ژیانی عەشقەوە.
**نۆیەم:** وزەیەک دەکەوێتە ناو قسە و کردەوەکانت و سەرتاپا ژیانت دەگۆڕێت.
**دەیەم:** ئەوانەی دوێنێ ڕقت لێ دەبوونەوە، ئەمڕۆ خۆشتدەوێن و ئەوانەش کـە خۆشتدەوێن چاکەیان لەگەڵ دەکەیت.

# نیشانەکانی حەز

چۆن مرۆڤ چێژ لە هەست و سۆزی دڵ دەبینێت، ئاواش چێژ لە وروژان و بەرکەوتنی جەستە وەردەگرێت.
**ناکرێت** بە بۆنەی خۆشەویستییەوە چێژی جەستە وەک کارێکی قێزەون سەیربکەین، ناشکرێت بە بۆنەی حەزەوە خۆشەویستی فەرامۆش بکەین و تەنیا بیر لە وروژان و بەرکەوتن بکەینەوە. **مرۆڤ** نیوەی وروژان و بەرکەوتنە، کە لە خودی جەستەوە سەرچاوەدەگرێت، نیوەکەی دیکەشی هەست و سۆزە، کە لە خودی گیان و دڵەوە هەڵدەقوڵێت.

**ئەو (١٠) دە نیشانەی دەریدەخەن کە پەیوەندییەکەت تەنیا حەزێکە:**
**یەکەم:** لەجێگەی قسەکانی، شێوە و جولەی خۆشەویستەکەت دەکەوێتەوە یاد.
**دووەم:** کاتێک ئەو دەبینیت لەجێگەی دڵت خورپە بکات، هەستەکانت دەوروژێن.
**سێیەم:** زیاتر قسە لەسەر شتەکانی ئەو دەکەیت، تا قسە لەسەر هەستەکانی بکەیت.
**چوارەم:** تەنیا ئەو کاتانە ئەوت بیردەکەوێتەوە، کە تەنیایت.
**پێنجەم:** هەوڵی بە دەستهێنانی جەستەی دەدەیت، نەك دڵی.
**شەشەم:** لە قسەکردن ناچیتە قوڵایی بابەتەکان و درێژە بەهیچ بابەتێک نادەیت.
**حەفتەم:** بۆت گرنگ نییە ئەو باشە یان خراپ، تەنیا ئەو کاتە دەتەوێت باش بێت کە مەبەستتە.
**هەشتەم:** ڕەفتار و قسەت یەک شێوە نییە، دەگۆڕێن بە گوێرەی کات و شوێن.
**نۆیەم:** بەردەوام لە خەیاڵت نییە، زۆر بەخێرایی دێتە خەیاڵت و زۆر بەخێرایش لەخەیاڵت دەڕوات.
**دەیەم:** وات لێ دەکات لەگەڵ کەسێکی دیکە پەیوەندی ببەستیت.

# نیشانەکانی بەکۆتا هاتنی خۆشەویستی

زۆر جــار پەیوەنــدی خۆشەویســتی بەهــۆی گرنگــی پێــنەدان، یــان تێنەگەیشتنەوە بەرەو هاوڕێیەتی دەگەڕێتە دواوە، یان بەهـۆی زیـادەڕەوی لەدەربڕینی هەست و سۆز، لەجێی ئەوەی بگات بە عەشق، دەگات بە ڕق.

**ئەو (١٠) نیشانەی دەری دەخەن پەیوەندییەکەتان کۆتایی هاتووە:**

**یەکەم:** خۆشەویستەکەت هەمیشە پاساو دێنێتەوە و کاتی نیە لەگەڵت بێت.
**دووەم:** وەک جاران پێتدا هەڵنادات و سەرسامی خۆی دەرنابڕێت.
**سێیەم:** درێژە بە هیچ بابەتێک نادات و زوو شتەکان لەکورتی دەبڕێنێتەوە.
**چوارەم:** هەرچی ڕوودەدات لەنێوانتان بە لایەوە گرنگ نیە.
**پێنجەم:** داوای لێبوردن و سوپاسی نییە، هەمیشە بێزاری بەڕوویەوە دیارە.
**شەشەم:** کە ژوانتان هەیە قەت دەرناکەوێت لەگەڵ تۆ بەختەوەرە.
**حەفـتەم:** کە بەیەکەوە گفتوگـۆ دەکەن هەردەم خەیـاڵی لای ئەوەیە چـۆن زووتر کۆتایی بە قسەکانی بێنێت و زووتر بڕوات.
**هەشتەم:** لەقسەکردن دەربارەی خۆی و دەربـارەی تـۆ دووردەکەوێـتەوە و باسی شتانێک دەکات، کە دوور و نزیک پەیوەندی بە خۆتانەوە نیە.
**نـۆیەم:** ئەگەر خـۆت باسـی نەکەیـت ئەو قەت لێـت ناپرسـێتەوە کەچـی دەکەیت و بە نیازی چی بکەیت.
**دەیەم:** قسەیەک دەکات کە دڵنیـایە تـۆ حەزی پـێ ناکەیـت، تـا بەهـۆیەوە دڵت لێی بشکێت و لێی دوورکەویتەوە.

# نیشانەکانی پەیوەندی هەڵە

پەیوەندی بەستن تەنیا بۆ خۆ ڕزگارکردن نیە لە تەنیایی، زۆر جار پەیوەنـدی بەسـتن لەگەڵ کەسـێک دەتخـاتە چـاڵێکەوە نەدەتوانیـت بێیـتە دەرەوە و نەدەنگیشت بە دنیایی دەرەوە دەگات.

**ئەو (٧) حەفت نیشانەیە دەریدەخەن، تۆ لە پەیوەندییەکی هەڵەدایت.**

**یەکەم:** لەو ڕۆژەوەی ئەو کەسەت خۆشویستووە هەست بە هیچ گۆڕانێـک ناکەیت، نە لەناو دڵت و نە لەناو ژیانت.

**دووەم:** لەگەڵ گۆڕینەوەی هەستی خۆشەویستی، بەڵام تۆ هەر هەسـت بە تەنیاییەکی قوڵ دەکەیت.

**سێیەم:** ئەو کاتەی لاتە و ئەو کاتەش لێـت دوورە، دڵنیانیـت، هەمیشـە دوو دڵیت و گومان دەکەیت شتێک ڕوودەدات و تۆش ئاگادار نیت.

**چوارەم:** هەرگیز ئایندە ناکەوێتە نـاو قسـەکانتان و پەیوەنـدییەکەتان ڕوون نیە چ مەبەستێکی تێدایە.

**پێـنجەم:** هەمیشــە خەمێکــی قــوڵ لە دڵتــدایە و نــا ئــاراميیەکی زۆر لە کەسایەتیت دەردەکەوێت.

**شەشەم:** بە بینینی دڵخۆش نابیت و لەئاست چاوەڕوانییەکانت نیە.

**حەفتەم:** گرنگیپێدانی نییە و هەمیشە کەمتەرخەمە لە هەواڵ پرسینت.

# نیشانەکانی کەسی زیان بەخش

هیچ دوو مرۆڤێک نیە لەم جیهانە، لەیەک کات و لەیەک شوێن سەد لەسەد لەیەکتر بچن. بەقەد ژمارەیان، مرۆڤەکانیش بیرکـردنەوەی جیاوازیـان هەیە، بەڵام ئەم جیاوازییە مانای دژایەتی نایەت، بەڵکە هۆکارێکە بـۆ لێـک نزیـک بوونەوە، نەک دوورکەوتنەوە.

هەنـدێک ڕەفتـار هەن دروسـتکراوی دەسـتی مرۆڤـە بـۆیە ناپەسـەندە، ئەگەر نیشانەکانی ئەم ڕەفتارانە لەهەر مرۆڤێک دەرکەوتـن دەبێـت بە زووتـرین کـات لەخۆتی دووربخەیتەوە.

**ئەم (٧) نیشانە لەهەر کەس بوو لێی دووربکەوە.**

**یەکەم**: ئەو کەسەی ئەمڕۆ باسی خەڵک لای تۆ دەکـات، سـبەی باسـی تـۆش لای خەڵک دەکات، لێی دوور بکەوە.

**دووەم**: ئەو کەسەی تەندرووستی خۆی لا گرنگ نیە، چۆن تۆی لا گرنگ دەبێت، لێی دوور بکەوە.

**سێیەم**: ئەو کەسەی کە بەڵێن ناگەیەنێتە سـەر و خیـانەت لە ئەمـانەت دەکـات، لێی دوور بکەوە.

**چـوارەم**: ئەو کەسـەی لە ڕاپەڕانـدنی کارەکـانی خەڵـک کەمـتەرخەمە، سـبەی بەرامبەر تۆش وا دەبێت، لێی دوور بکەوە.

**پێنجەم**: ئەو کەسەی نهێنی پارێز نیە و نهێنی خەڵک لای تۆ باس دەکات، سـبەی نهێنی تۆش لای خەڵک باس دەکات، لێی دوور بکەوە.

**شەشەم**: درۆ بە ئاشکرا لەناو قسەکانی دەردەکەوێت، لەو کەسە دووربـکەوە کە لە درۆ نزیک دەکەوێتەوە.

**حەفتەم**: ئەو کەسەی هەمیشە باسی کێشە و گرفتەکانی خـۆی دەکـات، دەبێـت بەسەرچاوەی کێشە بۆ تۆش، لێی دووربکەوە.



# عەشق واتە ١ + ١ = ١

بەڵێننامەی خۆشەویستی

# بەڵێننامەی خۆشەویستی

بـۆ ئەوەی بگەیـت بە هاوسـەرگیرییەکی سـەرکەوتوو (٢٥) خـاڵی گرنگـت لەبەردەسـتە، کە ژیـانی هاوسـەرگیری ڕێکـدەخات و ئامـادەی دەکـات بـۆ ژیانێکی درێژی پڕ لەسۆز و خۆشەویستی.

**ئەم (٢٥) خـاڵە** یاسـایەک نـیە لەنێـوان کچـان و کـوڕان کە هەر یەکێکیـان پەیڕەوی لێ نەکرد هاوسەرگیرییەکەی ڕاستەوخۆ هەڵوەشێتەوە.

**ئەم (٢٥) خـــاڵە** بەڵێننـــامەیەکی گیـــانی دوو لایەنەیە لەنێـــوان دوو خۆشەویست، کاتێک دەیانەوێت پڕۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدەن.

**بـۆ هاوسـەرگیرییەکی سـەرکەوتوو** پێویسـتە لەسـەر هەر یەک لەم کـچ و کوڕەی کە لەقۆناغی خۆشەویستی سەرکەوتووبوونە و نیازی هاوسـەرگیریان هەیە، ئەم خـاڵانە بە وردی بخـوێنێتەوە و بەڵێنـی پابەنـدبوونی هەمـوو خاڵەکان بدەن و هەر لەڕێکەوتی بەڵـێن دانەکەش واژووی خۆیـان بکـەن و هەموو ساڵێکیش لەیادی ڕۆژی هاوسـەرگیریاندا ئەو بەڵێننـامەیە بـۆ یەکـتر بخوێننەوە بەڵێنەکەیان دووپات بکەنەوە.

## بەڵێننامەی خۆشەویستی

**چەپڵە بە دەستێک لێ نادرێت**، بۆ ئەوەی ببین بە دوو هاوسەری نموونەیی:

(تۆ وابە منیش وادەبم بۆت).

**ژیانی هاوسەرگیری ئەرک و بەرپرسیاریەتییە**، لەپشت گرنگیپێدان و خۆشەویستی چەند خاڵێکی گرنگ هەیە بۆ سەرکەوتنی هاوسەرگیری.

## (٢٥) خاڵەکەی بەڵێننامەی خۆشەویستی

**تۆ وابە منیش وا دەبم بۆت**

**یەکەم**: کە تورەبووم بێ دەنگ بە، کە تۆش تورەبووی من بێ دەنگ دەبم تا سارد دەبیتەوە، تۆ وابە منیش وا دەبم بۆت.

**دووەم**: کێشەی نێوانمان مەبە دەرەوە خۆمان دەتوانین گفتوگۆی لەسەر بکەین، تۆ وابە منیش وا دەبم بۆت.

**سێیەم**: بە باسی کێشەی خەڵک و هەواڵی ناخۆشی خەڵک ماڵەکەمان و دڵی من ناخۆش مەکە، تۆ وابە منیش وا دەبم بۆت.

**چوارەم**: هەرگیز وا خۆت نیشان مەدە، کە لەهیچ شتێک لە من باشتر و تێگەیشتووتر و جوانتری، تۆ وابە منیش وا دەبم بۆت.

**پێنجەم**: حساب بۆ ورد و درشتی شتەکانی نێو ژیانمان بکە، شت هەیە زۆر بچووکە، بەڵام زۆر بە نرخە لام، تۆ وابە منیش وا دەبم بۆت.

**شەشەم**: زۆر بەدوای وردەکاری تەواوی ئیش و کارەکانمدا مەڕۆ، هەندێک شت هەیە پێویست ناکات بە وردی بیزانیت، تۆ وابە منیش وا دەبم بۆت.

**حەفتەم**: مەرج نیە لەهەموو بابەتێک قسەی خۆت هەبێت، چونکە هەندێک بابەت هەیە هیچی لێ نازانیت، تۆ وابە منیش وا دەبم بۆت.

**هەشتەم**: ڕێز بۆ تەواوی کەس و کارو خانەوادەی من دابنێ لەبچووکترین ئەندام تا گەورەترین ئەندام، تۆ وابە منیش وا دەبم بۆت.

**نۆیەم**: بەهیچ شێوەیەک باسی هیچ کەس مەکە بە خراپە و کەس مەشکێنەوە، تەنیا ئەو کەسانە نەبێت، کە سیفەتەکانیان بزانین، تۆ وابە منیش وا دەبم بۆت.

**دەیەم**: کینە لە دڵ مەگرە، شت لەدڵ مەهێڵەوە و دوایی بە منی بفرۆشیتەوە، مەڵی بیرتە ئەو ڕۆژە تۆ وات گوت و باوک و دایکت وای گوت

و خوشکت وای گوت و برات وای گوت، تۆ وابە منیش وا دەبم بۆت.
**یــازدەم**: ئەگەر یەکێــک لەخزمــانی ئێــوە حەزم بەدۆســتایەتی نەکــرد بەهۆکــارێکی دیــار زۆرم لــێ مەکە، مــن دەمەوێــت لەگەڵ تــۆ بــژیم نەک خزمەکانت، تۆ وابە منیش وا دەبم بۆت.
**دوازدەم**: هاوسەرگیری بەمانای مـاڵی کردنـی پیـاو و ئـافرەت نـایەت لەنـاو چوار دیواری ماڵێک، ڕێز لە ئازادییەکانم بگرە، تۆ وابە منیش وا دەبم بۆت.
**سـێزدەم**: قسـە ڕەق مەبە کاتێـک دەتەوێـت شـتێک بڵێـی یـان وەڵامێـک بدەیتەوە بەدوای جوانترین وشە بگەڕێ، تۆ وابە منیش وا دەبم بۆت.
**چواردەم**: یەک ڕووبە، ئەوەی لەناو دڵتە با هەر ئەوەش لەسـەر زارت بێـت، هـیچ مەشـارەوە، ڕاسـتگۆیی لەنـاو ژیـانێکی سـەربەرزانەی کـورت باشـترە لەدرۆکردن لەناو ژیانێکی دڵ ڕەشانەی درێژ، تۆ وابە منیش وا دەبم بۆت.
**پازدەم**: پێداگیر (عیناد) مەبە لەسەر شتێک کە دەزانیت هەڵەیت، من گوتم یەک، تۆ مەڵی دوو، تۆ وابە منیش وا دەبم بۆت.
**شـازدەم**: خۆپەرسـت و خۆویسـت مەبە هەمـوو شـتت بـۆ خـۆت بوێـت، دەکرێت هەندێک شت بەدڵی تۆ نەبێت، تۆ وابە منیش وا دەبم بۆت.
**حەڤدەم**: دڵ پیس مەبە، هەرچی من قسەم لەگەڵ کرد مانای وانـیە شـتێک لەنێوانماندایە، هەمیشە بەشوێنمەوە مەبە، تۆ وابە منیش وا دەبم بۆت.
**هەژدەم**: پێزانینت هەبێت بەرامبەر بەو شتانەی کە تەنیـا لەبەر خـاتری تـۆ ئەنجامم داون، تۆ وابە منیش وا دەبم بۆت.
**نۆزدەم**: هەمیشە سوپاسگوزاربە بەرامبەر بەو ژیان و هاوسـەرەی کە خـودا پێیداویت و با لە قسە و کردەوەت دەربکەوێت کە خۆشەویسـترین کەسـی سەرزەویت، تۆ وابە منیش وا دەبم بۆت.
**بیست**: هەمیشە هاوکاربە بۆ بەدیهێنانی خەونەکانم، بار سووکی بە لەسـەر شانم، تۆ وابە منیش وا دەبم بۆت.

**بیست ویەک:** هەرگیز درۆ مەکە، گەر گەورەترین تاوانیشت ئەنجام دا، هەموو تاوانێک شیاوی لێ خۆشبوونە تەنیا درۆ نەبێت، تۆ وابە منیش وادەبم بۆت.

**بیست و دوو:** بەر لەوەی منت خۆشبوێت گرنگیم پێبدە، ئەو کارانە بکە کە دڵخۆشم دەکات، تۆ وابە منیش وا دەبم بۆت.

**بیست و سێ:** ئەو شتانەی کە لەلام گرنگن و پارێزگاریان لێ دەکەم بێ ئەرزش سەیریان مەکە، تۆ وابە منیش وا دەبم بۆت.

**بیست و چوار:** ڕێز لە بۆچوونەکانم بگرە ئەگەر پێچەوانەی بیرکردنەوەکانی تۆش بوون، من دەمەوێت باشترینی خۆم بم، نەک کۆپی هیچ کەس، تۆ وابە منیش وا دەبم بۆت.

**بیست و پێنج:** خۆت و ژیانی خۆت و من و ژیانی من بەهیچ کەس بەراورد مەکە، نەتۆ پێویست دەکات وەک هیچ کەس بیت و نە منیش وەک هیچ کەس دەبم، ژیانی ئێمە هی خۆمانە و ژیانی خەڵکیش هی خۆیانە، تۆ وابە منیش وا دەبم بۆت.

| | |
|---|---|
| واژوو | واژوو |
| کوڕ | کچ |
| ڕێکەوت / / | ڕێکەوت / / |

# پەیامی خۆشەویستی

## عەشق واتە

عەشـق واتە: تـا کۆتـایی هەر لەگەڵ تـۆم
عەشـق واتە: مـن خەمەکانیشـت دەخـۆم
عەشق واتە: شـەو تـا بەیان بـۆ تـۆ گریان
عەشق واتە: هەر لەگەڵ تـۆ مەرگ و ژیـان
عەشق واتە: تۆم خۆشمدەوێت پـڕ بە دڵـم
عەشق واتە: یان هەر هی تۆم یان هی گڵم

عەشـــق واتە: شـــەوم بە تـــۆوە ڕووناکە
عەشـق واتە: دڵــم بــێ تــۆ خــورپە ناکـا
عەشـــق واتە: تـــۆ بـــۆ دڵـــم باشـــترینی
عەشـق واتە: تـۆ فریشـتەی سـەرزەمینی
عەشـق واتە: تـۆ سـەرچاوەی ژیـانی منـی
عەشـــق واتە: هەر تـــۆ دڵ و گیـــانی منـــی

عەشـق واتە: نەخەوتـن شـەو تـاکو بەیـان
عەشق واتە: تۆ بەهـانەی ئەشـکی چـاوان
عەشق واتە: من بە دڵ دەسـتی تـۆ دەگـرم
عەشـق واتە: جێـت نـاهێڵم تـاکو دەمـرم
عەشق واتە: شێت و شـەیدای یەک نیگـاتم
عەشـق واتە: بە فیـدای خـاکی ژێـر پـاتم

خۆشەویستی بەهێزترە
دیوار چەند بەرزبێت، ئاسمان بەرزترە
خەم چەند گەورەبێت، خودا گەورەترە
مردن چەند نزیک بێت، ژیان نزیکترە
ڕق چەند بەهێزبێت، خۆشەویستی بەهێزترە

## خۆشەویستی ببەخشە

**وەک چۆن هەور باران دەبەخشێتە خاک**
**خۆشەویستی ببەخشە بە خەڵک**
خۆشەویستی ببەخشە بە منداڵان، بە ئامۆژگاریکردنیان
خۆشەویستی ببەخشە بە گەنجان، بە دەستگرتنیان
خۆشەویستی ببەخشە بە هەژاران، بە یارمەتیدانیان
خۆشەویستی ببەخشە بە دایک، بە گوێڕایەڵیت
خۆشەویستی ببەخشە بە هاوڕێکانت، بە وەفاداریت
خۆشەویستی ببەخشە بە خۆشەویستەکەت، بە گرنگیپێدانت
**بۆ ئەوەی خۆشی دڵ بە دەست بێنیت، دەبێت خۆشەویستی ببەخشیت**

## خۆشەویستی ببەخشە

**وەک چۆن گوڵ جوانی دەبەخشێتە بەهار**
**خۆشەویستی ببەخشە ژیان**
خۆشەویستی ببەخشە بە کارەکەت، بە دڵسۆزیت
خۆشەویستی ببەخشە بە جلوبەرگت، بە پاک و خاوێنیت
خۆشەویستی ببەخشە بە جەستەت، بە خواردنی باش
خۆشەویستی ببەخشە بە مێشکت، بە بیرکردنەوەی جوان
خۆشەویستی ببەخشە بە تەمەنت، بە وەرزشکردن
خۆشەویستی ببەخشە بە خۆت، بە گرنگیدان بە خودی خۆت
**بۆ ئەوەی بەختەوەری بە دەست بێنیت، دەبێت خۆشەویستی ببەخشیت**

## هونەری خۆشەویستی

چـــۆن ڕێزی دایکت دەگرت، ئاوا ڕێزی هاوسەرەکەت بگرە
چـــۆن پشتگیری خوشکت دەکرد بۆ گەیشتن بە خەونەکانی
ئاواش پشتگیری هاوسەرەکەت بکە
**چونکە خۆشەویستی**" گرنگیپێدان و پشتگیری کردنە.

چـــۆن خوشکە بچووکەکەت شتێکی دەشکاند خەندەیەکت بۆ دەکرد
ئاواش بۆ هاوسەرەکەت میهرەبان بە
چـــۆن دایکت تورە دەبوو تۆش بەرامبەری لێبوردەبوویت
**بۆ هاوسەرەکەشت ئاوا بە**
**چونکە خۆشەویستی**" لێبوردن و لەیەکتر قبوڵکردنە

## مانەوە لە خۆشەویستی

چــۆن ئاو لە بەرد بە هێزترە و
لێبوردەیی لە توندوتیژی بەهێزترە
خۆشەویستیش لە ڕق بە هێزترە
**خۆشەویستی بخە ناو کار و کردەوەکانت**
**تا بە هێزی بمێنیتەوە**

چــۆن میهرەبانی لە دڵ ڕەقی بەهێزترە و
بەخشین لە زۆرداری بەهێزترە
خۆشەویستیش لە تۆڵە بەهێزترە
**خۆشەویستی بخە ناو قسە و گفتارەکانت**
**تا بە هێزی بمێنیتەوە**

# هێزی خۆشەویستی

نەرم بە، لەگەڵ ئەوانەی ڕەقن بەرامبەرت
زەردەخەنە بکە، بەرامبەر ئەوانەی گرژن لەگەڵت
چاکە بکە، لەگەڵ ئەوانەی خراپن بۆت
**ئەمەیە هێزی خۆشەویستی**

یاوەری ئەوانە بکە، بێ کەسن
دەستی ئەوانە بگرە، کەوتوون
جێگەی هیوابە، بۆ ئەوانەی هیوایان لە دەستداوە
**ئەمەیە هێزی خۆشەویستی**

ئەوانەی ڕقیان لێتە، خۆشەویستیان بۆ دەربڕە
ئەوانەی ناکۆکن لەگەڵت، هاوکاریان بکە
پشتی ئەوانە بگرە، کە پشتت لێ دەکەن
**ئەمەیە هێزی خۆشەویستی**

نزا بکە، بۆ ئەوانەی تۆمەتت بۆ هەڵدەبەستن
ڕێگە بەوانە نیشان بدە، چاڵت بۆ هەڵدەکەنن
خۆشەویستی ببەخشە، بەوانەی بە خراپە باست دەکەن
**ئەمەیە هێزی خۆشەویستی**

# فریشتەی خۆشەویستی

دەبێت ئەهریمەنەکەی ناخمان بکوژین و
فریشتەکەی ناخمان پەروەردە بکەین
ڕقەکان لە ڕەگەوە هەڵکێشین و
داری خۆشەویستی ئاو بدەین
**تا فریشتەکەی ناخمان گەورە نەکەین، ناتوانین لە دنیا ئارام بگرین**

دەبێت جەللادەکەی ناخمان لەناوبەرین و
حەللاجەکەی ناخمان پیرۆز بکەین
خڕۆکەی ڕق لە خوێنمان دەربێنین و
خڕۆکەی خۆشەویستی تێ بکەین
**تا دڵۆپێک ڕق لە گیانمان مابێت، ناتوانین لە دنیا پشوو بدەین**

دەبێت تۆڵە لە ناخمان دەربێنین و
بەخشین لە ناخمان بڕوێنین
بیری خراپ لە کەللەی سەرمان دەرکەین و
لە جێگەی نیەتی باش بچێنین
**تا خۆشەویستی نەکەینە ڕابەرمان، ناتوانین لە دنیا ئارام بگرین**

## ئێمە بەرامبەر بەخۆمان کەڕ و کوێر و لاڵین

هەمیشە تۆڵە و نەفرەت و ڕقەکانی بەرامبەرت **دەبینیت**
هەمان شت لە ناخی خۆت نابینیت و **کوێریت**

هەمیشە ناشیرینی و خراپی و لەخۆبایی بەرامبەرت سەری زمانتە
هەمان شت لە ناخی خۆت نادرکێنیت و **لاڵیت**

هەمیشە جنێو و تانە و تەشەر لەبەرامبەرت **دەبیستیت**
هەمان شت لە خۆت نابیستیت و **کەڕیت**

تۆ بەرامبەر بەخۆت کەڕ و کوێر و لاڵیت
بۆ بەرامبەریش هەموو گیانت چاو و زمان و گوێیە

## به دەست هێنانی هەست و سۆز

گلەیی مەکە لەوەی، هیچ کەس تۆی خۆشناوێت
گلەیی بکە لەخۆت، کە ناتوانیت ببیت بە خۆشەویستی هیچ کەس
چۆن جەستە بێ خواردنی باش لاواز دەبێت و
نەخۆش دەکەوێت و دەمرێت
گیان و دڵیش بێ خۆشەویستی ئاوا کز دەبێت و
نەخۆش دەکەوێت و دەمرێت
چۆن هەوڵی بەدەست هێنانی بژێوی ژیان دەدەیت
بۆ پەیداکردنی خواردنی باش بۆ جەستەت
بەم شێوە هەوڵی بەدەستهێنانی هەست و سۆزبدە
بۆ پەیداکردنی خۆشەویستی ڕاستەقینە بۆ گیان و دڵت

## خۆشەویستی کاری ڕاستەقینەی مرۆڤ

لە جێگەی ڕق، خۆشەویستی ببەخشە، ئەوە کاری ڕاستەقینەی تۆیە

خۆشەویستی ببەخشە، خۆشەویستیت دەست دەکەوێتەوە
ڕق ببەخشە، هەر ڕقت دەست دەکەوێتەوە

## ژیان واتە خۆشەویستی

ژیان دەیان ڕێگەی هەیە، نزیکترینی خۆشەویستییە
خۆشەویستی دەیان ڕێگەی هەیە، نزیکترینی گرنگیپێدانە
گرنگیپێدان دەیان ڕێگەی هەیە، نزیکترینی نرخ دانانە
**ژیان واتە: خۆشەویستی، خۆشەویستیش واتە: گرنگیپێدان**

تەمەن درێژی دەیان ڕێگەی هەیە، نزیکترینی میهرەبانییە
مهرەبانی دەیان ڕێگەی هەیە نزیکترینی بەخشینە
بەخشین دەیان ڕێگەی هەیە، نزیکترینی خۆشەویستییە
**تەمەن واتە: خۆشەویستی، خۆشەویستی واتە: بەختەوەری**

# کلیلی خۆشەویستی

**خۆشەویستی**

بارانێکە هەموو پیسییەکی ناخمان دەشواتەوە

**خۆشەویستی**

کلیلێکە هەموو قفلەکانی ژیانمان دەکاتەوە

**خۆشەویستی**

دەرمانێکە هەموو دەردەکانمان سارێژ دەکات

**خۆشەویستی**

بەهارێکە هەموو تەمەنمان گوڵ ڕێژ دەکات

**خۆشەویستی**

خۆرێکە ناخی دڵمان ڕووناک دەکاتەوە

**خۆشەویستی**

مانگێکە شەوەزەنگمان ڕۆشن دەکاتەوە

## بارانی خۆشەویستی

خۆشەویستی وەک لە دایکبوون یەک جار ڕوودەدات
**کەواتە کە یەکێکت خۆشویست، وێڵی مەکە**
خۆشەویستی وەک بەهار یەک وەرزی پڕ لە جوانییە
**کەواتە کە هات، بە دڕکەوە خۆت خەریک مەکە**
خۆشەویستی وەک باران یەک جار بە ڕێژنە دەبارێت
**کەواتە کە باری بەسەرتا، لێی ڕامەکە**

## وەرزی خۆشەویستی

جوانترین گوڵ ڕۆژێک دێت هەڵوەرێت، بەڵام وەفا نا
سازگارترین کانیاو ڕۆژێک دێت وشک بێت، بەڵام ڕاستگۆیی نا
سەوزترین گەڵا ڕۆژێک دێت زەرد بێت، بەڵام خۆشەویستی نا

خۆشەویستی وەرزێکە، لە دەرەوەی ئەم وەرزانەی ساڵ
خۆشەویستی تەمەنێکە، لە دەرەوەی ئەم تەمەنەی مرۆڤ
خۆشەویستی جیهانێکە، لە دەرەوەی ئەم جیهانەی ئێمە

ئێمە پیر دەبین و زەرد دادەگەڕێین، بەڵام خۆشەویستی نا
ئێمە نەخۆش دەکەوین و دەمرین، بەڵام خۆشەویستی نا
ئێمە گیان دەسپێرین و نامێنین، بەڵام خۆشەویستی نا

## خۆشەویستیت فێری کردم

خۆشەویستیت فێری کردم، هەر تەنیا تۆ نا، هەموو خەڵکم خۆش بوێت فێری کردم، خۆشییەکانم لەگەڵ خەڵک دابەش بکەم، بەڵام خەمەکانم نا فێری کردم، نانێکم هەبوو لەگەڵ خەڵک بیکەم بە دوو بەش، بەڵام دڵم نا

# خۆشەویستیت فێری کردم

من هەم تۆم خۆشدەوێت و هەم ڕقیشم لێتە
خۆتم خۆشدەوێت لەبەر خۆت و
ڕقیشم لێتە لەبەر ڕەفتارەکانت
دڵم تۆی لێم دەوێت لەبەر خۆت و
عەقڵیشم تۆم لێ دووردەخاتەوە لەبەر ڕەفتارەکانت
ڕەفتارەکانت جوان بکە وەک خۆت، تا عەقڵم تۆی بوێت وەک دڵم

## دەزانم منت خۆشدەوێت

بەوە دەزانم منت خۆشدەوێت
لێم زویر دەبیت و هەر خۆشت ئاشتم دەکەیتەوە
دڵم دەشکێنیت و هەر خۆشت فرمێسکم دەسڕیتەوە
بریندارم دەکەیت و هەر خۆشت دەرمانم دەکەیت
بە گریانم دەخەیت و هەر خۆشت لە گریانم دەکەیت
پرسیارم لێ دەکەیت و هەر خۆشت وەڵام دەدەیتەوە
بە جێم دەهێڵیت و هەر خۆشت دەگەڕێیتەوە

## که هاتیه دڵم

ئەو ڕۆژە **هاتمە دنیا**، کە تۆ هاتیە دنیام
ئەو ڕۆژە **خۆم ناسی**، کە تۆم ناسی
ئەو ڕۆژە **خۆم بینی**، کە تۆم بینی
ئەو ڕۆژە **خۆم خۆشویست**، کە تۆم تیا خۆشویست

## ژیانی من تۆی

لەم دنیایە هەموو شتێک ناوێکی هەیە
**ناوی من تۆی**

لەم دنیایە هەموو کەس چیرۆکێکی هەیە
**چیرۆکی من تۆی**

لەم دنیایە هەموو کەس ژیانێکی هەیە
**ژیانی من تۆی**

## بۆ منت خۆشدەوێت

خۆشەویستی ئەوەیە، کە نەزانیت بۆ منت خۆشدەوێت
کە زانیت بۆ منت خۆشدەوێت هۆکارێکت دۆزیوەتەوە بۆ خۆشەویستی
هۆکار واتە منت ڕاستەوخۆ خۆشنەویستووە، بەهۆی شتێکەوە منت
ویستووە

## هۆکاری خۆشەویستی

بۆ پەیوەست بوون یەک هۆکار هەیە، ئەویش خۆشەویستییە
بەڵام بۆ دابڕان هەزار هۆکار هەیە، بۆیە نامەوێت خۆشمبوێیت
بۆ عەشق یەک ڕێگە هەیە، ئەویش خۆشەویستییە
بەڵام بۆ ڕق هەزار ڕێگە هەیە، بۆیە نامەوێ عاشقم بیت

## چرۆی خۆشەویستی

**خۆشەویستی ئەوەیە،** کە تەنیام باوەشت واڵا بێت و
لە ئاوەدانیش دڵت
**خۆشەویستی ئەوەیە،** کە دڵتەنگم فرمێسکم بسڕیت و
لە شادیش دەستم بگریت
چونکە خۆشەویستی لە شادی چرۆدەکات و
لە ناخۆشیش گەورە دەبێت
**خۆشەویستی ئەوەیە،** بە پێکەنینم دڵشادبیت و
بە خەمباریشم خەمبار
**خۆشەویستی ئەوەیە،** ئازارێک بەر لەوەی بۆ من بێت
هەستی پێ بکەیت و بەهی خۆتی بزانیت
چونکە خۆشەویستی قوربانی دان و هاوخەمی یە

## خۆشترین چرکەساتی ژیان

**خۆشترین چرکەساتی ژیانم ئەوەیە،** کە دەستم لەناو دەستت بێت
تا لە گەرمی دەستەکانتەوە هەست بە گەرمی دڵت بکەم
**خۆشترین چرکە ساتی ژیانم ئەوەیە،** تۆ لە تەکما بیت
تا لە نزیکی تۆوە هەست بەبوونی خۆمەوە بکەم
**خۆشترین چرکە ساتی ژیانم ئەوەیە،** تۆ لەگەڵما بیت
تا بە بۆنەی بوونی تۆوە، منیش هەست بکەم هەم

## خۆشەویستی مەرگی منە

خۆشەویستی خورپەی دڵی من و هەناسەی تۆیە
خۆشەویستی میهرەبانی من و دڵ گەورەیی تۆیە
خۆشەوسیتی دڵسۆزی من و وەفا و ئەمەکی تۆیە
خۆشەویستی مەرگی من و قوربانیدانی تۆیە

## خۆشەویستیت گەورەی کردم

**نەزان بووم** و خۆشەویستیت فێری کردم
**کێوی بووم** و خۆشەویستیت ماڵی کردم
**بچووک بووم** و خۆشەویستیت گەورەی کردم

**دڵم داخرابوو**، خۆشەویستیت دڵی کردمەوە
**نەخۆش بووم**، خۆشەویستیت چاکی کردمەوە
**مردبووم**، خۆشەویستیت زیندووی کردمەوە

# دەستی دڵم بگرە

**خۆشەویستی ڕاستەقینە** ئەوەیە تۆ بێیت
دەستی دڵم بگریت، نەک دەستی حەز

**خۆشەویستی ڕاستەقینە** ئەوەیە تۆ بێیت
بە چاوی دڵ سەیرم بکەیت، نەک چاوی سەر

**خۆشەویستی ڕاستەقینە** ئەوەیە تۆ بێیت
بە زاری دڵ بڵێیت خۆشم دەوێیت، نەک زاری دەم

## خۆشەویسترینی

**بێگانەی** لە من، بەڵام لە دڵم خۆشەویسترینی
**دووری** لە من، بەڵام لە گیانم تۆ نزیکترینی
**ژیان بەنرخە**، بەڵام تۆ بۆ من بەنرخترینی
**خەونەکانم گرنگن**، بەڵام تۆ بۆ من گرنگترینی

## گرنگیم پێبدە

گەر خۆشەویستی بکرێت بە چوار بەشەوە
سێ بەشی گرنگیپێدانە و بەشێکی هەست و سۆزە
گرنگیم پێبدە، بەر لەوەی خۆشتبوێم

## من تۆم خۆشناوێت لەبەر خۆم

گەر تۆم خۆشویست لەبەر ئەوەی خۆشی بە من دەبەخشیت
واتە من خۆم خۆشویست، نەک تۆ
من بە بۆنەی خۆتەوە تۆم خۆشدەوێت، نەک بە بۆنەی خۆمەوە
من نامەوێت نا ڕاستەوخۆ خەریکی خۆشەویستی بم لەگەڵ خۆم
لەڕێگەی خۆشەویستی تۆوە

## خۆتبە تا خۆشەویست بیت

باشترین مەبە، تەنیا خۆت بە، کە خۆت بوویت باشترینیت
**کە باشترین بوویت خۆشەویستی**
بەهای مرۆڤ لەوەیە چاک بێت
نرخی چاک بوونیش لەوەیە، کە خۆت بیت
تا خۆت نەبیت، ناتوانیت باشترین بیت
تا باشترین نەبیت، ناتوانیت خۆشەویست بیت

## ده کەواتە خۆت خۆشبوێت

هیچ کەس لەخۆت شیاوتر نیە بۆ خۆشەویستی
**ده کەواتە خۆت خۆشبوێت**
هیچ کەس لەخۆت لە پێشتر نییە بۆ گرنگیپێدان
**ده کەواتە گرنگی بەخۆت بدە**
هیچ کەس لەخۆت نزیکتر نییە بۆ دڵنەوایی
**ده کەواتە خۆت دڵنەوایی خۆت بکە**
خۆشەویستی خۆت هەنگاوێکە بۆ خۆشەویستی خەڵک

## خودایە سوپاس

**خودایە سوپاس**

بۆ هەموو ئەو شتانەی پێت بەخشیوم و

ئەوانەش پێت نەبەخشیوم و

هەموو ئەو شتانەش، لە داهاتوو پێم دەبەخشیت

**خودایە سوپاس**

بۆ هەموو ئەو کەسانەی لێت نزیک کردمەوە و

ئەوانەش لێت دوورخستمەوە و

هەموو ئەو کەسانەش، لە داهاتوو لێم نزیک دەکەیتەوە

## هەناری مەرگ

**عەشق**، کونکردنی کێوی بێستوونە، **بۆ** دۆزینەوەی شیرین
**عەشق**، شێت بوون و دەربەدەربوونە، **بۆ** هەواڵێکی لەیلا
**عەشق**، چەشتنی هەناری مەرگە، **بۆ** نیگایەکی ڕووی زین

## ئەو ڕۆژە تەنیایت

**ڕۆژێک دێت** نەهیچ کەست خۆشدەوێت و
نەهیچ کەسیش تۆی خۆشدەوێت
نە چاوەڕێی هیچ کەس دەکەیت و
نە هیچ کەسیش چاوەڕێت دەکات
نە بە هیچ کەس دەڵێیت خۆشەویستەکەم و
نە هیچ کەسیش پێت دەڵێت ئازیزەکەم
**ئەو ڕۆژە تەنیایت**، نە خەمی هیچ کەستە و
نەهیچ کەسیش خەمی تۆیەتی
**ئەو ڕۆژە ئازادیت**، نە دڵت لەهیچ کەس دەشکێت و
نە هیچ کەسیش دڵی لێت دەڕەنجێت

## بووم بە فریشتە

**بووم بە فریشتەی ئەوانەی** منیان ویست و
**ئەهریمەنی ئەوانەش،** تەنیا خۆیان ویست
ئەوانەی لەبەر خاتری خۆیان خۆشیان ویستم، لێم دوورکەوتنەوە
ئەوانەش لەبەر خاتری خۆم خۆشیان ویستم، مانەوە
**بووم بە ڕابردووی تاڵی ئەوانەی** بەرامبەر شتێ خۆشیان ویستم
**ئایندەی گەشی ئەوانەش،** بێ بەرامبەر خۆشیان ویستم
**بووم بە خەم** لە یادەوەری ئەوانەی، بەدوای ئامانجێک بوون لە
خۆشەویستیم
**بووم بە شادی** لە یادەوەری ئەوانەش، بێ هیچ دەستکەوتێک خۆشیان
ویستم

# کەسانێکم خۆشویست

کەسانێکم خۆشویست، تا لە تەنیایی دەرم بێنن
**کەچی تەنیاتریان کردم**
کەسانێکم خۆشویست تا لە خەم ڕزگارم بکەن
**کەچی خەمبارتریان کردم**
کەسانێکم خۆشویست، تا لە ئازارەکانم کەم بکەنەوە
**کەچی ئازارەکانیان زیاتر کردم**
ئەوان بێ وەفایانە لەگەڵ خۆشەویستی ڕۆیشتن و
**منیش دڵشکاوانە لەگەڵ تەنیایی مامەوە**

## به دڵ بڵێن

**به نیشتمان بڵێن،** چیتر به دوامان نه‌گه‌ڕێت
ئێمه خۆمان له‌ناو دڵی یار ون کرد
**به یار بڵێن،** چیتر بیرمان نه‌کات
ئێمه دڵمان له‌ناو سینه‌مان ده‌رکرد
**به دڵ بڵێن** با چیتر خورپه نه‌کات
بۆ هه‌میشه عه‌شق له‌ناو دڵمان مرد

## دەست بە دڵی خۆتەوە بگرە

هەندێک جار خۆشەویستی واتە: هیچ کەست خۆشنەوێت
ڕێگەی نەدەیت تەنانەت بێچوە پشیلەیەکیش هۆگرت بێت
دەست بە دڵی خۆتەوە بگریت و هەموو دنیا فەرامۆش بکەیت
ڕوو بکەیتە خۆت و پشت لە هەموو دنیا وەرگێڕیت

## تووڕەم لە خۆم

تووڕەم لە دڵم، ڕۆژێک بۆ کەسانێک خورپەی کردووە
تووڕەم لە چاوم، ڕۆژێک بۆ کەسانێک فرمێسکی ڕشتووە
تووڕەم لە خۆم، ڕۆژێک کەسانێکم خۆشویستووە

# هەرچی

هەرچی سوتانێک بوو بە دەست عەشقەوە بینیمان، نەک تەنیایی
هەرچی ئازارێک بوو بە دەست خۆشەویستیەوە چەشتمان، نەک ڕق
هەرچی خەمێک بوو بە دەست هاوڕێیانەوە خواردمان، نەک دوژمن

## دڵتەنگی کەسانێکم

دڵتەنگی کەسانێکم، لەبەر خۆیان خۆشیان ویستم
خەمباری کەسانێکم، لەبەر خۆیان دڵیان بردم
خەفەتباری کەسانێکم، لەبەر خۆیان لە ژیانیان کردم

## مرۆڤەکان وەک سێبەر وان

مرۆڤەکان وەک سێبەر وان
کە ڕووت تێ کردن، پشتت لێ دەکەن
کە بە گەورەت زانین، بە بچوکت تێدەگەن
کە ڕێزت گرتن، بە کەمت دەبینن
کە خۆشتویستن ، فەرامۆشت دەکەن

کە ڕووت لێ وەرگێڕان، جا ڕووت تێ دەکەن
کە بە بچووک سەیرت کردن، جا بە گەورەت دەزانن
کە بەکەمت بینین، جا ڕێزت لێ دەگرن
کە فەرامۆشت کردن، جا گرنگیت پێ دەدەن

## من ڕابردووی تۆم

تۆ ئێستا کەسێکی دیکەت لەباوەش گرتووە و منیش خۆم
تۆ ئێستا قسە بۆ کەسێکی دیکە دەکەیت و منیش بۆ دڵی خۆم
من ئێستا لەگەڵ ڕابردووی تۆ دەژیم و
تۆش لەگەڵ ئایندەی کەسێکی دیکە
تۆ ئێستا ئێستای منی و منیش ئێستا ڕابردووی تۆم

## نیشانەی خۆشەویستی

سێ سادەترین نیشانەی خۆشەویستی
**یەکەم:** هەمیشە لە یادتە
**دووەم:** کە لە یادتە، دڵ خۆشی
**سێیەم:** کە دڵخۆشی، حەزەکەیت ئەویشت لە لابێت

## عەشق ئەوەیە

عەشق ئەوەیە یەک جار عاشق بیت و
یەک تەمەن بۆی بژیت
عەشق ئەوەیە یەک جار بیبینیت و
یەک ساڵ بیری لێ بکەیتەوە
عەشق ئەوەیە یەک وشەی ئەوت گوێ لێ بێت و
یەک مانگ لە گوێت بزرینگێتەوە
عەشق ئەوەیە یەک شەو بێتە خەونتەوە و
یەک هەفتە خەیاڵت داگیر بکات
عەشق ئەوەیە یەک جار ناوی ئەوت گوێ لێ بێت و
یەک ڕۆژ دڵ خۆش بیت
عەشق ساڵ و مانگ و هەموو ڕۆژەکانی تەمەنە

## خۆشەویستی ئەوەیە

خۆشەویستی ئەوەیە، کە سەیری تۆم کرد
هیچ کەسی دیکە نەیەتە بەرچاوم
خۆشەویستی ئەوەیە، کە تۆم لابوو
دڵم  لای هیچ کەسی دیکە نەبێت
خۆشەویستی ئەوەیە، کە تۆم هەبوو
پێویستم بە بوونی هیچ کەسی دیکە نەبێت
خۆشەویستی ئەوەیە، کە تۆ هاتیتە ناو ژیانم
من نەچمە ناو ژیانی هیچ کەسی دیکەوە

# شوانە ئەحمەد

عەبدولوەهاب حەمەد ئەحمەد، ناسراو بە "شوانە ئەحمەد"، لە (١٩٨٣\٧\١) لە گوندی (دووگردکـان)ی شـاری هەولێـر هاتۆتـە دونیـاوە. لە سالّی (٢٠٠٦) بە کـالۆریۆسی لە زانکـۆی سەلاحەددین تەواو کـردووە، لە سالّی (٢٠١٢) ما ستەری لە یا ساو کـارگێڕی گشتی لە زانکۆی دی نیمسی فەڕەنسی تەواو کردووە.

لە سالّی (٢٠٠٠) یەکەم چیرۆکـی بە نـاوی (کەیـف و سەفا) لە گۆڤـاری (هەویـن) بڵاوکراوەتەوە، سالّی (٢٠٠١) لـە هەفتەنـامەی (گزنـگ)، سالّی (٢٠٠٤) لە ڕۆژنـامەی (ئاڵا)، سالّی (٢٠٠٦) لە ڕۆژنامەی (دیدی نوێ)، سالّی (٢٠٠٨) لە ڕۆژنـامەی (میـدیا)، بۆچوون و دیدگا فیکرییەکانی بڵاوکراوەتەوە.

لە سالّی (٢٠٠٦) تا سالّی (٢٠١٥) هۆنراوە و سیناریۆ بۆ زیاتر لە (٢٠) گـۆرانی منـداڵان دەنووسێت و بەشێوەی کلیپ بڵاو دەکرێنەوە.

لە سالّی (٢٠٠٨) دوو کتێب بەناوەکانی (٤٤٤ شەو)، (وەزیری تـەنیایی) بڵاوکردۆتـەوە، لە سالّی (٢٠٠٩) کتێبـی (عەشـق واتە ١+١=١)ی بڵاوکردۆتـەوە و لـە سالّی (٢٠١٣) کتێبی (زمانی دایک)ی بڵاوکردۆتەوە.

لە سالّی (٢٠١٣) ڕێکخراوی (کۆلارە) بۆ ڕۆشنبیری منداڵان دادەمەزرێنێت و دەست بە چالاکی تایبەت بە منـداڵان دەکـات. بـۆ یەکـەم جـار لە سالّی (٢٠١٤) پـڕۆژەی (مـام نەورۆز) ڕادەگەیەنێـت، کە سایەتی مـام نەورۆزە پڕۆژەیەکـی ڕۆشـنبیری هـونەری و پەروەردیی منداڵانەیە. لە (٢٠١٤\٦\١) و لە جەژنی جیهانی منـداڵان لە شـاری هەولێـر، بەئامادەبوونی منداڵانی هەموو شارەکان، لە کەڕنەڤاڵێکی گەورە، کەسایەتی مام نەورۆز، وەک یەکەم کەسایەتی کوردی تایبەت بە منداڵان پێشکەش بە مێژوو دەکات.

لە ساڵەکانی (٢٠١٠) بۆ (٢٠٢٠)سیناریۆ و دەرهێنان بۆ چەندین کورتە فیلمی سینەمایی دەکات، وەک (گەمەکانی ژیان، بەردەکانی سەر ڕێگە، بیگەر، فڕین، مێگەل، کۆرتیزۆن).

لە سالّی (٢٠١٢) وەک سیناریست و ئەکتەر لە یەکەم زنجیرە درامای منداڵان، بەنـاوی زنجیرەی (وانە) کاری کردووە.

لە سالّی (٢٠١١) یەکەم ئەلبوومی شیعری بە ناوی (پەڕوباڵی ئەوین) بڵاوکردۆتەوە. لە سالّی (٢٠٠٨) یەکەم کلیپی شیعری بە ناوی (میحرابی دڵ) بڵاوکردۆتەوە. سالّی (٢٠١٢) کلیپی (دوا هەناسە)، سالّی (٢٠١٣) کلیپی (وانەی جوگرافیا) بۆ مندڵان بڵاوکردۆتەوە.

# بەرهەمەکانی نووسەر




## ٤٤٤ شەو

تەنیا کتێبێکی ئاسایی شیعر نیـیە، چـونکە ئەوەی لە پشت ووشەکانەوەیە چیرۆکێکی ئاسایی نییە، بەڵکـو ئـازارێکە بە قـوڵایی خەیـاڵی نوو سەر. ژانـێکە بە درێژایی بیرکردنەوەی نووسەر لە عەشق و تەنیایی.
ئەم کتێبە لە (هەزار و یەک) چوارینە شیعر پێکدێت، لە توێی (بیست و چـوار) شـەو، کە نوو سەر لە هەر شەوێکدا، ئازارێکی خۆی تیا نووسیوەتەوە.




## عەشق واتە ١+١=١

ڕێگەیـەك بـۆ خۆشەویسـتی و هانایەکیشـە بـۆ لێـك دابـڕان، لەڕووی داڕشـتنەوە زمـانێکی قـوڵی هەیە، بەڵام لە ڕووی بـابەتییەوە سادەیە، وەک خـودی عەشق بەرهەمی ئەزموونە، نەک بەرهەمی گفتوگۆ و خەیاڵی نووسەر. کتێبی هەموو تەمەنێکە، هەر کەس بەشی خـۆی لەم کتێـبە بەرکەوتـووە و هەر کەس دەتوانێت لە گۆشەیێکی ئەم کتێبە خۆی بدۆزێتەوە.

## وەزیری تەنیایی




خۆ نوو سینەوەیێکی سادەیە لە هەناوی شیعرەوە، وشەکانی هەڵێنجراوی دڵی ئەو عاشقەیە، کە ئەو بەیانییەی ڕۆیشت لەتیو گیرفانی چاکەتەکەی کاغەزێکی جێهێشت لە سەری نووسرابوو، لەهەر شوێنێک ناوی من هات فاتیحایەک بخوێنە.
وەک ڕێبوار سیوەیلی دەڵێت وەزیری تەنیایی شێوازێکی تازەی نووسینە لە شیعری کوردی.

## زمانی دایک




لە حەفت شانۆگەری منداڵانە پێکدێت، کە سەرجەمیان بە زمانێکی سادەی ورد و واتادار لەسەر زمانی منداڵان نووسراوەتەوە، بۆ بەهێزکردنی ئینتمای نەتەوەیی و نیشتمانی و مرۆڤ دۆ ستی و ئاژەڵ دۆستی. سەرجەم شانۆگەرییەکان زیاتر لە جارێک پێشکەش کراون لەسەر جەم شار و شارۆچکەکان.

## کیژێک لە ڕەنگی ئاسمان




لەو کاتەی بەهۆی ئاڵای شۆڕشگێڕەکانەوە دەوڵەت ڕەنگ لەسەر دانیشتوانی کۆنترین شاری دونیا قەدەغە دەکات شاعیرێك لە دایك دەبێت شیعرەکانی جادووگەر دەبن، بەهۆی شیعرەکانی ئەم شاعیرەوە هەموو شتێك لە شارەکە دەگۆڕێت و خۆشی بەهۆیەوە ئاوارەی شار و وڵاتانی دونیا دەبێت و لە خۆشەویستەکەی و شارەکەی دوور دەکەوێتەوە.

# ناوەڕۆک

من بە فرمێسکەکانم خۆم دەنووسمەوە.......... ٥
پێنووسێک.......... ٦
ئەزموونی عەشق واتە ئەزموونی ژیان.......... ٧
لە عەشـق کەس ئەزموونی کەس دووبارە ناکاتەوە.......... ٨
عاشق دەبێت بە مەعشوق.......... ٩
خۆراکی گیان، خۆراکی جەستە.......... ١٠
قەفەسی جەستە و قەفەسی دونیا.......... ١١
چاوی دڵ، چاوی سەر.......... ١٢
عەشقی ڕاستەقینە.......... ١٣
چۆن عەشق بناسینەوە.......... ١٥
ڕێگەی عەشق.......... ١٦
عەشقی ڕاستەقینە هەوڵێکە بۆ خۆکوشتن.......... ١٧
هەستی شەشەم لە عەشق.......... ١٨
عەشق لووتکەی بۆیەک نەبوون.......... ١٩
ژیانی عاشق دوای مردن.......... ٢٠
گەیشتن بە عەشق.......... ٢١
خۆشییەکانی دڵ، خۆشەییەکانی جەستە.......... ٢٢
نەبوونی عەشق، نەبوونی ژیانە.......... ٢٣
خۆشییەکانی دوای بە یەک گەیشتنی دوو عاشق.......... ٢٤
لە عەشق دادپەروەری نییە.......... ٢٥
ئاینی خۆشەویستی.......... ٢٧
خۆشەویستی گواستنەوەی مرۆڤە لە زەوییەوە بۆ ئاسمان.......... ٢٨

ڕێگەی خۆشەویستی.......................................... ٢٩
خۆشەویستی گەڕانەوەی مرۆڤە بۆ بەهەشت.......................... ٣٠
خۆشەویستی هەرزەکارانە.......................................... ٣١
خیانەت لە خۆشەویستی.......................................... ٣٢
نەمری لە خۆشەویستی.......................................... ٣٣
دوا پلەی مرۆڤ بوون .......................................... ٣٤
زاراوەکانی خۆشەویستی .......................................... ٣٦
زمانی خۆشەویستی.......................................... ٣٧
خۆشەویستی ڕاستەقینە چۆن بناسینەوە؟.......................... ٣٨
چۆن ئازادانە دەبیت بە دایک و باوکی مندالەکانت .................. ٣٩
عـەشـق ئازادبوونە لە ژێر پالەپەستۆی هەستەکان.................. ٤٠
گوزارشتەکانی سێکس لە نێو عەشق .................................. ٤١
هەنگاوەکانی کالکردنەوەی حەزو ئارەزوو.......................... ٤٢
تەمەنی خۆشەویستی.......................................... ٤٣
لە خۆشەویستی پێویستیمان بە ڕقە.................................. ٤٥
ڕق جۆرێکە لە خۆشەویستی.......................................... ٤٦
بۆ گەیشتن پێویستیمان بە خۆشەویستی هەیە، نەک ڕق.................. ٤٧
فەرامۆشکردن لە ڕق سەرترە .......................................... ٤٨
هاوسەنگی ڕق و خۆشەویستی .......................................... ٤٩
هێزی خۆشەویستی، هێزی ڕق.......................................... ٥٠
باشترین پاداشت خۆشەویستییە، نەک ڕق .............................. ٥١
هێلکاریی ئەنجامی پەیوەندییەکان.................................. ٥٢
هێلکاریی پەیوەندییەکان .......................................... ٥٣
هێلکاریی ئەنجامی پەیوەندییەکان.................................. ٥٤

هێڵکاریی پۆلێنی پەیوەندییەکان ........................................... ٥٥
هێڵکاریی پۆلێنی پەیوەندییەکان لە پڕۆسەی هاوسەرگیری ..................... ٥٦
گەرمی عەشق و نەرمی هاوسەرگیری.............................................. ٥٧
ماڵ لە عەشق، لە هاوسەرگیری..................................................... ٥٨
عەشق کاری نەوە پەیداکردن نییە.................................................. ٥٩
گەڕاندنەوەی خۆشەویستی بۆ پڕۆسەی هاوسەرگیری ............................ ٦٠
عەشق دوورە لە هەموو هەست و وروژانێک ......................................... ٦٢
لە هاوڕێیەتییەوە بۆ خۆشەویستی.................................................... ٦٣
هەڵبژاردنی هاوڕێیەتی و خۆشەویستی ................................................ ٦٤
هاوڕێیەتی لە ڕێگەی خۆشەویستییەوە دەگات بە عەشق.......................... ٦٥
بیرکردنەوە لە خۆشەویستەکەت ........................................................ ٦٦
بە سەنتەربوونی دڵ لە خۆشەویستی ................................................... ٦٧
هێزی سۆز و هێزی ژیری.................................................................. ٦٨
بەزەیی و دڕەندەیی لە خۆشەویستی..................................................... ٦٩
ئاگر لە گەرمکردنەوە بۆ سووتاندن ........................................................ ٧٠
بەرەو لە ناوچوونی خۆشەویستی ........................................................ ٧١
ترسی لە دەستدانی خۆشەویستی ........................................................ ٧٢
عەشق لە نێوان (ئا) و (نا) دا.............................................................. ٧٤
چێژ لە ئازاری عەشق....................................................................... ٧٥
گەڕانەوە بۆلای خودا، گەڕانەوەیە بۆ عەشق ........................................... ٧٦
لە ژێرییەوە بۆ هاوسەرگیری و لە سۆزەوە بۆ خۆشەویستی ........................ ٧٧
عاشق و مەعشوق، هەرگیز بەیەک ناگەن.............................................. ٧٨
بۆ جوانی پێویستیمان بە بینینە............................................................ ٧٩
خراپییەکانی عەشق ......................................................................... ٨٠

ئارایشت جوانییەکی دەستکردە......................................................۸۲
ئارایشتی دڵ، ئارایشتی ڕووخسار ..........................................................۸۳
خاڵەکانی بەرەو خۆشەویستی چوون...........................................................۸٤
پیرۆزییەکانی عەشق..............................................................................۸٥
یەکەم بینین لە خۆشەویستی ...................................................................۸٦
خۆشەویستی دەستکرد............................................................................۸۷
دزە کردنی خۆشەویستی بۆ ناو دڵ ...........................................................۸۸
دڵ ڕاچڵەکاندن لە عەشق..........................................................................۹۰
ژیانکردن لەگەڵ یادەوەرییەکانی عەشق ....................................................۹۱
عەشق دەستەکانمان دەشکێنێت..................................................................۹۲
یادەوەرییەکانی عەشق ...........................................................................۹۳
کردنەوەی قفڵی دەرگەی عەشق ...............................................................۹٤
عەشق تەمەنێکی دیکەیە لەناو تەمەنی مرۆڤ ..............................................۹٥
دۆزینەوەی مەعشوق................................................................................۹٦
توانەوەی لە عەشقدا.................................................................................۹۸
مەرگ لە پێناو عەشق..............................................................................۹۹
عەشق ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بە باڵابوون ....................................................۱۰۰
عەشق واتە خودا ....................................................................................۱۰۱
عەشق ڕێگەیەک بۆ ڕزگاری مرۆڤ............................................................۱۰۲
مرۆڤ بوون لەناو عاشق ...........................................................................۱۰۳
عاشق تامەزرۆی ئەو شتەیە کە عاشقی بووە...............................................۱۰٤
بوونی عەشق، بەر لە بەیەکگەیشتن ............................................................۱۰٥
پاراستنی ڕازونیازەکانی عەشق..................................................................۱۰۷
خۆویستی و خۆشەویستی...........................................................................۱۰۸

مرۆڤ یەک دڵی هەیە، بۆ یەک خۆشەویستی...... ١٠٩
دەرفەتێک بۆ خۆشەویستی...... ١١٠
هەم تۆم خۆش دەوێت، هەم ئەویش...... ١١١
عەشق کاری دڵە...... ١١٢
خۆشەویستی بێ بەرامبەر...... ١١٣
کە خۆشەویستی دەبێت بە ئازاردان...... ١١٤
خۆشەویستی هەمیشەیی، خۆشەویستی کاتی...... ١١٦
خۆشەویستی ڕاستەقینە، خۆشەویستی ساختە...... ١١٧
هەموو دونیای من دڵمە...... ١١٨
خۆشەویستی ڕزگاربوونە لە زیندانی خۆپەرستی...... ١١٩
خۆشەویستی ڕاستەقینە کۆتایی نایێت...... ١٢٠
دۆزینەوەی خۆشەویستی لە دەرەوەی خێزان...... ١٢١
خۆشەویستی بۆ بەهێزبوونی دڵ...... ١٢٢
خۆشەویستیش کۆتایی نایەت...... ١٢٣
ڕقی شاراوە، دوژمنداری شاراوە...... ١٢٥
مرۆڤی ڕەسەن و مرۆڤی ناڕەسەن...... ١٢٦
خۆشەویستی ڕاستەقینە هەنگوینی سافە...... ١٢٧
خۆشەویستی دەردەبڕدرێت و ڕقیش لەدڵ هەڵدەگیرێت...... ١٢٨
کینە لەدڵ گرتن نایەڵێت بچیتە بەهەشتەوە...... ١٢٩
خۆشەویستی بێ هۆ...... ١٣٠
ڕووخسارێکی ناڕێک، بە واتای دڵێکی ناڕێک نایەت...... ١٣١
خۆشەویستی چاوساغانە و خۆشەویستی کوێرانە...... ١٣٢
دڵی باش، پێویستی بە هەستێکی باش هەیە...... ١٣٣
ڕێگەکانی دەرچوون لە عەشق...... ١٣٤

خۆشەویستی واتە کردنەوەی دەرگەی دڵ بە ڕووی دونیا ..................١٣٥
لە خۆشەویستی درۆزنانە تۆ ئامانج نیت تۆ هۆکاریت..........................١٣٦
لەڕێگەی خۆشەویستییەوە دەگەیت بە عەشق..................................١٣٧
بۆیە تۆم خۆشدەوێت، چونکە تۆ تەنیا هی منی..................................١٣٨
بازنەکانی کەسێتی.............................................................١٤٠
زەمەن دڵ شکانیش سارێژ دەکات ..........................................١٤١
مرۆڤ بەردەوام لە نوێ بوونەوەدایە............................................١٤٢
کێ هەمیشە لە عەشق تەنیا دەمێنێتەوە ......................................١٤٣
کەسانێک هەن سوودی خراپ لە باشیت وەردەگرن ............................١٤٤
گرێدانی پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ .......................................١٤٦
ئەو وزەیەی خۆشەویستی بەرهەم دەهێنێت ....................................١٤٧
هاوسەنگی خۆشەویستی ڕابگرە...............................................١٤٨
کەسانێک لە یەکەم بینین خۆشمان دەوێن ....................................١٤٩
تەنیایی باشترە لە خۆشەویستی.................................................١٥٠
خراپترین جۆری مرۆڤ ..........................................................١٥١
خۆشەویستی دەردێکی کوشندەیە.............................................١٥٢
خۆشەویستی بێ مەرجە ........................................................١٥٣
خۆشەویستی زیاد و کەم ناکات ..............................................١٥٥
نیوەی خۆشەویستی گرنگیپێدانە ..............................................١٥٦
عەشق باڵاترین پلەی مرۆڤ بوونە .............................................١٥٧
پلەکانی باڵابوون ................................................................١٥٨
خۆشەویستی یەک لایەنە.........................................................١٥٩
لە دڵەوە بۆ دڵی بەرامبەر .........................................................١٦٠
لە خۆشەویستی بەقەد ئەوەی دەبەخشیت دەستت دەکەوێتەوە.........١٦١

خۆشەویستی لە ئازادی لەدایک دەبێت ........................ ١٦٢
هێزی خۆشەویستیت هێندەی هێزی خۆتە بەسەر خۆت ............. ١٦٣
هەمیشە خۆشەویستی براوەیە ........................................ ١٦٤
خێزان گەرمترین باوەشە .............................................. ١٦٥
خۆشەویستی بەرپرسیارەتییە ........................................ ١٦٦
تێرکردنی جەستە، تێرکردنی دڵ........................................ ١٦٨
عەشقکردن مەشقکردنە.................................................. ١٦٩
عەشق نە سنوورێکی هەیە، نە ئەنجامێکی ڕوون.................. ١٧٠
عاشق هەموو جیهان بە ماڵی خۆی دەزانێت ......................... ١٧١
ئەزموونکردنی عەشق، ئەزموونکردنی ژیانی ڕاستەقینەیە........ ١٧٢
عەشق واتە تەنها تۆ ................................................... ١٧٣
دابڕان لە خۆشەویستی................................................... ١٧٥
ناکەویتە خۆشەویستی، لە خۆشەویستی باڵا دەکەیت ............. ١٧٦
سەرپشک بوون لە هەڵبژاردنی خۆشەویستی ......................... ١٧٧
خۆشەویستی وزەیەکی ئاسمانییە........................................ ١٧٨
خۆشەویستی ڕووخانی دیواری نێوان دوو کەسە...................... ١٧٩
خۆشەویستی واتە تۆ منی ............................................... ١٨٠
عەشق پرد دروست دەکات، نەک دیوار ................................. ١٨١
گیان و جەستە پێویستییان بە بەروبوومە............................ ١٨٣
خۆشەویستی لە دەرگای هەموو دڵێک دەدات .......................... ١٨٤
خاوەنداریيەتی لە خۆشەویستی .......................................... ١٨٥
گەڕان بە دوای نیوەکەی خۆت ........................................... ١٨٦
دۆزینەوەی بەشە ون بووەکەت........................................... ١٨٧
خۆشەیستی لە یەکەم بینین.............................................. ١٨٨

خۆشەویستی پێش هاوسەرگیری.......................................... ١٩٠
خۆشەویستی دوای هاوسەرگیری......................................... ١٩١
هەڵبژاردەکانی بەردەم هاوسەرگیری .................................. ١٩٢
دەرفەتێک بۆ خۆشەویستی دوای هاوسەرگیری .......................... ١٩٣
هاوسەرگیری پەیمانی خۆشەویستییە.................................... ١٩٤
بەڵێنی هاوسەرگیری لەناو پەیوەندی خۆشەویستی ........................ ١٩٥
عەشق نە دەکڕدرێت و نە دەفرۆشرێت.................................. ١٩٧
گەڕانەوە بۆ خۆت، گەڕانەوەیە بۆ عەشق .............................. ١٩٨
عەشق لەگەڵ مرۆڤ لە دایک دەبێت ................................... ١٩٩
حەز بەندت دەکات و عەشق ئازادت دەکات.............................. ٢٠٠
لە عەشق بەهرەکانت وەک کانی دەتەقنەوە.............................. ٢٠١
ئەوەی هەیە تەنیا عەشقە............................................. ٢٠٢
عەشق منداڵمان دەکاتەوە............................................ ٢٠٣
بازنەی عاشق و مەعشوق............................................. ٢٠٤
عەشق لە دایکبوونی دووەمە.......................................... ٢٠٥
دڵ ڕەقی و دڵ نەرمی................................................ ٢٠٦
هاوڕێیەتی بە خۆشەویستی یان بە ڕق کۆتایی دێت ...................... ٢٠٨
گوێگرتن لە دەنگی دڵ................................................ ٢٠٩
خۆشەویستی ڕەسەنترین سیفەتی مرۆڤە .................................. ٢١٠
ئازاری عەشق گەورەترە لە ئازاری خۆشەویستی .......................... ٢١١
خۆشەویستی دەربڕین کاری سەرەکی تۆیە ................................ ٢١٢
خۆشەویستی ببەخشە خۆشەویستی وەردەگریتەوە........................... ٢١٣
دەرگەکانی پەیوەندی................................................ ٢١٥
لە عەشقی ڕاستەقینە ژوان نیە ........................................ ٢١٦

عاشق قوربانییە، نەک مەعشوق ........................................ ٢١٧
عەشق دەرچوونە لە ترس و خەم.............................................. ٢١٨
پەردە لەنێوان عاشق و مەعشوق.............................................. ٢١٩
لە عەشقدا دوو چیتر دوو نیە، تەنیا یەکە ..................................... ٢٢٠
وشەی پیرۆزی عەشق ............................................................ ٢٢١
خۆشەویستی دەست بردنە بۆ پەپوولە ........................................... ٢٢٣
بە شوێن دڵی خۆت بکەوە ......................................................... ٢٢٤
جوانی پێویستی بە ڕووناکیە...................................................... ٢٢٥
ناتوانێت هەموو سەرنجەکانمان بۆ خۆی ڕابکێشێت ............................. ٢٢٦
جوانی ڕۆح، جوانی جەستە........................................................ ٢٢٧
بێ مەیلی لە عەشق ................................................................ ٢٢٩
ڕازو نیازەکانی عەشق ............................................................. ٢٣٠
عەشق مردوو زیندوو دەکاتەوە .................................................... ٢٣١
ئەو دڵەی پڕ بێت لە عەشق، هەرگیز پڕ نابێت لە خەم........................... ٢٣٢
عەشق وەک لە دایکبوون یەک جارە............................................... ٢٣٣
کە نەگەیشتی بە عەشق، بۆ هەمیشە ناگەیتەوە بەخۆشت ........................ ٢٣٤
عەشق واتە تۆ هەم دەردی، هەم دەرمان ......................................... ٢٣٥
من عاشقم کەواتە من هەم ......................................................... ٢٣٦
بەختەوەری لەناو دڵی خۆتەوە دەستپێدەکات..................................... ٢٣٨
سواڵی خۆشەویستی................................................................ ٢٣٩
هەمیشە ڕووبەرێک بهێڵەوە........................................................ ٢٤٠
هیچ کەس خۆشی ناوێیت لەبەر خۆت ............................................. ٢٤١
نەچوونە دڵ واتە: بوونی کێشە لە دڵ............................................... ٢٤٢
شێوە، نمایندەی دڵ و دەروونی مرۆڤ دەکات .................................... ٢٤٣

ڕێنماییەکانی خۆشەویستی......................................................٢٤٤
سێکس شیرینترین دیاری ......................................................٢٤٥
تا کاتی خۆی نەبێت، عەشق نایەت..........................................٢٤٧
داگیرکاری لەژێر ناوی خۆشەویستی ..........................................٢٤٨
خۆشەویستی ڕاستەقینە کاری دڵێکی تەندروستە.............................٢٤٩
چۆن دەکەویتە ناو خۆشەویستییەوە...........................................٢٥٠
خۆشتبوێت، یان خۆشی بوێیت ................................................٢٥١
تۆ بەدوای جوانی گوڵەوەی، یان شیلەکەی ...................................٢٥٢
خۆشەویستی پێویستی بە گرنگیپێدان هەیە ..................................٢٥٣
هیچ شوێنێک سەلامەت نییە، جگە لەدڵی خۆت ..............................٢٥٥
ئەو هاوڕێیانەی دەبن بە دوژمن...............................................٢٥٦
ڕقیش هەر خۆشەویستییە.......................................................٢٥٧
لە ڕق ڕاستگۆترین، تا لە خۆشەویستی........................................٢٥٨
ئەوەی بگاتە بەختەوەری نەگەیشتۆتە عەشق .................................٢٥٩
فەرامۆشکردن بەهێزترە لە ڕق .................................................٢٦٠
کەی پردی پەیوەندی دەڕوخێنیت...............................................٢٦١
عەشق دۆزینەوەی خۆتە، لە دڵی بەرامبەر.....................................٢٦٣
بە شیرین تامکردنی تاڵییەکانی خۆشەویستی .................................٢٦٤
عەشق خۆی پێناسەیە بۆ مرۆڤ................................................٢٦٥
عەشق دەسەڵاتێکە لە سەرووی یاساوە .......................................٢٦٦
مرۆڤ لە عەشق باڵا دەکات.....................................................٢٦٧
عەشق جیهانێکە، لە دەرەوەی ئەم جیهانە .....................................٢٦٨
عەشق دیارییە لە پای بەهەشت ................................................٢٦٩
خۆشەویستی لەپێناو خۆشەویستی...............................................٢٧١

ئاستەکانی خۆشەویستی ........................................ ٢٧٢
خۆشەویستی دابڕانە لەخۆت........................................ ٢٧٣
مرۆڤ یەک دڵی هەیە، بۆ خۆشەویستی یەک کەس........................ ٢٧٤
دوو کەس لە دڵێک جێگەیان نابێتەوە.................................. ٢٧٥
هێلانەی خۆشەویستی ................................................ ٢٧٦
لە خۆشەویستی گرنگتر گرنگیپێدانە.................................. ٢٧٧
من خۆم خۆشدەوێت، واتە تۆشم خۆشدەوێت ............................ ٢٧٨
خۆشەویستی هۆگربوونە و هۆگربوونیش خۆشەویستییە .................. ٢٧٩
ئیرەیی ترسە لە ڕووخانی پردی خۆشەویستی ........................... ٢٨٠
خۆشەویستی نۆژەنکردنەوەی مرۆڤە .................................. ٢٨١
وەفاداری پەیمانی خۆشەویستییە ...................................... ٢٨٢
خۆشەویستی لەسەرەوەی یاسایە....................................... ٢٨٣
خۆشەویستی واتە تۆم خۆشدەوێت، تەنیا لەبەر خۆت.................. ٢٨٤
تەمەنی خۆشەویستی هەموو لە زەمەنی ئێستادایە....................... ٢٨٥
جوانی ڕاستەقینە، دڵ ڕادەچڵەکێنێت نەک چاو ......................... ٢٨٦
خۆشەویستی سەلماندنە................................................ ٢٨٧
مەڵی خۆشمدەوێیت، گرنگی پێبدە...................................... ٢٨٨
نیشانەکانی خۆشەویستی ڕاستەقینە.................................... ٢٩٠
نیشانەکانی هاوڕێیەتی ڕاستەقینە..................................... ٢٩١
نیشانەکانی هاوسەرگیری سەرکەوتوو.................................. ٢٩٢
نیشانەکانی هاوسەرگیری شکستخواردوو............................... ٢٩٣
نیشانەکانی عاشق بوون................................................ ٢٩٤
نیشانەکانی حەز....................................................... ٢٩٥
نیشانەکانی بەکۆتا هاتنی خۆشەویستی ................................ ٢٩٦

نیشانەکانی پەیوەندی هەڵە..........................................................٢٩٧
نیشانەکانی کەسی زیان بەخش..........................................................٢٩٨
بەڵێننامەی خۆشەویستی..........................................................٣٠٠
بەڵێننامەی خۆشەویستی..........................................................٣٠١
(٢٥) خاڵەکەی بەڵێننامەی خۆشەویستی..........................................................٣٠٢
عەشق واتە..........................................................٣٠٦
خۆشەویستی ببەخشە..........................................................٣٠٨
خۆشەویستی ببەخشە..........................................................٣٠٩
هونەری خۆشەویستی..........................................................٣١٠
مانەوە لە خۆشەویستی..........................................................٣١١
هێزی خۆشەویستی..........................................................٣١٢
فریشتەی خۆشەویستی..........................................................٣١٣
ئێمە بەرامبەر بەخۆمان کەڕ و کوێر و لاڵین..........................................................٣١٤
بە دەست هێنانی هەست و سۆز..........................................................٣١٥
خۆشەویستی کاری ڕاستەقینەی مرۆڤ..........................................................٣١٦
ژیان واتە خۆشەویستی..........................................................٣١٧
کلیلی خۆشەویستی..........................................................٣١٨
بارانی خۆشەویستی..........................................................٣١٩
وەرزی خۆشەویستی..........................................................٣٢٠
خۆشەویستیت فێری کردم..........................................................٣٢١
خۆشەویستیت فێری کردم..........................................................٣٢٢
دەزانم منت خۆشدەوێت..........................................................٣٢٣
کە هاتیە دڵم..........................................................٣٢٤
ژیانی من تۆی..........................................................٣٢٥

بۆ منت خۆشدەوێت ........................................................ ٣٢٦
هۆکاری خۆشەویستی........................................................ ٣٢٧
چرۆی خۆشەویستی ........................................................ ٣٢٨
خۆشترین چرکەساتی ژیان........................................................ ٣٢٩
خۆشەویستی مەرگی منە........................................................ ٣٣٠
خۆشەویستیت گەورەی کردم ........................................................ ٣٣١
دەستی دڵم بگرە........................................................ ٣٣٢
خۆشەویسترینی........................................................ ٣٣٣
گرنگیم پێبدە........................................................ ٣٣٤
من تۆم خۆشناوێت لەبەر خۆم........................................................ ٣٣٥
خۆتبە تا خۆشەویست بیت ........................................................ ٣٣٦
دە کەواتە خۆت خۆشبوێت........................................................ ٣٣٧
خودایە سوپاس........................................................ ٣٣٨
هەناری مەرگ ........................................................ ٣٣٩
ئەو ڕۆژە تەنیایت........................................................ ٣٤٠
بووم بە فریشتە........................................................ ٣٤١
کەسانێکم خۆشویست........................................................ ٣٤٢
بە دڵ بڵێن........................................................ ٣٤٣
دەست بە دڵی خۆتەوە بگرە ........................................................ ٣٤٤
تورەم لە خۆم........................................................ ٣٤٥
هەرچی........................................................ ٣٤٦
دڵتەنگی کەسانێکم........................................................ ٣٤٧
مرۆڤەکان وەک سێبەر وان ........................................................ ٣٤٨
من ڕابردووی تۆم ........................................................ ٣٤٩

نیشانەی خۆشەویستی .......................................................... ٣٥٠
عەشق ئەوەیە.................................................................. ٣٥١
خۆشەویستی ئەوەیە.......................................................... ٣٥٢
بەرهەمەکانی نووسەر ......................................................... ٣٥٤
ناوەڕۆک ................................................................................ ٣٥٦